فەیسەڵ عەلی

# قەیرانی سیستمی دارایی و ئابوریی نێودەوڵەتی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

فەیسەڵ عەلی

# قەیرانی سیستەمی
# دارایی و ئابوریی نێودەوڵەتی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
Kurdistan Center for Strategic Studies

# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

دەزگایەکی کەلتورییە لەساڵی ١٩٩٢دا دامەزراوە، ئامانجەکەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستیە لەبوارەکانی ئاسایشی نەتەوەییو سیاسەتی نێو دەوڵەتانو ئابوریو مەسەلە ستراتیجییەکانو مەبەستی بەدەست هێنانی قازانجی ماددی نیە.

هەمو ئەو لێکۆڵینەوانەی کەسەنتەر دەریاندەکا، گوزارشت لەڕاو بۆچونی خاوەنەکانیان دەکەنو بەپێی پێویست گوزارشت لەڕاو بۆچونی سەنتەر ناکەن.

**Email: Fered 1956@yahoo.com**


- فەیسەڵ عەلی
- قەیرانی سیستمی داراییوئابوریی نێودەوڵەتی
- بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
- سلێمانی ٢٠١٢
- نەخشەساز: کمال حامد
- لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٠٨٨)ی ساڵی٢٠١٢ی دراوەتێ
- ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی سەنتەر: ٣/١٠٤/١٢

## پێشەکی

ئابووریی جیهان لە سێپتەمبەری ٢٠٠٨ وە بەقەیرانێکی دارایـی و ئـابووریی گەورەدا تێدەپەڕێت، کە لەمێژووی ئابوورییدا بە ترسناکترین قەیران دادەنرێـت ، ئەم قەیرانە لە دەرئەنجامی کێشەی رەهنی عەقاری ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتبوو. لەو بەروارەوە، لەگەڵ ئەوەی هەوڵێکی زۆر بـۆ چارەسـەرکردنی دراوە، بـەڵام ئـەو قەیرانە هێشتا درێژەی هەیەو، بەدارِمانی چەندین دامەزراوەی دارایی و بـانکی و کۆمپانیاکانی دڵنیایی و تەمویلی عەقاری و سندوقەکانی وەبەرهێنان قەیرانەکە ئاڵۆزتر بوو، دەرهاویشتەکانی بازارِەکانی دارایی و بۆرسە جیهانییەکانی لەشێوەی داشکانی توندو بەدوای یەکی ئەندیکەیتـەرەکانیانی گرتـەوەو کاریگەرییـەکانی هەموو جیهانی گرتەوە.

ئـەم قەیرانـە لەمێـژووی قەیرانـە داراییەکانـدا بەمەترسـیترینی دادەنرێـت، بەتایبـەتی دوای ئـەوەی دەرکـەوت کـە سسـتمی ئـابووریی جیهـانی نـاتوانێ قەیرانەکە لەخۆبگرێ و ئاسەوارەکانی سوك بکات.

سەرچاوەی مەترسی ئەم قەیرانـە لـە ئەمریکاوەیـە، بـەوەی کـە سـەرقافڵەی گەشەکردنی ئابووریی نێودەوڵەتییە، ئـابووریی ئـەمریکا گـەورەترین ئـابووریی جیهانەو قەبارەکەی (١٤) ترلیۆن دۆلارەو قەبارەی بازرگانی دەرەکی (١٠٪) کۆی گشتی بازرگانی جیهان پێکدەهێنێت. لەلایەکی تریشەوە، بازارِی دارایی ئەمریکا پێگەی سەرکردایەتی بـازارِە داراییـەکانی جیهـانی گرتـووە، لەبـەر ئـەوە هـەر مەترسـییەك کـە رووبـەڕووی ئـابووریی و بازارِکـەی دەبێتـەوە بـە خێرایـی کاریگەرییەکانی هەموو بازارِە داراییـەکان و بەدوایشـیدا ئـابووریی دەوڵـەتانی جیهان دەگرێتەوە.

بە حوکمی توندوتۆڵبوونی پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان، بـەخێرایی قەیرانەکەو دەرهاویشتەکانی دەوڵەتانی ئەوروپاو ئاسیاو ئـەمریکای لاتـین و بـە ئاستێکی کەمتریش خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـتی گرتـەوە، لەسـەر ئاسـتی ئـابووریی نێودەوڵەتی، جەنگی دراو، گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ، مانـەوەی یـۆرۆ، سیاسـەتە نەختییەکانی ئەمریکا (ئاسانکاریی برِەکی) و دواتریش کەڵەکەبوونی قەرزەکان،

دەرهاویشتە هەرە دیارەکانی ئەو قەیرانەن، کە لـەم کتێبــەدا هەولـّدراوە شــرۆڤە بکرێن.

ئەم کتێبەی بەردەست. لەچـەند بەشـێك پێکهــاتووە،  هــەنگاو بــە هــەنگاو پەرەســەندنەکانی ئــەم قەیرانــەو دەرهاویشــتەکانی بــەدوای یەکــدا بــەپێی پەرەسەندنەکان و هەوڵەکانی چارەسەرکردنی قەیرانەکە شیدەکاتەوە، کە لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ئەندامی گروپــی هەشــت و گروپــی بیســت، چ دەوڵەتەکان هەریەکەو بەجیا بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە داراییەی تێیدان داویانە.
ئەم کتێبە بەرهەمی بەدواداچوونی ئەم چەند ساڵەی ماوەی ئەم قەیرانی دارایی و ئــابووریی نێودەوڵەتییــە، کــە رۆژانــە بەدواداچــوونم بــۆ هــەواڵ و گوتــارو شیکارییەکانی ناو میــدیا عــەرەبی و جیهانییــەکان کــردووەو لای خــۆم تۆمــارم کردوون، لێرەدا هەوڵم داوە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا بیخەمەڕوو.

فەیسەڵ عەلی

# بەشی یەکەم

## قەیرانی دارایی ئەمریکا هۆکارو دەرئەنجام

قەیرانی بازاڕە داراییەکانی ئەمریکا لەئەنجامی ئەدائی خراپی بانکە عەقارییەکانی ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتوە، کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بەشێوەیەکی بەربلاو، بێ بەرنامەو بەبێ بونی چاودێرییەکی ورد سلفەی بە چەندین ملیۆن کەس داوە، بەبێ لێپرسینەوە لە توانای قەرزدانەوەی ئەو کەسانەی کە قەرزەکانیان وەرگرتوە. بەسود وەرگرتن لە نزمی ئاستی نرخی سود، بەرزبونەوەی نرخی سودو دابەزینی بەهای ئەو عەقاراتانە بونە هۆی ئەوەی ئەوانەی سودیان لەو قەرزانە وەرگرتبو نەتوانن قەرزەکانی سەرخۆیان بدەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر عەقارەکانیشیان بفرۆشنەوە، چونکە نەیاندەتوانی بەو پارەیەش قەرزەکانیان بدەنەوە، هەرچەندە ئەو بانکی عەقارانە پەیوەستی چەندین دامەزراوەی دارایی ودڵنیایی تری ئەمریکی بون، بە نەمانی سیولە لەو بانکانە کێشەکەی گەیاندە ئەو دامەزراوە داراییانەو سەرەتاکەی بە ئیفلاسبونی هەردوو بانکی (فانی مای و فردی ماك) راگەیەندراو ئیدارەی ئەمریکی هەردوکیانی خستە ژێر وەسایەی خۆیەوە دوای ئەوەی بە بڕی (٢٠٠) ملیار دۆلار هاوکاری کردن، بەڵام سەرەتای دەستپێکردنی قەیرانی دارایی بازاڕەکانی ئەمریکا بە ئیفلاسکردنی یەك لە گەورەترین دامەزراوە داراییەکانی ئەمریکا (لیمان برازەر) لە رۆژی دوشەمە ١٥ی ئەیلولی ٢٠٠٨ دەستی پێکرد، ئیدارەی ئەمریکی ناچارکرد پەلە بکات لەگرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ رێگرتن لە دارمانی دامەزراوە داراییو بانکەکانی تری وڵاتەکەیان، لەهەمان کاتدا دەوڵەتانی تری ئەوروپیی و ئاسیایی بەپەلە کەوتنە خۆیان بۆ روبەروبونەوەی ئەو قەیرانە کە بەشێویەکی راستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئابووری وڵاتەکانیان دەبێت.

لەبەر ئەوەی سەرچاوەی پەیدابوونی ئەم قەیرانە لەگەورەترین ئابووریی جیهانەوەیە، زۆربەی بانکە ناوەندییەکانی جیهان، بەتایبەتی ئەوانەی ئاسیاو ئەوروپا بە سەدان ملیار دۆلاریان بۆ روبەروبونەوەی ئەو قەیرانە خستە بازاڕەوە، ئەمەش بەمەبەستی پڕکردنەوەی کەمیی سیولەی نەختینە کە لەدەرئەنجامی زیانەکانی ئەو دامەزراوە داراییانە هاتبوە ئاراوە، ئەمە جگە لە دەستوەردانی

ئەنجومەنی یەدەکی فدرالیی ئەمریکی بە کەمکردنەوەی نرخی سود لە بانك و دامەزراوە دارابییەکاندا.

## پێشینەی قەیرانەکە

لە ساڵی ١٩٢٩ قەیرانی گەورەی ئابووری سەرمایەداری لە سایەی زاڵبونی فیکری ئابووری کلاسیکیدا رویدا، کە جەختی لەسەر (دەستی شاراوە) میکانیزمەکانی بازاڕ دەکردەوە، بەوەی دەتوانێ بە شێوەیەکی میکانیکی بەبێ دەستوەردانی دەوڵەت هاوسەنگیی نێوان خواست وخستنەڕوو بگەڕێنێتەوە، کاتێك کە قەیرانی ئابووری لە بازاڕە داراییەکانی ئەمریکاوە سەریهەڵدا کە ئەوکاتیش هەر لە کەرتی خانوبەرەدا بوو. ئابووریناسانی ئەو سەردەمەی کلاسیك لەو باوەڕەدابون کە ئەو دەستی شاراوەیە لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانێ بەسەر ئەو قەیرانەدا زاڵ بێ و رەوشی ئابووری بۆ دۆخی سروشتی خۆی بگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەو دەستە شاراوەیەی ئابووری بازاڕ نەیتوانی بەسەر ئەو قەیرانەدا زاڵ بێ. تا دەهات رەوشەکە ئاڵۆزتر دەبوو، تاوای لێهات لە توانای بیرمەندانی هزری کلاسیك دەرچوو کە بتوانن چارەسەری بکەن، بەتایبەتی کە ئەوان لەو بڕوایەدابون کە دەستوەردانی حکومەت لە ئابووریدا، بازاڕ زیاتر ئاڵۆز دەکاو کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم میکانیزمەکانی بازاڕدا دروست دەکات، بۆیە باشتر وایە خۆی بەدور بگرێت. قەیرانی ١٩٢٩، بێبازاڕییەکی گەورەی لەگەڵ خۆی هێناو پرۆسەی بەرهەمهێنان راگیرا بەهۆی نەبونی خواست لە سەر بەرهەمی ئابووریو، کارگەکان کەوتنە دەرکردنی کرێکارەکانو ئەوەش بوە هۆی هەڵکشانی ئاستی بێکاری بەشێوەیەکی زۆر بەرزو داهاتی بەشکراو بەشێوەیەکی زۆر نزم بوەوەو نەیدەتوانی خواست لەسەر خستنەڕووی کاڵاو شمەك دروست بکات.

ئەو قەیرانە گەورە ئابوورییە گەورەترین تەحەدای بەردەم سستمی سەرمایەداری بوو لە دنیادا، لە ئەمریکا ئەو تەحەدایە لەسەر ئاستی سیاسیدا بەرەوڕووی فرانکلین روزفلتی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا بووەوە کە سەر بەحزبی دیموکرات بوو، کە لەساڵی ١٩٣٢دا دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی جڵەوی

حوكمڕانیی گرتە دەست، لەروی فکریشەوە تەحەدایەك بو بەرەوڕوی ناوەندە ئەکادیمیەکان ببوەوە کە نەك هەر نەیان توانیبو پێشبینیی ئەو قەیرانە بکەن، بەڵکو لەدوای چەندین ساڵ لە رودانی نەیانتوانی چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

ئیدارەی تازەی رۆزفلت پلانێك یان سیاسەتێکی تەواوکاری (متکامل)ی بۆ روبەڕوبونەوەی ئەو قەیرانە لەبەر دەستدا نەبو، بەڵکو دیدیکی گشتیی هەبوو بەوەی کە چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە لەرێگەی دەستبەرداربونی هێندێك لەو مومارەسە ئابوورییانەوە دەبێت کە لە رابردودا پەیڕەوکراون‌و هۆکاری رودانی ئەو قەیرانە ئابوورییەن.

رۆزفلت چەند یاسایەکی دەرکردو لەماوەی نێوان (١٩٣٣ – ١٩٣٨) دا چەندین پرۆژەی جێبەجێکرد کە بەناوی (یاساکانی سەردەمی نویێ)وە ناویان دەرکرد. ئەو سیاسەتە ئابوورییانەی کە ئیدارەی رۆزفلت لەو ماوەیەدا پیادەی کرد، سێ رەهەندی لەخۆ گرتبوو:

یەکەمیان: بەرنامەی فریاکەوتنی بێکاران‌و بەرنامەی بەپەلەی هەژاران بوو.

دووەمیان: دەرکردنی یاسای نویێ بوو بۆ رێکخستنەوەی بازاڕە داراییەکان و چاکسازی لە بانکەکاندا.

سێیەمیان: پلانێکی ئابووری بوو بۆ بوژاندنەوەی ئابووریی ئەمریکا بەتایبەتی لە هەردوو کەرتی کشتوکاڵ‌و پیشەسازیدا.

سیاسەتەکانی سەردەمی نوێی رۆزفلت هیچ بەهانەیەکی فکری‌و ئایدیۆلۆجیی لە پشتەوە نەبوو تاوەکو لە ساڵی ١٩٣٦دا کتێبی (تیۆری گشتیی کارو سودو نەخت)ی مامۆستای زانکۆی کامبرجی بریتانی (جۆن مایناردکینز ١٨٥٢ – ١٩٤٩) دەرچوو. کینز شیکردنەوەیەکی وردی سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەو قەیرانەو رێگەکانی چارەسەرکردنی خستەڕوو.

کینز پێی وابوو نرخ قەبارەی خواستی گشتی لەسەر کاڵاو خزمەتگوزارییەکان دیاری ناکات بەقەدەر ئەوەی داهاتی بەکاربەران دیاری دەکات، ئەگەر هاتوو بەکاربەران بێکار بن و داهاتیشیان نەبێت داشکانی نرخی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەوان هیچ شتێك ناگەیەنێت. لەولاشەوە، ئەوەی هانی

بەرهەمهێنەرەکان دەدات بۆ زیادکردنی دەرفەتەکانی کارکردن ئاستی کرێ نییە بەقەدەر ئەوەی ئاستی پێشبینیکردنیانە بۆ خواستی گشتی لەسەر بەرهەمەکانیان. کاتێك ئاستی ئەو خواستە نزم بێت، ئەوا نزمی ئاستی کرێ کەمکردنەوەی داهاتی گشتی لێدەکەوێتەوەو دواتر کەمکردنەوەی خواستی گشتی بەدوای خۆیدا دێنێتو ئەوەش لەبری ئەوەی چارەسەری کێشەی بێکاری بکات قوڵتری دەکاتەوە.

بەرای کینز ئەوەی ئاستی چالاکییە ئابوورییەکان دیاری دەکات ئاستی گشتی نرخەکانو کرێ نین، بەڵکو قەبارەی گشتیی خواستە ( قەبارەی خواست لەسەر کالاو خزمەتگوزارییەکانو قەبارەی خواست لەسەر کالا وەبەرهێنەرەکان ). هەر کاتێك ئەو قەبارە گشتییەی خواست لە ئاستی پێویستدا نەبو بۆ زامنکردنی رەخساندنی دەرفەتی کارو، بۆ زیادکردنی خواستی گشتی جگە لە زیادکردنی خەرجیی گشتی هیچ رێگە چارەیەکی تر لەبەردەستدا نییە.

لەبەرامبەریشدا، هەر کاتێك قەبارەی خواستی گشتی لە ئاستی پێویست گەورەتر بو لەوەی زامنی بەگەڕخستنی تەواوی دەستی کار بکاتو، ئابووری بەدەست کێشەی بەرزبونەوەی بەردەوامی نرخەکانو هەڵئاوسانەوە بناڵێنێ، جگە لە گرتنەبەری رێوشوێنی کەمکردنەوەی قەبارەی خەرجیی گشتی (حکومی) هیچ رێگە چارەیەکی دی بۆ کەمکردنەوەی خواستی گشتی نییە.

چەمکی دەستوەردانی حکومەت لە ئابووری بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری داهێنانی کینز نەبوو، بەڵکو پێش ئەو، ئەو دەستوەردانە لەلایەن چەندین حکومەتەوە، چ لە مێژووی کۆن یان نوێدا تاقی کرابوونەوە، بەتایبەتیش حکومەتی حزبی نازی لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٣٣. ئەو ئەزمونەی هتلەر وای کرد (جۆن رۆبنسۆن) ی مامۆستای کامبرج بنووسێ " ئەدۆلف هتلەر توانیی لە ئەڵمانیا کێشەی بێکاری چارەسەر بکات بەر لەوەی کینز لە کامبرج بتوانێ سەبارەت بەو رێگە چارەیە باوەڕ بە هاوڕێکانی خۆی بکات).

تیۆریی کینزی شۆڕشێکی راستەقینە بوو لە فکری ئابووریی خۆرئاوادا، چونکە ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای چەمکەکانی رادیکالی یان سۆسیالستی

دانەڕێژرابوو، بەڵكو لەسەر هەمان چەمكەكانی قوتابخانە فكرییەكانی ئابووریی سەرمایەداری داڕێژرابوو، كە زۆربەی زانكۆكانی ئەمریكیو بریتانی (قوتابخانەی نیوكلاسیكی) پشتی پێ دەبەست، لەمانەش گرنگتر، ئامانجی تیۆریەكەی كینز قوتاركردنی سستمی سەرمایەداری بوو لەو قەیرانەی توشی بوو بوو.

سیاسەتەكانی (سەردەمی نوێ)ی رۆزفلت پشتیوانییەكی جەماوەریی زۆریان بەدەستهێنا، بەهۆیەوە بۆ جاری دوەمو سێیەمو چوارەم ( ١٩٣٦، ١٩٤٠ و ١٩٤٤) رۆزفلت بە سەرۆكی ئەمریكا هەڵبژێردرایەوە. كاریگەریی فەلسەفەی (سەردەمی نوێ)و تیۆرەكەی كینز بە تەنیا لەسەر ئەمریكا نەبو، بەڵكو لەساڵی ١٩٤٤ كە كۆنگرەی بریتن ودز لە نییوهامشایەر بەستراو ٤٤ دەوڵەتی هاوپەیمان تییدا ئامادەبوون، لەسەر دامەزراندنی سستمێكی نەختیی نوێی رێككەوتن، ئەو سستمە لەگەڵ بنەماكانی سەردەمی نوێو تیۆرەكەی كینزدا وێك دەهاتەوە. بە ئامانجی چارەسەركردنی كێشەی بێبازاڕیو بەرەودان بە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووریی دوای جەنگی دووەمی جیهان. بانكی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانكردنەوەو گەشەپێدان دامەزراو، ئەركی پێدانی قەرزی درێژخایەنی پێسپێردرا بۆ یارمەتیدانی دەوڵەتان بەمەبەستی تەمویلكردنی پرۆژەكانیو دوبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری و رەخساندنی ژینگەیەكی لەبار بۆ وەبەرهێنان. بە ئامانجی هاندانی بازرگانی نێودەوڵەتیو كەمكردنەوەی فاكتەرەكانی ناجێگیری، بڕیار درا كە دەوڵەتان پابەند بن بە بەهایەكی جێگیر بۆ دراوەكانیان لەبەرامبەر بە دۆلار.لە هەمان كاتیشدا ئەمریكا پابەند دەبێت بە نرخێكی جێگیر بۆ دۆلار لە بەرامبەر بە زێڕ( ٣٥ دۆلار بۆ یەك ئۆقیەی زێڕ).هەروەها سندوقی نێودەوڵەتی نەختیش دامەزرا بۆ یارمەتیدانی ئەو دەوڵەتانەی بە قەیراندا تێدەپەڕن و ناتوانن پارێزگاری لە نرخێكی جێگیری دراوە نیشتمانیەكانیان بكەن.

ئیدارە یەك لەدوای یەكەكانی ئەمریكا، لەدوای كۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهان بەردەوامبون لە پیادەكردنی سیاسەتەكانی (سەردەمی نوێ)، بەڵام بەهاتنە سەركاری كۆمارییەكان ( داویت ئیزنهاوەر ١٩٥٢ – ١٩٦٠) كەمتر كار بەو سیاسەتانە كرا، دواتر لەسەردەمی ئیدارەی (جۆن كەنەدی ١٩٦١ – ١٩٦٣)

بەشێوەیەكی بەرچاو كار بەو سیاسەتانە كرایەوە، لە سەردەمی ئەم ئیدارەیەدا، سەرۆك پشتی بە توێژێكی مامۆستایانی زانكۆ بەست كە تەبەنای كینزیان دەكردو كاریان بۆ پەرەپێدانی ئەو تیۆرییە دەكرد، ئەو توێژە لە روانگەی ئەو تیۆرەی كینزەوە سیاسەتێكی دارایی ( باج و خەرجی)یان گرتەبەر. دوای كوشتنی كەنەدەیش درێژە بە پەیرەوكردنی ئەو سیاسەتانە درا.هاتنە سەركاری لندن جۆنسۆن (١٩٦٣- ١٩٦٩)، ئەم ئیدارەیەش بەرنامەیەكی بۆ سیاسەتە ئابوورییەكانی وڵاتەكەی دانا بە ناوی ( كۆمەڵی گەورە) (المجتمع العظيم).

بەرنامەكەی لندن جۆنسۆن لە سێ تەوەر پێكهاتبو، یەكەمیان جەنگی دژە هەژاری بوو، بەئامانجی یارمەتیدانی خێزانە هەژارەكانو دەركردنیان لە ئەڵكۆی هەژاریی لە رێگەی پێدانی یارمەتی دارایی و خوێندنو دۆزینەوەی دەرفەتی كار بو. تەوەری دووەمیان، دەركردنی چەندین یاسا بوو بۆ پشتگیریكردنی مافە مەدەنییەكانو كۆتاییهێنان بە جیاكاریی رەگەزی دژ بە هاووڵاتییە رەش پێستەكان. تەوەری سێیەمیش تایبەت بو بە گرتنەبەری ئەو سیاسەتە دارایی و نەختییانەی زامنی ئەوە دەكات كە چالاكییە ئابوورییەكان دەتوانێ دەرفەتی كاری تەواو برەخسێنێو رێگر دەبێ لەبەردەم روودانی بێبازاڕیی و بێكاری تاو ئەو پەڕی دەهێنێتە خوارەوە.

لەچەند ساڵی یەكەمی جێبەجێكردنی ئەو بەرنامەیەدا، وا دەردەكەوت كە ئامرازەكانی تیۆریی كینزی دەتوانێ بەكردەوە، بەشێوەیەكی زیرەكانە سستمی سەرمایەداری لەو كێشانەی قوتار بكات كە بەر لەهەڵایسانی جەنگی دووەمی جیهان بەدەستیەوە دەیناڵاند. ئەو ماوەیە بۆ ئابووریی ئەمریكا ماوەی زێڕین بوو كاتێك ئابووریی ئەمریكا بە رێژەیەكی بەرز گەشەی دەكرد، ئەو ئاستە بەرزەی گەشەكردن كەلێنی نێوان هەژارانو دەوڵەمەندانی كەمتر دەكرد، هاوكاتیش، زۆرێك لە هاووڵاتیانی رەشپێستی ئەمریكی هەستیان دەكرد كە لەگەڵ هاووڵاتییە سپی پێستەكاندا لەرووی مافو ئەركەكانەوە هاوتانو هاووڵاتی پلە دوو نین. وەلێ ئەم ماوە زێڕینە هێندەی نەخایاند، لە كۆتایی شەستەكاندا، فاكتەرەكانی ناجێگیریی ئابووری ئەمریكا سەریان هەڵدایەوە.

له ساڵی ١٩٦٤دا لندن جۆنسۆن دوو بڕیاری مەترسیداری دەرکرد، کە ڕۆڵی بەرچاویان لەگەڕانەوەی فاکتەرەکانی ناجێگیری بۆ ئابووریی ئەمریکی هەبوو، یەکەمیان، دەستپێکردنی جەنگی ڤێتنام بوو، ئەوی تریشیان، تەمویلکردنی ئەو جەنگە بوو لە ڕێگەی قەرزکردنەوە ( واتە تەمویلکردنی جەنگ بەشێوازی کورتهێنانی بودجەی حکومەتی ئەمریکی). چونکە جۆنسون دەیزانی کۆنگرێس ئامادە نابێ دەنگ لەسەر تەمویلکردنی جەنگ لە ڕێگەی باجەوە بدات. لەولاشەوە، راوێژکارە ئابوورییەکانی سەرۆك دژی تەمویلکردنی جەنگ لە ڕێگەی قەرزکردنەوە بوون، پێیان وابوو ئەو قەرزکردنە دەبێتە هۆی گەورەکردنی قەبارەی کورتهێنانی بودجە. زۆربەی راوێژکارانی سەرۆك سەر بە قوتابخانەی کینزی بوون، پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە دابینکردنی خەرجییەکانی جەنگ بەشێوازی کورتهێنانی بودجەی گشتی، لەهەلومەرجی بەکارخستنی گشتیدا، هەڵکشانی بەردەوامی نرخەکانو هەڵئاوسانی لێدەکەوێتەوە، هەر ئەوەش روویدا. لە کۆتایی شەستەکانو سەرەتای حەفتاکاندا، قەبارەی کورتهێنانی بودجەی ئەمریکا بەشێوەیەك گەورە بوو تاوەکو کاریگەری لەسەر رەوشی دۆلار کرد، لەکاتێکدا لە پەنجاکانەوە تا ناوەڕاستی شەستەکان خواست لەسەر دۆلار لە زیادبوندا بوو. لە کۆتایی شەستەکانو سەرەتای حەفتاکاندا رەوشەکە پێچەوانە بوەوە، خستنەڕووی دۆلار روی لە زیادبوون کرد. ئەو بیانیانەی دۆلاریان هەبوو دەستیان بە گۆڕینەوەی بەزێڕ کرد، ئەم هەنگاوە یەدەکی ئەمریکای لە زێر کەمکردەوەو، لە ئابی ١٩٧١ نیکسۆنی سەرۆکی ئەمریکای ناچارکرد پەیوەندیی نێوان دۆلارو زێڕ رابگرێت، بەمەش یەکێك لەگرنگترین پایەکانی سستمی نەختیی بریتن ودزی تێکشکاند. بەم هەنگاوە سەردەمی نرخی گۆڕینەوەی جێگیر کۆتایی پێهاتو سەردەمی نرخی گۆڕینەوەی ناجێگیر دەستی پێکرد، لە هەمان کاتیشدا، بەهەمان شێوە سەردەمی جێگیریی نرخەکانیش کۆتایی پێهاتو سەردەمی هەڵئاوسان دەستی پێکرد کە لە هەڵکشانی بەردەوامی نرخەکاندا بەدیار کەوتو بەرزبوونەوەی بەردەوامی کرێی لێکەوتەوە.

لە ناوەڕاستی حەفتاکان، ئابووریی ئەمریکی بەهۆی بەرزبوونی زیـاد لـەرادەی نرخی نەوتەوە روبەڕووی کێشەی بێبازاڕیو بەرزبوونەوەی نێوەنجیی بێکاری بـوەوە، زیادبوونی تێچووی بەرهەمهێنانو دابەزینی ئاستی قازانجو دواتر کەمکردنـەوەی ئاستی بەرهەمهێنانو دەرکردنی کرێکارانی لێکەوتـەوە. بـەم شـێوەیە ئـابووریی ئەمریکی بەدەست کێشەیەکی تازەوە دەینالآند، کە پێشـتر کێشـەی لـەم جـۆرەی بەخۆوە نەدیبوو، کەهەڵئاوسـانو بێبـازاڕی پێکـەوە کۆکردبـوەوە کەپێیـدەگوترا پووکانەوەی هەڵئاوسان Stagflation.

رەوشی ئـابووریی ئـەمریکی چـەندین تەحـەدای لـەبواری سیاسـیو فکـریو ئەکادیمییەوە دروست کرد. لەسەر ئاستی سیاسی، ئەمریکا بـۆ یەکـەم جـار لـە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە حکومەتو کۆمەڵی ئەمریکایی رووبەڕووی زیان بوونـەوە، هەڵئاوسـان داشـکانی قـازانجی چـینی سـەرمایەداری لێکەوتـەوەو پوکانەوەش قەبارەی رەخساندنی دەرفـەتی کـاری لێکەوتـەوە. لـە رووی فکـریو ئەکادیمیشەوە، ئابووریناسەکان خۆیان لـە رووبـەڕووی هـەمان رەوشـی سـەرەتای سییەکان بینییەوە، بـەڵام بـەبێ ئـەوەی تیۆرییـەك هـەبێ بتـوانێ ئـەو رەوشـە ئابوورییە بخوێنێتەوە. تیۆریی کینزی، وەك پێشتر باسکرا، دەیتـوانی هۆکارەکـانی روودانی کێشەی بێکاریو هەڵئاوسان شی بکاتەوە، بەڵام شیکردنەوەیەکی ئەوتۆی پێ نەبوو بۆ روودانی ئەو دوو کێشەیە پێکەوە.

ملتۆن فریدمان (١٩١٢ – ٢٠٠٦) مامۆستای زانکۆی شیکاگۆ، یەکێك لـە ئابووریناسەکانی ئەمریکایە کە بڕوای بە تیۆریی کینزی نەبووە، لـە ماوەیـەکی کورتدا، بە هاوکاریی چەند مامۆستایەکی تری زانکـۆی شـیکاگۆو زانکۆکـانی تری ئەمریکا، بانگەشەیان بۆ تیۆرییەکی تـر دەکـرد کـە بـەناوی ( قوتابخانـەی شیکاگۆ یان قوتابخانەی نەختی Monetarism) ناوی دەرکـرد. ئـەم قوتابخانەیـە، بەشێوەیەکی گشتی، لەگەڵ تیۆریی کینـزدا نەدەهاتـەوە. بـەپێی وەسـفی هـاری جۆنسۆن مامۆستای قوتابخانەی لەندەن بۆ ئـابووریو زانسـتی سیاسـی، تیـۆریی کینزی لە کۆتایی سییەکانو سەرەتای چلەکاندا شۆڕشێکی راستەقینە بوو، بەڵام ئەمەی فریدمان لە سەرەتای حەفتاکان شۆڕشێکی پێچەوانەی کینزیی بەرپاکرد.

ئەم قەیرانەی ڕەهنی عەقاری ئەمریکا، کە ئـەو قەیرانـە داراییـەی ئێسـتای لێکەوتۆتەوە، لە بۆشاییەوە نـەهاتووە، بـەڵکو دەرئـەنجامی زنجیرەیـەك قـەیرانی داراییە کە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکـردووە، قـەیرانی یەکەم، قەیرانی مـالیی پاشەکەوتو قـەرزدان بـوو (Saving & Loans crisis)، دوای ئەویش لەساڵی ١٩٨٤قەیرانێکیتری دارایی لەئەنجامی ئیفلاسی دامەزراوەی Continental Illinois دەستی پێکرد، پاشان داڕمانی گەورەی بازاڕی دارایی لـە نیویۆرك لە ڕۆژی ١٩/١٠/١٩٨٧ لێکەوتـەوە، کەبـە(دوشـەممەی ڕەش) ناسـرا. هەموو ئەو قەیرانە یەك لەدوای یەکانە، لەکاتێکدا بوون کە قـەیرانی قـەرزاریی جیهانی سێیەم قووڵ دەبووەوە. لە نەوەتەکانیشدا، چەندین قەیرانی نەختی بـەدوای یەکدا هاتن، قەیرانی جونەیهی ئستەرلینی لـە بریتانیـا (١٩٩٢) تـا گەیشـتە قەیرانی نەختیی ئەمریکای لاتین (١٩٩٤- ١٩٩٨)و دواتریش قەیرانی نەختی لە خۆرهەڵاتی ئاسیادا (١٩٩٧-١٩٩٩). نەوەتەکانی سـەدەی ڕابـردوو بـە قـەیرانی دامـەزراوەی وەبەرهێنان ((Long Term Capital (Management لـە ئـەمریکا کۆتـایی هـات. سـەرەتای هـەزارەی سـێیەمیش بـە ئیفلاسـبوونی گـەورەترین کۆمپانیای وزەی ئەمریکی (Enron) دەستی پێکردو بەدوای ئەویشـدا قـەیرانی پیشەسازیی تەکنەلۆجیا باڵاکان دەستی پێکرد. لە ٢٠٠٥ یشەوە، داشکانی دۆلار بەرامبەر بە یۆرۆ بەردەوام بوو، لەگـەڵ خۆیـدا کەشـێکی نـاجێگیری لـە بـازاڕە داراییەکانـدا خولقانـد. دوای ئەمـەش قـەیرانی ڕەهـنی عـەقاری هـات کـە دەرئەنجامەکانی بە خێرایی تەواوی سستمی دارایی ئەمریکای گرتەوەو دووچـاری داڕمانی کرد، هەڕەشەشی لە سستمی دارایی هەموو جیهان کرد.

لەگەڵ ئەوەی جیاوازی لـە ڕەوشو وردەکارییـەکانی ئـەو قەیرانانـەدا هەیـە، تەنیا یەك هۆکار لە پشت ئەو هەموو قەیرانانەوەیە، ئەویش ئامادەیی دامـەزراوە داراییەکانە بۆ پێدانی قەرز کە ئەگەری دانەوەی مـەترسیی زۆری لێ دەکرێت، ئەو قەرزپێدانانەش لە پێناو بەدەسـتهێنانی قـازانجی زۆر گەورەیـە کـە زۆرتـرە لـەو قەرزانەی کە ئاستی مەترسییان کەمترە. قەیرانی مـالیی پاشەکەوتو وەبەرهێنان دەرئەنجامی پێدانی قەرزێکی زۆرە بەو بەڵێندەرانەی کە لە پرۆژەکانی خانوبـەرەدا

کاریان دەکرد، بەڵام دەرکەوت ئەوانە جگە لە کەسانی سەرەڕۆو گەندەڵ زیاتر هیچیتر نەبوون، ئەو قەرزانەشیان بەشێوەیەکی تەندروست لەو بوارەدا بەگەڕ نەخستووە. دارمانی بازاڕی پشك لە ساڵی ١٩٨٧دا تا رادەیەکی زۆر بۆ ئەو دامەزراوە داراییانە دەگەڕێتەوە کە قەرزێکی زۆریان دابوو بە سەوداکەرانی دارایی لە بازاڕ دا، کە پێچەوانەی شێوازە باوەکان کاریان بۆ بەدەستهێنانی قازانج دەکرد. ئەگەر وەبەرهێنەرێکی ئاسایی قازانجی دەرئەنجامی جیاوازیی نێوان نرخەکانی کڕین و فرۆشتنی پشکەکان دەستدەکەوت، بەڵام ئەو سەوداکارانە، پشکیان دەکڕی و دەیان فرۆشتەوە بە ئامانجی داشکاندنی ئاستی نرخەکانی ئەوەی پێی دەگوترێ پرۆسەی کڕینی ماوە کورت (Selling short). لەلایەکیترەوە، ناوەرۆکی هەموو قەیرانەکانی وڵاتان لە دەیەی نەوەتەکان دەرئەنجامی پرۆسەکانی سەوداکاری بوو کە سەوداکەران لەرێگەی داشکاندنی نرخی دراوی دەوڵەتانی دەستنیشانکراو قازانجێکی زۆریان بەدەستهێنابوو، هەروەها ناوەرۆکی قەیرانی رەهنی عەقاری ئەم جارەی دوایی، بڵاوبونەوەی ئەوەی پێی دەگوترێ رەهن لە خوار ئاستی سروشتیی خۆیەوە (Sub-prime mortgage) واتە پێدانی قەرز بە کەسانێك کە هیچ جۆرە زەمانەتێکیان نییە لەوەی کە بتوانن قەرزەکان بدەنەوە، ئەم جۆرە قەرزانە بوونە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر کڕینی خانوبەرەو بەرزبوونەوەی نرخەکانی خانوبەرە.

## قەیرانی ئێستای بازاڕی دارایی ئەمریکی

لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ ەوە بەهای عەقارات و پشکی کۆمپانیاکانی خانوبەرەی تۆمارکراو لە بۆرسەکانی زۆربەی دەوڵەتانی جیهان و بەتایبەتی لە ئەمریکا بەشێوەیەکی بەردەوام روو لە هەڵکشان بوو، تا ئەو رادەیەی کڕینی خانوبەرە بووە باشترین جۆری وەبەرهێنان. ئەم هەڵکشانەی بەهای خانوبەرە وای کرد کەسان و کۆمپانیاکانی ئەمریکا خەریکی کڕینی عەقارات بن، چ بۆ نیشتەجێبوون بن یاخود بۆ وەبەرهێنانی دوورمەودا یاخود بۆ سەوداکاری بن، لەبەرامبەر بەمەشدا بانکە عەقارییەکان ئاسانکاریی زۆریان بۆ داواکارانی قەرز

دەکرد. بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- ئەو گەشەسەندنەی بازاڕەکانی خانوبەرەی ئەمریکی لە ساڵانی نێوان ٢٠٠١ -٢٠٠٦ بەخۆیەوەی بینی، زەمینەیەکی لەباری بۆ پەنابردنە بەر قەرزی خانوبەرە خولقاند، بەتایبەتی کە ئەم جۆرە قەرزانە مەترسیی زۆریان هەیە، قەرزێکی زۆر درایە کەس و کۆمپانیاکان تەنانەت بەوانەش کە تۆماری ئیئتمان ( سجلات الائتمان )یان لاوازە یان ئەوانەی هەر نییانە.

٢- دامەزراوە داراییەکانی ئەمریکی، بەشێوەیەکی بەربلاو، قەرزیان دایە دامەزراوە عەقارییەکانو کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی، کە زیاتر لە ١,٧٠٠ ملیار دۆلار دەبووو نزیکەی حەوت ملیۆن کەس لەو قەرزانە سودمەند بوون.

٣- بەرزبوونەوەی ناوەنجی نرخەکانی سود بەشێوەیەکی گشتی بووە هۆی گۆڕینی سروشتی بازاڕی ئەمریکیو داشکانی نرخەکانی خانوبەرە، ئەمەش بووە سەرەتای دەستپێکردنی قەیرانی ئیئتمانی عەقاری ئەمریکی. سەرهەڵدانی ئەم قەیرانە دەیخواست قەرزوەرگرەکان قەرزەکانیان بدەنەوە، بەڵام زۆربەیان نەیانتوانی لەکاتی دیاریکراودا ئەو قەرزانەیان بدەنەوە، لەبەر ئەوە دەبوو دامەزراوە داراییەکانو دامەزراوەکانی عەقاراتو کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی بەرگەی ئەو قورساییە گەورەیە بگرن کە کەوتۆتە سەریان.

٤- پەیوەستبوونی ژمارەیەکی زۆری دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان (بەتایبەتی ئەوروپیو ئاسیاییەکان) بە بازاڕی دارایی ئەمریکاوە، وای کرد قەیرانەکە راستەوخۆ بگاتە دامەزراوە داراییو عەقارییەکانی ئەو دەوڵەتانە.

٥- قەبارەی ئەو قەرزانەی لای تاکەکانی کۆمەڵ بوون نزیکەی (١٠٠) ملیار دۆلار بوو، ئەمەش بووە هۆی هاتنە خوارەوەی پشکی دامەزراوە داراییو عەقارییەکانو دواتر هاتنە خوارەوەی پشکی تەواوی دامەزراوە داراییەکانی ئەمریکاو ئاسیاو ئەوروپا.

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی**

١- دەرئەنجامی پاشەکشەی نێوەنجی گەشەی ئابووریی ئەمریکیو پاشەکشێی کارپێدانو وەبەرهێنانو داهاتی دابەشکراوی هۆیەکانی بەرهەمهێنان، قەبارەی خواست بەشێوەیەکی زۆر داشکا، ئەمەش دیاردەیەکی کتوپڕ نەبوو، بەڵکو ماوەیەك دەستی پێکردبوو، بەلاّم دەستوەردانەکانی حکومەت بەهۆی فراوانکردنی خەرجییەکانی بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی خەرجییە تایبەتییەکان، نەك لە رێگەی خەرجیی سەربازیو جەنگەکانی ئەمریکا لە دەرەوەی ولاّت بۆ دوورخستنەوەی ئاگری شەڕی دژە تیرۆر لە ناو ئەمریکاو دابەشکردنی ئاسەوارەکانی داتەپینی ئابووری بەسەر فراوانترین ناوچەی دنیاداو خەرجییەك بۆ ئەوەی خواست بجولّقێنێ نەك بۆ خولّقاندنی خستنەڕوو ( نمونەی عیراق )، قەبارەی خەرجییە جەنگی و بەرگرییەکانی ئەمریکا لە (٣٢٠) ملیار دۆلارەوە لە سالّی ٢٠٠١ بۆ (٧١١) ملیار دۆلار لە سالّی ٢٠٠٨ زیادی کرد، وای کرد گەورەیی ئاسەوارەکانی کەم بکاتەوەو ئەو پاشەکشێو داشکانە دوابخات لەوەی قەیرانی لێبکەوێتەوە.

٢- دامەزراوەی دارایی بەشێوەیەکی فراوان قەرزو وەبەرهێنانی ئاست بەرزی مەترسی بەخشی لە پێناو بەدەستهێنانی قەرزی زیاتر بەبێ گوێدانە ئاستی زامنکردنی گەڕاندنەوەی ئەو قەرزانە، کەبووە هۆی کەڵەکەبونی قەرزێکی زۆر کە گومان لە وەرگرتنەوەیان دەکرا. ئەم دیاردەیە لەگەلّ فراوانبوونی خەرجییەکانی حکومەتدا ئالّۆز بووو لە کۆنترۆلّ دەرچوو. لەگەلّ دەرکەوتنی قەیرانەکەدا زیاتر لە یەك ملیۆن ئەمریکی خانووە بارمتەکانیان لەدەستچوو، بەلاّم لەسایەی ئەو پلانی رزگارکردنە سەدان هەزار کەس لە خاوەن خانووەکان کە نەیان دەتوانی قیستی مانگانەی قەرزەکانیان بدەنەوە بەهۆی داشکانی بەهای خانوبەرەوە، توانیان لە رێگەی ئەو قەرزە ئاسانکارو پالّپشتەی حکومەتەوە دووبارە تەمویلی قەرزەکانیان بکەنەوە.

٣- پاشەکشێی ئاستی گەشە لەگەڵ هەڵکشانی تێچوونی مودخەلاتی بەرهەمهێنان دەرئەنجامی هەڵکشانی نرخەکانی سوتەمەنیو بەرزبوونەوەی تێچوونی گواستنەوەو چەندین هۆکاریتری پەیوەندیدار بوونە هۆی هاتنە خوارەوەی رادەی قازانج لە پرۆسەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی راستەقینەدا (کەرتی بەرهەمداری)، کە بووە هۆی سستبوونی ئابووریو پاشەکشێی گەشەکردنی ئابووریو هاتنە خوارەوەی کارکردن (التشغیل) و داهاتو بێبازاڕی.

٤- رەوکردنی سەرمایە لە کەرتی بەرهەمدارییەوە بۆ کەرتی دارایی. ئەم دیاردەیە بووە هۆی ئەوەی کە زۆرێك لە وەبەرهێنەرانی پشکەکان چاوەڕێی قازانجی پشکەکانیان بنو ببنە سەوداکار (مضارب)و لەماوەیەکی کورتدا دەرفەتەکانی کڕینو فرۆشتنی پشکەکانیان بقۆزنەوە، کاتێك وەبەرهێنەرەکان دەبنە سەوداکار نرخەکانی پشكو سەنەدەکان لە بازاڕە داراییەکاندا (بۆرسە) راستەقینە نابنو ناتوانن گوزارشت لەئسولی ئەو سەرمایەو ناوەندە داراییانەو بەرهەمهێنانو قازانجی ئەو کۆمپانیایانە بکەن کە لە بازاڕەکانی داراییدا ئاڵووێر بە پشکەکانیان دەکەن، بەڵکو ئەو نرخانە لە هەلومەرجی سەوداکاریو پێشبینیکردنی دڵخۆشکەری زیاد لە پێویست لە رادەی خۆی زیاتر بەرزدەبنەوە تا ئەو کاتەی سەوداکاران دەگەنە ئەو بڕوایەی کە بەهای پشکەکانیان پشت ئەستوور نییە بە ئسولی راستەقینەو تەنیا بە وەهمی سەوداکان بەرز کراونەتەوە، بۆ بەدەستهێنانی قازانجی زۆرو دەستبەرداربونیان لەو پشکانە بەپەلە دەست بەفرۆشتنی ئەو پشکانە دەکەن، هەر هێندە ئەو نەخۆشی فرۆشتنی پشکانە بە نێو سەوداکەرانی پشکەکاندا تەشەنە دەکات، بەشێوەیەکی خێرا خواست لەسەر کڕینی پشك دائەشکێو دیاردەی سەر لەنوێ راستکردنەوەی نرخەکان دەست پێدەکات، کە هاوکاتە لەگەڵ دارمانی بازاڕی پشکەکان تا ئەو رادەیەی دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی. لەولاشەوە پێشبینی دەکرێ کە ئسولی راستەقینەی کۆمپانیاکانو ئاستی ئەدائی راستەقینەیو مەرکەزە داراییەکەی گونجاو بێت کاتێك وەبەرهێنەرەکان تەنیا ئەوانەی گرەو لەسەر

قازانجی مەودا دووری ئەو کۆمپانیایانە دەکەن، بە ئاقاری قازانجی مەودا کورتدا نارۆن، ئەو زەمینەیە پێك دەهێنن کە داشکانی نرخەکانو زیانی سەوداکەران رادەگرێت، کاتێك سەوداکەران هەست بە داشکانی زیاد لە رادەی نرخەکان دەکەن ئەو کات جارێکیتر دەست بەکڕینی پشکە هەرزانەکان دەکەنەوەو تەوژمێکی دیکەی خواست دەخولقێنن، بەمەش رێگە لە دارِمانی ئاستی نرخەکان دەگرن.

٥- سیاسەتی فراوانخوازی دارایی ئەو دەوڵەتانەی ئابوورییەکانیان بەدەست پوکانەوەوە (الرکود) دەناڵێنیٚ، قەبارەی کورتهێنانی بودجەی گشتییان گەورەتر دەبێت، ئەو کورتهێنانە یان لە رێگەی قەرزکردن لە سستمی بانکی وڵات یان لە هاووڵاتیان لە رێگەی فرۆشتنی سەنەدە حکومییەکان یان (اذونات الخزینة) تەمویل دەکرێت، بەم شێوەیە پاراستنی ئەو سەنەدانە لای بانکەکانو لای سەوداکەران پێدەچیٚ ببێتە هۆی گواستنەوەی دارِمانی نرخەکان لە بۆرسەکانەوە بۆ بانکەکان کە ئیفلاسبوونی خۆیان رادەگەیەنن ئەگەر هاتوو حکومەت هەنگاوی خێرا بۆ رزگارکردنیان نەنێت.

٦- شۆڕشی پەیوەندیو زانیاری وای کردووە کە بەزووترین کات هەست بە دەرهاویشتەکانی هەڵبەزو دابەزینی نرخەکان بکریٚو بەزووترین کات لە تەواوی بازارِە داراییەکانی جیهاندا بڵاو بێتەوە. لە لایەکیتریشەوە بەحوکمی بەجیهانیبونی ئابووریو ئازادی گواستنەوەی سەرمایە لە نێوان دەوڵەتانداو خێرا ئاڵوێرکردنی پشكو سەنەدات لە رێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە وای کرد ئەم قەیرانە داراییە بەخێرایی بڵاو بێتەوە، لەم سەردەمەدا قەیرانی ئابووری کە روودەدا لە سنووری یەك دەوڵەتدا گیر ناخوا بەتایبەتی لە دەوڵەتێکی گەورەی وەك ئەمریکادا، بەڵکو بەخێرایی دەبێتە قەیرانێکی جیهانیو ئاسەواری راستەوخۆو ناراستەوخۆ لەسەر تەواوی دەوڵەتان بەجیٚ دەهێڵێت. ئەم بڵاوبوونەوە خێرایەی قەیرانە داراییەکە تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی ناکۆکیی سیاسیشیان لە نێواندا هەیە ناچار دەکا هاوکاریی یەکدی بکەن بۆ کپکردنەوەی ئاگری ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە لەکۆتاییدا زیان بەهەمووان دەگەیەنێت.

## پێشبینی نەکردنی قەیرانی دارایی

پێشبینی نەکردنی قەیرانەکە یەکێکە لەو پرسیارە گرنگانەی کە بەردەوام دەکرێ، کە چۆن وڵاتێکی وەك ئەمریکا بەو هەموو تواناو شارەزاییە ئابوورییەو ئەو هەموو دامەزراوەو سەنتەرە لێکۆڵینەوەو ستراتیجیانەی هەیانە، نەیتوانی پێشبینیی روودانی قەیرانێکی دارایی لەم جۆرە بکات. ئەم خاڵانەی خوارەوە دەریدەخات کە چۆن دامەزراوە داراییەکانی ئەمریکا، لەسەرووی هەموشیانەوە بانکی فیدراڵی، شکستی هێنا لە پێشبینی کردنی ئەو قەیرانە داراییەدا:

یەکەم: ریشەی ئەم قەیرانە لە کۆمپانیاکانی رەهنی عەقارییەوە، نەك بانکەکان، دەستی پێکرد کە قەرزی دا بەوانەی دەیانویست بینە خاوەن خانوو، بەبێ پابەندبوونیان بە دانەوەی پێشوەختی قەرزەکانیان، جگە لەوەی داهاتی قەرزوەرگرەکان یارمەتییان نادات لە ئاییندەدا قەرزەکانیان بدەنەوە. لێرەوە زاراوەی (ساب برایم) هات، کە رەنگدانەوەی نەبوونی سادەترین رێساکانی دسپلین‌و سەلامەتیی داراییە. لەبەر ئەوەی رەهنی عەقاری قازانجێکی زۆر بۆ دامەزراوە پارە بەخشەکان دەرەخسێنێت، ئەو قەرزانە لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٤ – ٢٠٠٣ بەنزیکەی ٢٥٪ بەرزبوونەوە.

دووەم : داتاشراوە تازەکانی دارایی یارمەتی کۆمپانیاکانی رەهنی عەقارییدا بۆ گۆڕینی رەهنەکانیان بە سەنەدات‌و فرۆشتنەوەی بە وەبەرهێنەکان، کە بووە هۆی بەتەڵەوەبوونی بانکە وەبەرهێنەرەکانی وەك (لیمان برازەر) کە ئیفلاسبوونی خۆی راگەیاند، هەروەها (میریل لیتچ) کە بانکی (بانك ئۆف ئەمریکا)ی کڕییەوە. شکستهێنانی بانکەکانی وەبەرهێنان لە زانینی مەترسییە راستەقینەکانی ئەو سەنەدانەی کڕیبوویان دەرئەنجامی ئەو جۆرە تازانەی داتاشراوە داراییەکانەوە هاتبوو. شارەزایانی دارایی دەیانتوانی لەمەترسییەکانی خودی قەرزەکان بگەن، وەلێ ناتوانن لە ئاستی مەترسیی کۆمەڵێك قەرزی جیاواز لەیەکدی ، کە بەکۆ دەفرۆشرێن، بگەن. هەروەها هاندەرێکی بەهێز بۆ

وەبەرهێنان لەم جۆرە داتاشراوە داراییانەدا هەیە، بەتایبەتی بۆ سەرپەرشتیارانی گەورە بانکەکانی وەبەرهێنان، لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٧ دا بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بانکی (لیمان برازەر) داهاتەکەی ٣٤ ملیۆن دۆلاری تێپەڕاندووەو بەڕێوەبەری بانکی گۆڵدمان ساکس ٧٢ ملیۆن دۆلار بووە.

سێیەم : کۆنگرێسی ئەمریکی تا ڕاگەیاندنی قەیرانی ئابووریی ئەمریکا گوشارێکی زۆری خستبووە سەر دامەزراوە داراییە زەبەلاحەکانی وەك (فریدی ماك‌و فانی مای) بۆ فراوانکردنی پێدانی قەرز کە لەبەرژەوەندیی دەنگدەرانی کۆنگرێسمانەکان بشکێتەوە، لەولاشەوە، ئەو دامەزراوە داراییانە کاریگەرییان لەسەر کۆنگرێس هەبوو بەوەی کە لە گرنگترین سەرچاوەکانی تەمویلکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەندامانی کۆنگرێس بوون.

چوارەم: جیهانگیریی دارایی هانی بانکە بیانییەکانیدا وەبەرهێنان لەو داتاشراوە داراییانەدا بکەن کە بانکە ئەمریکاییەکان دەریان کردبوو، واتە بەشدارییپێکردنیان لە گرتنە ئەستۆی مەترسی ئەگەر هاتوو قەیران ڕوویدات. ئەم هەنگاوە بۆ دڵنیاکردنەوەی دامەزراوە داراییەکانی ئەمریکا بوو لەوەی کە بەتەنیا دەرئەنجامی بڕیارە هەڵەکانیان لەئەستۆ ناگرن.

## هەنگاوەکانی دەربازبوون لەو قەیرانە

سستبوونی گەشەی ئابووری بەشێوەیەك کە خەریکە بەرەو بێبازاڕی دەڕوات‌و ڕواڵەتەکانی لە زۆربەی دەوڵەتەکاندا بەدیار کەوتووە، ئەگەری ڕوودانی قەیرانێکی ئابووریی گەورەی لێچاوەڕێ دەکرێ، هەر وەکو بەڕێوەبەری سندوقی نێودەوڵەتیی نەخت پێشبینی دەکات، ئابووریی زۆربەی دەوڵەتانی جیهان بخاتە حاڵەتی بێبازاڕییەکی گەورەوە، ئەمەش وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا کاریگەریی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی لەسەر تەواوی دەوڵەتانی جیهان، بە پلەی جیاواز، دەبێت.

دەبێ دەوڵەتانی جیهان، بەتایبەتی دەوڵەتە گەورەکانی دنیا، چاو بەم مەسەلانەدا بخشێننەوە :

١- ئەو سیاسەتە ئابوورییانەی کە ئێستا کاریان پێدەکرێت، بەجۆرێك زامنی دەستوەردانی حکومەت بکەن لە کاتو شوێنو ئەو کەرتو ناوەندەی کە پێویستی بە یارمەتی هەیە، بەتایبەتی ئەو ناوەندە داراییانەی کە قەیرانەکە تێیدا رویداوە، ئەوانەی کە بەدوای ئەویشدا پڕیشکی قەیرانەکە دەیانگرێتەوە، ئەمەش وای کرد کە جۆرج بوش دەستوەربداتە ئابووریی وڵاتەکەیو یارمەتییەکی دارایی ئێجگار زۆری ئەو بانكو بازاڕە داراییانە بدا بۆ رێگرتن لە تەشەنەکردنی قەیرانەکە (٨٥ ملیار دۆلار بۆ کۆمپانیای دڵنیایی ئەمریکا).

٢- چاوخشاندنەوە بەو فاکتەرانەی کە جیهانگیری دروستی کردوونو بەشێوەیەکی فراوان پێداویستییەکانی جیهانگیریو کرانەوەو مەرجەکانی رێکخراوە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان هەڵبسەنگێندرێ، بە شێوەیەك لەگەڵ کەمکردنەوەی ئاسەواری ئەو کەناڵانەی تەشەنە بە قەیرانەکە دەکەن بگونجێتو، میکانیزمێك بۆ پێشبینیکردنی قەیرانە ئابوورییەکان دابنرێت بۆ ئەوەی وەك دامەزراوەیەکی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت بێت بۆ هەموو دەوڵەتانی جیهان.

٣- چاوخشاندنەوە بە سستمە بانکیو داراییەکاندا، کە هێندە گۆڕانی بەسەردا هاتووە جیاوازی لە نێوان چالاکیی دامەزراوە داراییە بانکیو غەیرە بانکییەکاندا نەماوە. بەجۆرێك دەخوازێ ئامرازەکانی سیاسەتی نەختیی تازە بدۆزرێتەوە کە بتوانێ رێگری لە پاراستنی هاوسەنگیی نێوان هەردوو لایەنی نەختیو داراییو لایەنی راستەقینەدا (بەرهەمداری) بکات.

٤- چاوخشاندنەوە بەسستمی چاودێریکردنی ئەدائی بۆرسەو بانکەکان بەجۆرێك نەهێڵدرێت سنورەکانی خۆیان لە پێناو بەدەستهێنانی قازانجی بێ شوماردا ببەزێنن.

# بەشی دووەم

# ئامازەکانی سەرهەڵدانی جەنگی دراو لەجیهاندا

لەدەستپێکی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و ئابووریی نێودەوڵەتییەوە، تارمایی جەنگی دراو ئاسمانی پەیوەندییە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانی گرتووە، بەڵام ئەوا دوو ساڵ بەسەر قەیرانەکەدا تێدەپەڕێ بەبێ ئەوەی دەوڵەتانی جیهان بەرەو بەرپاکردنی جەنگی بازرگانی بڕۆن، دەوڵەتە گەورەکان لەکۆبوونەوە یەك لەدوای یەکەکانی گروپی بیست ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی خۆیان لەمومارەسەکردنی پاراستنی بازرگانی بەدوور بگرن، بۆ ئەوەی بتوانن بەخێرایی لەو قەیرانە داراییە دەربازیان بێت، هەروەها لەو ئاڵۆزییەی کەرەنگە لە دەرئەنجامی گرتنەبەری ئەو سیاسەتە روبدات بەدوور بن، بەتایبەتیش دواکەوتنی پرۆسەی ئەکتیڤبوونەوەی چالاکییە ئابوورییەکان، وەلێ بەهۆی درێژەکێشانی ماوەی قەیرانەکە گوشارەکان بەئاراستەی جەنگی دراو روو لەزیادبوونە، ئەمەش هانی دەوڵەتان دەدا بۆ گرتنەبەری سیاسەتی سەپاندنی رەسمی گومرگی و هەنگاوی دژبەیەکدی بنێن کەدەبێتە هۆی تێکدانی سستمی بازرگانی نێودەوڵەتی، وەك ئەوەی لە سییەکانی سەدەی رابردوو روویدا.

جەنگی دراو پێشبڕکێی دەوڵەتانە بۆ کەمکردنەوەی بەهای دراوەکانیان بەئامانجی داشکاندنی نرخی هەناردەکانیان بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان، ئەوەش میزەیەکی ڕێژەیی بەهەناردەی دەوڵەتی خاوەن دراوی بەها نزم دەدا لەبەرامبەر هەناردەی دەوڵەتانی تری جیهان، هانی هەناردەی ئەم دەوڵەتە دەدا بۆ دەوڵەتانی تری هاوردە (هاوبەشە بازرگانییەکان). لەلایەکی تریشەوە، داشکانی بەهای دراو هاوردەی دەوڵەتانی تر بۆ ناو بازاڕەکانی گرانتر دەکاو (کاتێك نرخی هاوردەکان بۆ دراوی نیشتمانی دەگۆڕێت)، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هاوردەی دەوڵەتەکانی ترو هۆکاری بەرزبوونی پوختەی هەناردەکانی (جیاوازی نێوان هەناردەو هاوردە)، پوختەی هەناردەی دەبێتە یەکێك لەپێکهاتەکانی خواستی ناوخۆیی، کاتێك پوختەی ئەو هەناردەیە ئاستی خواستی هەموەکی بەرزدەکاتەوەو دوای ئەویش بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەکردنی ئابووری لێدەکەوێتەوە.

کەواتە سیاسەتی داشکانی بەهای دراو بۆ دەوڵەتی خاوەن دراوی بەها نزم بەسودە، بەڵام ئەو سیاسەتە ناکرێ بۆ ماوە درێژ بەردەوام بێت، لە جیهانێکدا کە دەوڵەتان تێیدا پشت بەیەکتری دەبەستن، ئەو سودەی دەوڵەتێك بەدەستی دەهێنێ دەبێ لەسەر حسابی دەوڵەتێکی تر بێ یان چەند دەوڵەتێکی تری شەریکە بازرگانی یان دەوڵەتە کێبرکێکەرەکان لەبازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا، دەرئەنجامی ئەو سیاسەتەیش دەوڵەتانی تر بەبەراود بەدەوڵەتی خاوەن دراوی بەها نزم دووچاری لاوازی میزەی رێژەیی دەبنەوە.

واتە، هەوڵدانی دەوڵەتێك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستەکانی خواستی هەمووەکی لەرێگەی زیادکردنی هەناردەوە بۆ دەوڵەتانی ترو کەمکردنەوەی هاوردە لەرێگەی داشکاندنی بەهای دراوەکەیەوە لەسەر حسابی خواستی هەمووەکی دەوڵەتانی تر دەبێت، ئەو سیاسەتە داشکانی ئاستی داهات و گەشەکردنی ئابووریی دەوڵەتانی تری لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەیە بە پێشبڕکێی داشکاندنی بەهای دراو دەگوترێ سیاسەتی هەژارکردنی دراوسێ (هەژارکردنی ئەوانیتر beggar-thy-neighbor policy) ناودەبرێ، لەمەودای دوور ئەو سیاسەتە کاردەکاتە سەر ئاستی گەشەکردنی ئابووریی دەوڵەتانی ترو، رەنگدانەوەی سلبی لەسەر ئەو دەوڵەتانە دەبێ کە بەهای دراوەکانیان داشکاندووە، بەوەی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خواستی ئەو دەوڵەتانە لەسەر هەناردەی دەوڵەتانی خاوەن دراوی بەها نزم، بەمانایەکی تر، بەردەوامیی زیادبوونی خواست لەسەر هەناردەی ئەو دەوڵەتە پەیوەستە بەبەردەوامی بەرزبوونی نێوەنجی گەشەی دەوڵەتانی ترەوە، ئەوەش لەرێگەی گرتنەبەری سیاسەتی هەژارکردنی ئەوانی ترەوە بەدی نایەت. حاڵەتی مەترسیداری ئەم سیاسەتە ئەوەیە، کاتێك ئاستی خواستی هەمووەکی دەوڵەتانی هاوردە دەرئەنجامی میزەی رێژەیی دەوڵەتی خاوەن دراوی بەها نزم دەوڵەتانی تریش هاندەدا بۆ ئەوەی هەمان سیاسەت پەیڕەو بکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی بەرپابوونی جەنگی دراو کە تێیدا هەمووان زیانیان پێ دەگات.

ئەو دەوڵەتانەی لەدەرئـەنجامی جـەنگی دراودا زەرەرمەنـد دەبـن بێگومـان دەستەوەستان نابن و، هەنگاوی تۆڵەکردنـەوە دەنـێن یـان بەداشـکاندنی بـەهای دراوەکانیان یان باجی زیاتر دەسەپێنن بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی ئـەو موممارسـە دژ بەبازرگانییەی بەرامبەریان پەیڕەو دەکرێت، بەمجۆرە بەرەبەرە کۆسپ وتەگەرەکانی بەردەم پرۆسەی بازرگانیی ئازادی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانی نێوان دەوڵەتان زیاد دەبێ، پرۆسەی بازرگانی لەبار دەچێ، دەرئەنجامەکەیشی ئەوەیە سـودی دەوڵـەتان لەپرۆسەی بازرگانی کەمدەبێتەوە، چ ئەو دەوڵەتانەی بەهای دراوەکانیان داشکان، چ ئەو دەوڵەتانەی هەنگاوی وەك ئەویان هاویشـت، چ ئـەو دەوڵەتانـەی کۆسـپو تەگـەرەیان خسـتە بـەردەم پرۆسـەی بازرگـانی دەوڵـەتانی وەك یەکـەم، لـە هەلومـەرجیکی لـەم جـۆرەی بازرگـانیی نێودەوڵەتییـدا دەوڵـەتان دەرفـەتی سودوەرگرتن لەمیزە رێژییەکانیان لەدەست دەدەن، هەروەها ئـەو دەسـتکەوتانەی دەرئەنجامی پرۆسەی بازرگانیی ئازادی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانی نێوان دەوڵەتان بەدی دەهات، لەکیس دەچێت.

ئەوەی جێگـەی ئامـاژە بـۆ کردنـە، حـەوافزەکانی راگـرتنی بـەهای دراوی نیشتمانی بەنزمی، بەتایبەتی بـۆ دەوڵـەتانی تـازە هەڵکـەوتوو بـەزرن، ئـەوەش لەرێگەی گرێـدانی دراوەکانیـان بەیـەك لـەدراوە نێودەوڵەتییـەکانی وەك دۆلار، بەراگرتنی نێوەنجی گۆڕینەوە بەجۆرێك بەهای دراوەکە کەمتر بێ لەبەهای بـازاڕی ئەو دراوە، بۆ ئەوەی ئەو گرێدانە جێگیرییەك بۆ ئابوورییەکەی دەستەبەر بکـات، جگە لەوەی هانی پرۆسەی هەناردەکردنیشی بدات، پاشان گەشە بەئابوورییەکەی بدا بەوەی کە هەناردە بزوێنەری ئەو گەشەکردنە بێت و، زێدەی یەدەکی بیانی بـۆ مسۆگەر بکات، بۆ ئـەوەی دواتـر بـانکی ناوەنـدی ئـەو وڵاتـە بتـوانێ لـەکاتی زیادبوونی گوشارەکاندا، بەرامبەر بە دراوە بیانییەکان یان هێرشـی سـەوداکاران بەرگری لە دراوی نیشتمانی وڵاتەکەی پێ بکات.

ئێستا جیهان لەهەمان ئەزمونی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی بەتایبـەتی لەسییەکانی سەدەی رابردوو نزیك دەبێتەوە، کاتێك جەنگی دراو لەنێوان دەوڵەتە پیشەسـازییەکان بـەرپابوو، کاتێـك دەوڵـەت دوای دەوڵـەت بـۆ دەربـازبوون

لەپوکانەوەی ئابووری بەهای دراوەکەی داشکاند، وەلیٚ ئەو داشاکاندنانە نەیتوانی یارمەتی ئەو دەولّەتانە بدا بەقەدەر ئەوەی کێشە بازرگانییەکانی لەگەلّ دەولّەتە شەریکەکانی قولّتر کردەوە، چونکە بۆیان دەرکەوت پوکانەوەی ئابوورییەکانیان لەگەلّ هەر داشکاندنێکی بەهای دراوەکانیان زیادی دەکرد، ئەو هەنگاوی داشکاندنی دراوە دەولّەتانی تریشی هاندا بەتایبەتی ئەوانەی جەختیان لەسەر جێگیرکردنی بەهای دراوەکانیان دەکرد بۆ ئەوەی هەمان رەفتاری دەولّەتانی تر بکەن و بەهای دراوەکانیان داشکێنن. ئاسەوارە بنەڕەتییەکانی جەنگی دراو لەزیادکردنی گوشارە سیاسییەکان بۆ سەر دەولّەتان کورت بووەوەو، ئاستی نادلّنیابوون لەمەر ناجێگیریی نێوەنجی گۆڕینەوەی دراو بەرزبۆوەو، سستمی بازرگانی نێودەولّەتی بەرتەسك بووەوە. ئەوەەی دوای ئەوە روویدا، ژمارەیەکی زۆری دەولّەتان دەستیان کرد بەخاوکردنەوەی سیاسەتە نەختینەکانیان چونکە هیچ نیگەرانییەکیان لەبەرامبەر بە پاراستنی نێوەنجی گۆڕینەوەی دراوەکانیان نەبوو، دوای ئەوە دەولّەتانی تری جیهان هەمان رێچکەیان گرتەبەر، ئەوەش گرنگترین هۆکاری یارمەتیدەر بوو بۆ بوژانەوەی چالاکییە ئابوورییەکانی دوای پوکانەوە گەورەکەی ئابووریی جیهان.

لەسایەی ئەو داتەپینەی جیهانی گرتۆتەوەو دوای یەکسالّ لەدەربازبوون لەبێبازاری، هێشتا زۆربەی دەولّەتە پێشکەوتووەکان ترسیان لەبێبازارییەکی تر هەیە، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئابوورییە هەلّکەوتووەکان بەسەرکردایەتی چین نێوەنجی گەشەکردنی بێ وێنە تۆمار دەکەن، بەلاّم پێشبینی ئەوە ناکرێ ئەمسالّ نێوەنجی گەشەکردنی دەولّەتە پێشکەوتوەکان (١,٥٪) تێپەڕبکات. ئەمریکا راهاتووە بەئێستاشەوە لەسەر ئەوەی لەدەرەوەی چوارچێوەی تواناکانی خۆیدا بێ، ئەوەش هۆکاری ئەو کورتهێنانە هەرە گەورەیەی تەرازوی بازرگانییەتی، ئەو کورتهێنانی بازرگانییەی ئەمریکا یارمەتی ئابوورییە هەلّکەوتووەکانیدا، بەتایبەتیش چین، ئەو کورتهێنانە بۆ چین وەك دیارییەك وابوو. وەلیٚ لەبەرامبەر ئەو کورتهێنانە لێشاوێکی پوختەی سەرمایە لەئابوورییە هەلّکەوتووەکانەوە بەرەو ئەمریکا هەیە، بەتایبەتی لەچینەوە. لەسایەی ئەم هەلومەرجەوە، بۆ

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو قەیرانەدا ئەگەری پەنابردنی دەوڵەتان بۆ ئامرازی غەیرە تەقلیدی روولەزیادبوونە، مەترسیدارترین ئەو ئامرازانە بۆ ئەوەی بەخێرایی لەو بێبازاڕییە دەربازیان بێ، بەرزکردنەوەی ئاستی خواستی هەمووەکییە لەرێگەی هاندانی هەناردەوە، ئەمەیە کە مەترسی کەوتنەوەی جەنگی دراوی لێدەکرێت.

جۆیدۆ مانتیگای وەزیری دارایی بەرازیل جیهانی لەوە ئاگادارکردەوە کەجەنگی نێودەوڵەتی دراو لەگەڵ دەستپێکردنی دەوڵەتان بەداشکانی نێوەنجی گۆڕینەوەی دراوەکانیان بۆ زیادکردنی توانای هەناردەکردنیان دەستی پێکردووە، ئەو لێدوانەی وەزیری دارایی بەرازیل لەدوای زنجیرەیەك لە دەستوەردانی بانکە ناوەندییەکانی دەوڵەتان هات، بانکی ناوەندی ژاپۆن دەستیکرد بەفرۆشتنی یەن (بایی ٢٠ ملیار دۆلار) بەئامانجی داشکاندنی نێوەنجی گۆڕینەوەی لەبەرامبەر بەدراوە نێودەوڵەتییەکانی تردا، دوای ئەوەی لەماوەی چەند مانگێکی رابردوودا بەهاکەی زۆر بەرزببوەوە، ئەوەش کاریگەری لەسەر هەناردەی ژاپۆن کردبوو، ئەم هەنگاوەی ژاپۆن دوای نزمبوونی بەهای دۆلار لەبەرامبەر بە یەندا هات. دەستوەردانی بانکی ناوەندی کۆریای باشوورو تایوان بۆ هەمان مەبەست بەهای دراوەکانیان داشکاند، لە ناوەڕاستی ئەیلولی ٢٠١٠دا، بانکی ناوەندی بریتانیا رایگەیاند پلانێکی لەناکاوی بۆ کڕینەوەی سەنەداتی حکومی دەست پێدەکات، کار بۆ داشکاندنی بەهای جونیهی ئستەرلینی دەکا کەلەبنەڕەتدا بەهاکەی نزمە. بەهەمان شێوە بەهای دۆلاریش هەر نزمە، چینیش بەردەوامە لەپاراستنی نزمی بەهای دراوەکەی هەرچەندە گوشارێکی گەورەی لەئەمریکاو یەکێتیی ئەورووپییەوە لەسەرە. وەزیری دارایی بەرازیل نیگەرانە لەوەی وڵاتەکەی لەدەرئەنجامی ئەو داشکاندنی بەهای دراوە بتوانێ پارێزگاری لەئاستی کێبڕکێکاری وڵاتەکەی خۆی بکات، بەمەش نیگەرانی لەکەوتنەوەی جەنگی دراو هەمووان دەگرێتەوە بەدەوڵەتە پێشکەوتوو و هەڵکەوتووەکانەوە. ئەوەش ئەو دەوڵەتەی هاندا بۆ ئەوەی لە٢٣ی ئەیلولی ٢٠١٠دا دەستوەربداتە بازاڕی دراوی بیانی بۆ ئەوەی بەهای (ریاڵ) ی بەرازیلی دابشکێنێت. هەروەها سویسراش لای خۆیەوە لەهەوڵدایە بۆ ئەوەی ئەو بڕوایەی بڕەوێنێتەوە کە (فرەنکی سویسری) لەکاتی لەبارچوونی

ڕەوشی بازاڕەکاندا پەناگەیەکی ئارامە، لەم ڕووەوە سویسرا یەدەکەکانی لەدراوە بیانییەکان بەرێژەی (٤٠٪)ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتەکەی کۆ دەکاتەوە. لوبییە بازرگانییەکانی ئوسترالیا گوشاریان خستۆتە سەر حکومەت بۆ ئەوەی بەهای دۆلاری ئوسترالی دابشکێنێت.

لەسایەی ئەو هەلومەرجەی داشکاندنی دراوە سەرەکییەکانی وەك دۆلارو ئستەرلینی و یەندا، ئایا دەوڵەتانی تری جیهان کە دەبینن بەهای دراوەکانیان بەرزدەبێتەوە لەبەرامبەر بەدراوە سەرەکییەکان دەستەوەستان دەوەستن، یا کاتێك توانای کێبڕکێیان پاشەکشێ دەکا، بێگومان ئەوانیش دەچنە لیستەوە لانی کەم بۆ ئەوەی لەو جەنگەی بەسەریاندا سەپێندراوە بەرگری لەخۆیان بکەن.

بانکی ناوەندی زۆرێك لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان پارەی نوێ چاپ دەکەن و دەیخەنە بازاڕەکانی خۆیانەوە بەئامانجی زیادکردنی خەرجییەکان، بەتایبەتیش وەبەرهێنان. وەلێ ئەو هەنگاوە بەهۆی نزمی نێوەنجی نرخەکانی سود، یان زیادبوونی پێشبینییەکانی داشکانی بەهای دراو لەئایندەدا، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر داشکاندنی بەهای دراو دەبێت، ئەگەر ئامانجی داشکاندنی بەهای دراو هاندانی خواستی هەمووەکی بێ لەرێگەی زیادکردنی پوختەی هەناردەوە، ئەوا زیادکردنی خستنەڕووی پارە هەمان کاریگەری لەسەر خواستی هەمووەکی دەبێت، لەبەر ئەوە زیادکردنی خستنەڕووی پارە لەبازاڕ بەجۆرێکی جەنگی دراو تەماشا دەکرێت.

ماوەیەکی درێژە چین تەکتیکێك پەیڕەو دەکا لەرێگەی یاریکردن بەبەهای دراوەکەیەوە بۆ ئەوەی نزمی بەهای یوان بپارێزێت و، ملکەچی هیچ گوشارێکی سیاسی نەبێت. گرفتی تەکتیکەکەی چین لەوەدایە کەدەوڵەتانی تریش هەمان ئەو تەکتیکەی ئەو بەکاربهێنن بەوەی بۆ چین سەرکەوتووبووە، بۆیە ترسە بنەڕەتییەکەی جیهانی ئیمڕۆ لێرەدایە کە ناکۆکی لەسەر دراوی چینی ڕەنگە تەوژمێکی تری پارێزگاری دەست پێبکا کە ڕەنگە هەڕەشە بێ لەو چالاکییە ئابوورییەی کە دەستی پێکردوەتەوە یان زیاتر لەمە لاوازی بکات، لەسەر ئەمەوە، سوربوونی چین لەسەر هێشتنەوەی بەهای یوان بەکەمتر لەبەها ڕاستەقینەکەی،

جیهان دەخاتە گۆشەیەکەوەو بەئاسانی ناتوانێ لێی دەرباز بێ ئەگەر هاتوو چین گوێ بەداخوازییەکانی جیهان نەداو بەهای دراوەکەی نەگەڕێنێتەوە بۆ بەها راستەقینەکەی خۆی، یوانی بەها نزم کاریگەری سلبی لەسەر دەوڵەتانی تر هەیە بەتایبەتی ئەوانەی هەمان ئەو میزە ریژەییەیان هەیە کە چین هەیەتی، کەئەویش هەرزانی کرێی کرێکارە، ئەمە جگە لەوەی چین بەوە تۆمەتبارە کەدەستی لەو کورتهێنانی بازرگانییەی نێوان ئەمریکاو چیندا هەیە.

گوشارەکانی سەر چین بۆ بەرزکردنەوەی بەهای یوان روو لەزیادبوونە، جیهان ئەمڕۆ وەك دەوڵەتێك دەڕوانێتە چین کەدەبێ رێگە بدا هاوردەی گەشە بکاو بەهای دراوەکەیشی بەرزبکاتەوە، چین لەبەرزکردنەوەی بەهای یوان دەتوانێ کۆنترۆڵی ئەو هەڵئاوسانە بەرزەی خۆی بکات، بەڵام چین پێی وانییە کە بەهای دراوەکەی نزمە، ئارەزوی ئەوەش ناکا سەرلەنوێ یوان هەڵبسەنگێتەوەو لەبەرامبەر بەو هەموو گوشارەدا خۆی راگرتووەو بەرگری لەسیاسەتەکەی خۆی دەکا، چونکە تێچونی ملدانی بۆ ئەو گوشارانە بێگومان لەسەر حسابی توانای کێبڕکێی و زێدە بازرگانییەکانی دەبێت.

تیمۆسی گایسنەری وەزیری خەزانەی ئەمریکی پێی وایە کە ئەو بابەتە زۆر مەترسیدارە، داخوازی دەوڵەتە هەڵکەوتووەکان بۆ ئەوەی سندوقی نێودەوڵەتی نەخت رۆڵی زیاتر بگێڕێ، دەبێ پابەندیش بن بەوەی کە گرتنەبەری سستمێکی نەرمی نێوەنجی گۆڕینەوەی دراو، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کەدەبێ دەوڵەتانی خاوەن زێدەی بازرگانی دەبێ رێگە بدەن کەبەهای دراوەکانیان بەرزبێتەوە، یان ئەوەتا دەبێ رووبەڕووی دەرئەنجامی نەکردنی ئەو کارەیان بن، رێگەنەدان بەبەرزکردنەوەی بەهای دراوەکانیان دەوڵەتانی تریش ناچار دەکەن بۆ ئەوەی هەمان هەنگاو بنێن. بەڵام تیمۆسی گایسنەر هەوڵدەدا جیهان دڵنیا بکاتەوە لەوەی کەبەرەو جەنگێکی بازرگانی ناڕۆین و، جیهان جەنگی دراو بەخۆیەوە نابینێ، پرسەکەش بۆ دەوڵەتان خۆیان بەجێهێڵدراوە بۆ ئەوەی بڕی داشکاندنی پێویست بۆ خۆیان دیاری بکەن وەك وەڵامێکی سروشتی بۆ هێزی بازار لەکاتی قەیرانەکاندا. هەروەها بەڵگەش هەیە کە هێندێك لەئەندامانی

حکومەتی چین لەوە گەیشتوون کە دەبێ ڕێگە بە بەرزبوونەوەی بەهای یوان بدەن.

لەم دواییەدا تۆمەتبارکردنی یەکتر لە نێوان هەردوولا چڕتر بووەتەوە، لەکاتێکدا ئەمریکا چین بە داشکاندنی بەهای دراوەکەی تۆمەتبار دەکا، چینیش لای خۆیەوە ئەمریکا بەشکستهێنانی سیاسەتە ئابووریەکانی تۆمەتبار دەکاو بە هۆکاری ئەو لاسەنگییەی ئێستای جیهانی دەزانێت، بۆ ئەوەی وردتر بڕوانینە ئەو پرسە، دەبێ بزانین کە بەتەنیا چین یاری بەدراوەکەی ناکا، ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەو زیادکردنەی خستنەڕووی دۆلار هەمان ئاسەواری لەسەر داشکاندنی دۆلار هەیە، ئەگەر چی ئەوەی ئەمریکا وەك ئەوەی چین بەمەنهەجی ناکرێت، لانی کەم ئێستا دەبێ ئەمریکاو چین لەسەر یەك هێڵ دابنرێن، واتە نابێ چین بەتەنیا بخرێتە قەفەسی تۆمەتبارکردنەوە.

گروپی بیست لەکۆبوونەوەی داهاتوویدا دەبێ بەجدی ئەم مەسەلەیە تاوتوێ بکات، پرسی نێوەنجی گۆڕینەوەی دراو یەك لەو مەسەلە گەرمانەی کۆبوونەوەی داهاتووی سیئۆل دەبێ لە تشرینی دووەمی ٢٠١٠، بەئامانجی کۆتایهێنانی پلانی چاکسازیی سستمی دارایی و ئابووریی جیهان دەبەسترێ. شایانی ئاماژە پێکردنە، لەکۆبوونەوەی پێشوو کە لەتۆرنتۆ لەحوزەیرانی رابردوو بەسترا، چین رایگەیاند کە ئامادەیە ڕێگە بەبەرزبوونی سنورداری بەهای یوان بدات، وەلێ لەواقیعدا لەترسی تۆڵەکردنەوەی ئەمریکا تەنیا بەرێژەی (٢٪) بەرزیکردەوە، ئێستا باس لەوە دەکرێ کە بەهای یوان بەرێژەی (٤٠٪) کەمترە لەبەها راستەقینەکەی خۆی، لەبەر ئەوەی هەموو دەوڵەتەکانی گروپی بیست لە تۆرنتۆ بەڵێنیاندا بەوەی سنورێك بۆ لاسەنگیی بازرگانی نێودەوڵەتی دابنێن، ئێستا باشترین کاتە بۆ ئەوەی بەڵێنەکانیان بەجێ بهێنن.

لەکاتێکدا گایسنەر جیهان لەوە دڵنیا دەکاتەوە کە هیچ جەنگێکی بازرگانی یان دراو روو نادات، سارکوزی کە ئێستا سەرۆکی گروپی بیستە، بەئامانجی ئاستێکی بەرزتری جێگیری دراوە نێودەوڵەتییەکان، پێشنیاری سستمێکی نوێ بۆ هەماهەنگیی نێوان دراوە جیهانییەکان دەکات. لەساڵی ١٩٨٥، وەزیرانی دارایی هەریەك لەئەمریکا، ئەڵمانیای خۆرئاوا، فرەنسا، ژاپۆن و بریتانیا لەئوتێل

پلازای نیۆرك كۆبوونەوە، لەوێ ئـەوەی پێـی دەگـوترێ (رێككەوتنامـەی پـلازا) ئیمزا كرا، بەپێی ئەو رێككەوتنە بەئامانجی كەمكردنەوەی كورتهێنانی تەرازووی پێدانی ئەمریكی بەهای دۆلار لەبەرامبەر بە یەن و ماركی ئەڵمانی داشكێندرا. ئەمڕۆ جیهان لە هەلومەرجێكی لەو جۆرەدایە كە بەرێككـەوتن چارەسـەر كـرا، بەڵام ئەمجارە لەگەڵ چین دەبێت. رەنگە جیهان زۆر پێویستی بە رێككەوتنێكی لـە جۆری ئەوەی پلازا بێ بۆ ئەوەی خۆی لەكەوتنەوەی جەنگی دراو بـەدوور بگرێـت، بەڵام رێككەوتنێكی لەو جۆرە ناكرێ تاوەكو چین دەسـتبەرداری ئـەو سـووربوونەی خۆی نەبێ لە نزم راگرتنی بەهای یوان.

ئێستاش با بگەڕێینەوە بۆ پرسیارە سەرەكییەكەمان ئایـا جـەنگی دراو بـەرپا دەبێت، لەگەڵ ئەوەی مەترسییەكانی كەوتنەوەی جەنگی دراو بوەتە راستی، وەلێ لەو بڕوایەدام ئەگەرەكانی بەرپابوونی لاوازە، چـونكە زۆر زەحمەتـە هەلومـەرجی جیهان بگاتە ئەوەی سـییەكانی سـەدەی رابـردوو، پانتـایی هاوكـاری ئـابووریی نێودەوڵەتی ئێستا زۆر قوڵترە لەوەی ئەوكات، ئەمە جگە لەو رۆڵە ئەكتیڤەی كـە دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەكانی وەك سندوقی نێودەوڵەتیی نـەخت و گروپـی بیست دەیگێڕێ، ئەمە لە سییەكانی سەدەی رابـردوودا بـوونی نـەبوو، هـەروەها جەنگێكی لەو جۆرە دوا شتە كـەجیهان بـۆ دەربـازبوون لـەو قەیرانـە چـاوەڕێی دەكـات، جـەنگێكی لـەو جـۆرە مێـژوو سـەلماندوویەتی كـە هـیچ دەوڵـەتێك بەسەركەوتوویی لێی دەرناچێت.

# بەشی سێیەم

## قەیرانی ئابووری‌و دارایی جیهان‌و ئەگەری گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ

دەرئەنجامی ئەو قەیرانە ئابووریو داراییەی ئەمڕۆ جیهان بەدەستییەوە دەناڵێنێ، ئەو دەنگانەی داوای گەڕانەوە بۆ پێڕەوکردنی سستمی زێڕ دەکەن زۆر دەبن، بەوەی کەسستمی زێڕ دەتوانێ چارەسەری ئەو قەیرانە ئابووری و داراییەی ئابووریی جیهان بکاتو، تاکە ڕێگەشە بۆ ئەوەی بەهۆیەوە سنورێك بۆ گوشارەکانی هەڵئاوسان کەدەرئەنجامی زێدەڕۆیی چاپکردنی نەختە دابنێت، لەهەمان کاتدا یارمەتیدەریش بێ بۆ ڕێگرتن لەگەشەکردنی قەرزە سیادییەکان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەگەر ئەم سستمە پێڕەو بکرێ، دەتوانێ زامنی جێگیریی ئابووری بکات. ڕۆبەرت زۆلیك سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی دوایین کەسە کەداوای گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ دەکا، بەوەی کەئابووریی جیهان بەزێڕەوە پەیوەست بکرێ، بۆ ئەوەی یارمەتی جێگیریی دراو بداو پێشبینییەکانی هەڵکشانی هەڵئاوسان لەبازاڕە داراییەکانی جیهان کەم بکاتەوە. هەرچەندە زێڕ بەدراوێکی کۆن دادەنرێ وەلێ هێشتا وەك بنەچەیەکی (اصل) دارایی بەکاردەهێنرێت.

لەرووی مێژووییەوە سستمی زێڕ چەندین شێوەی وەرگرتووەو بەهەموویان وتراوە ڕێسا یان سستمی زێڕ (Gold Standard). یەکەمیان لەڕووی مێژووییەوە نەختی زێڕە یان نەختی کانزای زێڕ. بەپێی ئەم سستمە سکەی پارە لەزێڕ, وەك پارەیەکی کانزایی, لێدەدراو لەبازاڕ ئاڵوێری پێوەدەکرا. ئەو سکە لێدانە لەسەر کێشێکی دیاریکراوی زێڕ بوو، یان ئەوەی پێی دەگوترێ ناواخنی کانزایی یان زێڕی دراوەکە (Gold content). لەسەر بنەمای ئەو ناواخنە نێوەنجی ئاڵوێری دراوی دەوڵەتێك بەدەوڵەتانی تر دیاری دەکرا. بۆ نمونە، ئەگەر جونەیهی ئستەرلینی پێنج گرام زێڕی تێدابایە، دۆلاری ئەمریکیش یەك گرام، ئەوا نێوەنجی خەرجکردنی یەك جونەیهی ئستەرلینی پێنج دۆلاری دەکرد. لەرووی کردارییەوە ئەو نێوەنجی ئاڵوێرە گۆڕانی بەسەردا نایەت ئەو کاتەی قەبارەی زێڕی ناو هەردوو دراوەکە نەگۆڕێت. بەپێی ئەم سستمە هیچ دەوڵەتێك ناتوانێ سکەی یەك یەکەی دراوی زێدە لێ بدا, ئەگەر هاتوو بڕی زێڕی پێویستی بۆ یەك دراوی نوێ نەبوو. بەمانایەکی تر، بەپێی ئەم سستمە, توانای دەسەڵاتی نەختی بۆ دەرکردنی یەکەی

نەختی بەندە بەو برە زێڕەی کە هەیە. بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی چەندین کردار، لەوانە قورسیی هەڵگرتن و گواستنەوەی نەختی کانزایی، یان بەهۆی لەدەستدانی کێشی دراوە کانزاییەکە بەهۆی ئاڵوێرکردنی زۆری، کەزیان بەمایەی دەوڵەت دەدا لەزێڕو، زۆرجار قەبارەی راستەقینەی زێڕی ناو یەکە نەختییەکە لەکاتی گواستنەوەو ئاڵوێردا گۆڕانی بەسەردا دێ، بانکە ناوەندییەکانی دەوڵەتانی جیهان نەختیان لەشێوەی کاغەز دەرکردو زێڕەکانیان لەشێوەی داڕشتە لەگەنجینەکانی بانکی ناوەندیدا هەڵگرت، زێڕ دەدرا بەوەی کەدەیویست نەختە کاغەزییەکەی بگۆڕێتەوە, ئەوەش لەسەر بنەمای ناواخنی کانزایی نەختەکەی دەکرا یان ئەوەی پێی دەگوترێ بەهای هاوتابوون (Par Value).

سستمی زێڕ لەسەر بنەمای کۆمەڵێ خەسڵەت دامەزراوە کە ئەمانەن:

١-هەر دەوڵەتەو ناواخنی کانزایی دراوە نیشتمانییەکەی دیاری بکات. لەسەر ئەو بنەمایە پەیوەندیی نێوان ئەو برەی لەدراوی نیشتمانی و ئەو برە داڕشتە زێڕەی لای دەسەڵاتی نەختی فەراهەمە, دیاری دەکرێت.

٢- نێوەنجی گۆڕینەوەی دراوەکان لەسەر بنەمای هێزەکانی خواست و خستنەڕوو لەسەر دراو لەبازاڕی نەختیدا دیاری ناکرێ، بەڵکو لەسەر بنەمای کێشی رێژەیی دراوەکان لەبەرامبەر بەیەکتریدا دیاری دەکرێت، لەبەر ئەوەی بەرزبوونی بەهای دراوێکی وەك دۆلار تەنیا لەسەر بنەمای ناواخنی کانزایی دۆلار دەبێ، بەهەمان شێوەش بەهای دراو لەسەر بنەمای کەمکردنەوەی ناواخنی کانزایی ئەو دراوە دەبێت.

٣- بانکی ناوەندیی دەوڵەتان بەردەوام لەئامادە باشیدایە بۆ ئاڵوویرکردنی نەختی کاغەزی بۆ داڕشتەی زێڕ یان بەپێچەوانەوە، ئەوەش لەسەر بنەمای نێوەنجی ئەو گۆڕینەوەیە کەرەنگدانەوەی ناواخنی زێڕە لەیەکە نەختییەکە یان بەهای هاوتابوون. بەڵام لەڕووی کردارییەوە سنورێك بۆ ئاستی نزمی پرۆسەی ئاڵوویرکردن هەبوو، بۆ نمونە، یەدەکی فیدراڵی مەرجی هەبوو بۆ گۆڕینەوەی دۆلار بەزێڕ کەنابێ بری گۆڕینەوەکە لە(٤٠٠) ئۆقیە زێڕ کەمتر بێت، واتە گۆڕینەوەی (١٤٠٠٠) دۆلار، (بەنێوەنجی یەك ئۆقیە زێڕ/ ٣٥ دۆلار، ئەو بەها

هاوتایەیە کەبەپێی سستمی بریتن ودز دیاری کرابوو).
٤- ئازادی هەناردەو هاوردەکردنی زێڕ لەنێوان دەوڵەتانی جیهان بەبێ بوونی هیچ بەربەستێك بۆ گواستنەوەی زێڕ لەدەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی تر، بۆ ئەوەی دەوڵەتان بتوانن زێدە لەشێوەی دارشتەی زێڕ بۆ تەرازووی پێدانەکانیان دابین بکەن، ئەو دەوڵەتانەی تەرازووی پێدانیان کورتی هێناوە دەبێ بڕی ئەو کورتهێنانە بەدارشتەی زێڕ بدەن، یان بۆ ئەوەی ئەو تاك و کۆمپانیایانەی نەختی کاغەزی دەوڵەتانی تریان لا کەڵەکە بووە، بتوانن بینێرنەوە بۆ بانکی ناوەندی ئەو دەوڵەتانەی ئەو کاغەزەیان دەرکردووە، لەبەرامبەریدا زێڕ وەربگرن، یان بەپێچەوانەوە تاك و کۆمپانیاکان بتوانن ئەو دارشتە زێڕەی لایان کۆبۆتەوە لەبانکی ناوەندیی ئەو دەوڵەتە بەکاغەزی دارایی بیگۆڕنەوە.
ئەو سستمە یارمەتیی دەوڵەتانی جیهانیدا بۆ زامنکردنی جێگیربوونی گۆڕانکارییە ئابوورییە هەموەکییەکان، لەوانە:
١)خستنەڕووی نەخت، حکومەتەکان تەنیا دەتوانن ئەو بڕە نەختە چاپ بکەن کە لەگەڵ مایەی زێڕەکەیاندا دەگونجێت. حکومەت ناتوانێ بۆ پڕکردنەوەی خەرجییە گشتییەکانی کە لەداهاتەکەی زیاترە سیاسەتی نەختی بۆ چاپکردنی بڕی زیاتری نەخت بەکاربهێنێت.
٢)ئاستی گشتیی نرخەکان، پەیوەستبوونی دراو بەرێژەیەکی جێگیری زێڕ دراوەکە لەمەترسیی یاریکردنی حکومەت بەهێزی کڕینەکەی دەپارێزێت، لەبەر ئەوەی توانای حکومەت بۆ زیادکردنی بنەمای نەختی بەبڕی ئەو زێڕەی هەیەتی سنووردار کراوە، ئەوە بۆ راگرتنی نێوەنجی هەڵئاوسان هاوکاریی حکومەت دەکا.
٣)نێوەنجی گۆڕینەوەی دراوی ناوخۆیی بەدراوی بیانی، ئەو نێوەنجە وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، بەهای دراو بەکێش دیاری دەکرێ، هەڵکشان و داشکانی گوشارەکانی ناو بازاڕی نەختی بیانی لەسەر دراو لەڕێگەی هاوردەو هەناردەکردنی زێڕەوە چارەسەر دەکران. واتە چوارچێوەی هەڵبەزودابەزی بەهای دراوەکان لەبازاڕی نەختی بیانی لەسنوری تێچوونی گواستنەوەو دەرکردنی کاغەزی نەختییەوە دیاری دەکران.

ئەم جێگیربوونە توندەی نێوەنجی گۆڕینەوەی نێوان دوو دراو لەخەسڵەتەکانی سستمی زێڕەوە سەرچاوەی گرتووە، بەم شێوەیە دەبێ: گریمان لەئەمریکا خواست لەسەر ئستەرلینی زیادی کرد بەجۆرێك نێوەنجی گۆڕینەوەی ئستەرلینی بەدۆلار سنوری (٤,٩٠)ی تێپەڕاند، سەوداکارانی ئەمریکا لەو حاڵەتەدا پێیان باشە داڕشتەی زێڕەکانیان بنێرنە لەندەن تا سێ سەنت وەك تێچوونی گواستنەوەکە بگرنە ئەستۆ (تێچوونی گواستنەوەی سکەلێدانی زێڕ بۆ ئستەرلینی) لەبەرامبەریشدا ئستەرلینی وەربگرن کە لەلەندەن بە(٤,٨٧) دۆلارە، بەتێچوونی سکەلێدانو گواستنەوەوە یەکسان دەبێتەوە. ئەو پرۆسەیە زامنی ئەوە دەکا کەنێوەنجی گۆڕینەوەی ئستەرلینی بەدۆلار (٤,٩٠) تێپەڕ ناکات. بەو نێوەنجی گۆڕینەوەی (٤,٩٠) دۆلار بۆ یەك ئستەرلینی دەگوترێ خاڵی هەناردەکردنی زێڕ (واتە هەناردەکردنی زێڕ بۆ لەندەن بۆ وەرگرتنی ئستەرلینی). لەلایەکی ترەوە، ئەگەر خواست لەسەر ئستەرلینی داشکا، نێوەنجی گۆڕینەوەی ئستەرلینی سنوری (٤,٨٤) دۆلار بۆ ئستەرلینی تێپەڕاند، لەو حاڵەتەدا سەوداکاران ئستەرلینییەکانیان کۆدەکەنەوەو ڕەوانەی لەندەنی دەکەن بەپێدانی سێ سەنت بۆ هەر ئستەرلینیەك بۆ ئەوەی بیکەنەوە بەداڕشتەی زێڕ، بەمەش نرخی هاوتا (٤,٨٧) دروست دەبێتەوە. بەم پرۆسەیە تێچوونی ڕزگاربوون لەهەر ئستەرلینیەك (٤,٨٤) دۆلارە، ئەم نێوەنجی گۆڕینەوەیەی ئستەرلینی بەدۆلار لەخاڵی (٤,٨٤) بەخاڵی هاوردەکردنی زێڕ ناودەبرێت (واتە هاوردەکردنی زێڕ لەلەندەن کەبەرامبەر هەناردەکردنی ئستەرلینی بۆ ئەوەی بکرێتە زێڕ). بەم جۆرە, وەك ئاماژەی پێکرا، سنوری هەڵبەزو دابەز لەنێوەنجی گۆڕینەوەی نێوان هەردوو دراوەکە زۆر تەسکەو دەکەوێتە نێوان هەر دوو خاڵی هاوردەو هەناردەکردنی زێڕەوە.

٤) هاوسەنگی تەرازووی بازرگانیی دەوڵەتان، هەر دەوڵەتێك زێدەی هەبێ وەك چین لەبەرامبەر بەئەمریکا، بەهای ئەو زێدەیە بەداڕشتەی زێڕ وەردەگرێ، کاتێك ئەو زێڕە وەك یەدەکی نەختی دەچێتە بانکی ناوەندی چینییەوە، خستنەڕووی نەخت لەچین زیاد دەکا، ئەو زیادبوونی نەختە دەبێتە هۆی

بەرزکردنەوەی ئاستی گشتی نرخەکان، لەئەمریکا خواست لەسەر هەناردەکردنی کاڵای چینی دادەبەزێت، بەمەش ئاستی توانای کێبڕکێی چین کەمدەبێتەوە. بۆ دەوڵەتێك کەتەرازووی بازرگانییەکەی کورتی هێناوە نمونەی ئەمریکا، پێدانی بەهای ئەو کورتهێنانە بەزێڕ، دەبێ ڕاکێشانی بڕی نەختی کاغەزی لەبازاڕ لێبکەوێتەوە کەدەبێ یەکسان بێ بەبەهای ئەو زێڕەی ڕەوانەی چین کراوە، ئەمەش لەئەمریکا داشکانی خستنەڕووی نەختی لێدەکەوێتەوە. داشکانی خستنەڕووی نەخت داشکانی نرخی لێدەکەوێتەوە، بەمەش توانای کێبڕکێکاریی هەناردەی ئەمریکا بەرزدەکاتەوەو خواست لەسەر کاڵاکانی زیاد دەکاو ڕێژەی کورتهێنانی دەرئەنجامی ئەو زیادبوونی خواستە کەمدەبێتەوە.

٥) هاوسەنگی بودجەی گشتیی دەوڵەت، توانای خەرجیی حکومەت بەندە بەو باج و ڕەسمەی وەریدەگرێت، حکومەت ناتوانێ زیاد لەپێویست خەرج بکاو دواتر لەرێگەی دەرکردنی نەختەوە ئەو کورتهێنانەی پڕبکاتەوە، یان ئەوەی پێی دەگوترێ تەمویلی هەڵئاوسان، چونکە چاپکردنی نەخت بەندە بەو بڕە زێڕەی لەناو ئابووری ئەو دەوڵەتەدا هەیە.

٦) قەبارەی قەرزی گشتیی دەوڵەت، هیچ دەوڵەتێك ناتوانێ بەردەوام سەنەداتی حکومی دەربکاو لەتاکەکانی کۆمەڵ قەرز بکا کە ببێتە هۆی تێپەڕاندنی مایەی زێڕی ناو وڵات، ئەوکات تاکەکان متمانەیان بەدراوی وڵاتەکەیان نامێنێ‌و بەپەلە دراوەکەیان دەکەنەوە بەزێڕ، واتە ئەو دەوڵەتەی ڕووبەڕووی زیادبوونی خەرجییەکانی لەبەرامبەر بەداهاتەکانی دەبێتەوە، جگە لەم دوو ئەگەرە هیچی تری لەبەردەستدا نییە، یەکەمیان زیادکردنی باج و دووەمیشیان کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکانە.

خستنەڕووی نەخت، نێوەنجی هەڵئاوسان، نێوەنجی گۆڕینەوەی دراوو ئاستی قەرزی گشتی بەقەبارەی ئەو زێڕە دیاری دەکرێ کەلای دەوڵەت کۆبۆتەوە، ئەمەش جەخت لەسەر ئەو ڕۆڵە گرنگە دەکاتەوە کەزێڕ لەسایەی ئەم سستمە لەئابووریی جیهاندا دەیگێڕێت.

ئەم شێوەیە لەسستمی زێڕ تا ساڵی ۱۹۳۱ کاری پێکرا، ئەو کات دوای ئەوەی بریتانیا شکستی هێنا لەوەی بگەڕێتەوە بۆ سستمی زێڕ، پەیوەندیی نێوان ئستەرلینیو زێڕی پچڕاند. لەدوای هەڵایسانی جەنگی یەکەمی جیهان دەوڵەتانی جیهانیش دەستبەرداری گرتنەبەری سستمی زێڕ بوون, چونکە پێویستییان بەخەرجکردنی ئەو زێڕە هەبوو، کە هەیان بوو.

کاتێك جەنگی دووەمی جیهان کۆتایی هات، دەوڵەتانی جیهان بەسەرکردایەتی ئەمریکا کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ، بەئامانجی زامنکردنی جێگیریی نەختی و ئابووری کە جیهان لەماوەی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان بەهۆی وازهێنان لەسستمی زێڕ لەدەستی دابوو، لەو کۆبوونەوەیەدا سستمێکی نوێ کە بەسستمێکی هەموارکراوی سستمی زێڕ دادەنرا بەناوی سستمی بریتن ودز دامەزرا، کە لەبنەڕەتدا سستمێك بوو بۆ گرێدانی دراو بەزێڕ لەرێگەی دۆلاری ئەمریکییەوە. بنەماکانی ئەم سستمە ئەمانەی خوارەوە بوون :

۱- هەر دەوڵەتێك نێوەنجێکی گۆڕینەوەی نەگۆڕ لەنێوان دراوی وڵاتەکەی و دۆلار دیاری دەکا، کەپێی دەگوترێ نرخی هاوتا، هەموو دەوڵەتێك دەبێ پابەندبێ بەپاراستنی ئەو نێوەنجە، نابێ بەهای دراوە نیشتمانییەکەی لەبەرامبەر بەدۆلار جگە لەرێژەی (۱,۲۵٪) بەرزو نزمی بکات، ئەگەر هاتوو دەوڵەتێك پێویستی بەبەرزکردن یان نزمکردنی بەهای دراوەکەی بوو بەزیاتر لەو رێژە دیاریکراوە، دەبێ ئەو دەوڵەتە دانوستان لەگەڵ سندوقی نێودەوڵەتیی نەختدا بکا سەبارەت بەو رێژەیەو ئەو مەرجانەی کە ئەو رێژەیەی بۆ بەدەست دێنێت. بەمانایەکی تر، ئەرکی جێگیرکردنی بەهای دراو لەبەرامبەر بەدۆلار لەبری ئەمریکا بەتەنیا بووە هی هەموو دەوڵەتان.

۲- لەبەرامبەر ئەوەدا دەوڵەتانی جیهان دەتوانن دۆلاری ئەمریکی وەك دراوی یەدەك، واتە وەك رووپۆش لەبری زێڕ بۆ چاپکردنی دراوی پێویست بەکاربهێنن. ئەگەر دەوڵەتێك پێویستی بەزێڕ بوو دەتوانێ یەدەکی دۆلارەکەی رەوانەی ئەمریکا بکات بۆ ئەوەی بەزێڕ بیگۆڕێتەوە.

**٣- ئەمریکا پابەند دەبێ بەپاراستنی نێوەنجی جێگیری گۆڕینەوە لەنێوان دۆلارو زێڕدا لەنرخی هاوتا (٣٥) دۆلار بۆ یەك ئۆقیە، پێداویستییەکانی دەوڵەتانی جیهان لەدۆلار لەو نێوەنجە جێگیرە فەراهەم دەکات.**

**٤- ئەمریکا لەهەموو کات و بارودۆخێکدا دەبێ پابەند بێ بەگۆڕینەی ئەو دۆلارانەی دەوڵەتانی تر دەینێرنە ئەمریکا بەزێڕ بەو نرخە هاوتایە (٣٥ دۆلار بۆ یەك ئۆقیە زێڕ).**

**٥- دەبێ دەوڵەتانی جیهانیش پابەند بن بەوەی کەنابێ هەموو پێکەوەو بەیەکجار داوای زێڕ بکەن بۆ ئەوەی ئەمریکا بتوانێ بڕی پێویستی لابێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەهۆیەوە پێداویستییەکانی دەوڵەتانی جیهان لەیەدەکی دۆلار دابین بکا کەبەشی داپۆشینی چاپکردنی دۆلاری نوێ بکات و بتوانێ جێگیریی نرخی زێڕ بپارێزێت.**

**دەرئەنجامی جێبەجێکردنی ئەو سستمە، ماوەی دوای جەنگی دووەمی جیهان، جیهان دەگمەنیەکی گەورەی دۆلاری بەخۆوە بینی، بەوەی کەئەمریکا زێدەیەکی گەورەی تەرازووی بازرگانیی بەدەست هێنابوو، ئەوەش ئەمریکای هاندا بۆ ئەوەی بەئەنقەست باس لەبوونی کورتهێنان لەتەرازووی بازرگانی خۆی بکاو بەئاسانی و بەحوکمی خواستی زۆری دەوڵەتان لەسەر دۆلار، ئەو کورتهێنانە بەچاپکردنی دۆلار تەمویل بکات، بۆیە ئەو ماوەیە بەدەگمەنی دۆلار (Dollar shortage) ناونرا. سەرەتا کورتهێنانی تەرازووی پێدانی ئەمریکی پێویستییەکی بنەڕەتی بوو بۆ ئەوەی زامنی فەراهەمکردنی (سیولە)ی پێویست بۆ دەوڵەتانی ئەندام لەلایەن سستمەکەوە بکات، واتە بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی دەوڵەتانی جیهان لەدراوی یەدەك فەراهەم بکات. بەڵام بەردەوامبوونی کورتهێنانی تەرازووی پێدانی ئەمریکی، لاوازبوونی متمانەکردن بەدۆلار وەك دراوێکی یەدەکی نێودەوڵەتیی لێکەوتەوە، لەکاتێکدا کەنرخی زێڕ لەبازاڕدا روو لەهەڵکشان بوو، تا ئەوەی نرخی یەك ئۆقیە گەیشتە ٤٠ دۆلار، واتە زێڕ بووە خاوەنی دوو نرخ، نرخی رەسمی ٣٥ دۆلار بۆ یەك ئۆقیەو نرخی بازاڕ. ئەگەر رەوشەکە بەبێ دەستوەردان بهێڵرێتەوە، ئەوا نرخی بازاڕ گوشار دەخاتەسەر نرخی رەسمی بۆ ئەوەی ئەویش**

بەرزبێتەوە، ئەمەش بەمانای دابەزینی بەهای دۆلار. بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو گوشارە ئەمریکاو حەوت دەوڵەتی ئەوروپی رێککەوتن لەسەر دامەزراندنی ئەوەی پێی دەگوترێ کۆگای زێڕ (Gold pool)، بەئامانجی فەراهەمکردنی بڕی پێویستی زێڕ بۆ بازاڕەکان بۆ راگرتنی بەرزبوونی نرخی زێڕ بەجۆرێك لەگەڵ بەهای هاوتای دۆلاردا بێتەوە. وەلێ لەماوەی نێوان ١٩٦١ بۆ ١٩٦٨ کۆگای زێڕ شکستی هێنا لەوەی رێ لەگوشارەکانی سەر نرخی زێڕ بەرەو هەڵکشان بگرێ، لەبەر ئەوە لەئازاری ١٩٦٨ ئەو کۆگای زێڕە هەڵوەشێندرایەوە.

لەگەڵ دەرکەوتنی هێزی نوێی ئابووری لەجیهان وەك یەکێتیی ئەوروپیو ژاپۆنو بەشداریکردنی ئەمریکا لەجەنگی ڤێتنام, کورتهێنانی تەرازووی پێدانی ئەمریکی رووی لەزیادبوون کرد. لەکۆتایی شەستەکان دەرکەوت کەدۆلار زیاد لەبەها راستەقینەکەی خۆی نرخێندرابوو، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە یەنی ژاپۆنی و مارکی ئەڵمانی بەکەمتر لەبەها راستەقینەکەی خۆیان نرخێندرابوون، ئەو دوو دەوڵەتە بەرهەڵستییەکی زۆریان کرد لەوەی کەبەهای دراوەکانیان لەبەرامبەر بەدۆلار بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لەگەشەکردنی هەناردەکانیان بکەن، لەهەمان کاتیشدا ئەمریکا هەوڵی دەدا پارێزگاری لەبەهای دۆلارەکەی بکا لەدابەزین بۆ ئەوەی بتوانێ متمانە بەسستمەکە بپارێزێت، پرۆسەی گۆڕینەوەی دۆلار بۆ زێڕ بەردەوام بوو، لەگەڵیشیدا مایەی زێڕی یەدەکی فیدرالی ئەمریکی زۆر کەمی کرد، لەهەمان کاتیشدا کورتهێنانی تەرازووی پێدانیش زیادی دەکرد.

بەهاتنی ساڵی ١٩٧٠ تەرازووی پێدانی ئەمریکا بەشێوەیەکی زۆر فراوان کورتی هێنا، هەروەها کورتهێنانی بودجەش، ئیدارەی ئەمریکیش دەستی کرد بەچاپکردنی زۆری دۆلار بەجۆرێك کە پابەندبوونی خۆی بەرێککەوتنامەی بریتن ودز تێپەڕاند، رۆژ لەدوای رۆژ مایەی زێڕی ئەمریکی لەبەرامبەر ئەو بڕەی لێی دەردەچوو پاشەکشێی دەکرد، پاشان متمانەکردن بەتوانای ئەمریکا لەراگرتنی ئەو دوو کورتهێنانەی ( بودجەو تەرازووی پێدان) لەق دەبوو، لەگەڵ زیادبوونی گوشارەکان لەسەر دۆلار، زیادبوونی خواست لەسەر گۆڕینەوەی دۆلار بۆ زێڕ، کەمبوونی مایەی ئەمریکا لەزێڕ بۆ ئاستی پێوانەیی، دەرکەوت کەئەو دەوڵەتە

لەبەردەم کارەساتێکدایە، بۆیە لـەئابی ١٩٧١دا نیکسـۆنی سـەرۆکی ئـەمریکا رایگەیاند کەچیدی وڵاتەکەی دۆلار بەزێڕ ناگۆڕێتەوە، بەمەش کۆتایی بەسستمی زێڕ هات.

دوای چەند مانگێك نرخی رەسمی یەك ئۆقیە زێڕ بـۆ ٣٨ دۆلار بەرزکرایـەوە، ئەوەش داشکانی بەهای دۆلاری بەرێژەی (٨٪) لێکەوتـەوە، لەگـەڵ فراوانبـوونی چوارچێوەی نێوەنجی گۆڕینەوەی دراوی دەوڵـەتان لەبەرامبـەر بـەدۆلار لەسـنوری (٢,٢٥٪) بەبەرزبوون ونزمبوون. لەساڵی ١٩٧٣، جارێکی تر نرخی رەسمـی زێـڕ بۆ ٤٢ دۆلار بەرزکرایەوە، ئەو بەرزکردنەوەیە جارێکی تر بەهای دۆلاری داشکاند، ئەوە دوایین دیاریکردنی رەسمیی نرخی زێڕ بوو، بەپێی رێککەوتنامـەی جامایکـا بەشێوەیەکی رەسمـی سسـتمی زێـڕ نێـژراو، رێگـە بەدەوڵـەتانی جیهـان درا بـۆ ئـازادکردنی نێـوەنجی گۆڕینـەوەی دراوەکانیـان. سسـتمی (تـەعویم)ی دراو کـە تائێستاش بەردەوامە دەستی پێکرد.

## لایەنەباش و خراپەکانی سستمی زێڕ

لەسەرەوە باس لەسروشتی سستمی زێڕو خەسڵەتە هەمەجۆرەکانی و پەرەسەندنەکانی و تا کۆتایی هێنان بەو سستمە کرا، لێرەدا هەوڵدەدەین باس لەلایەن باش و خراپەکانی سستمی زێڕ بکەین.

لایەنە باشەکانی سستمی زێڕ:

١- لایەنگرانی رێسـای زێـڕ وای بـۆ دەچـن کـە ئـەو سسـتمە بەهایـەکی راستەقینە بەو نەختە دەدا کەقابیلی گۆڕینەوەیـە بـەزێڕ، بەبـەراورد بـەو بـەها وەهمیەی کەنەختی بەکارهێنراوی ئێسـتا هەیـەتی. بـەپێی سسـتمی زێـڕ دراوی دەوڵەتێك بەئەسڵێکی جێگیری زێڕەوە گرێدراوە، کەیارمەتی جێگیرکردنـی هێـزی کڕینی نـەخت دەدات، کەبـەهای نـەخت بەئاراسـتەی نرخـی ئـەو ئەسـڵە زێـڕە دەستنیشان دەکرێت، لەحاڵەتێك کەدەوڵەتێك بەهای هاوتای نێـوان دراوەکـەی و زێڕ بپارێزێ, ئەوا هێزی کڕینی نەختی وڵاتەکەی بەرەو جێگیربوون دەبات.

٢- سستمی زێڕ هاوکاری دەوڵەت دەکا بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ڕێژەی هەڵئاوسان بکات. لەرووی مێژووییەوە زێڕ رۆڵێکی گرنگی لەسنورداركردنی توانای حکومەتەکانی لەدەرکردنی نەختدا گێڕاوە، پرۆسەی خولقاندنی (ئیئتمان) بۆ حکومەت زۆر قورس بوو، چونکە پەیوەستبوونی نەخت بەزێڕ بەربەستی لەبەردەم حکومەت بۆ یاریکردن بەتواناو هێزی کڕینی نەخت دروستکردووە، واتە زێڕ نەیهێشتووە حکومەت بەخراپی سستمی نەختی بەکاربهێنێت، واتە ڕێگریی لەیاریکردن بەهێزی کڕینەوە کردووە، ئەوەش دەرئەنجامی ئەو کۆتو بەندە بووە کەسستمی زێڕ بۆ توانای دەسەڵاتی نەختی لەدەرکردنی نەختدا داینا بوو، کەبەبڕی ئەسڵی جێگیر بۆ روپۆشکردنی نەخت دەستنیشانی کردبوو. کاتێك دەوڵەتان دەستبەرداری سستمی زێڕ دەبن و لەو کۆت وبەندە تەقلیدیەی دەرکردنی نەخت رزگاریان دەبێ، لەدەرکردنی بڕی زۆری نەختدا ئازاد دەبن، بەتایبەتی کاتێك کەرووبەرووی قەیران یان کێشەی سیاسیو ئابووری دەبوونەوە، زۆرێك لەدەوڵەتانی جیهان تەوژمی هەڵئاوسانیان بەخۆوە بینی، هێندێکیان لەرادەبەردەر بوون، بەهۆی زێدەڕۆیی حکومەتەکان لەدەرکردنی نەختدا. عیراقی دوای گەمارۆی ساڵی ١٩٩١ دیارترین ئەو حکومەتانەیە. یەك لەپێناسەکانی هەڵئاوسان دەڵێ ( بڕێکی زۆری نەخت بەدوای بەدەستهێنانی بڕێکی کەمی کاڵاو شمەکەوەیە)، لەگەڵ زیادبوونی بەردەوامی خستنەڕووی نەخت، بەهای نەخت زۆر کەمدەبێتەوە، ئەوکات خراپترین جۆری هەڵئاوسان دروست دەبێ کە هەڵئاوسانی لەرادەبەرە (Hyper-inflation)، ئەو حاڵەتەیە کەنیوەنجی زیادبوونی ئاستی گشتی نرخەکان لەمانگێکدا (٥٠٪) یە، دیارترین نمونەی زیندووی ئەم جۆرە هەڵئاوسانە زیمبابۆی ساڵانی ٢٠٠٨- ٢٠٠٩ یە، کاتێك گەلی زیمبابۆی, بەئێستاشەوە, ژیانێکی سەختیان دەگوزەراند، لەنیوەی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ ڕێژەی بەرزبوونی رۆژانەی نرخەکان گەیشتە (٩٨٪)، لەو مانگە نیوەنجی ڕێژەی هەڵئاوسان گەیشتە(٧٩٦٠٠) ملیۆن لەسەد، ئەوە دووەم بەرزترین ڕێژەی هەڵئاوسانی لەرادەبەدەرە لەمێژوودا، دوای ئەوە هەڵئاوسانی هەنگاریای تەموزی ١٩٤٦ە، کەنیوەنجی رۆژانەی ڕێژەی بەرزبوونی نرخەکان گەیشتە (٢٠٧٪)، واتە

نیوەنجی ڕێژەی هەڵئاوسانی ئەو مانگە گەیشتە (٤٢٪) کوادر بلیۆن ( یەك ژمارە کە پازدە سفری لەبەردەمدا بێت). بێگومان دەرئەنجامی ئەو زێدەڕۆییەی خستنەڕووی نەخت ژیان دەبێتە دۆزەخ. هەڵبەتە ئەو دارمانە گەورەیەی هێزی کڕینی نەخت دەسەڵاتی نەختی ماوە ماوە لەکاتی چاپکردنی دراوەکەی پێویستی بەزیادکردنی چەند سفرێکە، بۆ نمونە هەڵئاوسانەکەی هەنگاریا گەورەترین دراوی لەمێژوودا هێنایەگۆڕێ بەیەکەی یەك سیکتیلیۆن ( یەك ژمارە کە ٢١ سفری لەبەردەمدا بێت)، زیمبابۆی دراوێکی بەیەکەی ١٠٠ ملیار دۆلار دەرکرد. لەسایەی هەلومەرجێکی لەو جۆرەدا زەحمەتە باس لەهیچ وەزیفەیەکی نەخت بکرێت، جگە لەوەی کە لەگەڵ خۆیدا نەهامەتییەکانی هەڵئاوسان دێنێ، باشترین ئەلتەرناتیفی رزگاربوون لەئابووریی نەخت گەڕانەوەیە بۆ سستەمی ئاڵوویر (المقايضة). هەموو ئەو دەوڵەتانەی دەستبەرداری سستەمی زێڕ بوون ڕووبەڕووی ئەو دۆزەخە نەبوونەوە، وەلێ ئەگەر ئەو دوو دەوڵەتە دراوەکەیان بەزێڕەوە گرێدراو بوایە هەرگیز بەو جۆرە ڕووبەڕووی هەڵئاوسانی نرخەکان نەدەبوونەوە، چونکە حکومەت تەنیا دەیتوانی ئەو بڕە نەختە چاپ بکا کەهاوتای مایەی ئەو زێڕەیە کەهەیەتی، ئەوەش یەکێکە لەگرنگترین پرنسیپە بنەڕەتییەکانی سستەمی زێڕ، وەك لەسەرەوە باسی لێوەکرا، ئەوەش یارمەتیدەرێکی گرنگی کۆنترۆڵکردنی ئاراستەکانی هەڵئاوسانە.

٣- جێگیربوونی بازرگانی نێودەوڵەتی، ئەم خاڵە بەگرنگترین باشییەکانی سستەمی زێڕ دادەنرێت. کاتێك سستەمی زێڕ پەیڕەو دەکرا نێوەنجی گۆڕینەوەی دراو وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، بەند بوو بەکێشی کانزایی دراوەکە، بەهۆیەوە بەزەحمەت دەتوانرا نێوەنجی گۆڕینەوەی دراو بگۆڕدرێت، لەبەر ئەوەش بوو بەسستەمی زێڕ دەگوترا سستەمی نێوەنجی گۆڕینەوەی جێگیر. لەسایەی سستەمی زێڕدا ئەستەم بوو بتوانرێ نێوەنجی گۆڕینەوەی دراو بگۆڕدرێ ( چونکە پێویستی بەکێشانەوەی هەموو نەختە کانزاییەکان بوو بۆ ئەوەی یەکەی نەختی کانزایی کێش جیاواز بگۆڕدرێتەوە)، وەلێ لەسایەی سستەمی نەختی کاغەزی جێگرەوەدا (نظام النقود الورقية النائبة) داشکانی بەهای دراو تەنیا کاتێك ڕوودەدا کەبڕی

چاپکراوی نەخت لە رووپۆشە کانزاییەکەی لەبانکی ناوەندیدا زیاتربێت، ئـەوەش بەپێی رێساکانی ئەو سستەمە کارێکی پێشبینی نەکراوە، تاوەکو پەیوەندیی نێوان بڕی چاپکراوی نەختی کاغەزیو مایەی زێڕ لەبانکی ناوەندی جێگیر بێ، نێـوەنجی گۆڕینەوەی دراو لەبەرامبەر بەدراوەکانی تـردا بـەجێگیری دەمێنێتـەوە، ئەمـەش یەك لەپێداویستییە بنەڕەتییـەکانی جـێگیری سسـتمی بازرگـانیی نێودەوڵـەتی دەبێت.

کاتێك جیهان دەستبەرداری سستمی زێڕ بوو و سستمی نێوەنجی گۆڕینـەوەی (معـــوەم)ی پـــەیڕەوکرد، بازرگـــانیی نێودەوڵـــەتی کەوتـــە ژێـــر کاریگـــەریی پێشبینیکردنی گۆڕانی نێوەنجەکانی گۆڕینەوەی دراو لەماوەی نێـوان رێککـەوتن لەسەر گرێبەستێکی بازرگانیو مـاوەی پاکتـاوکردنی ئـەو گرێبەسـتە، ئـەوەش لەگەڵ خۆیدا بڵاوبوونەوەی چالاکی خۆپاراستنی ( التحوط Hedging) هێنا، بـۆ خۆپاراستن لەو ئاسەوارانەی دەرئەنجامی هەڵبەزو دابەزی نێوەنجی گۆڕینەوەی دراو دەکەونەوە. لەلایەکی ترەوە، سستمی زێڕ زامنی گەورەترین هاوسەنگی لەمامەڵـە بازرگـانی و داراییـە نێودەوڵەتییـەکان دەکـا. ئـەو دەوڵەتـەی ئاسـتی کێبڕکێـی نێودەوڵەتی خۆی بەرزدەکاتەوەو دەتـوانێ کـاڵاو خزمـەتگوزاریی زیـاتر رەوانـەی بازاڕەکانی دەرەوە بکا لەبەرامبەر ئەو زیادەیە زێڕی دەست دەکـەوێت، کـەدەتوانێ بەهۆی ئەو زێڕەوە نـەختی زیـاتر چـاپ بکـات، ئـەو چـاپکردنە زیادەیـە هـانی وەبـــەرهێنانی زیـــاترو خواســـتی هـــەمووەکی نـــاو ئـــابووری بـــەرز دەکاتـــەوە، لەبەرامبەریشدا بەرزبوونی نرخـەکانی لێدەکەوێتـەوە، پاشـان ئاسـتی کێبڕکێـی نێودەوڵەتیی ئەو دەوڵەتە دەهێنێتە خوارێ، بەمانایەکی تـر، لەسـایەی سسـتمی زێڕدا هیچ دەوڵـەتێك نـاتوانێ بـەردەوام بـێ لەبـەدیهێنانی زێـدەی بـەردەوامی تەرازووی پێدانی بەبێ ئەوەی دواتر پاشەکشێی توانای کێبڕکێکەی خۆی نەبینێت. دەوڵـەتێکی وەك چـین بـەبێ پاشەکشـێکردنی توانـای کێبڕکێکـەی نەیـدەتوانی بەردەوام بێ لەبەدیهێنانی ئەو بڕە زەبەلاحە یەدەکـە کەئێسـتا هەیـەتی، ئەگـەر سستمی زێڕی پەیڕەو بکردبایە.

٤-كاتێك دەوڵەتێك سستمی زێڕ پەیڕەو دەکا، ناچار دەبێ چەندین ریفۆرمی ئابووری و دارایی ئەنجام بدات کەپێویستیی ئەو دەوڵەتەی لەچاپکردنی زیاتری نەخت کەم دەکردەوە، بەشێوەیەکی تایبەتی، حکومەتەکان پابەندی هاوسەنگی بودجەکانیان دەبوون و دەستبەرداری بەرنامەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دەبوون کەبەرپرسە لەکورتهێنانی بودجەی زۆربەی دەوڵەتانی ئێستای جیهان، چونکە سستمی زێڕ یارمەتی حکومەتەکان نادا بۆ گرتنەبەری سیاسەتی بێ دسپلین کەدەبێتە هۆی کورتهێنانی بودجەی گشتی، کە دواتر قەرزی گشتی لێدەکەوێتەوە کەمایەی زێڕی فەراهەمبووی وڵات تێدەپەڕێنێت. سستمی زێڕ لەوێنە نمونەییەکەیدا، بەو مانایەیە ئەو دەوڵەتەی بودجەکەی کورتیهێناوە جگە لەزیادکردنی باج و کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکانی هیچ رێگەیەکی تری لەبەردەمدا نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا، بەدیلی ئەوە دەبێ حکومەت مایەی زێڕی خۆی بۆ تەمویلکردنی ئەو کورتهێنانە کەم بکاتەوە.

ئەوە, بەکورتی, لایەنە باشەکانی سستمی زێڕە. دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کەلەگەڵ ئەو لایەنە باشانەی سستمی زێڕ، خەوش و عەیبی مەترسیداریشی هەیە، کەکاریگەرییان لەسەر چالاکبوونی سستمەکە هەیە. دیارترین عەیب و خەوشەکانی سستمی زێڕ ئەمانەی خوارەوەن:

١- سستمی زێڕ مۆرکێکی پوکانەوەی (رکود) بۆ چالاکی ئابووری هەیە، چونکە گرنگترین ئاستەنگی بەردەم گرتنەبەری سستمی زێر، ئەوەیە کەزێڕ بەتوخمێکی دەگمەن بەبەراورد بە قەبارەی خواست لەسەری دادەنرێ، ئەو بڕەی لەژێر زەویدا هەیە زۆر کەمە بەبەراورد بەو خواستە جیهانییەی کە ئێستا لەسەریەتی. بڕی ئەو زێڕەی کەتا ئێستا لەژێر زەوی دەرهێندراوە بەکەمتر لە(١٤٠) هەزار تۆن مەزندە دەکرێ. کاتێك زێڕ جارێکی تر بەمەبەستی نەخت بەکار بهێنرێت، خواست لەسەر زێڕ زۆر بەرزدەبێتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێ رووبەڕووی پێداویستییەکانی چاپکردنی هەموو جیهان ببێتەوە، یان لانی کەم بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی چاپکردنی یەك دراوی یەدەکی جیهانی وەك دۆلار، کەهەموو دەوڵەتانی جیهان دراوەکانیانی پێوە گرێ بدەن. کاتێك بەرهەمی جیهانیی زێڕ

بەشی پێداویستییەکانی چاپکردنی نەخت ناکا، کەواتە ئەو بڕە نەختـەی لەسـەر ئاستی جیهان چاپدەکرێ بەبەراورد بەخواسـت لەسـەر نـەخت سـنوردار دەبێـت، ئەگەر خواست لەسـەر نـەخت لەخسـتنەڕووی نـەخت زیـاتر بـێ، دوو ئاکـامی لێدەکەوێتەوە کەدەرئەنجامی هەردووکیان یەکە، ئەویش سـنوردارکردنی نێـوەنجی گەشـەکردنی ئابووریـیـە. یەکـەمیان، بـەرزبوونی نێـوەنجی سـودە بەشـێوەیەك کەنێوەنجی گەشـەکردنی خواسـتی هـەمووەکی سـنوردار دەکـات. دووەمیشـیان، بڵاوبوونەوەی پاشـەکەوت (Hoarding الاکتنـاز)ی لێدەکەوێتـەوە، بـۆ ئەمـەش بەڵگەی مێژوویی هەیە. رووداوە مێژووییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەدەگمـەنی نەخت بەبـەراورد بەرێـژەی خواسـت، کەسـەکان بـەرەو پاشـەکەوت هانـدەدات، پاشـەکەوت پەکخسـتنی نەختـە لـەو وەزیفەیـەی بـۆی چـاپکراوە، ئـەوەش سنووردارکردنی گەشەکردنی لێدەکەوێتەوە، بەهۆی دەگمەنی هۆکاری ئـاڵووێریش نەختی سەوداو مامەڵە ئابوورییەکان کەم دەکات، واتە لەسایەی سسـتمی زێـڕدا گەشەکردنی مایەی زێڕ لەسەر ئاستی جیهان گەشەکردنی قەبارەی بەرهەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دیاری دەکات، لەبـەر ئـەوەی خسـتنەڕووی جیهـانی زێـڕ زۆر سنورداره، هەروەها بەهەمان شـێوە توانـای گەشەکردنیشـی سـنوردارە، کەواتـە گەشەکردنی ئابووریی جیهان سنوردار دەبێ بەتوانای جیهان لەدۆزینەوەی زیاتری زێڕ، کە بەقەبارەی ئەو بەرهەمی زێڕەی باشووری ئەفریقیاو ئوسترالیاو روسـیایە. هەروەها ئەو دەوڵەتەی مایەی زێڕی پێویستی نییە، یان هـیچ مایەیـەکی زێـڕی نییە، لەرەوشـێکی کێبڕکێـی زۆر خراپـدا دەبێـت، بـەوەی توانـای گەشـەکردن و فراوانبوونی زۆر سنوردار دەبێت، چونکە ناتوانێ نەختی پێویست بۆ بـەدیهێنانی نێوەنجی گەشەکردنی پێویست بۆ سەوداکاری فەراهەم بکات.

٢-کـەی گەڕاینـەوە بـۆ سسـتمی زێـڕ دەبـێ دەوڵـەتان پرۆسـەی تـەمویلی خەرجییەکانی حکومی لەسستمی نەختی جیا بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی ئـەوە یـەك لەباشییەکانی سستمی زێڕە وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا. وەلێ ئەو باشییە, لەسەر ئاستی داڕشتنی سیاسەتی ئابووری, بەیەك لەخەوشەکانی سسـتمەکە دادەنرێـت، کاتێك دەبێ حکومەت ئەو خەرجییانەی دەیکا بەقەدەر ئەو باجـە بـێ کـە کـۆی

دەکاتەوە، یان ئەو قـەرزەی لەسەرچـاوە تایبەتییەکانیـەوە کـۆی دەکاتـەوە، دوای ئەمەیش پرۆسەی دەرکردنی سەنەداتی حکومی رادەوەستیٚ کەبانکی ناوەنـدی بـۆ چـاپکردنی نـەخت دەیکرێـت، واتـە تاکـە رێگـەی حکومـەت بـۆ زامنکردنـی بەردەوامبوونی رۆڵی خۆی لەئاستی ماقوڵـدا بگێـڕیٚ کەئـەویش بەرزکردنـەوەی نێوەنجی باجە بۆ ئەوەی دەرامەتی پێویسـتی بـۆ ئەنجامـدانی ئەرکـەکانی دەسـت بکەوێت. ئەمەچی دەگەیەنێت؟ مانای وایە ئەوەی تاکـەکان وەك باشـە لەشـێوەی جێگیربوونی هێزی کڕینی نەختدا بەدەستی دەهێنن، دەبیٚ لەشێوەی بـاجی زیـاتر بیدەنەوە بەحکومـەت بـۆ ئـەوەی بتـوانیٚ وەك پێویسـت ئەرکـەکانی سەرشـانی بەجێبگەیـەنێت. بـەڵام پرسـی مەترسـیداری ئەمـە لەوەدایـە ئەگـەر هـاتوو بگەڕێینەوە بۆ سسـتمی زێـڕ، زۆر زەرورە بـانکی ناوەنـدی خـۆی لەهـەموو ئـەو سەنەداتە حکومیانە قوتار بکـا, کـە لەپرۆسـەی چـاپکردنی نەختـدا, بـەکاری هێناوە، بەمەش حکومەتەکان ناچار دەکـا لـەماوەی زەمـەنی کورتخایەنـدا ئـەو سەنەداتی قەرزە گشتییانەی دەریکردوون بکوژێنێتەوە، حکومەت چی لـەو تۆنـە (اطنـان) سـەنەدانە دەکـات کـەدەریکردوون؟ چـۆن بەهاکـەیان دەداتـەوە؟ دامەزراوەکانی دڵنیایی کۆمەڵایەتی چی لەو پریاسـکە سـەنەداتە حکومیانـەی (محـافظ السـندات الحکومیـة) هەیانـە دەکـەن؟ ئـەو سـندوقانە چـۆن دەتـوانن ئیلتیزامەکانی خانەنشـینان بدەنـەوە؟ بێگومـان وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارانە ئێجگار قورس و زەحمەتن.

٢- پـەیڕەوکردنی سسـتمی زێـڕ زۆربـەی کـات بایـەخی حکومەتـەکان بەشێوەیەکی گەورە لەمایەی زێڕەکەیدا چڕ دەکاتەوە، لەبری ئەوەی ژینگەی کاری باشتر بکا، بۆ نمونە، لەکاتی روودانی بێبازاڕیی گەورەی ئەمریکادا ئیـدارەی ئـەو وڵاتە پەنای بۆ بەرزکردنەوەی نێوەنجی سود بـرد بـۆ بەرزکردنـەوەی بـەهای دۆلار لەپێناو سنورداركردنی پەنابردنی تاکەکان بۆ گۆڕینەوەی دۆلارەکانیان بەزێڕ. ئەو هەنگاوەی ئیدارەی ئەمریکا هۆکاری دواخستنی دەربازبوونی بـوو لـەو قەیرانـە. لەوە زیاتریش، سوربوونی دەوڵەتان لەسەر پاراستنی مایەی زێڕیان دەبێتـە هـۆی هەڵبەزودابەزینی توندی ئاستی چالاکیی ئابووری. بۆ نمونـە، ئـەمریکا لـەماوەی

نێوان (١٨٩٠ تا ١٩٠٥)دا ڕووبەڕووی پێنج حاڵەتی بێبازاڕی بووەتەوە. لەبەر ئەو هۆکارە, بەپێچەوانەی ئەوەی دەبینرێ، لەسایەی سستمی زێڕدا، زێڕ ڕۆڵێکی سەرەکی لەئابووریدا دەگێڕێ، کەقەبارەی بەرهەمو دواتر ئاستی خواستی هەموەکیو تەوزیفکردنو ئاستی چالاکیی ئابووری لەناو دەوڵەتدا پەیوەستن بەمایەی دەوڵەت لەزێڕ, نەك بەقەبارەی ئەو دەرامەتانە, یان قەبارەی هێزی کار, یان بڕی ئەو پرۆژانەی خاوەنیەتی.

٣- لەسایەی سستمی زێڕدا حکومەتەکان ناچار دەکرێن دەستوەرنەدەنە کاروباری ئابوورییەوە وەك ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێ، هەروەها پەنا نەبەنەبەر بەکارهێنانی ئامرازەکانی سیاسەتی نەختی لەرێگەی فەراهەمکردنی پشتیوانیکردنی هاندانی نەختی پێویست بۆ ئابووری, لەپێناو هێنانەدی جێگیری لەئاستەکانی چالاکییە ئابوورییەکان، بەجۆرێك کەئاستی خواستی هەموەکی بەرزبکاتەوەو دواتریش نێوەنجی گەشە. کاتێك دەوڵەتان بۆ سستمی زێڕ دەگەڕێنەوە، ناتوانن بڕی پێویستی نەخت بخەنەڕوو کە لەگەڵ پێداویستییەکانی گەشەکردنی خواستی هەمووەکی بێتەوە. لەلایەکی ترەوە، دەوڵەتانی جیهان ناتوانن, بەتایبەتی لەکاتی بێبازاڕیدا, ئامرازەکانی سیاسەتی دارایی بەکەفائەتەوە بەکاربهێنن، ئەوەش کورتهێنانی بودجەی گشتی لێدەکەوێتەوە، دواتریش مەسەلەی مامەڵەکردن لەگەڵ سوڕە ئابوورییەکان (الدورات الاقتصادیة) زۆر قورس دەبێت.

٤- هیچ دەوڵەتێك بەتەنیا ناتوانێ پەیڕەوی سستمی زێڕ بکا، ئەگەر دەوڵەتانی تری جیهان کاری پێنەکەن، یان لانی کەم دەوڵەتە بەهێزەکانی ئابووری پەیڕەوی نەکەن. بۆ نمونە، ئەمریکا ناتوانێ بەتەنیاو بەبێ جەمسەرە سەرەکییەکانی تری جیهان بۆ سستمی زێڕ بگەڕێتەوە، ئەگەر نا لەماوەیەکی زۆر کورتدا مایەی زێڕی لەدەست دەدات. گرفتە سەرەکییەکە لەوەدایە کاتێك زۆربەی دەوڵەتانی جیهان پێکەوە پەیڕەوی سستمی زێڕ بکەن ئەوا ئەو بڕە پێویستەی زێڕیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو سستمە دەست ناکەوێت.

٥- زێڕ چیدی ئەو کاڵایە نییە کەنرخەکەی جێگیری ڕێژەیی بەخۆوە ببینێ، وەك چۆن لەرابردوودا وابوو. سستمی زێڕ پێویستی بەوە هەیە کەبازاڕەکان لەو هۆکارانە بەدوور بن کەدەبنە هۆکاری بەرزکردنەوەی نرخی کانزایی زێڕ، تاوەکو نێوەنجی گۆڕینەوەی دراوەکان جێگیر بێت، دواتریش ناکرێ پەیڕەوی لەسستمێك بکرێ لەهەمان کاتیشدا لەسەر ئاستی جیهانیش لەلایەن دامەزراوە تایبەتمەندەکانی سەوداکارییەوە، دەرگای سەوداکاری لەسەر کانزای زێڕ بکرێتەوە، کەئێستا ڕێژەیەکی زۆری ڕێژەی یەدەکی زێڕی جیهانیان لا کەڵەکەبووە.

## ئایا دەکرێ جیهان بۆ سستمی زێڕ بگەڕێتەوە؟

ئەگەر جیهان بیەوێ بۆ سستمی زێڕ بگەڕێتەوە، ئەو گەڕانەوەیە چۆن دەبێت؟ سەرەتا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کەدابەشبوونێکی گەورە لەنێوان چاودێراندا هەیە سەبارەت بەگەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ. لەلایەك هێندێکیان پێیان وایە هیچ کۆسپو تەگەرەیەك نییە کەببێتە ڕێگر لەبەردەم گەڕانەوەی جیهان بۆ سستمی زێڕ، چ کۆسپی هونەری یان ئابووری، کۆسپەکان تەنیا ئایدیۆلۆجین، واتە دەرگای گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ لەبەردەم جیهاندا کراوەیە هەر کاتێك بیەوێ. لەلاکەی تریشەوە، ئەوانی تر پێیان وایە تەنیا بیرکردنەوە لەگەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ جۆرێکە لەگەمژەیی یان ئەو پەڕی شێتییە. لێرەدا هەوڵ دەدەین گفتوگۆ لەبارەی سیناریۆکانی گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ بکەین.

سەرەتا دەبێ بزانین، لەحاڵەتێکدا کەبڕیاری گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ بدرێت, مایەی زێڕی جیهان لەیەدەکی زێڕین چەندە, کەدەکرێ وەك ڕوپۆشی زێڕ بۆ نەخت بەکاربهێنرێ. بەپێی زانیارییەکانی سندوقی نێودەوڵەتیی نەخت، کۆی ئەو بڕەی زێڕەی بانکە ناوەندییەکانی دەوڵەتانی جیهان وەك ئەسڵی یەدەکی نەختی لایانە بەخودی سندوقی نێودەوڵەتیی نەختیشەوە (٢٩٨١,٢) تۆنە، بانکی ناوەندی ئەورووپی ٥٠١,٤ تۆن، بانکی (تەسویە)ی نێودەوڵەتی ١٩٩ تۆن، کەکۆی هەموویان دەکاتە(٣٠٤٦٢) تۆن، ئەوە لەکۆی ئەو (١٤٠) هەزار تۆنەیە کە تا ئێستا لەژێر زەوی دەرهێندراوە. گرنگترین ئەو دەوڵەتانەی زێڕیان لایە ئەمریکایە, کە (٨١٣٣,٥) تۆنی هەیەو گەورەترین یەدەکی زێڕی لایە. ئەڵمانیا

(٣٤٠٦,٨) تۆن، ئیتالیا (٢٤٥١,٨) تۆن، فرەنسا (٢٤٣٥,٤) تۆن، چین (١٠٥٤,١) تۆن، سویسرا ( ١٠٤٠) تۆن، ژاپۆن (٧٦٥,٢) تۆن، روسیا (٦٦٣,٨) تۆن، هۆڵەندە (٦١٢,٥) تۆن، هیندستان (٥٥٧,٧) تۆن، تایوان (٤٢٣,٦) تۆن، پورتوگال (٣٨٢,٥) تۆن، فەنزوێللا (٣٦٣,٩) تۆن، سعودیە (٣٢٢,٩) تۆنو بریتانیا (٣١٠,٣) تۆن. دەوڵەتانی تری جیهانیش بڕی کەم کەمی زێڕیان لەلایە، زۆربەی کات لەگەڵ بڕی ئەو نەختەی چاپیان کردووە ناگونجێت. بۆ نمونە یەدەکی زێڕ لەبانکی ناوەندیی کەنەدا (٣,٤) تۆنە، یەدەکی زێڕی چیلی تەنیا (٢٠٠) کیلۆ گرامە، لەکاتێکدا دەوڵەتانی وەك کینیاو عومانو ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتە هەژارەکان هیچ یەدەکێکی زێڕ لەبانکی ناوەندییاندا نییە، واتە پرۆسەی گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ بۆ ئەو دەوڵەتانە ئێجگار قورسە ئەگەر هاتوو بەنرخی ئێستای زێڕی حسابی بکەین.

چۆن جیهان دەتوانێ بۆ سستمی زێڕ بگەڕێتەوە؟ بێگومان گفتوگۆکردن لەسەر وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەمانبات بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو سستمە یان ئەوە دەگەیەنێ کەجیهان لەڕێگەی شێوە کلاسیکەکەوە (سکەلێدانی نەختی زێڕین، یان چاپکردنی نەختی کاغەزی لەبەرامبەریشدا زێڕ هەڵبگیرێت) دەگەڕێتەوە، یان لەرێگەی سستمێك کەوەك سستمی بریتن ودز بێ، یان لەرێگەی فۆرمێکی وەك ئاماژەکردن (Indexation) وەك ئەوەی رۆبەرت زۆلیکی سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی لەم دووابییەدا پێشنیاری کردووە. واتە لەبەردەم سێ سیناریۆداین بۆ گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ، لێرەدا ئەو سێ سیناریۆیە شیکار دەکەین.

## سیناریۆی یەکەم

گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ، گەڕانەوەیە بۆ سستمی زێڕ لەشێوە کلاسیکیەکەیدا واتە شێوە کانزاییەکەی زێڕ، یان شێوەی نەختی کاغەزی جێگرەوە. لێرەدا پێویست ناکات بەڵگەی ئەوە بهێنرێتەوە کەگەڕانەوە بەپێی ئەم سیناریۆیە ئێجگار زەحمەتە چ لەکاتی ئێستاو چ لەئایندەشدا، ئەگەر بڕی زێڕی فەراهەمبووی جیهانو ئەو بڕە نەختەی لەسەر ئاستی جیهان چاپکراوە لەبەرچاو بگرین. چونکە فەراهەمکردنی زێڕی پێویست, بۆ هەموو دەوڵەتانی جیهان, بۆ ئەوەی وەك روپۆشی تەواوکاری نەخت بەکاربهێندرێ، واتە هەموو ئەو بڕە زێڕەی لەجیهان

بەرهەمهێنراوە ناتوانێ پێداویستییەکانی جیهان لەچاپکردنی ئەو بڕە نەختەی پێویستییەتی داپۆشێت، ئەگەر قەبارەی ڕێسای نەخت لەبەرچاو بگرین، واتە ئەگەر بڕی نەختی چاپکراوی جیهان وەربگرین. ئەمڕۆ جیهان لەهەمان ئەو هەلۆیستەی سالّی ١٩٤٥دایە کاتێك گفتوگۆی گەڕانەوەیان بۆ سستمی زێڕ لەبریتن ودز دەکرد، ئەو کات دەولّەتانی جیهان ئارەزوی گەڕانەوەیان بۆ سستمی زێڕ هەبوو، بەلاّم ئەو کات ئەو بڕە زێرە نەبوو کەبتوانن بەشێوە کلاسیکیەکە بگەڕێنەوە بۆ سستمی زێڕ، لەبەر ئەوە ئەگەری ئەو کاتەیان پەنابردن بوو بۆ ڕێککەوتنی بریتن ودز، کەدۆلاری ئەمریکی رۆلّی چەقی سستمی نەختی جیهانی گێڕا.

### سیناریۆی دووەم

گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ لەڕێگەی فۆرمێکی هاوشێوەی فۆرمی ڕێککەوتنامەی بریتن ودز، واتە گەڕانەوەی یەك دراو لەجیهان بۆ سستمی زێڕ، ئەو دراوەش بێگومان هەر دۆلار دەبێت، ئەوەش لەبەر چەندین هۆکار، گرنگترینیان، ئەوەیە ئێستا دۆلار دراوی هەموو جیهانە، هەروەها تاکە دراوە کەخاوەنی گەورەترین رووپۆشی زێڕە لەجیهان، سەرەڕای چەندین خەسلّەتی تر، واتە دەولّەتانی جیهان دراوەکانیان بەدۆلارەوە پەیوەست بکەن، بەوجۆرە دەولّەتانی جیهان لەرێگەی دۆلارەوە دراوەکانیان بەزێڕەوە دەبەستنەوە، وەك ئەوەی بەپێی ڕێککەوتنامەی بریتن ودز جێبەجێکرا. گریمان جیهان, بەپێی ئەو سیناریۆیە, بۆ سستمی زێڕ دەگەڕێتەوە، ئەوان چەندین ئەلتەرناتیڤیان هەیە بۆ دیاریکردنی بەهای هاوتای نێوان دۆلارو زێڕ، یان نێوەنجی گۆڕینەوەی نێوان دۆلارو زێڕ.

یەکەمیان: گەڕانەوە لەسەر بنەمای نرخێکی ڕەسمی تر بۆ زێڕ، واتە(٤٢) دۆلار بۆ یەك ئوقیە، ئەمە ئەو نرخەیە کەبەر لەوازهێنانی جیهان لەرێککەوتنامەی بریتن ودزو جیابوونەوەی سستمی نێودەولّەتیی نەخت لەزێڕ باو بوو. بێگومان ئەم گەڕانەوە تیۆرییە, بۆ سستمی زێڕ, بەمانای سەپاندنی بەهایەکی زۆر بەرز بۆ دۆلارو پاشان بەهای زۆر نزمی زێڕ دێت. لەمێژوودا لەبریتانیا هەنگاوێکی هاوشێوەی ئەم گەڕانەوەی تیۆرییە نراوە، کاتێك دوای

جەنگی یەکەمی جیهان ناوەندی دارایی جیهانی بووە. دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، بریتانیا لەسەر بنەمای نێوەنجی گۆڕینەوەی ئستەرلینی بۆ زێڕی پێش جەنگ گەڕایەوە بۆ سستمی زێڕ، وەلێ نرخی زێڕ لەدوای جەنگ زۆر بەرزبووەوە، ئەوەش داشکانی نێوەنجی گۆڕینەوەی ئستەرلینی لەبازاڕی گۆڕینەوەی دراو بۆ (٤,٤٠) دۆلار لێکەوتەوە، دەبوایە بریتانیا بگەڕێتەوە بۆ زێڕ لەسەر بنەمای نێوەنجی گۆڕینەوەی (٤,٨٦) دۆلار بۆ یەك ئستەرلینی ( نێوەنجی پێش جەنگ)، لەبەر ئەوەی بریتانیا بڕێکی زۆر کاڵای هەناردەی دەرەوە دەکردو پێداویستییەکانیشی لەدەرەوە هاوردە دەکرد، گەڕانەوەی بۆ زێڕ لەسەر بنەمای نرخی زێڕی پێش جەنگ بووە هۆی بەرزکردنەوەی زۆری بەهای ئستەرلینی، ئەمەش نرخی هەناردەی بریتانی لەبازاڕەکانی جیهان بەرزکردەوە، دواتریش لەبارچوونی پرۆسەکانی بەرهەمهێنانو نرخەکانی لێکەوتەوە. ئەو رەوشە بریتانیای ناچار کرد دەرچوونی یەکجاریی خۆی لەسستمی زێڕ رابگەیەنێت.

کەواتە گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ لەسەر بنەمای ئەو نێوەنجی ئاڵوگۆڕەی کەبەر لەجیابوونەوەی دۆلار لەزێڕ هەبوو، ئاسەواری سلبیی بازرگانی لێدەکەوێتەوەو دەبێتە رێگر لەبەردەم گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ سستمی زێڕ لەسەر ئەو بنەمایەی باسکرا، ئەمە ئەگەر هاتوو ئەمریکا توانی یەدەکی زێڕی پێویست پەیدا بکا بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە. بەپشتبەستن بەو بەها هاوتایە، گریمان ئەمریکا بڕی ئەو دۆلارانەی چاپی کردوون بۆ ئاستەکانی بەر لەقەیرانەکە کەم دەکاتەوە، واتە بۆ نزیکەی (٨٠٠) ملیار دۆلار، ئەگەر نێوەنجی گۆڕینەوەی زێڕ بەنرخی (٤٢) دۆلار بۆ یەك ئۆقیە زێڕ دابنێت، دەبێ ئەمریکا مایەی زێڕی خۆی بۆ (٥٩٢٤٤٧,٢) تۆن زێڕ زیاد بکات، ئەم کارەش ئەستەمە بتوانێ ئەنجامی بدات، لەبەر یەك هۆکاری سادە ئەویش ئەو بڕە زێڕە لەجیهاندا, نە لەسەر زەوی و نەلەژێر زەویدا، نییە.

دووەمیان: گەڕانەوەیە لەسەر بنەمای نێوەنجی ئێستای گۆڕینەوەی نێوان دۆلارو زێڕ، واتە بەپێی پەیوەندیی نێوان بڕی چاپکراوی دۆلارو مایەی زێڕی ئەمریکا. لەسایەی ئەم ئەلتەرناتیڤەدا، بەپێی دوایین زانیاری بلاوکراوە لەسەر

یەدەکی زێڕی ئەمریکا، یەدەکی فیدراڵی (٨١٣٣,٥) تۆن لەزێڕی هەیە، لەبەر ئەوەی کێشی ئۆقیەیەك زێڕ (٣١,١٠٣٤٨) گرامە، واتە یەدەکی فیدراڵی (٢٦١,٤٩٦,٩٣٨,٧) ئۆقیە زێڕی هەیە، بەپێی دوایین زانیاری فەراهەم لەسەر ڕێسای نەختی ئەمریکی (Monetary Base)، واتە ئەو دۆلارانەی چاپی کردوون، تا تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ (١٩٥٨٧٥٧) ملیۆن دۆلارە (نزیکەی دوو ترلیۆن دۆلار)، بەدابەشکردنی بڕی چاپکراوی دۆلار بەسەر کۆی یەدەکی زێڕی ئەمریکادا بەئۆقیە، ئەوا نێوەنجی گۆڕینەوەی نێوان دۆلارو زێڕ دەکاتە (٧٤٩٠,٦) دۆلار بۆ یەك ئۆقیە. ئەم ژماردنە تەنیا بۆ گرێدانی دۆلارو زێڕە, هێشتا دراوە چاپکراوەکانی تری جیهان ماون.

لەلایەکی ترەوە، گریمان ئەگەر هاتوو ئەمریکا ئەو بڕە دۆلارەی لەماوەی قەیرانەکەدا چاپی کردوون لەبازاڕ رادەکێشێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێسای نەختی بگەڕێتەوە ئاستەکانی بەر لەقەیران (٨٠٠) ملیار دۆلار، ئەوا نرخی یەك ئۆقیە زێڕ بەپێی ئەم ئەلتەرناتیڤە ببێتە(٣٠٥٩,٣) دۆلار. واتە گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ, بەپێی ئەم ئەلتەرناتیڤە، دەبێ بەهای دۆلار بەرێژەیەکی ئێجگار زۆر دابشکێنرێت، نرخێکی خەیاڵیش بۆ زێڕ دابنرێت، نرخی زێڕ لەم ماوەیەدا نزیکەی (١٤٠٠) دۆلار بۆ یەك ئۆقیەیە، واتە ئەگەر بەپێی ئەم ئەلتەرناتیفە بگەڕێینەوە بۆ سستمی زێڕ دەبێ نرخی ئیستای زێڕ دوو هێندە تا پێنج هێندە بەرزبکرێتەوە، ئەم هەنگاوەش بازاڕەکان دەهەژێنێت، نرخەکان زۆر بەخێرایی بەرزدەبنەوە، بەجۆرێك کەسستمی زێڕ ئامانجە سەرەکییەکەی, کەجێگیربوونی نرخەکانە, لەدەست دەدات. گەڕانەوە لەسەر بنەمای ئەم ئەلتەرناتیفە هێزی کڕینی دۆلارو یەدەکە جیهانییەکان یان هەر پابەندبوونێکی تر کە لەئایندەدا کەدەبێ بەدۆلار بدرێتەوە داغان دەکات. نیشانەی دیاری ئەم ئەلتەرناتیفە ئەوەیە کەئەمریکا پێویستی بەبەرزکردنەوەی مایەی یەدەکی خۆی لەزێڕ نابێت.

سێیەم: گەڕانەوەیە لەسەر بنەمای نرخی ئێستای زێڕ، کێشەی گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ لەسەر بنەمای نرخی ئێستا کە (١٤٠٠) دۆلار بۆ یەك ئۆقیە زێڕە، زۆر گرانە، کەواتە دۆلار بەبەهایەکی زۆر کەمتر بەزێڕ دەگۆڕدرێتەوە ئەگەر هاتوو

نرخی زێڕ ئەو نرخەی بەر لەقەیرانی ئابووریو دارایی ساڵی ٢٠٠٨ بوایە. جارێکی تر بۆ ئەوەی بتوانرێ بگەڕێتەوە بۆ سستمی زێڕ لەسەر بنەمای نرخەکانی ئەم کاتە، ئەمریکا لەسایەی ئەو بڕە هەناردە کراوەی دۆلار (٢ ترلیۆن) پێویستی بەبەرزکردنەوەی مایەی یەدەکی زێڕی وڵاتەکەیەتی بۆ (١٤٥٠٩٣١١١١) ئۆقیە، واتە نزیکەی (٤٥١٢٩) تۆن زێڕ، ئەم بڕەیش یەك هێندەو نیو لەکۆی یەدەکی زێڕی هەموو بانکە ناوەندییەکانی جیهان زیاترە. گریمان ئەمریکا بڕی هەناردەکراوی دۆلاری بۆ پێش قەیرانەکە دادەبەزێنێ (٨٠٠) ملیار دۆلار، ئەو کات ئەمریکا پێویستی بەبەرزکردنەوەی مایەی یەدەکی زێڕە بۆ (٥٩٢٥٩٢٥٩٢,٦) ئۆقیە، واتە (١٨٤٣١,٧) تۆن زێڕ، کەدەکاتە دوو هێندەی مایەی یەدەکی زێڕی ئەمریکا، هەر هەوڵێکیش بۆ بەرزکردنەوەی مایەی یەدەکی زێڕ بۆ ئەو ئاستە نرخی زێڕ دەگەیەنێتە کەشکەلانی فەلەك. پاشان هەر راگەیاندنێکی گواستنەوە یان گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ, لەسەر بنەمای نرخی ئێستای زێڕ, شڵەژانێکی گەورە دروست دەبێت، دەبێ یەدەکی فیدراڵی ئەمریکی لەسەر ئەو بنەمایە گونجانێك لەنێوان مایەی زێڕ یەدەکی لەزێڕو ئەو بڕە نەختە هەناردەیەی دروست بکات، یان ئەوەتا بڕی دۆلار بەرێژەیەکی ئێجگار زۆر کەم بکاتەوە، یان ئەوەتا یەدەکی فیدراڵی مایەی زێڕی بەرزبکاتەوە تاوەکو بتوانێ هاوسەنگی نێوان بڕی دۆلارو زێڕ بپارێزێت.

بەکورتی, گۆڕینی سستمی ئێستا بەسستمی زێڕ, بەپێی هەردوو سیناریۆی یەکەم یان دووەم, پێویستی بەفەراهەمکردنی بڕێکی زۆری زێڕ هەیە کەزۆر زیاترە لەوەی لەئێستاو لەئایندەشدا هەیە، بەتایبەتی لەسایەی ئەو ئەندیکەیتەرانەی ئێستا لەبەردەستدان، کەئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەزێڕ لەقۆناغێکدایە کەخواست لەسەری زۆر لەو بڕە زیاترە کەئێستا دۆزراوەتەوەو بەرهەمهێنراوە، واتە هەر هەوڵێك بۆ کۆکردنەوەی ئەو بڕە لەزێڕ سەرکەوتوو نابێ، لەبەر ئەوەی نرخی زێڕ دەگاتە ئاستێك کەسستمی نێودەوڵەتی نەخت بەرگەی ناگرێ.

**سیناریۆی سێیەم**

گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ, لەڕێگەی ئاماژەکردن بەزێڕ, وەك ئەوەی (ڕۆبەرت زۆلیك)ی سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی پێشنیاری کردووە، کاتێك ئەو پێشنیارە سەرنجڕاکێشەی ڕاگەیاندو داوای لەجیهان کرد کە لەگەڵ ئەوەدا زێڕ وەك مەرجەعێکی نێودەوڵەتی بۆ پێشبینیکردنی بازاڕ لەمەڕ هەڵئاوسانو پوکانەوەو بەهای دراوەکان بەکار بهێنن، هەروەها دەڵێ لەگەڵ ئەوەی کتێبەکانی خوێندن زێڕ وەك دراوێکی کۆن تەماشا دەکەن، بەڵام بازاڕەکان هێشتا زێڕ وەك ئەسڵێکی نەختی بەکار دەهێنن. بەدەر لەئاستی دروستی ئەو حوکمە، کەجیهان وەك ئەسڵێکی نەختی ئەلتەرناتیڤ بەکاردەهێنرێ. (براد دی لۆنگ)ی ئابووریناس ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کەبازاڕەکان زێڕ وەك ئەسڵێکی نەختی بەکارناهێنن، بەڵکو وەك ئەسڵێکی سەوداکارو یەدەك, نەك وەك یەکەیەکی حسابی یان هۆکارێکی گۆڕینەوە, تەنانەت وەك کۆگایەکی ئارامی بەهای (ئیسمی)، کەواتە بانگەشەکەی زۆلیك ڕێگەدان نیە بۆ گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ چ لەشێوە کانزاییەکەی یان بەشێوە کاغەزییەکەی، یان تەنانەت لەهەر شێوەیەکی هاوشێوەی سستمی بریتن ودز، بەڵکو بۆ بەکارهێنانی زێڕ وەك خاڵێکی مەرجەعی، بەڵام زۆلیك ڕوونی نەکردۆتەوە کەچۆن ئەو پێشیارەی بەکردەوە لەسەر ئەو واقیعەی ئەمڕۆ جێبەجێ بکرێ، لەسەر چ بنەمایەك ئەو خاڵە مەرجەعیە بەچ نرخێکی زێڕ دیار دەکرێ، هەروەها مەرجەکانی جێبەجێکردنی ئەو پێشنیارە چین، یان لانی کەم ئەو سامپڵەی بەکاردەهێندرێ بۆ ئەوەی زێڕ ببێتە خاڵێکی مەرجەعی نێودەوڵەتی بۆ بیناکردنی پێشبینیکردنی نرخو بەهای دراوەکان... هتد. ئاماژەی زۆلیك سەبارەت بەپێشنیارەکەی ئەوەیە کەدەڵێ هاوکاریی گەڕانەوەی متمانە بەبازاڕە داراییەکان دەکات.

بانگەشەکەی زۆلیك دەنگدانەوەی گەورەی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، لایەنگرانی گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ بەخۆشییەکی زۆرەوە پێشوازییان لەپێشنیارەکەی کرد، شیکاری بێ بنەمایان دەکرد بەوەی کەنرخەکانی زێڕ بەشێوەیەکی ئێجگار گەورە بەرز دەبێت بەرادەیەك کەهێندێك پێیان وابوو نرخی یەك ئۆقیە زێڕ دەگاتە (٥٢)

هەزار دۆلار. ئەوانی تریش پێیان وابوو ئەو پێشنیارە هیچ شتێکی لێناکەوێتەوە، بەتایبەتی براد دو لۆنگ,رۆبەرت زۆلیکی بە( گێلترین کەسی ئەم دنیایە) وەسف کرد.

ئەوەی کەلایەنگرانی زێڕ نایانەوێ تێی بگەن، ئەوەیە کە ئەو زێڕەی ئەمڕۆ قسەی لەسەر دەکرێ زۆر جیاوازە لەوەی کەلەرابردوودا هەبوو. گرێدانی دراو بەزێڕ, بەتایبەتی لەم هەلومەرجەی ئێستای ئابووریی نێودەوڵەتیدا, لەرووی کردارییەوە هیچ بەهانەیەکی نییە، کاتێك دراو بەکالآیەکی سەوداکەر گرێ دەدا، زێڕ چیدی ئەو جێگیرییەی جارانی نەماوە وەك هێندێك پێشبینی دەکات.

لەلایەکی ترەوە، گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ بەو مانایە نییە کەسستمەکە لەخۆڕا جێگیر دەبێ. بەبێ پابەندبوونی دەوڵەتان بەرێساکانی سستمەکە هیچ هەوڵێك بۆ گەڕانەوەی سستمی زێڕ سەرکەوتوو نابێت. جێی ئاماژە بۆکردنە کەپێشتر پابەندنەبوونی دەوڵەتانی بەشدار لەسستمی بریتن ودز بەرێساکانی هۆکاری دارمانی بوو، چ لەلایەن ئەمریکا کەزێدەڕۆیی لەچاپکردنی دۆلاردا کرد بەجۆرێك کەکورتهێنانی بودجەکەی گەیشتە ئاستێك کەسستمی باجەکەی توانای تەمویلکردنی نەبوو. نیکسۆن سیاسەتی نەختی بەخراپی بەکارهێنا کاتێك رێگەی بەسەرۆکی یەدەکی فیدرالیدا بۆ چاپکردنی دۆلاری زۆر. هەروەها بەهەمان شێوە ئەندامانی تری بریتن ودز هەموو دەرفەتەکانی گۆڕینەوەی دۆلارەکانیان بۆ زێڕ دەقۆستەوە، تا ئەو رادەی مایەی یەدەکی زێری ئەمریکا گەیشتە ئاستی لەرزۆك، بەجۆرێك کەئەمریکا چیدی نەیدەتوانی لەپابەندبوونی خۆی بۆ سستمەکە بەردەوام بێ کاتێك دەبینێ ئاستی مایەی یەدەکی زێڕی بگاتە ئەو ئاستە.

بەکورتی، گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ لەسەر ئەو بنەمایانەی لەسەرەوە باسکران زەحمەتە ئەنجام بدرێ لەبەر سێ هۆکار:

یەکەم: ئەو برە پێویستەی زێڕ پەیدا نابێ بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی جیهان بەمەبەستی چاپکردنی دراو دابین بکا، بەتایبەتی کەژمارەی دانیشتوانو ئاستەکانی بەرهەمهێنانو بازرگانیو ئاستی سەوداکاری لەزیادبوونی

بەردەوامدان، لەوەش زیاتر فراوانکردنی بەرهەمهێنانو وەبەرهێنانو گەشەکردن بەو برە زێڕەوە بەستراوە کە لەجیهان بەرهەم دەهێنرێت، واتە بەرهەمهێنانی زێڕ تاکە دەروازەی پرۆسەکانی بەرهەمهێنان بازرگانیو وەبەرهێنانو گەشەکردن دەبێت لەسەر ئاستی جیهان.

دووەم: گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ، زێڕ دەکاتە کانزایەکی تەواو ناجێگیر، واتە بەهای نەختیش وەك ئەو قەت جێگیر نابێت، بەپێچەوانەی ئەوەی پێشبینی دەکرێت.

سێیەم: گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ تێچوونێکی ئێجگار گەورەی دەبێ، واتە ئەو زێڕەی کەکۆگایەکی زۆرباشە بۆ بەهاو یارمەتی خۆپاراستن دەدا لەهەڵئاوسان، چیدی کەڵکی ئەوەی نابێ ببێتە بنەمای سستمی نەختی چ لەسەر ئاستی ناوخۆ یان جیهان.

کەواتە سستمی زێڕ ئەو چارەسەرە ئەفسوناوییە نییە بۆ هۆکارەکانی ئەو ناجێگیرییەی جیهان بەدەستییەوە دەناڵێنێت، چونکە هۆکارەکانی ناجێگیری لەناو خودی سستمەکەدایە. بەمانایەکی تر، گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ بەبێ پابەندبوون بەرێساکانی جێگیری ئابووری هیچ مانایەکی نابێ. تاوەکو دەوڵەتانی جیهان بەردەوام بن لەسەر سیاسەتە ئابوورییە هەڵئاوساوییەکانیان گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ هیچ قازانجێك بەدەستەوە نادات.

ئەگەر گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ ئەستەم بێ، ئەی سستمی زێڕ ئەلتەرناتیڤی هەیە؟ وەڵامەکەی ئەرێنییە، ئەلتەرناتیڤەکە بەگژداچوونەوەی هەڵئاوسانە (Inflation targeting) واتە داڕشتنو جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە نەختییانەی نێوەنجێکی نزمو جێگیری هەڵئاوسان بەدی دەهێنێ، بۆ ئەوەی زامنی پاراستنی هێزی کڕینی دراوەکان لەبەردەم بەرزبوونی ئاستی گشتیی نرخەکاندا بکەین.

# بەشی چوارەم

## قەیرانی دارایی و ئابووریی جیهان
## دەتوانیٚ یوان بکاتە دراویٚکی نیٚودەوڵەتی

گومانی تێدا نییە کە جیهانی ئەمڕۆ لەهەلومەرجێکی ئابووریی خراپدایە، بەوەی کە تا رادەیەکی زۆر لەرووی دراوەوە بووەتە یەك جەمسەرو، دۆلاریش لەسەر عەرشی دراوە نێودەوڵەتییەکاندایەو، زیاتر لە(٨٠٪) کۆی مامەڵەکانی بازاڕی نەختی بیانی لەجیهاندا کۆنترۆڵ کردووە. دۆلار ئەم پێگەیەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەهەوەنتە بەدەست نەهێناوە، دۆلار دراوی گەورەترین ئابووریی جیهانە، ئەو بڕەی لێی چاپکراوە هێندە زۆرە تا ئەو رادەیەی هەر دەوڵەتێك دەتوانێ بەشی پێداویستییەکانی خۆی بەمەبەستی یەدەك هەرچەند بێ دابین بکا، ئەو بڕە دۆلارە بازاڕێکی ئێجگار گەورەی ئیئتمانی پشتیوانی لێ دەکات، ئەویش گەورەترین بازاڕی ئیئتمانی ماوە کورتە لەجیهاندا، بەهەمان شێوە، قەبارەیەکی ئێجگار گەورە لەئامرازەکانی قەرز یارمەتیدەریەتی کە دەوڵەتانی جیهان دەتوانن دوو لایەنە سود لە یەدەکە دۆلارییەکانیان وەربگرن، واتە لەرێگەی بەکارهێنانی دۆلار وەك یەکەیەکی یەدەك، لەلایەکی تریشەوە بەدەستهێنانی داهات لەو یەدەکەی هەیانە بەهۆی کڕینی ئامرازەکانی قەرزی ماوە کورتی ئەمریکییەوە، هەموو ئەو مەزایانە رەهەندێکی دینامیکی دەدا بەدۆلار وەك دراوێکی یەدەك لەسەر ئاستی جیهان. تا ئێستا لەسەر ئاستی جیهان بەدیلێك نییە بۆ دۆلار کە هەمان ئەو مەزایانەی دۆلاری هەبێت.

کێشەکە لەوەدا نییە کە دۆلار ئەو قورساییە گەورەیەی لەتەسویە نێودەوڵەتییەکاندا بگرێ، ئەگەر هاتوو جێگیرییەکی رێژەیی هەبێ، یان سیاسەتە نەختی و داراییەکانی ئەمریکا مەعقولیەتی تێدا بێ، بەجۆرێك کە خستنەڕووی دۆلار بەنێوەنجێك گەشە بکا کە لەگەڵ گەشەکردنی راستەقینەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی و، گەشەکردنی خواستی دەرەکی لەسەر دۆلاری ئەمریکیدا بگونجێت، هەروەها بەجۆرێك کە سیاسەتە داراییەکانی ئەمریکا نەبێتە هۆی گەشەکردنی قەرزی گشتی بەرادەیەك کە بەدەر بێ لەتواناکانی ئەمریکا لەوەی کەبتوانێ بەئاسانی خزمەتی ئەو قەرزەی بکات، هەروەها ئەمریکا بتوانێ تەرازووی پێدانێکی هاوسەنگ بپارێزێت یان سەبارەت بە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی

کورتهێنانێکی ڕێژەیی هەبێت، کە ببێتە ڕێگر لەبەردەم داتەپینی نێوەنجی گۆڕینەوەی لەبەرامبەر بەدراوە سەرەکییەکانی جیهان، ئەمەش متمانەی جیهان بەو دراوە نێودەوڵەتییە پتەوتر دەکاو مەترسییە لاوەکییەکانی کەمتر دەکاتەوە.

وەلێ واقیعی حال ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە هەموو ئەو مەرجانە لە دۆلاردا نەماون، سیاسەتی نەختی ئەمریکا بەئامانجی هاندانی ئابووری و بەهێزکردنی دەرفەتەکانی دەربازبوونی لەو بێبازاڕییەی ئێستا، زۆرترین بڕی دۆلاری خستۆتە بازاڕ، لەمێژە سیاسەتی دارایی ئەمریکا، ئەگەر ساڵە کۆتاییەکانی ئیدارەی بیل کلنتۆنی لێ دەربکرێ، بەبێ دسپلین بەڕێوەدەچێ، ئەوەی قورەکەی خەستتر کردووە، سەرکردایەتی سیاسیی ئەمریکییە کە هێندێك جار سەرکێشیی سەربازی کردووە کە حساب بۆ ئاکامەکەی نەکراوە، دەرئەنجامەکەیشی زیادبوونی قەرزی گشتیی ئەمریکی بووە کە (١٠٠٪) لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی نزیك بووەتەوە، ئەمەش بەهەموو پێوەرەکان ئەگەر قەبارەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ئەمریکی وەربگرین ئەوا قەرزێکی ئێجگار گەورەیە، دوای ئەویش کورتهێنانی تەرازوی پێدانی ئەمریکی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری نادسپلینی بەکاربەری ئەمریکییەو، هەڕەشەیەکی سەرەکیش بۆ سەر دۆلار پێکدەهێنێت.

هەموو ئەو هۆکارانە دەچنە نێو یەك کەناڵەوە ئەویش گوشار خستنە سەر دۆلارە، لەسایەی بەردەوامبوونی ئەو هەلومەرجەدا چاوەڕوان دەکرا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێگەی دۆلار پاشەکشێی بکردبایە، بەڵام شکستی جیهان لەدۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێك بۆ دۆلار یارمەتیدەرێکی گەورەی دۆلار بوو بۆ ئەوەی لە ترۆپکی سستمی نەختی نێودەوڵەتیدا بمێنێتەوە، دۆلار بەردەوام بوو لەوەی کە بەهۆی گەورەیی ئابووریی ئەمریکی لەسەر ئاستی جیهان و ئەو بازاڕە گەورە داراییەیەوە ڕۆڵی دراوی جیهانی بگێڕێت.

لەوکاتەی جیهان لە ساڵی ١٩٧٣دەستبەرداری سستمی نێوەنجی گۆڕینەوەی جێگیری دراو بووە، هەموو دەوڵەتێك دەیتوانی سستمیکی گۆڕینەوەی گونجاو بۆ خۆی دیاری بکات، جیهان پەیڕەوی لە کۆپییەکی ڕێژەیی نامۆی سستمی

نێودەوڵەتیی نەخت دەکرد، بە جۆرێك کە سستمێکی نەختی جیهانی نیمچە گێڕی (شبه اعرج) پەیڕەو دەکرد، دۆلاری ئەمریکیش بەردەوام بوو لەوەی وەك سەنتەری سستمی نێودەوڵەتیی نەخت رۆڵی خۆی بگێڕێت، ئەوەش تارادەیەك هەمان ئەو رۆڵەیە کە لەسایەی سستمی نرخی جێگیری گۆڕینی دراودا دەیگێڕا، هاوکاتیش بەبێ ئەوەی ئەمریکا لەبەرامبەر بەدراوەکانی تری جیهاندا پابەندی پاراستنی بەهای جێگیری دۆلار بێ، یان بەبێ ئەوەی دەوڵەتانی تری جیهان پابەندبن بەیارمەتیدانی ئەمریکا بۆ پاراستنی جێگیری بەهای دۆلار یان هەوڵی کەمکردنەوەی گوشارەکانی سەر ئەمریکا بدەن، بەمەش جیهان کەوتە ژێر سایەی سستمێك کە پەیڕەوی لە رێسای بێ رێسا دەکات.

سستمی نێودەوڵەتیی نەخت کە لەسەر بنەمای رێسای بێ رێسا دامەزراوە، ئاستی مەترسییەکانی گواستنەوەی سەرمایەو وەبەرهێنان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەرزدەکاتەوە، بەتایبەتیش کە دەوڵەتی خاوەن دراوی نێودەوڵەتی بەرێسای گەمەکەوە پابەند نابێ کە رێگەی پێداوە رۆڵی دەرکردنی دراو بۆ هەموو جیهان بگێڕێت، بەمانایەکی تر، ئەو دەوڵەتە زیاتر بەلای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدا دایدەشکێنێ، رەوشی نێودەوڵەتیی دۆلاریشی لەدواوەی ریزبەندی زنجیرەی ئەولەویاتەکانی خۆی داناوە.

سستمی نێودەوڵەتیی نەختی لەهەلومەرجێکی نادیاردایە، هەردوو جەمسەرەکەی سستمی نێودەوڵەتیی نەخت، دۆلارو یۆرۆ رووبەڕووی مەترسی زۆر بوونەتەوە، دۆلار رووبەڕووی گوشارێکی زۆر بووەتەوە بەرەو داشکان، جا ئەو گوشارانە رەنگدانەوەی ئەو ئاراستە گشتییە مەودا دوورە بێ کە دەرئەنجامی پاشەکشێی توانای کێبڕکێی ئابووریی ئەمریکی بێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، یان رەنگدانەوەی سیاسەتە نەختی و داراییەکانی ئیدارەی ئابووریی ئەمریکی بێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە یۆرۆ رووبەڕووی توندترین تاقیکردنەوەی مانەوەی بووە، رەنگە ئەگەر رەوشەکە بەرەو خراپتر بچێ یۆرۆ وەك دراوێکی نێودەوڵەتی نەهێڵێت. رەوشی ئێستای سستمی نێودەوڵەتیی نەخت، بە لە بەرچاوگرتنی کەشی قەیرانەکە، کردوویەتیە سستمێك کە نەتوانێ درێژە بەخۆی بدات،

ئەمریکا بەسەدان ملیار دۆلاری خستۆتە بازاڕەکانی جیهان، ئەورووپاش ڕووبەڕووی تەوژمێکی گەورەی قەرزی سیادی بووەتەوە کە هەڕەشە لە تەواوی ئەورووپا دەکات.

لە سایەی هەلومەرجێکی لەو جۆرەدا، سروشتییە کە جیهان متمانە بەبازاڕ و وەبەرهێنەرانیش متمانەیان بە هەردوو دراوەکە لاواز بێ، بەتایبەتی لەسایەی ئەو بڕوایەی کە زەحمەتە ئەو دراوانە لەم قەیرانەی ئێستا رزگاریان بێت. ئەگەر رەوشەکە وابێ، ئەوە گومانی تێدا نییە کە جیهان پێویستی بە سستمێکی نێودەوڵەتیی نەختی بەدیل هەیە، کەزیاتر جێگیرو پتەوو توانای بەردەوامی هەبێ بەو جۆرەی کە یارمەتیدەری بازاڕەکان بێ بۆ جێگیریی و گەشەکردن، بە جۆرێك کە ئەم سستمە پشت بەزیاتر لەیەك بەدیل ویان یەك دراو ببەستێت، بەدیلە پێشنیارکراوەکان کە پێگەی ئەم ستمە نوێیە پێکدێنن چەند دانەیەکن، یەکەمیان، مافی تایبەتی راکێشان (حقوق السحب الخاصە)، ئەو دراوە حسابییەیە کە سندوقی نێودەوڵەتیی نەخت دەری دەکات، دووەم یوانی چینی بەوەی کە ئێستا دراوی دووەم گەورە ئابووریی جیهانە، سێیەم سستمی نێودەوڵەتی نەخت بە سستمێکی نێودەوڵەتی نەختی تر بگۆڕدرێتەوە کە پشت بە دراوێکی جیهانی ببەستێت.

مافی تایبەتی راکێشان دراوێکی حسابی رەسمیە سندوقی نێودەوڵەتیی نەخت دەریدەکات، ئێستا تەنیا لە نێوان بانکە ناوەندییەکانی دەوڵەتانی ئەندامی رێکخراوەکە مامەڵەی پێوە دەکرێت، کۆمپانیاو تاکەکان بۆیان نییە مامەڵەی پێوە بکەن، ئەم دراوە لە ساڵی ١٩٦٩ بۆ رووبەڕووبوونەوەی خواستی هەڵکشاو لەسەر سیولەی نێودەوڵەتی دروستکرا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دراوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەهۆی کەمی بڕی چاپکراو لێی، نەیتوانی وەك دراوێکی یەدەك سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، بەو بڕەی کە لەم دواییەدا بەپێی راسپاردەی گروپی بیست کە دەبوو سندوقی نێودەوڵەتی نەخت بایی (٢٥٠) ملیار دۆلار لە شێوەی مافی تایبەتی راکێشان چاپ بکات ( واتە نزیکەی " ١٦١,٢" ملیار یەکەی مافی تایبەتی راکێشان)، بۆ یارمەتیدانی دەوڵەتانی جیهان بۆ فەراهەمکردنی سیولەی یەدەکی سەربار. پێشنیاری بەکارهێنانی یەکەی مافی تایبەتی راکێشان

وەك دراوێکی نێودەوڵەتی رووبەڕووی چەندین کێشەی مەترسیدار بووەتەوە، لەوانە:

١)سندوقی نێودەوڵەتی نەخت ئێستا ناتوانێ بڕی پێویست لە مافی تایبەتی راکێشان چاپ بکا کەبتوانێ وەك دراوێکی نێودەوڵەتی پێداویستییەکانی بەکاربردنی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێ پڕ بکاتەوە، یان ئەو بڕەی کە ئێستا لێی چاپ کراوە بەبەراورد بە قەبارەی سیولەی نێودەوڵەتی، یان بەبەراورد بەو مامەڵەیەی رۆژانە لەبازاڕی نەختی بیانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێوەی دەکرێ زۆر کەمە.

٢)سستمی ئێستای دابەشکردنی بڕی چاپکراوی مافی تایبەتی راکێشان (بەپێی بەرکەوتی ئەندام لەسەرمایە) لەحاڵەتی بوونی بەدراوێکی نێودەوڵەتی، زامنی ئەوە ناکا کە هەموو دەوڵەتان پێداویستییەکانی خۆیان لەو دراوە بەمەبەستی یەدەك دەست بکەوێت، ئەو دەوڵەتانی بەشی زۆرتریان لە پێکهاتەی سەرمایەی سندوقدا هەیە، نمونەی ئەمریکا قورساییەکی زیاتریان دەبێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەمامەڵەکردن بەم دراوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە بەقەرزدانی زێدەی بەشەکەیانەوە هەیە بەدەوڵەتانی تر، ئەمەش وا دەکات ئەم دراوە بکەوێتە ژێر ئەو گوشارانەی کە رەنگە ئەو دەوڵەتە مومارەسەی بکات.

٣)مافی تایبەتی راکێشان دراوێکە ئابوورییەکی بەهێزی نییە گوزارشتی لێ بکاو یان ئابوورییەك نیە کە بتوانێ ببێتە سەرچاوەی هێزی ئەو دراوە، یان بانکێکی ناوەندی بەرگری لێ بکات، یان یەدەکێکی پێویست هەبێ پشتیوانی لێ بکات، لەبەر ئەوەی قەبارەی یەدەکی ئێستای سندوقی نێودەوڵەتی نەخت ناتوانێ رۆڵی لەچاپدانی دراوێك بۆ جیهان بگرێتە ئەستۆ.

٤)تەنیا بانکە ناوەندییەکانی ئەندامی سندوق بۆیان هەیە مافی تایبەتی راکێشان بەکاربهێنن، ئەمەش بەکارهێنانی ئەو دراوە سنوردار دەکات، دراویش نابێتە نێودەوڵەتی ئەگەر هاتوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەچڕی بەکار نەهێنرێت، پێشتر سندوق چەند هەوڵێکی بۆ بەکارهێنانی یەکەی مافی تایبەتی راکێشان لەلایەن کۆمپانیا فرە ناسنامەکانەوە دابوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

٥)ئەگەر بێتو یەکەکانی مافی تایبەتی راکێشان رێگەی پێ نەدرێ لەلایەن لایەنە غەیرە رەسمییەکانەوە بەکاربهێنرێ، ئەوا بەکەڵکی ئەوە نایەت وەك دراوێکی یەدەك بەکار بهێنرێت، واتە وەك هەر دراوێکی تر کە بانکە ناوەندییەکان بۆ بەرگری لە دراوە ناوخۆییەکانیان لەکاتی دەستوەردان لە بازاڕی نەختی بیانی بەکاری بهێنن، چونکە ناتوانێ لەکاتی پێویستدا لەپێناو بەرگری لە نێوەنجی نرخی گۆڕینەوەی دراوە ناوخۆییەکەی لەبازاڕی نەختی بیانی کڕین وفرۆشتنی پێوە بکات، بەتایبەتی کە بەکارهێنانی مافی تایبەتی راکێشان رەزامەندی پێشوەختی سندوقی دەوێت، پاشان بانکی ناوەندی ئەو دینامیکیە بازاڕییە پێویستەی نیە کە بە خێرایی بتوانێ کڕین و فرۆشتنی پێوە بکات.

٦)بەکارهێنانی یەکەکانی مافی تایبەتی راکێشان وەك دراوێکی یەدەك، مانای ئەوە نیە کە دەتوانرێ وەك دراوی ئیئتمان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەدەرەوەی چوارچێوەی بانکە ناوەندییەکانی دەوڵەتانی جیهان بەکاربهێنرێت، ئەمەش لە بەهای ئەم دراوە کەم دەکاتەوە، هەروەها لە لەقەبارەی ئەو دەستکەوتانەش کەم دەکاتەوە کە بانکە ناوەندییەکان دەرئەنجامی یەدەکەکانیان بەو دراوە بەدەستی دەهێنن.

٧)بەکاهێنانی یەکەکانی مافی تایبەتی راکێشان وەك دراوێکی یەدەك لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەخوازێ گۆڕانکاری بکرێ لە پەیکەری ئەو رۆڵەی سندوقی نێودەوڵەتیی نەخت لەسەر ئاستی جیهان دەیگێڕێ، لە قەبارەی ئەو دەرامەتە داراییەی بۆی رەخساوە، رێژەی بەشداری دەوڵەتانی جیهان لە سەرمایەی سندوق، هەروەها لەو رۆڵەی کە لە سەپاندنی سیاسەتەکانی جێگیریی ئابووریی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەیگێڕێت، رەنگە ئەمەش لەلایەن هێزە ئابوورییە جیهانییەکانەوە دژایەتی گەورەی بکرێت، بەتایبەتیش لەلایەن ئەمریکاوە، کە خاوەن هێزێکی بنەڕەتی دەنگدانی سندوقە.

لەروانگەی ئەو خاڵانەی سەرەوە ئەگەرەکانی بەردەم بوونی یەکەی مافی تایبەتی راکێشان بە دراوێکی نێودەوڵەتی وەك بەدیلی دۆلار لاواز دەبێ، لەبەر ئەوە ئەو بەدیلەی کە ئەگەری زیاتری هەیە کەبتوانێ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

کێبڕکێی دۆلار بکات و، وەك دراوێکی یەدەك و دراوێك بۆ تەسویەی ئاڵوگۆڕەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵـەتی جێگـەی بگرێتــەوە، بـەپێی بۆچــوونی هێنـدێك لــە چاودێرانی ئابووری یوانی چینییە. لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا چین وەك ئابووری بەرێژەی کەمتر لەوەی کە بەرێژەی ناوازە دادەنرێ گەشەی کرد، لـە رووی قــەبارەوە ئێستا بووەتــە دووەم ئــابووریی جیهــان دوای ئــەمریکا، بەتایبــەتی دوای ئــەوەی ئەمریکا بەهۆی قەیرانەکەیەوە چــەند ســاڵێکی گەشــەکردنی لەدەســتدا، بۆیــە هێندێك یوانی چینی بە بەهێزترین دراو دەبینن کە رەهەنــدی ســێیەمی جیهــان لەدوای دۆلار و یۆرۆ پێك بهێنێت.

بەڵام ئەگەرەکانی بەردەم بوونی یوانی چینی بــەدراوێکی نێودەوڵــەتی چــییە؟ یان ئەگەر عەرشی دۆلار داگیر بکا؟ ئەو مەرجانە چین کەدەبێ لەیواندا هەبێ بــۆ ئەوەی ئەو پێگە جیهانییە بگرێت؟ ئایا چین دەتوانێ ئەو مەرجانە بــۆ دراوەکــەی دابین بکات؟ ئایا لەبەرژەوەنــدی چــیندایە یــوان ببێتــە دراوێکــی نێودەوڵــەتی و هەمان رەوشی دۆلاری هەبێت؟ ئەگەر وایە بۆچی چین ئــەوە رەت دەکاتــەوە؟ یــان چین پلان دادەنێ بۆ ئــەوەی یــوان ببێتــە دراوێکــی نێودەوڵــەتی و شــوێنی دۆلار بگرێتەوە بەڵام دەیەوێ ئەو شوێن گرتنەوەیە هەنگاو بەهەنگاو بــەرەو ئامــانجێکی دوور مەودا ئەنجام بدات، وەك چۆن چین هەنگاو بە هەنگاو بــووە دووەمــین گــەورە ئابووریی لەسەر ئاستی جیهان؟ ئەی ئەو هەنگاوانە چین کە دەسەڵاتی نەختی بەو ئاقارە ناویەتی؟ ئایا ئەو هەنگاوانە بەسە بۆ ئەوەی یارمەتی یوان بدا بــۆ ئــەوەی ببێتە دراوێکی نێودەوڵەتی؟ یان ئەوەتا لەدووایدا یوان وەك دراوێکی نێودەوڵەتی وەك بەدیلی دۆلار خۆی دەسەپێنێت؟.

سەرەتا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ، کە تێکەڵاوبوونی ئابووریی چــین بە ئابووریی جیهان ئیزافەیەکی گرنگی بــۆ گەشــەکردنی ئــابووریی نێودەوڵــەتی کرد، ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتانی جیهان لەرێگــەی هــەناردەکردن بــۆ چــین یــان هاوردەکردنی سەرمایەی چین سودمەند بوون. وەلێ لەهەمان کاتیشدا، سیاسەتی هەناردەکردنی چین کە پشت بە دراوێکی بــەها جــێگیر دەبەســتێ لاســەنگییەکی گەورەی بازرگانی لەنێوان چین و دەوڵەتانی خۆرئاوادا دروست کــردووە، بــەجۆرێك

چینی کردۆتە خاوەن گەورەترین یەدەکی نەختی لەجیهان. ئەم سەرکەوتنە، چینی کردۆتە هێزێکی پاڵنەر بۆ پەیکەری ئێستای ئابووریی جیهان و، بۆ وروژاندنی ئەو پرسیارانەی سەبارەت بەو رۆڵە نادیارەی کە ئایا دەکرێ چین و یوان وەك دراوێکی نێودەوڵەتی و کۆگای بەهاو نێوەندێکی ئاڵوگۆڕ لەسەر ئاستی جیهان بیگێڕێت.

لەکاتێکدا یوانی چینی ئێستا بەدۆلارەوە گرێدراوەو، دراوێکە لەبازاڕی جیهانی نەختی بیانیدا توانای گۆڕینەوەی بۆ هیچ دراوێکی تری جیهانی نییە، ئایا یوان دەتوانێ جێگەی دۆلار بگرێتەوە، یان ببێتە بەدیلی؟ ئایا خۆرئاوا هیچ رێگرییەك لەبەکارهێنانی یوان وەك دراوێکی نێودەوڵەتی دەکا ئەگەر یوان ببێتە بەدیلی دۆلار؟

گومانی تێدا نییە کە خۆرئاوا خۆشحاڵ دەبێ بە نێودەوڵەتی بوونی یوان، چونکە ئەوە بەمانای ئەوە دێ کە یوان دەبێتە دراوێکی ئازادو پەیڕەوی سستمی گۆڕینەوەی ئازاد دەکات، ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ سوك کردنی ئەو لاسەنگییە بازرگانییە نێودەوڵەتییەی نێوان خۆرئاواو چیندا هەیە. لەلایەکی تریشەوە، ئەو بە نێودەوڵەتی بوونەی یوان بەشێوەیەکی گشتی لەبەرژەوەندی ئابووریی چیندا دەبێ، بەوەی کە راکێشانی سەرنجی زیاتری وەبەرهێنەرانی هەموو جیهان بەرەو ئسولی چینی لێ دەکەوێتەوەو، هەروەها هۆکارێکیش دەبێ بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە بۆ وەبەرهێنان لە ئسوڵی چینیدا.

سیاسەتی ئیدارەدانی ئابووریی هەموەکی لەسەر فەلسەفەی دەستوەردانی راستەوخۆ لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و تەرخانکردنی ئیئتمان و، ئاراستەکردنی پرۆسەی نرخاندنی کالاو خزمەتگوزاریی و نێوەنجی سود و گۆڕینەوە، دامەزراوە، بۆ نمونە، کۆمپانیاکانی چین لە رێگەی بانکەکانەوە بە نێوەنجی سودی دیاریکراو لەلایەن حکومەتەوە پێداویستییە داراییەکانیان دەست دەکەوێت، بەجۆرێك کە سیاسەتی نەختی لەرێگەی دەستوەردانی راستەوخۆ و بەندە هەمەجۆرەکانی چەندایەتییەوە ئیدارە دەدرێت، بەو بەندانەی کە لەسەر قەبارەی ئەو قەرزانەی کە بە کەرتە ئابوورییە هەمەجۆرەکان دراون. ئێستا

نێوەنجی گۆڕینەوەی یوانی چینی لەسەر بنـەمای پەیوەسـتبوونی یـوان بـە دۆلار دانراوە. بانکی ناوەندیی چین رایگەیاند بـوو کـە هەڵدەسـتێ بـە هـەمووارکردنی سستمی نێوەنجی گۆڕینەوەی یوان، بۆ ئەوەی مرونەی زیاتری هەبێ بە جۆرێك کـە چوارچێوەی هەڵبەزو دابەزی نێوەنجی گۆڕینەوەی لەگەڵ دۆلار فـراوان بکـا، وەلـێ بانکی ناوەندی ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو هەمووارکردنـە بـە قۆنـاغ جێبـەجێ دەکرێ و، بانکیش سنورێك بۆ نێوەنجی بەرزبوونەوەی رۆژانەی بەهای یوان دادەنـێ بەوەی کە نابێ چوارچێوەی ئەو هەڵبەزو دابەزینە (٠,٥٠ ٪) تێپەڕێنێت، بەڵکو نێوەنجی گۆڕینەوەی لەبەرامبەر بە دۆلار بە(٨,٦) یوان بۆ دۆلار جـێگیر بکرێـت. لە روانگەی بانکی ناوەندیی چینەوە لە ناوەڕاستی ٢٠١٠ پێویست بە ئیجرائـاتی جەوهەری لەنێوەنجی گۆڕینەوەی یـوان ناکـات، بـانکی ناوەنـدی خـۆی لەئاسـتی هاوسەنگیی مەعقولدا ئەو نێوەنجی گۆڕینەوەیـە دەپـارێزێ بـۆ ئـەوەی جـێگیری ئابووری و پشتیوانی هەوڵـەکانی دووبـارە پەیکەربەندکردنـەوەی ئـابووریی چـین بپارێزیت.

وەلێ ئەم سیاسەتانەی چین ئەوە نین کە دراوێکی نێودەوڵەتی دەیخوازێت، ئـەی ئەو ئیجرائاتانە چییە کە دەبێ چین بیگرێتەبەر بۆ ئەوەی یـوان ببێتـە دراوێکـی نێودەوڵەتی.

بۆ ئەوەی یـوان ببێتـە دراوێکـی نێودەوڵـەتی دەبـێ چـین ئـەم هەنگاوانـە بگرێتەبەر:

یەکـــەم: یـــەك لـــە پێکهاتـــە ســـەرەکییەکانی ســـەرکەوتنی پرۆســـەی بەنێودەوڵەتیکردنی یوان بەشێوەیەکی گەورە بەندە بەستراتیجیەتی چین سـەبارەت بە حسابی سەرمایە لە تەرازووی پێدانی چیندا، بە جۆرێك کە هەموو جۆرەکانی بزاوتی سەرمایە بەبێ هیچ کۆت و بەندێك بۆ ناوەوەو دەرەوەی چین بەیوان بکـرێ، بـۆ ئـەوەی وەبەرهێنـەرانی دەوڵـەتانی جیهـان پریاسـکەی دارایـی خۆیـان بـە ئامرازەکانی قەرزی چـینی و بـەنێوەنجی گونجـاوی دەسـتهات پێکبهێـنن، ئەمـە سەرەڕای بوونی سستمێکی بانکی پێشکەوتوو کە رێگە بە غەیرە موقیمەکان بدا بۆ دانانی هەموو جۆرە سپاردەیەکیان بە یوان وەك دراوی سپاردە لـە بانکـەکانی

چین بۆ غەیرە موقیمەکانی ناو چین و تەنانەت ئەوانەی دەرەوەی چینیش.

دووەم: پرۆسەی ئازادکردنی حسابی سەرمایە دەخوازێ کە چین سستمی نێوەنجی گۆڕینەوەی جێگیر بۆ سستمی نێوەنجی گۆڕینەوەی ئازاد بگۆڕێت، ئەوەش لە میانی فەراهەمکردنی بازاڕی ئازاد بۆ نەختی بیانی کە دەبێ بەپێی میکانیزمەکانی خواست و خستنەڕوو کار بکات، بەبێ ئەوەی هیچ دەستوەردانێکی حکومەتی تێدا بێ بۆ جێگیرکردنی بەهای یوان، هەروەها لادانی هەموو بەندەکانی بەردەم بزاوتی نێوەنجی گۆڕینی یوانی چینی بەو پەراوێزانەشەوە کە ئێستا وەك سنورێك بۆ هەڵبەزو دابەزینی رۆژانەی نێوەنجی گۆڕینەوەی یوان لەبەرامبەر بە دۆلار یان بۆ هەر دراوێکی تر، دیاری کراوە. بۆ ئەوەی یوان وەك دۆلار ببێتە دراوێکی یەدەك دەبێ چین پەیڕەوی لە سیاسەتێکی گۆڕینەوەی بیانی بکا کە ئاسانکاری بۆ بەکارهێنانی یوان لەسەر ئاستی هەموو جیهان بکا، چ بۆ مەبەستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بێ یان بۆ مەبەستی وەبەرهێنان بێت، بەڵام بۆ دەبێ کاتێك حسابی سەرمایە ئازاد بێ دەبێ سستمی نێوەنجی گۆڕینەوەی یوانیش ئازاد بکرێت؟

ئەو مەرجە یەك لە دەرهاویشتەکانی ئەو قەیرانە ئابووری و داراییەیە کە رووبەڕووی دەوڵەتانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا بووەوە، ئەو قەیرانە سەلماندی کە ئازادکردنی حسابی سەرمایە و لە هەمان کاتیشدا پاراستنی سستمی نێوەنجی گۆڕینەوەی جێگیر، دەبێتە هۆی ئاسانکاری پێشبینیکردنی گۆڕانکاریی نێوەنجی گۆڕینەوە، واتە مەترسییەکانی وەبەرهێنەرە بیانییەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، ئەوەش هانی لێشاوی سەرمایە بەرەو ناوخۆ دەدا، وەلێ لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەك لە رەوشی ئابووریی لەسەر ئاستی هەمووەکی، نێوەنجی گۆڕینەوەی جێگیر دەبێتە سەرچاوەیەکی شاردراوەی زیادبوونی پرۆسەی سەوداکاری زیان بەخش.

لە رووی بازرگانییەوە، سستمی بازرگانیی چین لەژێر دسپلینێکی توندایە سەبارەت بە بەکارهێنانی یوانی چینی لە تەسویەکردنی مامەڵە بازرگانییەکاندا، ئەو کۆمپانیایانەی رێگە بەتەسویەکردنی مامەڵەکانیان بەیوان

بدەن دەبێ یەکەم جار ڕەزامەندی بانکی ناوەندی چین وەربگرن، بەمانایەکی تر، هەموو کۆمپانیا چینیەکان بۆ وەرگرتنی ئەو مۆڵەتە لەبارنین، بەپێی سستەمی ئێستا تەنیا ڕێگە بەو کۆمپانیایانە دەدرێ کە ڕەوشی ئیئتمانییان بۆ مامەڵەکردنی دەرەکی بە بەکارهێنانی یوان باشە.

سێیەم: گواستنەوەی چین بۆ سستەمی نێوەنجی گۆڕینەوەی ئازاد بۆ یوان یارمەتی دەدا لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی سەربەخۆی نەخت، بێ گومان ئازادکردنی سیاسەتی نەختی دەبێتە هۆی ئازادکردنی نێوەنجی سود، بەجۆرێك ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی خواست و خستنەڕووی دارایی بێ لەبازاڕەکانی نەخت و ئیئتمانی چیندا بێت. لەلایەکی ترەوە، پرۆسەی ئازادکردنی نێوەنجی سود بەدوای خۆیدا مەترسییەکانی نێوەنجی سود بەرز دەکاتەوە، ئەمەیش جارێکی تر وا دەخوازێ کە ئاسانکاری خۆپارێزی دژ بە مەترسییەکانی نێوەنجی سود فەراهەم بکرێت.

چوارەم: لادانی کۆتو بەندەکانی بەردەم بزاوتی سەرمایە دەخوازێ کە چین زامنی فەراهەمکردنی بازاڕی ئامرازە کورت خایەنەکانی قەرز بکات، بۆ ئەوەی بانکی ناوەندی چین بتوانێ پرۆسەکانی بازاڕی کراوە جێبەجێ بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لێشاوی سەرمایەو، هەڵمژینی ئاسەوارەکانی ئەو لێشاوە لەسەر خستنەڕووی نەخت لەچین، ئێستا بازاڕێکی فراوان بۆ ئامرازەکانی قەرزی چینی نیە، تا ئێستاش ئەو ئامرازانە لەڕێگەی بانکە چینیەکان و لایەنە دەرەکییە ڕێگەپێدراوەکانەوە دەکڕدرێت، وەك بانکە فرە لایەنەکانی وەك بانکی ئاسیا بۆ گەشەپێدان و دامەزراوەی نێوەدەوڵەتیی بۆ تەمویل، هەروەها ئەو ئامرازانە تەنیا لە چین دەفرۆشرێن. ئازادکردنی یوان پێویستی بە بازاڕێکی پێشکەوتووی سەنەدات هەیە کە بتوانێ دەرفەتی باشتری وەبەرهێنان بە یوان بدات، چونکە وەبەرهێنەران و بانکە ناوەندییەکان تەنیا یوانی چینی هەڵناگرن بەڵکو ڕاستەوخۆ یەدەکەکانیشیان لەچین وەگەڕ دەخەن.

پەرەپێدانی بازاڕێکی بەتواناو فراوان بۆ ئامرازەکانی قەرزی کورت مەودای چینی پێویستە، چونکە ئەوە یەك لە مەرجە سەرەکییەکانی بازاڕی دارایی و

دراوە، کە دراوی یەدەك لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەکاردەهێنیت، دەوڵەتانی خاوەن دراوی یەدەك دەبێ دەوڵەتی قەرزار بن واتە بۆ ئەوەی بتوانێ ئامرازەکانی کورت خایەنی وەبەرهێنان بۆ ئەو یەدەکانەی لای بانکە ناوەندییەکانی دەوڵەتانی ترە دەبێ کورتهێنانی حسابی رەوانی خۆی بپارێزێ و زێدە لە حسابی سەرمایەیدا بەدەستبهێنێت. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەو پرسە دەخوازێ کە چین هەموارکردنی بنەڕەتی لە سامپڵی گەشەکردنەکەی و سیاسەتی بازرگانیدا بکا کە ئەو زێدە زەبەلاحە بازرگانییەی بۆ فەراهەم کردووە.

پێنجەم: ئەو دراوەی لەسەر ئاستی جیهان کاری پێ بکرێ بکرێ بانکێکی ناوەندی سەربەخۆی دەوێ کە ئامانجە نەختی و ئابوورییەکانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ دارێژرابێ و، هەموو ئەرکەکانی لەپێناو ئەو ئامانجانەدا دوور لە هەر کاریگەرییەکی سیاسەتە حکومییەکانی دەوڵەت بەجێ بهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێ زامنی جێگیری بەهای ئەو دراوە بکا کە دەریدەکات.

بەکورتی ئەگەر چین جدییە لەوەی کە دراوەکەی کێبڕکێی دۆلاری ئەمریکی و یۆرۆی ئەوروپی بکا وەك دراوێکی یەدەك و ئامرازێکی تەسویەی مامەڵە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان، دەبێ یوان بکاتە دراوێکی ئازاد و قابلی گۆڕینەوە بێت، بەجۆرێك کە بەهاکەی لە رێگەی خستنەڕوو خواست لەسەر بەکارهێنانی یوان لە پرۆسەی بازرگانی و وەبەرهێنان و یەدەك لەلایەن سەوداکارانی هەموو دەوڵەتانی جیهان دیاری بکرێت، سنورەکانیشی لەبەردەم ئازادی لێشاوی بازرگانی بۆ چین و لەچینەوە ئاوەڵا بکات و، هەموو کۆت و بەندە بازرگانییەکان لاببا و رێگە بە ئازادی گەیشتن بە بازاڕەکانی پشك و سەنەداتی بدات، هەروەها بە ئازادی ئاڵوێر بە دراوی یوان بکرێ بەبێ ئەوەی لەلایەن بانکی ناوەندی چینەوە دەست لە بازاڕی گۆڕینەوەی بیانی یوان بدرێت.

وەلێ ئەو هەنگاوانە پێویستی بە گۆڕانێکی ریشەیی ئەو فەلسەفەیە هەیە کە ئابووریی ناوخۆیی چینی پێ بەڕێوەدەبرێ و دەبێ شێوازی دروستکردنی سیاسەتە ئابوورییەکانیش هەموار بکرێت، چونکە ئەو سیاسەتە ئابوورییە هەموەکیەی ئێستا لە ئیدارەدانی ئابووریدا پەیڕەو دەکرێ لەسایەی

جێبەجێکردنی ئەو هەنگاوانەدا بەکەڵك نایەت، دەبێ چین فەلسەفەیەکی ئابووریی تەواو جیاواز پەیڕەو بکاو گۆڕانکاری لە شێوازو ئامرازەکانیدا بکا تەواو جیاواز بێ لەوەی کە ئێستا ئابووریی هەمووەکی پێ ئیدارە دەدات.

لێرەوە هەوڵ دەدرێ ئەو هەنگاوانەی کە چین بۆ ئەوەی یوان بکاتە دراوێکی نێودەوڵەتی گرتویەتیەبەر باس بکرێ، ئایا بەکردەوە چین ئامادەیە ڕێگە بەوە بدات کە یوان بکاتە دراوێکی نێودەوڵەتی یان ئارەزووی نیە یان هێشتا بۆ ئەو هەنگاوە خۆی ئامادە نەکردووە؟

بەر لەوەی شرۆڤەی ئەو پرسە بکەین، باشتر وایە جیاوازی لەنێوان دوو پێناسەی دراوە سەرەکییەکانی جیهان بکەین، پێناسەی یەکەم دراوی نێودەوڵەتی، ئەو دراوەیە کە بۆ تەسویەکردنی مامەڵە بازرگانیی و داراییەکانی نێوان دەوڵەتان بەکاردێت، لەم ڕووەشەوە ژمارەیەکی باشی دراوی نێودەوڵەتی هەیە، دیارترینیان دۆلاری ئەمریکی و یۆرۆی ئەورووپی و یەنی ژاپۆنی و جونەیهی ئستەرلینی و فرەنکی سویسریە. دووەمیان دراوی یەدەکی جیهانییە، ئەو دراوەیە کە بانکە ناوەندییەکانی دەوڵەتانی جیهان لای خۆیان گلی دەدەنەوە لەچوارچێوەی سەبەتە یەدەکێکدا بۆ داپۆشینی بەشێکی ئەو دراوە نیشتمانیەی لە چاپی دەدا، هەروەها بەمەبەستی دەستوەردان لە بازاڕی نەختی بیانی بۆ بەرگری لە دراوەکانیان بەکاریدەهێنن، لەم ڕووەوە، تەنیا دوو دراو هەیە، ئەوانیش دۆلارو یۆرۆیە، کەواتە بەنێودەوڵەتیکردنی یوان دەبێ سەرەتا بکرێتە دراوێکی نێودەوڵەتی کە لە تەسویەکردنی مامەڵە بازرگانیی و داراییەکانی نێوان دەوڵەتاندا بەکاربهێندرێت، پاشان ئەگەر هاتوو یوان توانی متمانەی جیهان بەدەست بهێنێ دەگۆڕێ بۆ دراوێکی یەدەکی نێودەوڵەتی وەك دۆلارو یۆرۆ.

ئەو هەنگاوانە کامانەن کە چین لەپێناو گۆڕینی یوان بۆ دراوێکی نێودەوڵەتی گرتویەتیەبەر؟ بەشێوەیەکی گشتی تا ئێستا چین خۆشحاڵە بەلێشاوی هاتنی سەرمایەی ڕاستەوخۆ بۆ ناو وڵاتەکەی، هەروەها تەسویەکردنی هێندێك لە مامەڵە بازرگانییەکان بە یوان ئەنجام بدرێت، هەروەها ڕێگە بە ئازادی هاتنەژوورەوەی داهاتی دەستکەوتە دەرەکییەکانی کۆمپانیا چینیەکان و

تەحویلکردنی داهاتەکانی ئەو کرێکارە چینیانەی لەدەرەوە کار دەکەن. وەلێ سەبارەت بە گرنگترین ئەو هەنگاوانەی چین ناویەتی سەبارەت بەنێودەوڵەتیکردنی یوان، ئەمانەن:

یەکەم: لە کانونی یەکەمی ۲۰۰۸ وە چین شەش رێککەوتنامەی بۆ تەرتیباتی ئاڵوگۆڕ بە (٦٥٠) ملیار یوان ( کە نزیکەی ۹٥ ملیار دۆلار دەکات) لەگەڵ ئەندەنوسیاو کۆریای باشوورو هۆنگ کۆنگ و مالیزیاو روسیای سپی و ئەرجەنتین ئیمزا کردووە، بەجۆرێك کە ئەو رێکەوتننامەیە رێگە بەو دەوڵەتانە دەدا کە دراوەکانیان بە یوان بگۆڕنەوە. وەلێ بایەخی ئەو جۆرە رێککەوتننە بۆ کۆی بازرگانی دەرەکی چین سنوردارە. بەپێی ئەو رێککەوتننە چین رێگە بە بانکە ناوەندییەکانی ئەو دەوڵەتانە دەدا بەفرۆشتنی یوان بە هاوردەکارانی ئەو دەوڵەتانە بۆ هاوردەکردنی کاڵای چینی بە یوان، ئەمەش یارمەتی کۆمپانیا بیانییەکان دەدا کە تێچوونی مامەڵە بازرگانیی و داراییەکانیان، کە ئەو کۆمپانیایانە دەیگرنە ئەستۆ لە میانی گۆڕینەوەی دراوە نیشتمانییەکانیان بە دۆلاری ئەمریکی ( ئەو دراوەی کە چین لەبەرامبەر بە هەناردەکانیدا وەری دەگرێت)، هەروەها ئەو هەنگاوە یارمەتی کۆمپانیا چینییەکانیش دەدا بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی هەڵبەزو دابەزی نێوەنجی گۆڕینەوەی دۆلار.

دووەم: سێ گەورە کۆمپانیای چینی (Shanghai Silk Group و Shanghai Electric Group Co وShanghai Huanyu Import & Export Co) بەکردەوە گرێبەستی تەسویەی کۆنتراکتە بازرگانییەکانیان لەگەڵ هۆنگ کۆنگ و ئەندەنوسیا ئیمزا کردووە بەوەی لەبری دۆلار مامەڵە بە یوانی چینی بکەن.

سێیەم: چین رێگەی بە هەناردەو هاوردەکارانی هەرێمەکانی باشووری داوە بە تەسویەکردنی هەموو ئەو مامەڵە بازرگانیی و داراییانەی لە هەرێمەکانیانەوە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ئەنجام دەدرێ بە یوان بیکەن، هەروەها رێگەی بە بانکە بیانییەکان داوە بە یوان حساب بۆ کۆمپانیا عەمیلەکانیان بکەنەوە لە شوێنەکانی وەك هۆنگ کۆنگ و سەنگافورە.

چوارەم: هۆنگ کۆنگ دەستنیشان کراوە بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی تاقیکردنەوەی چالاکییەکانی بازاڕی سەرمایە بەیوان، کە ڕێگە بە هێندێك لە بانکەکانی هۆنگ کۆنگ دراوە بۆ ئەوەی کاغەزی دارایی بە یوانی چینی دەربکات لەگەڵ ڕێگەدان بەو بیانیانەی لە هۆنگ کۆنگ دانیشتوون و هەروەها بانکە ناوخۆییەکان ئەو کاغەزە داراییانە بکڕن، هەنگاوێکی لەو جۆرە ڕەنگە بەشداری لە خولقاندنی بازاڕێکی سەرمایە (ئۆف شۆر) بۆ یوان بکات، لەوانەیە ئەو هەنگاوە ببێتە هۆی خێراکردنی ئازادکردنی نێوەنجی سود لە ناوچەکانی تری چین، لەبری ئەوەی ئێستا کە بانکی ناوەندی چین نێوەنجی سود دیاری دەکات.

پێنجەم: چین سستمێکی تەسویەی فرە لایەنی داناوە کە لەڕێی سستمی بازرگانی بۆ گۆڕینەوەی دراوی بیانی لەچین بەڕێوەدەبرێ ( China Foreign Exchange Trading System (CFETS کە خزمەتگوزاریی تەسویەی مامەڵەی بازرگانی ٢١ هەرێمی چین لەگەڵ بازاڕی نێودەوڵەتی بۆ بازرگانی بە یوان ئەنجام بدەن لەبری ئەوەی بە دۆلار، یۆرۆ، یەن، جونەیهی ئستەرلینی و دۆلاری هۆنگ کۆنگ بکەن.

شەشەم: چین دەستی بە ئەنجامدانی هەندێك تەرتیبات کردووە لە یواندا کە لێوەی چین هەڵدەستێ بە فەراهەمکردنی یوان بۆ بانکە ناوەندییەکان بۆ ئەوەی تەمویلی ئەو مامەڵە بازرگانیانە بکا کە لەگەڵ چین دەکرێن، ئەوەش بۆ هەریەك لە ئەرجەنتین و هۆنگ کۆنگ و ئەندەنوسیا و مالیزیاو کۆریای باشوور کراون.

حەوتەم: لە پێناو فراوانکردنی چوارچێوەی بەکارهێنانی یوان لە تەسویەکردنی مامەڵە بازرگانیی و داراییەکاندا، لە ئایاری ٢٠٠٩ چین گرێبەستێکی لەگەڵ بەرازیل ئیمزا کردووە بۆ ئەوەی بە یوان هاوردەی بەرازیلی لەچین تەسویە بکرێ و، هاوردەی چینیش لە بەرازیل بە ریالی بەرازیلی تەسویە بکرێ، بەبێ ئەوەی دۆلاری ئەمریکی بەکاربهێنن.

لەگەڵ ئەوەی ئەو جۆرە ڕێککەوتنانە وەك هەنگاوی گرنگی بەنێودەوڵەتیکردنی یوان تەماشا دەکرێ، وەلێ ئەو ڕێککەوتنانە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کۆتوبەند دەبێتەوە کە گومانێکی زۆر لەمەڕ ئەگەرەکانی سەرکەوتنی

ئەو پرۆسەیە دەکات لەئاییندەدا، بازرگانیکردن لەنێوان دوو دەوڵـەت بـەدوو دراو کە هیچیان قابلی تەحویلکردن نین، لەرووی هونەرییەوە دەخوازێ بانکی ناوەنـدی هەردوو دەوڵەت بەردەوام لەهەموو گرێبەستە بازرگانییەکانی نێوانیانـدا رۆڵیـان هەبێ، بێ گومـان ئەمــەش چوارچـێوەیەکی سـەرکەوتوو نـابێ بـۆ ئەنجامـدانی مامەڵەیەکی بازرگانی سەرکەوتوو و چالاك.

لەلایەکی ترەوە، سروشتی ئەو رێککەوتنانەی کە لەنێوان چین و دەوڵەتانی تر ئیمزا کراون، پرسیارێك دەوروژێنێ سەبارەت بەو میزەیەی کە دەوڵەتانی تـر لـەو رێککەوتنانە دەستیان دەکەوێت. ئەو دەوڵەتانەی زێدەیان لـە یـوان دەبـێ تـەنیا دەتوانن لەدانەوەی بەهای هاوردەکانیان لەچین بەکاری بهێنن، واتـە نـاتوانن ئـەو یوانەی چین بۆ هیچ مامەڵەیەکی تری بازرگانیی و دارایی بەکاربهێنن، وا دەکات ئەو دەوڵەتانە رووبەڕووی گرفتێکی راستەقینە ببنەوە لەوەی چـۆن مامەڵـە بـەو زێدەیەوە بکەن. لەلایەکی ترەوە ئەو دەوڵەتانە ناتوانن ئەو زێدەیە لە ئامرازەکـانی قەرزی چیندا وەبەربهێنن چونکە تا ئێستا چین حسابی سەرمایەی وڵاتەکەی ئازاد نەکردووە، هەروەها ناتوانن بۆ دانەوەی بـەهای هاوردەکانیـان لەدەوڵـەتانی تـری غەیرە چین بەکاری بهێنن، تاوەکو پەرە بەو رێککەوتنانە نەدرێ بـۆ ئـەوەی لانـی کەم شێوەی ناوچەی بازرگانی وەربگرێ و رێگە بە بەکارهێنانی یـوان بـدرێ وەك دراوێکی هاوبەشی نێوانیان، ئەمەش جارێکی تر دەخوازێ یوان ئازاد بکرێ. لانی کەم لەچوارچێوەی ئەو ناوچە بازرگانییەدا، هەروەها ئەو دەوڵەتانـە نـاتوانن ئـەو زێدەیەی یوان بۆ بەرگریکردن لە دراوی وڵاتەکانیان لەبازاڕی گۆڕینەوەی بیانیـدا بەکاربهێنن ئەگـەر هـاتوو دراوی وڵاتـەکانیان دووچـاری گوشـار بـوو، چـونکە لەبنەڕەتدا یوان قابلی گۆڕینەوە نییە.

لە سـۆنگەی ئـەوەی سـەرەوە، ئـازادکردنی مامەڵـەکردن بـە یـوانی چـینی لەمیانی رێککەوتنە دوولایەن و فرە لایەنانەدا، باشترین رێگەی ئازادکردنی یوان نیەو، هەنگاوێکی دروستی بەنێودەوڵەتیکردنی یوان نیە. ئەو جۆرە رێککەوتنانـە بەردەوامی زاڵبوونی دەسەڵاتی چـاودێرییە لەسـەر نێـوەنجی گۆڕینـەوەی یـوان و دوورخستنەوەیەتی لەکارکردن بە میکانیزمەکانی ئابووریی بازاڕ.

زیاتر لەوەش فراوانکردنی ئەو جۆرە رێککەوتنانە چین ناچار دەکا یـان دەبـێ سسـتمێکی ناوەنـدی بـۆ مامەڵـەکانی یـوان دابمـەزرێنێ وەك ئـەوەی سـندوقی نێودەوڵەتیی نەخت بۆ رێکخستنەوەی مامەڵەکردنی مـافی تایبـەتی لەراکێشـان دایمەزراند بوو، ئەمەش بەهۆی ئەو کۆتوبەندە ئیدارییەی بەسـەر بەکارهێنانیـدا سەپێندراوە بایەخی یوان کەمدەکاتەوە. لەبەر ئەوەی یوان قـابیلی تـەحویل نیـە، بەکارهێنانی یوان لە پرۆسەی تەمویلکردنی کۆنتراکتێکـدا کـە چـین لایـەنیکی نەبێ، دەبێ رەزامەندی چین لەسـەر ئـەو کۆنتراکتـە وەربگـرێ تـاوەکو بتـوانرێ لایەنەکەی تر یوان لە دانی بەهای هەناردەکانی چیندا بـەکاربهێنێت، ئـەزمونی نێودەوڵەتان لەم جۆرە رێککەوتنانەدا دەرئەنجامی گوشـاری ئیـداری و رۆتینـاتی زۆری تەسویەکردنی ئەو مامەڵانەدا شکستیان هێناوە.

ئەوەی ئێستا چین ئەنجامی دەدا، ئازادکردنی هەندەکی پرۆسەی تەمویلکردنی بازرگانی دەرەکیەتی بەیوان، واتە بـۆ پرۆسـەکانی تـەرازووی بازرگانییـەو، ئـەو ئازادکردنە پرۆسـەی حسـابکردنی سـەرمایە لـە تـەرازووی پێدانـدا ناگرێتـەوە. لەلایەکی ترەوە، وەك دەردەکەوێ چین نیەتی ئازادکردنی نێوەنجی گۆڕینەوەی یوانی نیە بەپێی میکانیزمەکانی بازاڕ، تا ئێستاش بانکی ناوەندی چـین رۆژانـە تـەنیا رێگە بە هەڵبەزو دابەزی بەهای یوان لە سنوری (٠,٥٠٪) لەبەرامبەر بـە دۆلار دەدات.

زیاد لەوەش، لەبەرژەوەندی چیندا نیە کـە خواسـتی جیهـانی لەسـەر دۆلاری ئەمریکی کەم بێتەوە یان رۆڵی وەك دراوی یەدەکی جیهـانی پاشەکشـێ بکـات، بەوەی یەکەم دەوڵەتی جیهانە کە رەنگبـێ لە دەرئەنجامی دابەزینی بـەهای دۆلار بەهۆی داشکانی خواست لەسەری زیان بکات، ئەوەش بەهۆی ئەو یەدەکـە هـەرە زۆرەی دۆلار و ئامرازەکانی قەرزی ئەمریکی کە لای چینە.

لەگەڵ ئەوەی هەلومەرجی ئێستای نێودەوڵەتی باشـترین دەرفەتـە کـەدەکرێ لێـوەی یـوان لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی بـەکاربهێنرێ بـەهۆی لاوازی دراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك دۆلارو یۆرۆ، وەلی وەك دەردەکەوێ چین ئارەزووی ئەوەی نیە کە یوان بکاتە دراوێکی نێودەوڵەتی، ئەوەی گومانی تێدا نیە کاتێك قەیرانەکـە

کۆتایی دێ و جارێکی تر متمانـه بـۆ هـەردوو دراوە سـەرەکییەکە دۆلارو یـۆرۆ دەگەڕێتـــەوە ئەگـــەرەکانی بـــەردەم ســـەرکەوتنی هەوڵـــەکانی چـــین بـــۆ بەنێودەوڵەتیکردنی دراوەکەی کەمدەبێتەوە.

کردنی یوان بە دراوێکی نێودەوڵەتی، بـە زەرورەت دەخـوازێ وەك لەپێشـتردا ئاماژەی پێدرا، نێوەنجی گۆڕینەوەی ئازاد بکرێ، ئەمەش دەرئەنجامی گوشارەکانی خواست لەسەر یـوان لـەبازاڕی گۆڕینـەوەی بیـانی بـەهای یـوان بەرزدەکاتـەوە، ئەمەش ئەو پرسەیە کە چین لـەمیانی رەتکردنـەوەی ئـەو داخوازییانـەی جیهـان بەتایبەتیش خۆرئاوا بۆ بەرزکردنەوەی بەهای دراوەکەی، ماوەیەکی درێژە خۆی لێ دوور دەخاتەوە، بۆ ئەوەی میزەیەکی کێبڕکێی زیادە بۆ هەناردەکانی لە بازاڕەکانی دەرەوە کە دەرئەنجامی نزمی بەهای یوان لـە ئاسـتی راسـتەقینەی خـۆی زامـنی دەکات، بەمەش کالاو بەرهەمـەکانی چـین بەبـەراورد بـە هـی دەوڵـەتانی تـری کێبڕکێکاری لە دەوڵەتانی باشوری خۆرهەلاتی ئاسیاو دەوڵەتە هەڵکـەوتووەکانی وەك بەرازیل هەرزانتر دەکات. ئەگەر هاتو چین هەنگاوێکی لەو جۆرە هەڵبنێ ئەوا بێ گومان بەشێکی ئەو میزەی کێبڕکێیەی کە بەهۆی ئـەو سیاسـەتەی ئێسـتای یوانەوە بەدەسـتی هێنـاوە، لەدەسـت دەدات، دەبێتـە سـەرەتای کۆتـایی هـاتنی سیاسەتی پشتیوانیکردنی شـاراوەی هـەناردەی چـین بـۆ بازاڕەکـانی دەوڵـەتانی جیهان، ئەوەی ئاشکرایە، چین هێشتا ئامادە نیە نرخـی ئـەم ئەگـەرەی کێبڕکێـی بازرگانییەی لەبەرامبەر بەدەوڵەتانی تردا بدات.

بە کورتی، ئەو هەنگاوانەی تا ئێستا چین ناویەتی بۆ ئەوە نیـە یـوان بکاتـە دراوێکی نێودەوڵەتی یان وەك دراوێکی یـەدەکی نێودەوڵـەتی بـەکاری بهێنێـت، بەقەدەر ئەوەی بۆ بەکارهێنانی یوانە لە تەسویەکردنی مامەڵـە بازرگانییـەکانی وڵاتەکـەی لەگـەڵ شـەریکە بازرگانییـەکانی، بـۆ ئـەوەی ئاسـتی پشتبەسـتنی بەبەکارهێنانی دۆلاری ئـەمریکی کەمبکاتـەوە. کەواتـە گومـانێکی زۆر هەیـە لەسەر ئەوەی چین بتـوانێ دۆلاری ئـەمریکی تێپـەڕێنێ، باشـترین سـیناریۆکانی بەردەم چین بۆ ئەوەیە کە یوان بکاتە دراوێکی لاوەکی وەك یەنی ژاپۆنی. سەبارەت بەوەی یوان ببێتـە دراوێکـی یـەدەکی نێودەوڵـەتی وەك دۆلار ئـەویش پێویسـتی

بەکاتێکی زۆر درێژ هەیە، یان ڕەنگە یوان سەرکەوتوو بێ لەوەی ببێتە دراوێکی یەدەکی ئیقلیمی، لەنێوان چین و دراوسێکانیدا، بە حوکمی بەهێزی ئەو پەیوەندییە ئابوورییەی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەوا چین ناتوانێ پێداویستییەکانی ئەو پرۆسەیە چ لەمەودا کورت و مامناوەندا فەراهەم بکا یان تەنانەت ناتوانێ پێداویستییە پەیکەرییەکانی ئەو پرۆسەیە دابین بکات.

# بەشی پێنجەم

## ئەوروپاو قەیرانی ئابووریی و دارایی جیهان

(١)

## قەیرانی ئابوری یۆنان و کاریگەریی لەسەر ناوچەی یۆرۆ

دوابەدوای ئەوەی کە قەیرانی دارایی وئابووری جیهان لە ساڵی ٢٠٠٨ دەستی پێکرد، ئابووری دەوڵەتانی خۆرئاواو ئاسیاو ناوچەکانی تری جیهان بەپلەی جیاوازو وردە وردە بەرەو دەربازبوون لە ئاسەوارەکانی قەیرانەکە رۆیشتن، قەیرانی یۆنان تەقییەوەو کەشوهەوای قەیران سەرلەنوێ سەریهەڵدایەوە. کاتێک سەرەتاکانی قەیرانی قەرزەکانی یۆنان بەدیار کەوت، زۆربەی دەوڵەتانی ئەورووپا لەبەرامبەریدا هەڵوێستی توندیان نواند، بەتایبەتیش ئەڵمانیا کە داوای لە یۆنان کرد کە دەبێ خۆی کاروباری دارایی خۆی رێکبخاتەوە وسیاسەتێکی دەستگرتنەوەی توند پەیڕەوبکات و، هاوکاتیش پەنا بۆ دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکانی وەك سندوقی نێودەوڵەتی نەخت ببەن بۆ داڕشتنی بەرنامەو پلانێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشە داراییەکانیان کە کورتهێنانی گەورەی بودجەی گشتی و گەورەبوونی قەبارەی قەرزەکان دوو هۆکاری سەرەکی بوون.

دوای ئەو هەڵوێستە توندەی ئەورووپا، هەڵوێستەکە گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات، دەوڵەتە ئەورووپییەکان کۆبوونەوەو بڕیاری تەرخانکردنی یەك ترلیۆن دۆلاریان بۆ جێگیریی دارایی یۆنان و دەوڵەتانی تری وەك ئسپانیاو پورتوگال دا، بۆ ئەوەی قەیرانەکە بۆ ناوچەی یۆرۆو یەکێتیی ئەورووپا نەپەڕێتەوە، هەروەها سندوقی نێودەوڵەتی نەختیش بەهەمان شێوەو بۆ هەمان مەبەست و بۆ نەپەڕینەوەی بۆ دەرەوەی سنوری یەکێتیی ئەورووپا سەدان ملیار دۆلاری تەرخانکرد.

ئەوەی سەرەوە دەریدەخا کە ئەو قەیرانە تەنیا قەیرانی ئابووریی یۆنان نەبوو بەڵکو بووە قەیرانی ناوچەی یۆرۆ و دواتریش هەموو ئەورووپا، بۆیە کەوتنە بەر ئەو رەوشەی کە جێگیریی دارایی هەمووانی رووبەڕووی لاسەنگی کردەوە، هۆکاری

هەموو ئەوەش بۆ تێکەڵاویی ئابووریی ودارایی جیهان دەگەڕێتەوە.

ئابووریی یۆنان یەك لەو (١٧) ئابوورییەیە کە بە یۆرۆ مامەڵە دەکا، بەپێوەری ئەورووپا ئابوورییەکی بچوك ودیاریکراوە، تەنیا (٢٪ بۆ ٣٪) قەبارەی ئابووری ئەورووپاو بەرهەمی ناوخۆییەکەیشی تەنیا (٣٪) کۆی بەرهەمی ناوخۆیی یەکێتیی ئەورووپا پێکدێنێت، بەڵام کورتهێنانی بودجە گشتییەکەی (١٣٪)ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی دەکا، واتە پێنج هێندەی ئەو رێژەیەیە کە رێگەی پێدراوە لەناوچەی یۆرۆ، قەبارەی ئەو کورتهێنانە (٤٠٠) ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە، ئایا قەیرانی دارایی وڵاتێکی قەبارەی بچوکی وەك یۆنان ئەو هەموو هەڵایەی دەوێ؟ هۆکاری کێشەکە تەنیا خودی ئابووریی یۆنان نەبوو، بەڵکو بەهۆی پەیوەست بوون و تێکەڵاویی دارایی و ئابووری دەوڵەتانی جیهان، دەرهاویشتەی گەورەی لێکەوتەوە. قەیرانی یۆنان گێژاوێکی لەبازاڕە داراییەکاندا دروستکرد، لەهەفتەی یەکەمی مانگی ئایاری ٢٠٠٩ نرخی پشکەکانی بۆرسەی نیویۆرك لەیەك رۆژدا بەنزیکەی (٥٪) دابەزی، ئەوەش گەورەترین زیان بوو لەدوای ئەوەی پێی دەگوترا رۆژی دووشەممەی رەش لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ توشی هاتبێت، نرخی پشکەکانی بۆرسە بەردەوام بوون لە داشکان تاوەکو دەوڵەتانی ئەورووپاو سندوقی نێودەوڵەتی نەخت پشتیوانی خۆیان بۆ یۆنان راگەیاندو سەدان ملیار دۆلاریان بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکرد. لەهەمان کاتیشدا یۆرۆ لە (٦٪)ی بەهاکەی خۆی لەدەستداو، بەردەوامیش بوو لەداشکان. کاریگەرییەکە تەنیا بۆرسەی نیویۆرك و بۆرسەکانی تری ئەورووپای نەگرتەوە بەتەنیا بەڵکو ئەو کاریگەرییە گەیشتە زۆربەی بۆرسەکانی خۆرهەڵاتی دوور، تەنانەت بۆرسەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشی گرتەوە. بەو شێوەیە قەیرانی یۆنان وەك یاری دۆمینۆ بەزنجیرەیەك بەدوای یەکدا قەیرانەکەی بۆ هەموان گواستەوە، لەیۆنانەوە بۆ قەیرانی ناوچەی یۆرۆو پاشان بۆ قەیرانی بازاڕی کاغەزە داراییەکانی ئەمریکاو لەوێشەوە بۆ قەیرانی بازاڕە داراییەکانی تری جیهان. بەو جۆرە قەیرانێکی دیاریکراوی دەوڵەتێکی بچوکی وەك یۆنان بووە قەیرانێکی جیهانیی و هەڕەشەی لە ئابووریی جیهان دەکرد. ئەمە ئەوەیە کەپێی

دەگوترێ ( کاریگەری چەندانە ) (اثر المضاعف) کە دەرئەنجامی گۆڕانێکی سەرەتایی دیاریکراو ئاسەوارە کۆتاییەکان قەبە دەکات. بەجۆرێك کە هەڕەشە لە جێگیریی دارایی دەکات. لەم قەیرانەی یۆنانەوە دەردەکەوێ کە جێگریی دارایی و رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە مەسەلەیەك نییە پەیوەندیی بە دەوڵەتێك یان ناوچەیەکی دیاریکراوەوە هەبێت، بەڵکو پەیوەستە بەتەواوی سستمی داراییەوە، ئەمە ئەوەیە کە لەگەڵ یۆنان روویدا. قەیرانی یۆنان تەنیا مەترسی دەوڵەتێك نییە کە قەبارەی قەرزەکانی زیادبووە بەقەدەر ئەوەی مەترسیی سستمە کە سستمی دارایی جیهان دووچاری دەبێت، هەموو ئەوەش دەرئەنجامی پەیوەست بوون و تێکەڵاویی دارایی جیهانە.

پەیوەستبوون و تێکەڵاوبوونی ئابووریی جیهان چەندین شێوازی جۆراو جۆری وەرگرتووە، مەترسیدارترینیان لەرێگەی تێکەڵاوبوونی داراییەوە بەدیار کەوت، پێدەچی ئەوەی لە بواری پەیوەندییکردنیشدا روودەدا لەوە کەمتر نەبێت. پێدەچی ئەو تێکەڵاوبوونی داراییە یەك لەدەرئەنجامەکانی شۆڕشی پەیوەندیکردن بێت. جیهان چەندین جۆری لە تێکەڵابوونی ئابووری بەخۆوە بینیەوە کە بەشێوەی یەك لەدوای یەك بەدرێژای چوار سەدەی رابردوو تا گەیشتۆتە ئەم قۆناغەی ئێستا لە تێکەڵاوبوونی دارایی و زانیاری. لە هەردوو سەدەی شازدەو حەڤدەوە، لەگەڵ بزاوتی دۆزینەوە جوگرافییەکان، دیاردەکانی تێکەڵاوبوونی ئابووری لەگەڵ فراوانبونی قەبارەی بازرگانی جیهانی لەگەڵ هەردوو ئەمریکای باکورو باشور دوای دۆزینەوەیان لەلایەن کۆلۆمبوسەوە، یان لەگەڵ خۆرهەڵاتی دوور دوای سەرکەوتنی سەفەرەکی دی گاما کە لەدەوری (رأس الرجاء الصالح) دەستی پێکرد. بەو جۆرە بواری ئاڵوگۆڕی بازرگانی فراوان بوو بەجۆرێك تەواوی گۆی زەوی گرتەوە. هەڵایسانی شۆڕشی پیشەسازی و فراوانبوونی ئیمپراتۆری بریتانیا، دواتریش هی فەرەنسا، لە کۆلۆنیالەکانی ئاسیاو دوای ئەویش ئەفریقیا، گۆڕێکی نوێی بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان دەوڵەتانی پیشەسازی لەئەوروپا لەلایەك و، لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ دەوڵەتانی هەناردەکاری کەرەسەی خاو لە کیشوەرەکانی تر. لەنیوەی دووەمی سەدەی بیست ناوەندی قورسایی لە ئینگلتەراوە بۆ ئەمریکا

گواسترایەوە. دەوڵەتانی جیهان لەرووی داراییەوە لەرێگـەی ناوەنـدە داراییـەکانی ئستەرلینی لەلەندەن لەسەدەی نۆزدەوە تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیست بەیەکـەوە پەیوەستبوون، پاشان هەلومەرجەکە لەبەرژەوەندی دۆلار گۆڕاو ناوەندە داراییەکـە بۆ نیویۆرك گواسترایەوە.

کاتێك شۆڕشی زانیاری و پەیوەندیکردن لە چارەکی کۆتـایی سـەدەی بیسـت هات‌و مەترسیدارترین دەرئەنجامەکانی لەبواری داراییدا بوو ( نـەخت و هـەموو دیاردەکانی شۆڕشی دارایی لە پشك و قەواڵەو ئسـوڵە داراییـە هەمـەجۆرەکانی تر)، چیدی رواڵـەتی مـادیی بـۆ زێـرو زیـو تەنانـەت کاغـەزو پشکەکانیشـی نەهێشت، بەڵکو ئەو ئسوڵە داراییانە تەنیا بوونە بەندی حسابی و لـە دەفتـەری بانك یان بۆرسەکاندا بەئەلکترۆنی تۆمـار دەکـرێن، بـەدیجیتاڵ لەوڵاتێکـەوە بـۆ یەکێکی تر دەگوێزرێنەوە. بەوجۆرە هەموو ناوچەکانی جیهان لـەرووی داراییـەوە بەیەکـەوە پەیوەسـت بـوون، سـامانی داراییـی لەچـرکەیەکدا لـە دەفتـەرە ئەلکترۆنیەکانـدا بـەبێ گواسـتنەوەی مـادی لەجێگەیەکـەوە بـۆ یـەکێکی تـر دەگوازرێتـەوە. لەگـەڵ ئـەو بڵاوبوونـەوەو فراوانبوونـەی مامەڵـە داراییـە نێودەوڵەتییەکان کەچی پرۆسەکانی پاکتاوکردنی پێدانەکان (تسویە المدفوعات) لەچەند ناوەندێکی دارایی دیاریکراودا ئەنجام دەدران و، سەرەداوی هەموو مامەڵە داراییـەکانی لا کۆدەبـووەوە. لەنـدەن لەسـەدەی نۆزدەیەمـدا ناوەنـدی ئـەو پاکتاوکردنە داراییـە بـوو، ئێسـتاش ئـەو ناوەنـدە لەنیویۆرکـەو فرانکفـۆرت و تۆکیۆش رۆڵێکی کەمیان لەو بوارەدا هەیە.

ئەگەر هێندێك مامەڵەی بچوك کە بە کاش دەکرێ بەدەر بکرێ، ئەوا زۆربـەی هەرە زۆری مامەڵە داراییەکان لە لەرێگەی تەحویلاتی بانکییەوە ئەنجام دەدرێـن. ئەم تەحویلکردنە جۆرێك لەناوەندێتیی پێدانی نێودەوڵەتی دروست کـردووە، وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، کە ئەو پێدانانـە لـە ناوەنـدە سـەرەکییەکان پاکتـاو دەکـرێن. هـەموو ئـەو مامەڵـە نێودەوڵەتییانـەی بـەدۆلار دەکـرێ بـەبێ لەبەرچاوگرتنی شوێنی مامەڵەکردنەکە لەنیویۆرك پاکتاو دەکـرێ، ئەگـەر چـین کاڵایەك بەدۆلار بە عیراق بفرۆشـێ دەبـێ ئـەو مامەڵەیـە لـە نیویـۆرك پاکتـاو

بكرێت، بەهەمان شێوە ئەو مامەڵانەی بە یۆرۆ دەکرێ دەبێ لەفرانکفۆرت پاکتاو بکرێن، ئەگەر هاتوو لەنێوان عیراق و ئێران مامەڵەیەك بە یۆرۆ ئەنجام بدرێ دەبێ لە فرانکفۆرت پاکتاو بکرێت، کە بارەگای بانکی ناوەندیی ئەورووپای لێیە. بەم جۆرە بزاوتی دارایی تەنیا بەندێکی حسابیە لەدامەزراوە گەورەکانی دارایی لەرێگەی پەیوەندیی ئەلکترۆنییەوە دەگوازرێنەوە، ئەو مامەڵە داراییانەش لە ناوەندە داراییەکاندا چڕ دەبێتەوە، هەر دڵەڕاوکێیەك یان بێ متمانەییەك لەیەك لەو ناوەندانە رەنگدانەوەی لەسەر بازاڕە داراییەکانی تر دەبێت. کاتێك متمانە لەیەك لەبازاڕەکان لاواز دەبێ (نمونەی قەیرانی یۆنان) وەبەرهێنەکان چالاکییەکان رادەگرن ئەمە جگە لەوەی کە بانکەکان سیاسەتی خۆپاریزی لە پێدانی دڵنیایی دەگرنەبەر، کە هەڕەشەی دەرکەوتنی سەرەتاکانی پوکانەوەی ئابووری دەکا ئەمە لەکاتێکدایە کە هێشتا ئابووری جیهان لە ژێر کاریگەری قەیرانی ساڵی ۲۰۰۸ بەتەواوی دەرنەچووە.

لەماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا زۆربەی دەوڵەتانی جیهان دیاردەی کەڵەکەبوونی یەدەکی نێودەوڵەتییان بەخۆوە بینی، لەگەڵ زیادبوونی زێدە دارایی دەوڵەتانی وەك چین، ژاپۆن، ئەڵمانیا و دەوڵەتانی کەنداو، ئەو یەدەك و زێدە داراییانە بارستاییەکی زۆر گەورە لەسیولە پێکدێنن کە لەبازاڕە داراییەکاندا وەگەڕخراون، لەرادەبەر بەرامبەر بەپێشبینییەکانی بازاڕە داراییەکان هەستیارن، هەر هەواڵێك باش بێ یان خراپ کاریگەری گەورەی لەسەریان دەبێت. بەو جۆرە ئەو سامانە داراییە وەك ئەو خوێنەیە بە دەمارەکانی لەشی ئابووریی جیهاندا دەڕوات، هەر لاسەنگیی و کێماسییەك لەهەر شوێنێکیدا رووبدا لەماوەیەکی کورتدا خوێنی هەموو بەشەکانی لەشی ئەو ئابوورییە پیس دەکات.

لەبەر ئەوەی لێرەدا باس لە متمانە دەکەین، دەبێ باس لەوە بکەین کە ئەوە دیاردەیەکی دەروونیی بەکۆمەڵە زۆرجار لەبری لۆجیك وعەقلانیەت غەریزەی بەسەردا زاڵ دەبێ و، لەدرمێك دەچێ کاتێك کەسێك یان دامەزراوەیەك توشی دەبێ تاکەکانی تر یان دامەزراوەکانی تریش توشی دەبن. ئەگەر دڵەڕاوکێ و تۆقان وەك دیاردەیەکی دروونی لە هیستریاوە نزیك بێ، ئەوا مەسەلەکە لەگەڵ

بوونی سەوداکاران زەحمەتتر دەبێ کاتێك بە سەوداکانیان ئەو هەڵبەزو دابەزە توندتر دەکەن. لەبەر ئەوەی شتێکی نامۆ نەبوو کە قەیرانی یۆنان کاریگەری سلبی لەسەر ئابووریی ئەمریکی هەبێ، کە هێشتا لەقۆناغی دەربازبوونە لە قەیرانی دارایی وئابووری ساڵی ٢٠٠٨، کە ترس و دەڵەراوکێ کەی زیاتر کرد، بەوەش ئەو دڵەڕاوکێیەی بازاڕە داراییەکەی ئەمریکا بۆ بازاڕە داراییەکانی تری جیهان گوێزرایەوە.

بەمجۆرە قەیرانی یۆنان بووە قەیرانێکی ئەورووپاو پاشانیش قەیرانێکی ئەمریکی. یۆنان بووە ئەندامێکی ناوچەی یۆرۆ، بەوەش مامەڵەو سەوداکانی بە یۆرۆ ئەنجام دەدا، هەر لاسەنگیی و کێماسییەکی کاریگەری لەسەر یۆرۆ دەبێ، دواتریش هەموو ناوچەی یۆرۆ دەگرێتەوە. لەبەر گرنگیی یۆرۆ بۆ ئابووری جیهان، لەبەر ئەوە ناکرێ یۆرۆ لە بازاڕە داراییەکانی تری جیهان دابڕێ بەتایبەتی نیویۆرك ناتوانێ خۆی لەوەی لەناوچەی یۆرۆ روودەدا بەدوور بگرێت. ئەوەی یارمەتی ئاڵۆزبوونی رەوشەکەی دا کاتی روودانی بوو چونکە هێشتا جیهان بەتەواوی لە دەرهاویشتەکانی قەیرانی دارایی جیهان رزگاری نەبوو بوو، ئەوەش بێ متمانەیی لێکەوتەوەو کەشێکی دوودڵی بۆ دوارۆژ دروستکرد. لێرەوە قەیرانی یۆنان بووە قەیرانی بێ متمانەیی جیهان کە بازاڕە داراییەکان شڵەقاند. هەر بۆیەش بۆ مێرکلی راوێژکاری ئەڵمانیا نامۆ نەبوو بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ و بڵێ ئەم قەیرانە تەواوی ئابووری ئەورووپا دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەوە، ئەڵمانیاش دوای ئەوە گۆڕاو بووە بزوێنەری یەکەمی پرۆگرامی دەستوەردان بۆ رزگارکردنی یۆنان و تەرخانکردنی سەدان ملیار دۆلار بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەو قەیرانە ببنەوە.

یۆنان ٣٪ ی ئابووریی ئەورووپا پێکدێنێ، وەلێ پیس بوونی داراییەکەی سنوری خۆی بەزاندو خوێنی هەموو ئابووری جیهانی لەگەڵ خۆی پیس کرد. پێشکەوتنی ئابووری بەمانای زیادبوون و پتەوبوونی پەیوەندیی و تێکەڵاوبوون و ئاڵۆزبوون لەنێوان هەموو ئابوورییەکان، بەهەمان شێوەش بەمانای مەترسی زیاتریش دێ، پێشکەوتن هەیە بەلام مەترسیش هەیە، ئەمەش یەك لە تێچوونەکانی پێشکەوتنی ئابوورییەو، لەئابووریدا هیچ شتێك بە خۆڕایی نییە.

(٢)

## سیناریۆکانی مانەوەی یۆرۆ

دوای راگەیانــدنی بەگەڕخســتنی یــۆرۆ وەك دراوی یــەکگرتوو بــۆ ئــەوروپا، هێندێك ئابووریناســی ئــەمریکایی رەخنــەیان لەرێککەوتننامەکــەی یــەکێتیی نەختی ئەوروپی گرت، گومانیشیان لەبــەردەوامبوونی ئــەم دراوە نوێیــە هــەبوو، چــونکە یــەك لەمــەرجــە بنەڕەتییــەکانی ناوچــەی دراوی نمونــەیی ( Optimum Currency Area) لەدەستداوە، ئــەویش زەرورەتــی بــوونی سســتمی تــەحویلاتی داراییە (Fiscal Transfers) لەنێو دەوڵەتانی ئەندامیدا، بەتایبــەتیش لــەکاتی قەیرانەکانــدا، تــاوەکو بتــوانێ یارمــەتی یــەکێتیی نــەختی ئــەوروپا بــدات لەکەمکردنەوەی ئاسەوارەکانی هەر قەیرانێکی کتــوپڕی ســیولەدا کەرووبــەڕووی ئەندامانی یەکێتیی ئەوروپا بێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لەرێگەی ئــەو پشــتیوانییە داراییەی کە پێشکەشیان دەکرێ خۆیان لەگەڵ ئەو جۆرە قەیرانانــەدا بگــونجێنن، ئەوە یەك لەو هۆکارە سەرەکییانەیە کە بەردەوامی بــە ژیــانی دۆلاری ئــەمریکی داوە بۆ ئەوەی وەك دراوی یەکگرتووی ئــەمریکا بمێنێتــەوە، دەســەڵاتی ناوەنــدیی دارایی لە ئەمریکا لە کاتی قەیرانی توندی داراییدا پشتیوانی دارایی پێویســت بە ولایەتە جیاوازەکانی ئەمریکا پێشکەش دەکات، ئەوەش وای کردووە کە دۆلاری ئەمریکی ببێتە نمونەی دراوێکی نمونەیی یــەکگرتوو. وەلــێ یــەکێتیی ئــەوروپی ئــەوکات هــیچ کێشــەیەکی دارایــی وای نــەبوو، ئــەوەش هۆکــاری ســەرکەوتنی دەستپێکردنی یۆرۆ بوو، بۆ ئــەوەی دەســتکەوتی زیــاتری لەبەرامبــەر دۆلار وەك دراوێکی نێودەوڵەتیی و، وەك دراوێکی یەدەکی نێودەوڵەتی، بەدەست بهێنێت.

لەگەڵ ئەوەی باس لەسەرکەوتنی یەکێتیی نەختی ئەوروپا دەکرێ، وەلــێ ئــەو کیانە هێشتا یەك لەخاســیەتە زۆر گرنگــەکانی یــەکێتیی نــەختی لەدەســتداوە، ئــەویش نــەبوونی سســتمێکی تونــدی دســپلینی داراییــە لــەنێو ئەنــدامانی یەکێتییەکەدا. بوونی دراوێکی یەکگرتوو کــە (١٧) حکومــەت کــاری پێــدەکا

(ئوستۆنیا له ١٧ کانونی دووەمی ٢٠١٠ هاته نێو ناوچەی یـۆرۆ وە)، هەریـەك لەو حکومەتانە ئەو جـۆرە باجـە دەسـەپێنێ کـە لەگـەڵ سیاسـەتە ئـابووریی و داراییەکانیدا دەگونجێ و ئەو بەرنامەی خەرجییانە پەیڕەو دەکا کە ئارەزووی لێیە، ئەمانە لەگەڵ سەلامەتی و بەردەوامبوونی هیچ ڕێککەوتننامەیـەکی یـەکێتیی نەختییدا ناگونجێت. چونکە خاسیەتێکی لەو جۆرە هانی دەوڵەتانی ئەندام دەدا بۆ ئەوەی ساختەکاری لەسستمەکەدا بکەن و، هێندێك لەحکومەتەکانیش هـان دەدا بۆ ئەوەی زیاتر لەتوانا داراییەکانی خۆیان خەرج بکەن، چـونکە دڵنیایـە لـەوەی دەوڵەتە خاوەن داراییە بەهێزەکانی ناو یەکێتییەکە دەیپارێزێت.

تاوەکو ڕەوشی ئابووریی یەکێتیی ئەورووپا یان دروست تر ناوچەی یۆرۆ لـەبار بێ، ئەو خەلەلە کێشەیەکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە، وەلێ ئەگەر هاتوو ڕەوشەکە لەباربچێ و بەرەو قەیران بڕوات، ئەوکات ئـەو خەلەلـە دەردەکـەوێت و بـەروونی مەترسییەکانی پێکهاتەی ئێسـتای یـەکێتیی نـەختی ئـەورووپی نیشـان دەدات. لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٠دا کێشـەی قـەرزە سـیادییەکانی یۆنـان بەدیارکـەوت، دواتریش کێشەکە پەرەیسەند، دەرکەوت کە یۆنان تەنیا سەرەتا بوو، چـونکە وەك دواتـر بەدیارکـەوت ریزێـك دەوڵـەتی ئـەورووپی بەدەسـت هـەمان نەخۆشـییەوە دەناڵێنن، لەگەڵ ئەوەی ئاستی کێشە داراییـەکانیان جیـاوازە، وەلـێ هـەموویان پێویستیان بە پلانێکی قورسی ڕزگاربوونی دارایی هەیەو، ئەو پلانی ڕزگارکردنە تاکە ڕێگەی بەردەوامبوونی یەکێتیی نـەختی و ناوچـەی یۆرۆیـە، تەنانـەت بـۆ یەکێتیی ئەورووپاش ڕەنگە دروست بێت.

بۆ ڕووبەڕوونەوەی ئەو کێشـەیە یـەکێتیی ئـەورووپا و سـندوقی نێودەوڵـەتیی نەخت ڕێککەوتن لەسـەر تـەرخانکردنی نزیکـەی بـڕی یـەك ترلیـۆن دۆلار بـۆ ڕزگارکردنی دەوڵەتـە قـەرزارەکان بـەئامانجی هێورکردنـەوەی بازاڕەکـان، بـەڵام تائێستاش وەك دەردەکەوێ هێشتا بازاڕەکان هێورنەبوونەتەوە. دوای یۆنان کێشەی ئیرلەندا دەرکەوت، بەدوای ئەوانیشدا پورتوگال و ئسپانیاو ئیتالیاش هات.

زۆرێك لەچاودێران بڕوای تەواویان هەیـە کـە دارمـانی یـۆرۆ حەتمیـەو تـەنیا مەسەلەی کاتەو هیچی تر، وەلێ بنەمای ئەو شیکارکردنەی خراوەتە ڕوو ناتوانێ

بەتەواوی قەناعەتت پێ بکا بەوەی ئێمە لەبەردەم کۆتایی هاتنی سەردەمی یۆرۆ و دارمانی نین، بەڵام ئاماژە بۆ زۆرێك لەو مەترسیانە دەکا کە ئێستا دەرئەنجامی ئەو قەیرانە رووبەرووی یەك لەدوای یەکی ئەندامانی یۆرۆ دەبێتەوە، کە ناچاریان دەکا بۆ ئەوەی یەك لەدوای یەك داوای یارمەتی دارایی یان دانوستان بۆ دابینکردنی پشکێکی بەرنامەی رزگارکردنی دارایی بکەن بۆ ئەوەی خۆیان لەمەترسی ئیفلاسبوون بەدوور بگرن. لیستی ئەو دەوڵەتانەی پێویستیان بە یارمەتی دارایی هەیە کە تێچوونی قەرزکردنەیان روو لەزیادبوونە، لەزیادبوندان، ئەوانیش پورتوگال، ئیرلەندا، ئیتالیا، یۆنان و ئیسپانیا. لەگەڵ ئەوەی هاوکارییەکی بەرچاوی یۆنان کراوە وەلێ هێشتا بەپێی ئەو راپۆرتانەی لەسەر رەوشی ئابووریی و دارایی ئەو دەوڵەتە هاتووە ئاماژە بۆ سارێژبوونی تەواوی برینەکانی ناکات.

حکومەتەکانی ئەو پێنج دەوڵەتە پێویستیان بە وەگەڕخستنی پارەیە بۆ ئەوەی بتوانن کاروبارەکانیان بەڕێوەبەرن، وەك دەردەکەوێ ئەوان ناتوانن پارەی پێویست وەدەست بخەن، چونکە تێچوونی پەیداکردنی ئەو پارەیە بەهۆی بەرزبوونی نێوەنجی دەستهاتی سەر سەنەداتی ئەو دەوڵەتانە زۆر گران لەسەریان دەکەوێت، ئەوەش بەردەوامبوونی قەرزەکانیان زۆر قورستر دەکات، هەرچەندە پورتوگال یەکەمی ریزبەندی وەرگرتنی یارمەتی داراییەو، دەبێ ئەورووپاش ئامادەباشی بۆ پێدانی ئەو یارمەتییە داراییە کردبێت. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو قەیرانە چاوەڕوانکراوە پورتوگال کە (٧٪) کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ناوچەی یۆرۆ پێکدێنی، پێشبینی ئەوەی لێ ناکرێ کە کاریگەریی گەورەی لەسەر ناوچەی یۆرۆ هەبێت، هەر وەك ئەوەی یۆنان و ئیرلەندا دەبێ، چونکە ناوچەکە دەتوانێ بەئاستێکی بەرزی دڵنیاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات. بەڵام ئەگەر ئەو مەترسییە دوو دەوڵەتە سەرەکییەکەی ناوچەی یۆرۆ بگرێتەوە کە ئیتالیاو ئسپانیایە، ئەوا رەوشەکە زۆر جیاواز دەبێت. ئەو سندوقە هاوبەشەی نێوان یەکێتیی ئەورووپاو سندوقی نێودەوڵەتیی نەخت پلانی ئەوەی نییە کە مامەڵە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا بکات کە قەرزە سیادییەکانیان زۆر گەورەیە وەك ئەوەی ئیتالیاو ئسپانیا. کەواتە

ڕەوشەکە زۆر مەترسیدار دەبێ، ئەگەر سیناریۆیەکی لەو جۆرە بێتەدی ئەوا ڕێسای یارییەکە بەتەواوی دەگۆڕێ، یەکێتیی نەختی ئەورووپا دەخاتە ڕەوشێکی زۆر مەترسیدارەوە، دەرئەنجامی ئەوەشە وای کردووە کە هێندێك بگەنە ئەو بڕوایەی کە تەمەنی یۆرۆ زۆر کورت بووەتەوە.

دیارترین ئەو سیناریۆیانەی ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسییەکانی دارِمانی یۆرۆ ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتانەی ڕەوشی داراییان لەبارچووە لانی کەم بەشێوەیەکی کاتی لە یەکێتیی نەختی ئەورووپا بێنە دەرەوە، لەبری ئەوەی بەردەوام بن و ئاستی مەترسییەکانی دارِمانی ناوچەی یۆرۆ بەتەواوی بەرزبکەنەوە، بۆ ئەوەی دوای ئەوەی ڕەوشی داراییەکانیان باش دەبێ بەو ئاستەی کە بەبێ کێشە بگەڕێنەوە بۆ ناو یەکێتیی نەختی ئەورووپا.

ئەو تێچوونە داراییەی کە بەرنامەی ڕزگارکردنی دارایی پێویستی پێیەتی کەدەبێ دەوڵەتە بەهێزەکانی ئەورووپا بیگرنە ئەستۆ، نمونەی ئەڵمانیا، وای کردووە کە زۆرێك لەئەڵمانەکان داوای دەرچوون لە یۆرۆ بکەن، چونکە زۆرێك لەباجدەرانی ئەڵمان ڕازی نین بەوەی ملیارەها یۆرۆ کە داهاتی ئەو باجەیە کە بەسەریاندا سەپێندراوە بدرێ بەو دەوڵەتانەی کە نەیانتوانیوە سیاسەتە ئابوورییەکانیان بەجۆرێك ئاراستە بکەن کە زامنی توندوتۆڵکردنی ڕەوشی داراییانی لێبکەوێتەوە، ئەوەی گومانی تێدا نییە زۆرێك لەئەڵمانەکان ئارەزوو ناکەن کە ئەڵمانیا ڕۆڵی ڕزگارکەری ناوچەی یۆرۆ بگێڕێ بەوەی کەتێچوونێکی ئێجگار گەورەی گەرەکە، وەك چۆن پێشتر لەکاتی یەکگرتنی هەروو ئەڵمانیادا گێڕاویەتی، کە لەو پێناوەشدا نرخێکی زۆر گەورەی دا.

هێندێك ئێستا باس لەوە دەکەن کە ئەگەر هاتوو یۆرۆ لەسایەی ئەم هەڕەشانەی ئێستایدا بەردەوام بێ، ئەوا دەبێ سستمێکی هاوبەشی دارایی یان یەکێتییەکی هاوبەشی دارایی وەك یەکێتیی نەختییەکە، کۆمەڵگەیەکی هاوبەشی باج، سیاسەتی هاوبەش بۆ بودجەی گشتی دابمەزرێت، کە سیاسەتی دارایی بە ئیدارەیەکی ناوەندیی دارایی بسپێردرێت، وەك ئەوەی بۆ سیاسەتی نەختی دەکرێت، دەرگای تەحویلکردنی دارایی لەنێوان دەوڵەتانی ئەندام بخرێتە

سەر پشت، بۆ ئەوەی تەمویلی ئەو هەوڵە هاوبەشانە بکرێن کە مامەڵـە لەگـەڵ قەرزە گشتییەکانی ئەوروپادا دەکـات. هێنـدێك پێـی وایـە کـە ئـەو پێشـنیارە تایبەتەش هەمان دەرئەنجامی هەیە کە قەرزە سیادییەکانی ئەوروپا دەبنە قـەرزی ئەڵمانی. ئەم جۆرە پێشنیارانە کارێکی ئاسان نین، ڕەنگە پێویستی بە ڕاوەرگرتنی باجدەرانی ئەوروپا هەبێ، ئەگەری سەرکەوتنی پێشـنیارێکی لـەوجۆرە سـنووردار دەبێت.

دیارترین ئەو سیناریۆ مەعقولانەی خراونەتـەڕوو سـیناریۆی دەرچـوونی ئـەو دەوڵەتانەیە کەرەوشی داراییان ناجێگیرە، وەلی پرۆسەی دەرچوونی ئەو دەوڵەتانـە بەو ئاسانییە نییە وەك دەردەکەوێ، ڕەنگـە پرۆسـەی دەرچـوون لەناوچـەی یـۆرۆ، ئەگەر کاتیش بێ وا لەدەوڵەتانی تر بکا کە ئەو دەرچوونە سەرەتای کۆتاییهـاتنی یۆرۆیە، ئەوەش ڕەنگە ناجێگیرییەکی گـەورەی دارایـی و هاوکـات ئیفلاسـبوونی چەندین بانکی لێ بکەوێتەوە، کـە پێدەچـێ تونـدی ئـەو ناجێگیرییـە زۆر لـەوە قورستر بێ کە لە دەرئەنجامی ئیفلاسبوونی بانکی (لیمان برازەر) کەوتەوە.

دەرچونی هەر دەوڵەتێکی ئەندام لەیەکێتیی نەختی ئەوروپی کۆمەڵێك پـرس دەوروژێنێت بۆ گفتوگۆکردن. هێندێك وای بۆ دەچن کە ئـەو پرۆسـەی دەرچـوونە لەم ڕەوشەی ئێستا خراپتر نابێ کـە بوونەتـە هـۆی دەرکـەوتنی دیـاردەی قـەرزە سیادییەکان، واتە دەوڵەتە قەرزارەکان بەو ئاسـتە دەرچـوونیان بـەخراپ نـازانن، چـونکە خۆیـان لەبنەڕەتـدا بەدەسـت ئاسـەواری ئـابووریی و کۆمەڵایەتییـەوە دەناڵێنن، ڕەنگە ئەمەش سادەکردنیکی زۆری ئەو پرسەی گفتگۆکردنەکە بێت.

لەلایەکی ترەوە، هێندێکی تر پێیان وایە پرۆسەی دەرچوون سودی بۆ هـەردوو لا دەبێت، ئەو دەوڵەتانەی دەچنە دەرەوەو ئەو دەوڵەتانەی لەناو یۆرۆدا دەمێننـەوە. سـەبارەت بـەو دەوڵەتانـەی دەچـنە دەرەوەی یـۆرۆ دەتـوانن سـەربەخۆیی خۆیـان بەدەستبهێننەوەو کۆنترۆڵی سیاسەتی نەختیی خۆیان بکەنەوە، لەبری ئـەوەی وەك ئێسـتا بەدەسـت بـانکی ناوەنـدیی ئەوروپییـەوە بێـت، لـەڕووی هونەرییـەوە بەدەستهێنانەوەی سـەربەخۆیی یارمەتیـدەرە بـۆ داڕشـتن و جێبـەجێکردنی ئـەو سیاسەتە نەختییەی کە لەگەڵ پێداویستیی تایبەتی ئابوورییەکەیدا دەگونجێـت، نەك ئەو سیاسەتە نەختییە جێبەجێ بکات کەلەگەڵ ڕەوشـی گشـتیی ئـابووریی

ناوچەی یۆرۆدا دەگونجێت، وەك دێتە بەرچاو رەنگە دەرچوون لەیـۆرۆ هـەنگاوێکی دروست بێ بۆ ئەو دەوڵەتانە، بۆ نمونە دەوڵەتانی وەك ئیتالیـاو ئسـپانیا دەتـوانن بەهای دراوە ناوخۆییەکانیان بەو ئاستەی کەکرێی کرێکارەکانیان لەگـەڵ توانـای بەرهەمدارییەکەیاندا دەگونجێت داشکێنن، ئەوەش بەرزکردنەوەی ئاستی کێبڕکێی نیودەوڵەتییانی لێ دەکەوێتەوە. سەبارەت بەو دەوڵەتانەی لەناو یـۆرۆ دەمێننـەوە نمونەی ئەڵمانیا، ئەوکات دەتوانی سیاسـەتێکی نـەختیی جیـاواز لـەوەی ئێسـتا دابڕێژێ کە نابێتە هۆکاری هەڵئاوسان دەرئەنجامی کرانەوەی کەناڵەکانی سیولەی نەختی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی رەوشی داراییان ناجێگیرە، یان نیوەنجی سود لەسەر بنەمای رەوشی ئابووریی وڵاتەکەی دیاری دەکات، رەنگـە ئـەوکات ئـەو نێوەنجـە بەرزبکاتەوە نەك نزمی بکات، بـەڵام ئیسـتحقاقاتی پرۆسـەی دەرچـوون لـەیۆرۆ چییە؟

سەبارەت بەو دەوڵەتانەی لەیۆرۆ دەردەچن، دەبێ پلانی بەگەڕخستنی دراوێکـی نوێ لەبری یۆرۆ دابڕێژن، یان ئەوەتا بگەڕێنەوە بۆ دراوەکەی پێشوویان کەبەر لـە چوونە نێو یەکێتیی نەختی ئەورووپاوە کاری پێدەکرا. بێگومـان ئـەوەش کـارێکی قورسە ئەگەر موستەحیل نەبێ، بەتایبەتی کە لەسەردەمی نـەختی یاسـاییداین (Fiat Money)، کە حکومـەت دەتـوانێ هێـزی رەوابـوونی دراوەکـەی بەیاسـا بسەپێنێت، کەدەتوانێ لێوەی هەموو سەوداکارانی ناوخۆ لەکـەرتی گشـتی یـان کەرتی تایبەتی بەو دراوە نوێیە مامەڵە بکەن، بەوەش بەئاسانی ئەو دراوە دێتـە نێو ئابووریی نیشتیمانییەوە، هەروەها سپاردە بانکییەکان بەهەمان ئەو نێـوەنجی نرخی گۆڕینەوە لەگەڵ یـۆرۆ کـە لـەکاتی بەگەڕخسـتنی دراوی نوێـدا تـەحویل دەکرێن. بانکی ناوەندی هەڵدەستێ بەچاپکردنی دراوی نوێ و نرخی گۆڕینەوەیشی بۆ دیاری دەکات، بەڵام ئەو نێوەنجەی گۆڕینەوەی کەدواتر لەنێوان دراوە نوێکـان و یۆرۆ و دراوەکانی تری جیهان کەمتر دەبێ، ئەمـەش بـەمانای داشـکانی بـەهای دراوە ناوخۆیەکانی ئەو دەوڵەتانە دێ، ئەو هەنگاوەش یارمەتی دەرێـك دەبـێ بـۆ ئەو دەوڵەتانەی رەوشی داراییان لەناوچەی یۆرۆ خراپە.

ئەوەی لێرەدا دەبێ ئاماژەی بـۆ بکـرێ، لەگـەڵ ئـەوەی پرۆسـەی چـوونە نێـو یەکێتیی نەختی و گۆڕینی دراوەکان بـۆ یـۆرۆ سـەبارەت بەدەوڵـەتانی ئەنـدامی

بەشێوەیەکی زۆر ورد پلانـی بۆدارێـژرابوو، بـەبێ کێشـە کۆتـایی هـات، بـەڵام پرۆسەی دەرچوون لە یۆرۆ چاوەڕوان ناکرێ بەهەمـان ئاستی چوونە ژوورەوە ئاسـان بێت. ئەو دەوڵەتانەی لەیۆرۆ دەکشێنەوە دەبێ ئاستێك دیاری بکـا بـۆ راکێشـانی سـپاردەکانی بانکـەکان بـەیۆرۆ بـۆ خـۆ دوورگـرتن لەهـەر کاریگەرییـەك کەدەرئـەنجامی هـەر رەوشـێکی نادیـار کـەهاوکاتی ئـەو بڕیـاری کشـانەوانە بکەوێتەوە، یان رەنگە ئەو دەوڵەتانە ناچار بن ئیجرائاتی زیاتری چاودێری لەسـەر بانکەکان بگرنەبەر، یان کۆتوبەند لەسەر بزاوتـی سـەرمایە بـۆ نـاوەوەو دەرەوەی وڵات، بەتایبەتیش ئـەو سـەرمایەی بـەرەو دەرەوە دەچـێت، دابنـێن. ئـەو کێشـە سەرەکییەی لەم رووەوە رووبەڕووی ئەو دەوڵەتانە دەبێتەوە ئەوەیە کە لـە حاڵـەتی یەکێتیی ئەورووپادا بەزەحمەت ئەو ئیجرئاتانە جێبەجێ دەکرێن، رەنگە لانـی کـەم کاریگەریی لەسەر تەدەفوقاتی بازرگانی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە هەبێت.

لەهەموو ئەوانە مەترسیدارتر، دەوڵەتێکی خاوەن دراوی بەهێز بگۆڕێ و ببێتە دەوڵەتێکی خاوەن دراوێکی لاواز کەهاوکاتی ئـەو گۆڕینـە رووبـەڕووی چـەندین مـەترسـی دەبێتــەوە، سـپاردەکاران بـەهۆی دابـەزینی بـەهای راسـتەقینەی سپاردەکانیان زیانێکی گەورەیان لێ دەکەوێت، رەنگە سپاردەکـاران فریـای ئـەوە نەکەون هەموو پارەکانیان بەیۆرۆ لەبانکەکان رابکێشنەوە بـەر لـەوەی ناچـاریان بکـەن لـەوەی سـپاردەکانیان بـەدراوی نـوێ بگۆڕنـەوە، هـەروەها دامـەزراوە داراییەکانی یەکێتیی نەختی کە کاغەزە داراییەکانی دەوڵەتانی نـاجێگیری لایـە رەنگە رووبەڕووی ئەگەری نەدانەوە ببنەوە. لەلایەکی تـرەوە ئـەو دەوڵەتانـەی لـە ناوچەی یۆرۆ دێنە دەرەوە لەرێگەی دەرکردنی سەنەداتی نوێوە پێدەچێ رووبەڕووی کێشەی بەدەستهێنانی تەمویلی پێویست ببنەوە، چونکە بەزحمەت دەتوانن بگەنە بازاڕەکان. هەروەها ئەم دەوڵەتانە ناتوانن وەك پێویست بەرەنگاری ئـەو قەیرانانـە ببنەوە ئەگەر هاتوو سستمی بانکییان دووچـاری بـێ یـان مەترسـی نـاجێگیریی کۆمەڵایەتی ببێتـەوە کـە دەرئـەنجامی بـەرزبوونی ئاسـتی گشـتیی نرخـەکان و داشکانی بەهای راستەقینەی کرێ دروست دەبێت، بـەکورتی ئـەو دەوڵەتانـە بـۆ ماوە درێژ رووبەڕووی ناجێگیریی دارایی و کۆمەڵایەتی دەبنەوە، رەنگە نـاجێگیری سیاسیشی لێ بکەوێتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەترسـییانە، دەرچـوونی هـەر

دەوڵەتێك لە ناوچەی یۆرۆ هەڵەیەكی گەورەی ئەو دەوڵەتەیـە كـەبڕیارێكی لـەو جۆرە دەدات.

پوختەی شیكارەكە ئەگەری دەرچوون لەگەڵ ئەوەی لەڕووی تیۆرییەوە دەكـرێ، وەلێ تێچوونەكەی ئێجگار قورس دەبێت، لەبەر ئەوە دەوڵەتانی ئەندامی ناوچەی یۆرۆ بەهەر نرخیك بێ هەموو هەوڵـەكانیان وەگـەڕ دەخـەن بـۆ ئـەوەی ڕێگـری لەهەڵوەشاندنەوەی ناوچەكەیان بكەن، تەنانەت ئەگەر بە شێوەی قۆناغیش بێت، كە ئەگەرەكانی دارمـانی یـۆرۆ كـەمتر دەكاتـەوە، هـەر حاڵـەتی پەككـەوتنێك گوژمەیەك پشتیوانی لەلایەن یەكێتیی ئەورووپی و سندوقی نێودەوڵـەتیی نـەخت پێشكەش دەكرێ بۆ ئەوەی جـێگیری دارایـی و ئـابووریی گونجـاوی بـۆ فەراهـەم بكرێت، بێگومان ئەوەش زیـادكردنی بودجـەی تـەرخانكراوی گەرەكـە لەلایـەن یەكێتیی ئەوروپاوە كە بەدوو ترلیۆن دۆلار مەزندە دەكرێت.

بەگشتی یەكێتیی ئەوروپا، بەتایبەتیش ناوچەی یۆرۆ زیـاتر لەهـەموو كـات پێویستی بەئیدارەیەكی شارەزاتر هەیـە بـۆ ئـەوەی ناوچـەكەیان لـەو كێشـانەی هەیانە دەرباز بكات و، وەك پێشوو ناوچەی یۆرۆ بكاتەوە بەناوچـەیەكی چـالاكی ئابووری، لە هەوڵی دوپاتكردنەوەی ئەوەدا ساركۆزی سـەرۆكی فرەنسـا بەبۆنـەی سەری ساڵی نوێی ٢٠١١ ڕایگەیاند، دەرچـوونی فرەنسـا لـە دراوی یـەكگرتووی ئەوروپاو دابڕان لێی جۆرێكە لەشێتی و، كۆتـایی یـۆرۆ مانـای كۆتـایی هـاتنی ئەوروپایـە. ئـەوروپا خـەبات بـۆ پاراسـتنی یـەكبوونی خـۆی دەكـات، بـەهۆی قەیرانێكی لـەناكاودا، نـاكرێ ڕێگـە بەلەدەسـتدانی ٦٠ سـاڵی هـەوڵ و كـارو مانـدووبوونی بەدەسـتهێنانی یەكێتییەكـە بـدەین، لەبـەر ئـەوە تێچـوونی ئـەو ڕزگاركردنە هەرچەندێك بێ، بەو دەستكەوتانەی كە یەكێتیی ئەوروپا و ناوچـەی یۆرۆ لەمەودای دووردا بەدەستی دێنی بەراورد ناكرێت.

## (٣)
# قەیرانی قەرزە سیادییەکانی ئەوروپا

بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئاسەوارەکانی قەیرانی دارایی و ئابووریی جیهانی ساڵی ٢٠٠٨، حکومەت و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان هەنگاوی بەپەلەیان نا تاوەکو نەهێڵن لەوە زیاتر رەوشی ئابووریی و دارایی جیهان خراپتر بێت، حکومەتەکانی زۆربەی دەوڵەتانی جیهان هاندانی ئابوورییان راگەیاندو، بەهۆیەوە دامەزراوە دارایی و پیشەسازییە گەورەکانی جیهانیان رزگارکرد، خەرجییە حکومییەکانیان زیادکرد، لەپێناو بوژانەوەی گەشەی ئابووریدا قەرزی داراییان زیادکردو ئاسانکارییان لەسیاسەتە نەختییەکانیاندا کرد. تێچوونی ئەو هاندانە ئابوورییە زۆر قورس بوو، حکومەتەکان پێیان وابوو بەرەبەرە دەتوانن ئەو هاندانە کەمبکەنەوە، هەر کە ئابووریی جیهان جێگیر دەبێ، ئەوا دەست بەکەمکردنەوەی قورسایی قەرزەکان دەکرێ کە بە دڵی کێشەی ئابووریی نێودەوڵەتی دادەنرێت.

ئەو دەوڵەتانە هەوڵی ئەوە دەدەن کۆنترۆڵی قەرزە گشتییەکانیان بکەن، وەلێ وەڵامی بازاڕەکان بۆ ئەو هەوڵانە وەك پێویست نیەو لاوازە، چونکە پێشبینییەکان بەلای زیادبوونی مەترسییەکانی نەدانەوەی قەرزەکاندا دەچێت، بەتایبەتی لای ئەو کۆمەڵە دەوڵەتەی کە ناونراوە (PIIGS)، کەپیتی یەکەمی هەر یەك لە پورتوگال، ئیرلەندە، ئیتالیا، یۆنان و ئسپانیایە بەدوای یەکدا.

قەیرانی قەرزە سیادییەکانی ئەوروپا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ وە دەستی پێکرد، کاتێك روون بووەوە، کە مەترسییەکانی قەرزە سیادییەکانی یۆنان زۆر لەوە خراپترە کە چاوەڕوان دەکرا، لەمەشەوە گومان لەسەر توانای ژمارەیەك لەدەوڵەتانی ناوچەی یۆرۆ دروست بوو لەوەی کە نەتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە، دەرئەنجامی ئەم گومانکردنە تێچوونی قەرزکردن بەرز بووەوە.

زۆرێك لەشارەزایانی ئابووریی لەو بڕوایەدان کە بەشێکی گەورەی ئەو قەیرانی داراییەی رووبەڕووی ئەوروپا بووەتەوە، هۆکارەکەی بۆ ئەو هەڵە بونیادییە

دەگەڕێتەوە کە لەکاتی دامەزراندنی ئەو تەکەتولە ئابوورییەدا بەبێ چارەسەر هێشتیانەوە، بەڵام هێندێکی تر پێیان وایە سیاسەتە توندە داراییەکانی بانکی ناوەندی ئەوروپا هۆکاری ئەو قەیرانەیە، کەبووە هۆی ئەوەی بەهای یۆرۆ لەبەرامبەر بە دۆلار بەرێژەی (٤٠٪) بەرزبێتەوە، ئەم بەرزبوونە زیانی گەورەی بەو دەوڵەتانەی ئەندامی ناوچەی یۆرۆ گەیاند کە ئاستی هەناردەکردنیان نزمە، نمونەی ئسپانیاو پورتوگال و ئیتالیا، کەپێشتر لەرێی کەمکردنەوەی بەهای دراوەکانیانەوە دەیانتوانی لەبازاڕەکانی جیهان کێبڕکێ بکەن و کاڵاکانیان ساغ بکەنەوە.

یەکێتیی ئەوروپاو سندوقی نیودەوڵەتی نەخت هەوڵی بەردەوام بۆ رزگارکردنی دەوڵەتە قەرزدارەکان دەدەن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە مەترسییەکانی دووبارە خشتەکردنەوەی پەیکەری قەرزەکانی ئەو دەوڵەتانە، لەئایندەدا نامێنێت.

پێدەچێ ئەم پێشەکییە بەرەو پرسیارێکی گرنگمان ببات، ئەویش، چۆن دەوڵەتێك دەتوانێ قەرزە سیادییەکانی کەم بکاتەوە؟

لەرووی تیۆرییەوە لانی کەم سێ رێگە بۆ کەمکردنەوەی قەرزەکان هەیە. ئەوانیش:

یەکەم: هەمووارکردنی دارایی (Fiscal adjustment) مەبەست لە هەمووارکردنی دارایی، هەوڵدانی دەوڵەتە بۆ هەمووارکردنی پەیکەری خەرجییەکان یان داهاتەکانی، بەئامانجی کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی گشتیی دەوڵەت بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، تاوەکو بتوانن بەردەوامبوونی قەرزی گشتی زامن بکەن، لەمیانی دڵنیابوون لە بەدیهێنانی زێدە لە بودجەی گشتیی دەوڵەتانی ئەوروپا کە دەکرێ لێوەی یارمەتی ئەو دەوڵەتە قەرزارانە بدات تاوەکو بتوانن رێژەی قەرزە سیادییەکانیان بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی کەمبکەنەوە یان لانی کەم جێگیری بکەن.

بەپێی ئەو بەرنامە راگەیندراوەی دەوڵەتانی ئەندامی یەکێتیی نەختی ئەوروپا، هەموو دەوڵەتانی ئەوروپا پابەندی کەمکردنەوەی رێژەی کورتهێنانی بودجە گشتییەکانیان دەبن بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی لەئاستی (٣٪) تا هاتنی ساڵی ٢٠١٢/٢٠١٣، ئەوە یەك لەمەرجە بنەڕەتییەکانی رێککەوتنامەی

ماستریختە بۆ دامەزراندنی یەکێتیی نەختی ئەورووپا.

دووەم: خولڤاندنی هەڵئاوسان: لەمیانی پەنابردنی دەوڵەت بۆ تەمویلی هەڵئاوسانگەرا، واتە زیادکردنی خستنەڕووی نەخت کە بۆ خزمەتکردنی قەرزە سیادییەکان بەکاردەهێنرێت، ئەم زیادکردنی خستنەڕووی نەختە دەبێتە هاوکارێکی دەوڵەتە قەرزارەکان بۆ خۆ قوتارکردن لە بەشێکی قورسایی قەرزەکان، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە، کەمکردنەوەی قورسایی قەرزەکان لەڕێی داشکانی بەهای کڕینی لەئایندەدا.

سێیەم: ڕاگەیاندنی ڕاگرتنی دانەوەی قەرزەکان: کە بە ناڕاستەوخۆ مانای ئیفلاسبوونی دەوڵەت دەگەیەنێت، ئەمەش ئامادەکارییە بۆ دووبارە پەیکەربەندکردنی قەرزە سیادییەکان دەوڵەت، کە چەند هەنگاوێك لەخۆ دەگرێت، لەوانە کوژاندنەوەی بەشێکی قەرزەکان، یان دووبارە خشتەکردنەوەی قەرزە سیادییەکانی دەوڵەت بۆ ماوەی درێژتر، واتە درێژکردنەوەی ماوەی گێڕانەوەی قەرزەکان، یاخود لەمیانی کەمکردنەوەی نێوەنجی سودی سەر قەرزەکان.

دەوڵەتانی ئەندامی ناوچەی یۆرۆ چۆن دەتوانن پەنا بۆ ئەو هەنگاوانە بنێن، تاوەکو بتوانن قورسایی قەرزە سیادییەکانیان سوك بکەن؟

سەبارەت بە ئەگەری یەکەم. هەمووارکردنی دارایی لەو دەوڵەتانە دەخوازێ چەند هەنگاوێك بنێن، ڕەنگ بێ هێندێکیان زەحمەت بێت، چونکە بۆ هەمووارکردنی دارایی دەبێ باجی سەر کۆمپانیاکان و کەسەکان زیاد بکرێن و، خەرجی گشتی کەمبکرێتەوە، ئەمانە لەچوارچێوەی پلانی دەستگرتنەوەدا دەبێت، بەڵام پلانێکی لەو جۆرە ئاسەواری داچوونی لەسەر ئاستی خواستی هەموەکی دەبێت و، لەسایەی ئەم قەیرانەدا ڕەوشی ئابووریی ئەو دەوڵەتانە ئاڵۆزتر دەبێت، یان دەبێ ئەو دەوڵەتانە پەنا ببەنە بەر فرۆشتنی هێندێك لە ئسوڵە حکومییەکان لەچوارچێوەی ئەوەی پێی دەگوترێ پرۆسەی بەتایبەتیکردن، ڕەنگە ئەم هەنگاوەش لەم هەلومەرجەدا گونجاو نەبێت، بەتایبەتی سەبارەت بە ئیعتباراتی بەدەستهێنانی بەهای ڕاستەقینەی ئەو ئسوڵانە کە ڕەنگە لەژێر کاریگەری گوشاری قەرزە سیادییەکاندا بێت.

لەلایەکی ترەوە، واقیعی حاڵ ئاماژە بۆ ئەستەم بوونی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ناوچەی یۆرۆ دەکات کە پەیوەندی بە کەمکردنەوەی ڕێژەی کورتهێنـانی بودجـەی گشـتی بـۆ کـۆی بەرهـەمی ناوخۆییـەوە هەیـە، لـەو مـاوە کورتـەدا، چـونکە هەنگاوێکی لەو جۆرە جێگیریی ئابووریی و سیاسیی وڵات دەخاتە مەترسییەوە.
بۆ نمونە کاتێك یۆنان ویستی لەمیانی هەموارکردنی داراییەوە مامەڵە لەگەڵ قەیرانی قەرزە سیادییەکەیدا بکات و هەنگاوی دەستگرتنەوە بنێ، وەڵامدانـەوەی جەماوەر بۆ ئەو هەنگاوانەی حکومەت زۆر توند بوو.
لەلایەکی ترەوە، ئەگەر زۆر لەو هەنگاوانە وردبینەوە، دەبیـنین ئەگـەری دووەم بـۆ هـەموو دەوڵـەتانی ناوچـەی یـۆرۆ ڕەخسـاو نیـە، بـەپێی ڕێککەوتننامـەی ماستریخت، بۆ هیچ دەوڵەتێکی ئەندامی یۆرۆ نیـە تـەمویلی هەڵاوسـانگەرا وەك ئامرازێك بۆ تەمویلکردنی کورتهێنانی بودجەی گشتی یان خزمەتی قـەرزەکانی پێ بکات، بەکاربهێنێت، ئەمە لە ڕوانگەی ئامانجە باڵاکانی ڕێککەوتننامەکەدا کە دەبێ هەموو دەوڵەتانی ئەندام لەهەموو ناوچـەی یـۆرۆدا پابەنـدی جـێگیری ئاستی نرخەکان بن، ئەمـە یـەك لـە ئامانجـە سـەرەکییەکانی بـانکی ناوەنـدی ئەوروپاشە.
سەبارەت بەئەگەری سێیەم، ئاشکرایە کە دەوڵەتانی ئەنـدامی ناوچـەی یـۆرۆ ناتوانن پەنا بۆ پەیکەربەندکردنی قەرزە سیادییەکانیان ببەن، چونکە ئەگەرێکی لەو جۆرە مەترسـی گـەورەی لەسـەر ئاینـدەی یـۆرۆ دەبێـت، پرۆسـەی دووبـارە پەیکەربەندکردنەوەی سەدان ملیار دۆلاری قەرزی پێنج دەوڵەتی ئەندامی ناوچەی یۆرۆ ئاسەواری گەورە لەسەر بازاڕەکان بەجێ دەهێڵێت و، سستمی بانکی ئەوروپا ڕووبەڕووی تێکچوونی گەورە دەکات.
بانکە ئەوروپییەکان زۆرترینی ئەو دامەزراوانـەن کـە سـەنەداتی ئـەوروپییان لایـە، پاشـانیش جـێگیری پیشەسـازی بـانکی ئـەوروپی بەنـدە بـە چـۆنیەتی مامەڵـەکردنی لەگـەڵ قـەرزە سـیادییەکانی ئـەوروپادا، واتـە پرۆسـەی دووبارەکردنەوەی پەیکەربەندکردنەوەی قەرزە سیادییەکانی ئەوروپا هەوڵی خراپی بۆ کەرتی بانکسازی ئەوروپی پێ دەبێت، لەماوەی درێژیشدا کاریگـەری لەسـەر تەواوی بازاڕەکانی جیهانیش دەبێت.

لەلایەکی ترەوە، پەنابردنە بەر ئەم ئەگەرە، لە رووی عەمەلییەوە بەمانای لاوازی و کەمتوانایی هەر دەوڵەتێك لەوانەی هەڵساون بە پرۆسەی دووبارە پەیکەربەندکردن دێ کە ناتوانن بە بازاڕەکان بگەن، بەهۆی ئەوەی بازاڕەکان ئامادە نین پارە بە دەوڵەتێك بدەن کە قەرزەکانی پەیکەربەند کردووە، لەمەشەوە ئاستی ئەو مەترسییانەی رووبەڕووی ئەو دەوڵەتە دەبێتەوە تا ئەوپەڕی بەرزدەبێتەوە.

لەسایەی ئەو هەلومەرجەدا، تێچوونی قەرزکردنی ئەو دەوڵەتانە لەئایندەدا بەرزدەبێتەوە، رەنگە ناچار بکرێ بەوەی رووبەڕووی بایکۆتکردنێکی بازرگانی لەلایەن دەوڵەتە قەرزدەرەکان ببێتەوە، ئەمەش ئەو ئەگەرەیە کە دەوڵەتە قەرزدەرەکان نایانەوێ لەبەرامبەر بە دەوڵە قەرزارەکان کە ئیفلاسبوونی خۆیان راگەیاندووە یان داوای دووبارە پەیکەربەندکردنەوەی قەرزە سیادییەکانیان کردووە، پێی هەستن.

ئەو شرۆڤەیەی سەرەوە چی دەگەیەنێت؟ واتە دەوڵەتانی ئەورووپای ئەندام لەناوچەی یۆرۆ ناتوانن هیچ یەکێك لەو سێ هەنگاوەی ئاماژەیان پێدرا بگرنەبەر، ئەگەر هاتوو ئەوان ئامادە نەبن دەستبەرداری ئەندامێتیی خۆیان لە یەکێتیی نەختی ئەورووپا بن، بۆیە ئەو دەوڵەتانە هیچ ئەگەرێکی تریان لەبەردەستدا نامێنێ جگە لە پەنابردن بۆ داواکردنی یارمەتی یان هانی یەکێتیی ئەورووپا بدەن کە بەرنامەی رزگارکردنی ئەو دەوڵەتانە جێبەجێ بکات.

سنورداریی ئەگەرە رەخساوەکانی بەردەم دەوڵەتانی ئەندامی ناوچەی یۆرۆ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەرزە سیادییەکانی ئەورووپادا ئاستی دڵەڕاوکێی بازاڕەکانی بەرزکردۆتەوە، هەرچەندە سەرکردەکانی یەکێتیی ئەورووپا بەردەوام رایدەگەیەنن کە پلانەکانی هاوکاری و رزگاکردن بۆ هەر یەك لەو حاڵەتانە ئامادەیە، وەلێ بازاڕەکان ئەو دڵنیاکردنەوەیەی سەرکردەکانی ئەورووپا بەهەند وەرناگرن.

لەگەڵ ئەوەی پلانەکانی رزگارکردنی هەریەك لە یۆنان و ئیرلەندە داڕێژراون، بەڵام بازاڕەکان حساباتی خۆیان هەیە، هەڵسەنگاندنیان بۆ مەترسییەکان لەهی دەوڵەتان جیاوازە.

لەم دوواییەدا، نیوەنجی داواکراوی داهاتی سەر سەنەداتەکانی ئەورووپا بەتایبەتی کۆمەڵەی (PIIGS) بەروونی رووی لەزیادبوون کرد، ئەوەش

ڕەنگدانەوەی ترسە لە ئەگەری وەستان لەدانەوەی قەرزەکان.

بەپێی زانیارییەکانی ئەم دواییەی نێوەنجەکانی داهاتی سەنەداتەکانی ئەورووپا کە (١٠) ساڵی تر ئیستحقاقی دێت، ئەو نێوەنجە بۆ سەنەداتەکانی یۆنان دەگاتە (١١,٨٦٪)، بۆ ئیرلەندە دەگاتە (٩,١٥٪)، بۆ پورتوگال (٧,٤١٪)، بۆ سەنەداتی ئسپانی (٥,٤٦٪) و بۆ سەنەداتی ئیتالی (٤,٧٣٪)، بەبەراورد بە (٣,٢٤٪) بۆ سەنەداتی ئەڵمانیا، ئەو نێوەنجانە بەهەموو پێوەرەکان بۆ ئەو دەوڵەتانە بە نێوەنجی مێژوویی دادەنرێن.

لەسایەی ئەو هەلومەرجەی بازاڕەکان و قەرزە سیادییەکانی دەوڵەتانی خۆرئاوا، راپۆرتەکەی دامەزراوەی (CMA) کە لەچارەکی کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ دەرچوو و میدیاکان ئاماژەیان بەهەندێك لەبڕگەکانی کرد، ریزبەندی قەرزە سیادییەکانی ئەورووپا پاشەکشێیەکی بەرچاوی کردووە.

راپۆرتەکە ئاماژەی بۆ (١٠) مەترسیدارترین دەوڵەتی جیهان لەرووی قەرزی سیادییەوە کردبوو، کە چوار دەوڵەتی ئەندامی ناوچەی یۆرۆی تێدابوو، ئەوانیش (یۆنان، ئیرلەندە، پورتوگال، ئسپانیا)، یۆنان وەك خاوەنی گەورەترین قەرزی سیادی لەپلەی یەکەمدا بوو، کەلەراپۆرتی پێشتری ئەو دامەزراوەدا لەپلەی دووەمدا بوو، ئیرلەنداش لەپلەی سێیەمدا دێ کە پێشتر لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی شەشەمدا بوو، چوارەمیش پورتوگال بوو، کەپێشتر لەپلەی نۆیەمی جیهاندا بوو، واتە پێنج پلە پاشەکشێی کردووە، قەرزی ئسپانی لەپلەی حەوتەم دایە، وەك مەترسیداترین قەرزی سیادی، ئسپانیا یەکەم جارە دێتە ناو ئەم پلەبەندییەوە.

لەمانەی سەرەوە دەردەکەوێ کە رەوشی قەرزە سیادییەکانی ئەورووپا بەرەو خراپتر دەچێت و، لەکەناری تەقینەوە نزیك دەبێتەوە، هێندەی نەماوە ببێتە قەیرانی قەرزەکانی ئەورووپا.

ئەوەی گومانی تێدا نیە، بەرپابوونی هەر قەیرانێکی قەرزی سیادی ئەزموونێکی سەختە بۆ هەردوو لایەنی قەرزەکە، قەرزدەرو قەرزار، دروست دەکات، خراپ ئیدارەدانی قەرزی سیادی رەنگە دەرئەنجامی زۆر مەترسیداری لێ بکەوێتەوە، بەحوکمی ئەو پەیوەندییەی دامەزراوەییەی لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا هەیە، هەر مەترسییەك رووبەڕووی یەکێکیان بێتەوە کاریگەریی لەسەر دەوڵەتانی تری ئەندامی ناوچەی یۆرۆ دەبێت.

# بەشی شەشەم

# ئاسانکاریی بڕەکی چاپکردنی زێتری دۆلار

لەگەڵ ئەوەی ئاسانکاریی بڕەکی (Quantitative easing) دەستەواژەیەکی نوێیە، وەلێ لەم ماوەییەی دواییدا بەشێوەیەکی فراوان بەکارهێنرا، ئەویش دوای دەرکەوتنی بەڵگەکانی پەنابردنی یەدەکی فیدرالی ئەمریکی بۆ چاپکردنی زێتری دۆلار لەچوارچێوەی پلانێك بەناوی ئاسانکاریی بڕەکی (QE2)، بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەو هەلومەرجە ناهەموارەی ئابووریی ئەمریکی دوای قەیرانی دارایی و ئابووریی ببێتەوەو، هەلومەرجەکە لەوە زیاتر بەرەو خراپتر نەچێت، یەدەکی فیدرالی پلانی یەکەمی لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ بە خستنەبازاڕی بڕی دوو ترلیۆن دۆلار جێبەجێکرد، وەك هەوڵێك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکی ئابووری و دەربازبوونی لەبێبازاڕی.

زۆربەی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپاو روسیاو چین و دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی نارەزاییان لەو هەنگاوەی ئەمریکا دەربڕی، بەوەی هەنگاوێکی یەك لایەنەیەو جگە لەبەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی تری جیهانی لەبەرچاو نەگرتووە. دۆلار لەبەر ئەوەی دراوی یەدەکی جیهان و دراوی متمانەپێکراوی بازرگانیی نێودەوڵەتییەو، هەموو قەرزەکانی ئەمریکا بەهاکەی بەدۆلارە، ئەو هەنگاوی ئاسانکاریی بڕەکییە بەهای دۆلار دێنێتە خوارەوە، بەهۆی یەك لەو کەناڵانەی سەرەوە یان دووانیان یان هەرسێ کیان کاریگەریی لەسەر ئابووریی و داراییان بەجێ دەهێڵێت، واتە لەڕێی داشکانی بەهای راستەقینەی یەدەکەکانیان کە بەهاکەی بەدۆلارە، یان بەهۆی داشکانی نرخی گۆڕینەوەی دراوەکانیان ئەگەر هاتوو بەهای دراوەکانیان بە دۆلاری ئەمریکی جێگیر کرابوو، یان لەڕێی داشکانی بەهای راستەقینەی قەرزە دەرەکییەکانیان لای ئەمریکا یان لای دەوڵەتانی تر کە بەدۆلار دیاریکراوە.

ئاسانکاریی بڕەکی چییە؟ بۆچی یەدەکی فیدرالی، بانکە ناوەندییەکانی دەوڵەتانی جیهان پەنای بۆ دەبەن؟ چۆن کاردەکا؟ لێرەدا هەوڵدەدرێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە.

ئاسانكاریی بڕەكی، یەدەكی فیدرالی ئەمریكی هەڵدەستێ بەكەمكردنی كۆت و بەندەكانی سەر بڕی دەرچواندنی دۆلار لەرێگەی چاپكردنی بڕێكی ئێجگار زۆر، پاشان بەكارهێنانی ئەو دۆلارە تازانە لەكڕینی كاغەزی دارایی، وەك سەنەداتی حكومی، بۆ ئەوەی بیخاتەسەر ئەو ئسولانەی كە هەیەتی، بەمەش بەشی ئسولێ لە تەرازووی یەدەكی فیدرالی بەرزدەبێتەوە، بێگومان ئەو دۆلارە تازە چاپكراوانە لەسەر بەشی ئیلتزاماتی یەدەكی فیدراڵی تۆمار دەكرێن. بەو شێوەیە هەردوو لایەنی ئسولێ و بەرامبەرەكەی لە تەرازووی یەدەكی فیدراڵی بە بەهای ئەو كاغەزە داراییانەی یەدەكی فیدراڵی كڕیویەتی بەرزدەبێتەوە، بەدوایدا قەبارەی تەرازووەكەی بەرزدەبێتەوە، لەبەر ئەم هۆیەیە كە بە ئاسانكاریی بڕەكی دەگوترێ سیاسەتی زیادكردنی قەبارەی تەرازووی بانكی ناوەندی.

ئاسانكاری بڕەكی یەك لەو ئامرازانەی سیاسەتی نەختییە كە لەكاتی قەیرانەكاندا بەكاردەهێندرێت، لەبەر دەگمەنی یان زۆر كەم گرتنەبەری ئەم ئامرازەی سیاسەتی نەختی، بەیەك لە ئامرازە غەیرە تەقلیدییەكانی سیاسەتی نەختی دادەنرێت، بانكە ناوەندییەكان لە هەلومەرجی ناسروشتییدا پەنای بۆ دەبەن وەك ئەو قەیرانە دارایی و ئابوورییەی كە ئێستا ئابووریی جیهان بەدەستییەوە دەناڵێنێت. سیاسەتی نەختی یان نرخی نەخت ( نێوەنجی سود ) دەبێتە ئامانجی، ئەویش لەمیانی بەكارهێنانی ئەو ئامرازانەی دەبنە هۆی بەرزكردن یان نزمكردنی نێوەنجی سود بەپێی پێدوایستییەكانی چالاكی ئابووری، نێوەنجی سود لەرێی بەرز یان نزمبوونەوە كاریگەری لەسەر چالاكی ئابووری (خواستی هەموەكی) دەبێ، پاشان لەسەر نێوەنجی گەشەو تەوزیف و بێكاری دەبێت. یان ئامانجی سیاسەتی نەختی بڕی نەختی ئاڵوێركراوی ناو ئابوورییە، ئاسانكاریی بڕەكی ئامرازی بەدیهێنانی قەبارەی نەختی ناو ئابوورییە.

سەبارەت بەچۆنیەتی كاری ئاسانكاری بڕەكی، ئەو بانكە ناوەندییانەی كە ئەم سیاسەتە نەختییە دەگرنەبەر رووبەڕووی كێشەی بنەڕەتی دەبنەوە، ئەویش ئەوەیە كە لەكاتی بێبازاڕییدا بانكە ناوەندییەكان نێوەنجی سود بۆ ئاستێكی ئێجگار نزم دادەشكێنن، رەنگە بگاتە سفری سەدەی، كاتێك نێوەنجی سود دەگاتە سفر

دەگەینە ئاستی نێوەنجی سودی ئسمی، کە ناتوانرێ لەوە زێتر نزمبکرێتەوە، لێرەدا بانکی ناوەندی دەرفەتی بەکارهێنانی هەموو ئامرازە رەخساوەکانی بەردەستی بۆ کەمکردنەوەی نێوەنجی سود لەپێناو هاندانی پرۆسەی ئیئتمان، لەدەست دەدا، واتە ئامرازەکانی سیاسەتی نەختیی دووچاری ئیفلیجی دەبێت، ئەو کات ئاسانکاریی بڕەکی لەگەڵ دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی دەبێتە باشترین ئەگەری بەردەستی بانکی ناوەندی. ئامانجی سیاسەتی نەختی یەدەکی فیدراڵی پاراستنی نێوەنجی سودە لەنێوان (٠٪ - ٠,٢٥٪)، یەدەکی فیدراڵی بوارێکی هێندە گەورەی لەبەردەستدا نییە بۆ کەمکردنەوەی زیاتری نێوەنجی سود، بۆیە ئاسانکاریی بڕەکی تاکە چارەسەر بوو کە پەنای بۆ بەرێت.

کاتێك نێوەنجی سود لە سفرەوە نزیك دەبێ ئەگەرە سیاسیەکانی رەخساو لەبەردەم دارێژەرانی سیاسەتی نەختی بۆ هاندانی ئابووریی زۆر سنوردار دەبێت، لەو ئەگەرانە، کڕینی سەنەداتی مەودا دوورە بۆ هەمووارکردنی پەیکەری نێوەنجەکانی سود، یان ئاسانکاریی بڕەکی و، داشکاندنی نێونجی سود لەسەر ئەو یەدەکە زیادانەی کە بانکەکان لای یەدەکی فیدراڵی هەڵیان گرتووە، ئەمەش وا دەکا کە ئارەزووی بانکەکان لەگلدانەوەی سیولەی نەختی لای یەدەکی فیدراڵی کەمبکاتەوە، ئەم پرسە بازاڕەکانی ئیئتمانی تایبەتی چالاکتر دەکات، پێشبینیکردنی هەڵئاوسان لای خەڵکی هەموار دەکاتەوە، کە یارمەتی گەڕانەوەی ئاستەکانی نرخە پێشبینیکراوەکانی لای خەڵکی دەداو کاتێك گرێبەستی مەودادوور ئیمزا دەکەن، نمونەی گرێبەستی قەرز بەر لەداچوونی نرخەکان (انکماش الاسعار). وەلێ لەم کاتەدا بۆ ئەمریکا ستراتیجێکی لەم جۆرە گونجاو نیە، کاتێك کە پێشبینییەکانی هەڵئاوسان لەگەڵ هەڵئاوسانی فعلیدا وێکدێتەوە. ئاسانکاری بڕەکی لەرێگەی کاریگەریی لەسەر پەیکەری نێوەنجی سود سەلماندی کە هەنگاوێکی چالاکە بۆ داشکاندنی نێوەنجی سودو، بەدوای ئەویشدا بۆ داشکاندنی تێچوونی قەرزکردن لەبازاڕی ئیئتمانی تایبەتیدا.

بەڵام ئەگەر هاتوو نێوەنجی سود لەسفرەوە نزیك بوو، ئاسانکاری بڕەکی چۆن دەتوانێ هۆکاری بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکییە ئابوورییەکان و قوتارکردنی

ئابووریی بێ لە بێبازاڕیێ؟ دەکرێ بەجۆرە وەسفی ڕەوشی ئەمریکا بکرێ، ئامانجی سیاسەتی نەختی ئەمریکا ئەوەیە کە نێوەنجی سەرەکی سوودی قەرزەکانی نێوان بانکەکان یان ئەوەی پێی دەگوترێ نێوەنجی دارایی فیدراڵی، زۆر نزم بێ یان لەسفرەوە نزیك بێت، واتە بانکەکانی ئەمریکا دەتوانن بە نێوەنجی سودی زۆر نزم بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە داراییەکانیان قەرز بکەن، ئامانجی سەرەکی لەم هەنگاوە هاندانی بانکەکانە بۆ قەرزکردنی زیاتری پارە، بۆ ئەوەی دواتر ئەو پارەیە بخەنە بەردەستی خەڵکی (بەکاربەران) تاوەکو لە بازاڕ خەرجی بکەن و، هانی کەرتی تایبەتیشی پێ بدرێت بۆ ئەوەی ئاستی وەبەرهێنانەکانی بەرزبکاتەوە، بەمەش ئاستی خواستی هەمووەکی بەرزدەبێتەوە، بەڵام بانکەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان تێچوونی قەرزکردن و نێوەنجی سود قەرز ناکەن، چونکە ئاستی دڵنیاییان نزمە لەوەی کە قەرزوەرگرەکان لە بەکاربەران و کەرتی تایبەت لەکاتی خۆیدا قەرزەکانیان بدەنەوە، بەحوکمی ئەوەی ئابووریی ئەمریکا لە حاڵەتی بێبازاڕییدایە، لەبری ئەوە بانکەکان هەڵدەستن بە سەرمایەگوزاری لە کڕینی سەنەداتی ماوەدرێژ، چونکە ئەم سەنەداتانە بە نێوەنجی سودی نزمتر بە بانکەکان دەدرێن، لەهەمان کاتیشدا ئاستی مەترسی ئەم جۆرە وەبەرهێنانە نزمە.

کەواتە پارەکان لە کەرتی داراییەوە بەرەو ناو کەناڵەکانی ئابووری لەپێناو چالاککردنی بزاوتی گەشەی ئابووری و، خێراکردنی دەربازبوونی لەو بێبازاڕییەی ئێستا ناڕۆن، تاوەکو پێشبینییەکانی لەمەڕ ئایندەی ئاستی چالاکییە ئابوورییەکان، ناڕۆشن بن، ئەوا هیچ ڕێگەیەکی تریش بۆ هاندانی بانکەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە لەبەردەستدا نابێت. کەواتە دەبێ بانکی فیدراڵی ئەمریکا چی بکات؟ چارەی پێشنیارکراو بۆ دەربازبوون لەم تەنگژەیە پەنابردنە بەر شێوازی غەیرە تەقلیدییە، کە بانکی فیدراڵی هەڵدەستێ بەچاپکردنی سەدان ملیار دۆلارو، پاشان بەو دۆلارانە کاغەزی دارایی لەبانکەکان دەکڕێت، وەك سەنەدات، بەهۆیەوە نرخی سەنەداتەکان بەرز دەبێتەوە، پاشان نێوەنجی دەستهاتی بانکەکان لەوەبەرهێنان لەو کاغەزە داراییانە نزمدەبێتەوە، ئەمەش پرۆسەی

قەرزکردن بۆ تاك و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتی بەتایبەتی ئەوانەی بەرێژەیی گەنجینە داراییەکانیان بەرزبووەتەوە، وەبەرهێنان لەو کاغەزە داراییانەدا زۆر سەرنج راکێش دەبێت. بەو شێوەیە ئەو دۆلارە چاپکراوانەی بانکی فیدراڵی دەچێتە نێو بازاڕی ئیئتمانی تایبەتەوە، لەگەڵ زیادبوون پرۆسەکانی ئیئتمان لای کەرتی تایبەت ئاستی خواستی بەکاربردن و وەبەرهێنان بەرزدەبێتەوە، دوای ئەویش ئاستی تەوزیف و گەشەی ئابووری و پرۆسەی دەربازبوونی لەبێبازاڕی خێراتر دەبێت. بەکورتی ئەمە میکانیزمی کارکردنی ئاسانکاری بڕەکی یان چاپکردنی دۆلارە.

هەر ئامرازێك لە ئامرازەکانی سیاسەتی نەختی کەناڵێکی خۆی هەیە بۆ گواستنەوەی کاریگەرییەکانی بۆ ناو چالاکییە ئابوورییەکان، وەك کەناڵی نێوەنجی سودو کەناڵی نرخی ئسولەکان... هتد، کەناڵی گواستنەوەی کاریگەریی ئاسانکاری بڕەکی پێی دەگوترێ (کەناڵی هاوسەنگی یان هەموارکردنی جزدانی دارایی (المحافظ المالیة)، ئەم کەناڵە لەسەر گریمانەیەکی بنەڕەتی دانراوە، ئەویش ئەوەیە کە ئامرازە هەمەجۆرەکانی دارایی لە جانتای وەبەرهێنەرەکاندا بەشێوەیەکی رەها هیچیان ئەلتەرناتیفی یەکتری نین، بۆیە هەر گۆڕانکارییەك لە پوختەی خستنەڕووی ئامرازەکانی وەبەرهێنەران کاریگەریی دەبێ لەسەر نێوەنجی ئەو دەستهاتەی بەدی دێن، هەروەها کاریگەریشی لەسەر ئامرازە بەدیلەکانیش دەبێت. لەروانگەی ئەمەوە، کڕینی سەنەداتی مەودادوور لەلایەن بانکی ناوەندییەوە کاریگەریی لەسەر رەوشی دارایی دەبێت، ئەویش لەرێگەی بڕو پێکهاتەی ئەو ئسولە داراییانەی کە لە جزدانە داراییەکاندا هەڵدەگیرێن ( بێ گومان هی دامەزراوە گەورەکانی دارایی). کاتێك کە بانکی ناوەندی سەنەدات دەکرێ ئەو کڕینە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی نێوەنجی دەستهاتی سەنەداتەکان چونکە بەهۆی کەمبوونی خستنەڕووی سەنەداتەکان نرخەکانی بەرزدەبێتەوە، ئەو رەوشە هانی وەبەرهێنەران (دامەزراوە داراییەکان) دەدا داوای سەنەداتی هاوشێوە لەڕووی ئاستی مەترسی و ماوەی دانەوەی بکەن، ئەمەش بەهەمان شێوە دەبێتە هۆی داشکانی نێوەنجی دەستهاتی ئەم ئسولانە، ئەمە لە بازاڕی ئیئتمانی تایبەت

دەبێتە یارمەتیدەری زیادکردنی ئیئتمانی رەخساو.

وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، پێشتر یەدەکی فیدراڵی پلانی ئاسانکاری بڕەکی جێبەجێ کرد کە پێی دەگوترێ پلانی یەکەمی ئاسانکاری بڕەکی (QE1)، کە لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ وە دەستی پێکردو چەند مانگێکی پێچوو، کاتێك کە یەدەکی فیدراڵی کڕینی (١٠٠) ملیار دۆلاری لەسەنەداتی نیشتەجێبوونی ئەو دامەزراوانەی کە حکومەتی ئەمریکی سەرپەرشتی دەکردن (هەردوو دامەزراوەی فانی مای و فریدی ماك و بانکە فدراڵییەکانی عەقاری) کڕی، هەروەها بایی (٥٠٠) ملیار دۆلار سەنەداتی رەهنی عەقاری کڕی کە لەلایەن دامەزراوەکانی رەهنی عەقاری فانی مای و فریدی ماك و فانی جینی پشتیوانی لێکرابوو، لە ٢٨ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩ لیجنەی بازاڕی کراوەی یەدەکی فیدراڵی (FOMC) ئامادەیی خۆی بۆ فراوانکردنی بەرنامەی ئاسانکاری بڕەکی نیشان دا لەمیانی کڕینی بڕێکی ئێجگار زۆری قەرزەکانی دامەزراوەکان و ئەو سەنەداتانەی بەپشتیوانی رەهنی عەقاری دەرچوێندراون بۆ ئەوەی لێیانەوە پشتیوانی بازاڕی خانوبەرەو رەهنی عەقاری بکرێت. لە ١٨ی ئازاری ٢٠٠٩ لیجنەی بازاڕی کراوە بڕیاری زیادکردنی قەبارەی بودجەی یەدەکی فیدراڵی دا کاتێك بایی (٧٥٠) ملیار دۆلار لەو سەنەداتانەی بەپشتیوانی رەهنی عەقاری دەرچوێندراون، کڕی، ئەم کڕینە، لەساڵی ٢٠٠٩ موشتەرەیاتی یەدەکی فیدراڵی لەو سەنەداتانە گەیشتە بایی (١,٢٥) ترلیۆن دۆلار، هەروەها بۆ رەخساندنی پشتیوانیکردنی بازاڕی خانوبەرەو رەهنی عەقاری و زیادکردنی موشتەرەیاتی قەرزی ئەو دامەزراوانەی حکومەت سەرپەرشتی دەکا بۆ (٢٠٠) ملیار دۆلار، هەروەها بەئامانجی باشترکردنی رەوشی بازاڕی ئیئتمانی تایبەتی، بڕیاری کڕینی بایی نزیکەی (٣٠٠) ملیار دۆلاری سەنەداتی ماوەدرێژی حکومەتی دا. بەکۆتاییهاتنی پلانی یەکەمی ئاسانکاری بڕەکی بەبڕی (٢) ترلیۆن دۆلار ئسوڵی دارایی لەرێی چاپکردنی دۆلاری نوێ وە کڕدرا. دەرئەنجامی سروشتیی پرۆسەی ئاسانکاری بڕەکی بەرزبوونی قەبارەی بودجەی یەدەکی فیدراڵی بوو بۆ ئاستێکی پێوانەیی کە پێشتر قەت پێی نەگەیشتبوو.

ئەم پلانەی ئاسانکاری بڕەکی، جگە لە بەرنامەکانی تری هانـدانی ئـابووری، بووەتە هۆی باشترکردنی بنەڕەتی ڕەوشـی بازاڕەکـانی ئیئتمـانی و، نێوەنجـەکانی گەشەکردنیشی بەرزکردۆتەوە، تا بەفعلی ئابووریی ئەمریکی لە ڕەوشی بێبازاڕی ڕزگارکرد. وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، بەڵام ئەو ڕەوشـە ئابوورییـە هەموەکییـەی ئـەمریکا بەچـەندین مەترسـی گـەمارۆ دراوە، بەتایبـەتی ئـەو مەترسـیانەی پەیوەستن بە گوشارەکانی بازاڕی کارو، بەرزبوونی بەردەوامی نێوەنجەکانی بێکاری کە لە کاتی قەیرانە ئابوورییە گەورەکەوە بەهۆی لاوازی نێوەنجەکانی گەشەکردنی ئابوورییەوە درێژەی هەیە، بـەرزبوونی نێوەنجـەکانی بێکـاری ئاسـتی نادڵنیـایی لەمەڕ ئەمانی وەزیفی تارادەیەکی دیار بەرزکردۆتەوەو، ئاستی متمانـەبوونی بـە ڕەوشی ئابووریی هەموەکی نزم کردۆتەوە. بێ گومان بێکاری یەك لە گـەورەترین ئـەو تەحەدایانەیـە کـە ڕووبـەڕووی ئـابووریی ئـەمریکی بووەتـەوە، داشـکانی نێوەنجەکانی بێکاری کاتێکی زیاتری گەرەکـە تـاوەکو لەمـەودای دووردا بێتـەوە دۆخـی جـاران، بـەڵام تـا ئـەو کاتـەی ئـابووریی ئـەمریکی بـەهێز دەبێتـەوەو کۆمپانیاکان بەشێوازێکی بەردەوام چالاکییەکانیان دەست پێ دەکاتەوە، ئـەوکات نێوەنجەکانی دامەزراندن و گەشەی ئابووریی بەرزدەبێتەوە، تا ئابووریی ئەمریکی بەم حاڵەتە دەگات، دەبێ یەدەکی فیدراڵی چالاکانە هەنگاو بنێت.

لیجنەی بازاڕی کراوە پابەندە بە پاراستنی ئابووریی ئەمریکا لە هەڵئاوسـان، هەروەها پابەندیشە بە بەرەنگاربوونەوەی داشـکانی نرخـەکان، پەرەسـەندنەکانی نێوەنجی هەڵئاوسان ئاماژە بۆ مەترسـییەکانی داچـوونی نرخـەکان (پاشەکشـێی نرخەکان) دەکەن، چونکە ئەوەی بووەتە جێی مەترسـی هەڵئاوسـان نیـە بـەڵکو داچوونی نرخەکانە، ئایا داچوونی نرخەکان باش نییـە، کاتێـك خـەڵکی هەسـت دەکەن نرخـەکان دابـەزیوە؟ وەڵامـەکـەی بەنـەخێرە، چـونکە داچـوونی نرخـەکان خراپیشی هەیە، بۆ نمونە، داچوونی نرخەکان لـە ژاپـۆن بـووە هـۆی پاشەکشـێی دیاری نێوەنجی گەشەی ئـابووری و، زیـادبوونی نێـوەنجی بێکـاری و، تێکچـوونی کەرتی بانکسـازی و بەرهـەمهێنان، بـەدەر لـەهۆکارەکان، داچـوونی نرخـەکان ڕۆڵێکی گرنگی لە بەردەوامبوونی پوکانەوەی ئـابووریی ژاپۆنـدا گێـڕا. هـەموو

زیاتر ترسیان لەداشکانی نرخەکان هەیە وەك لە هەڵئاوسان، کە ئێستا نێوەنجەکەی لە سفرەوە نزیکە، چونکە داچوونی نرخەکان رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی پێی دەگوترێ حەلەزۆنی داشکانی نرخەکان، هەر کە دەست پێ بکا بۆ ئابووری دەبێتە هەرەشەیەکی مەترسیدار، چونکە راگرتنی زۆر ئەستەمە. لەگەڵ پاشەکشێکردنی ئەدای ئابووری لەسەر ئاستی هەمووەکی مەترسییەکانی داچوونی نرخەکان زیاتر دەبێ، وەك زانراوە ئامانجەکانی جێگیریی نرخ و گەشە پێچەوانەی یەکدین، بەڵام لەسایەی ئەم هەلومەرجەی ئێستادا ئەو دوو ئامانجە پێچەوانەی یەکدی نین، بەرزبوونی نێوەنجی گەشە لەهەمانکاتدا یارمەتی نەهێشتنی داچوونی نرخەکان دەدات.

لێرەدا پرسیارێك دێتەپێشێ، ئایا ئاسانکاری برەکی مەترسی بۆ سەر ئابووریی ئەمریکا هەیە، ئەگەر هەیە ئەو مەترسیانە چین؟ گرفتی سەرەکی لەئەگەری ئاسانکاری برەکی لەوەدایە کە یەدەکی فیدراڵی ئەزموونێکی تەواوی لە جێبەجێکردنی ئەم ئامرازەی سیاسەتی نەختیدا نیە، هەروەها زانیاری وردیشی سەبارەت بە ئاسەوارە نادیارەکانی ئەم سیاسەتە نەختییە نیە بەتایبەتی کاریگەرییەکانی لەسەر بازارەکانی دارایی. گەورەترین ئاسەواری ئەم سیاسەتە کاتێك دەردەکەوێ کە گوشارەکانی هەڵئاوسان زیاد دەبێ و، سیولەی نەختی لەبازارەکاندا سنوردارو، نرخەکانی سود بەرزن، بەڵام کاتێك نێوەنجەکانی سود نزمە، وەك ئەوەی ئێستا، زەحمەتە بەوردی دەرك بە دەرئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە بکرێت.

پەنابردنی یەدەکی فیدراڵی بۆ فراوانکردنی بودجەکەی رەنگە متمانەی خەڵکی بە تواناکانی لاواز بکا بەتایبەتی لە رەسم و جێبەجێکردنی پلانی هەنگاوەکانی دەربازبوون لەو سیاسەتانەی کە ئێستا پەیرەوی دەکات، وەك ئەوەی لەئایندەدا هەستی هەڵکشانی نێوەنجی هەڵئاوسانیان لەلا دروست بێت. بێ گومان لە هەلومەرجێکدا کە هەڵئاوسان نزمە یان سالب بێ، ئەو پێشبینیانە بۆ ئابووری ئیجابی دەبێ، بۆ دڵنیاکردنەوەی خەڵکی یەدەکی فیدراڵی پەرەی بە کۆمەڵێك ئامراز داوە تاوەکو زامنی بەئاسان دەربازبوونی لەو سیاسەتە

فراوانخوازییه بکـا، کـەی هەلومەرجەکـە بیخوازێـت، ئەمـه بـەو هیوایـە کـە یارمەتیدەری دڵنیاکردنەوەی خەڵکی بێ و، ئازادی زیاتر به بانکی ناوەندی بدا بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاسانکاری بڕەکی جێبەجێ بکات.

وەلـێ گـەورەترین مەترسـییەکانی ئاسـانکاری بڕەکـی متمانـە لەدەسـتدانە بەدۆلارو، خەڵکی هـەوڵی خۆرزگـارکردن بـدەن لـەو ئسـوله دۆلاریانـەی لایـان کەڵەکه بووە، بەتایبەتی لای بیانییەکانی دەرەوەی ئەمریکا، دۆلار رۆڵی خۆی وەك یەدەکی یەکەمی جیهان لەدەست بدات، پاشان هەڵئاوسان له کـۆنترۆڵ دەربچـێ، هەموو ئەمانە ئەگەری زۆر لاوازن.

جێی خۆیەتی لێرە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ که ئاسـانکاری بڕەکـی سیاسـەتێکە تەنیا له ئەمریکا پەیڕەو ناکرێ، لەهەنگاوێکدا که بازاڕەکانی جیهانی دووچـاری شۆك کردەوە، کاتێك بانکی ژاپۆن پلانی ئاسانکاری بڕەکی بەکڕینی ئسولّی نـوێ و داشکانی نرخی سودی بۆ ئاستی نزیك له سفر راگەیاند، دوای راگەیاندنی ئـەو پلانەی ژاپۆن نرخی زێڕ لەبازاڕەکان به بەهای (٢٠) دۆلار بەرزبووەوە، بێ گومـان ئەوە دوا بازدان نابێ، پێشبینی ئەوە دەکرا لەگەڵ راگەیاندنی یـەدەکی فیـدراڵی بەدەستپێکردنی پلانی دووەمی ئاسانکاری بڕەکی نرخەکانی زێڕ بەرزبووەی زیـاتر بەخۆیەوە ببینێت، هەرواش دەرچوو، که دوای پلانەکە نرخەکانی زێڕ بەردەوام بوو لەهەڵکشـان. وەك پێشـبینیش دەکـرا، نرخـی بازاڕەکـانی پشـك زیـادی کـرد، بەتایبەتی بازاڕی دەوڵەتە هەڵکەوتووەکان، ئەوانەی بەدواداچوونی نرخی ئسـوڵ و کالاکان دەکەن بۆیان دەرکەوت که راگەیاندنی پلانی دووەمی ئاسانکاری بڕەکـی کاریگەری لەسەر هەموو ئسولەکان هەبوو، نرخی پشکەکان هەڵکشـان، بـەهای دراوە بیانییەکان بەتایبـەتیش یـۆرۆ بەرامبـەر بـەدۆلار بەرزبوونـەوە، هـەروەها نرخەکانی نەوت رووی لەهەڵکشان کرد، ئەوەی روون بووە که پرۆسەی ئاسانکاری بڕەکی که بەئامانجی یارمەتیدانی ئابووری بوو، رەنگە ببێتـە هۆکـاری ئاوسـانی نرخی ئەسڵەکان.

هێندێك لەو بڕوایەدان که ئەم قەیرانە کۆتایی ئابووریی ئەمریکایەو، چـیدی ئەو ئابوورییە هەڵناسێتەوە، ئایا بەڕاسـتی ئـابووریی ئـەمریکا دەکەوێتـە داوی

داچوونی نرخەکان و دوای ئەویش پوکانەوەی ماوەدرێژ؟ وەڵامەکەی بێگومـان بـە نەخێرە، لەبەر چەندین هۆکـار، گرنگترینیـان مرونـەت و جێگیریـی هەیکـەلی ئابووریی ئەمریکایە، ئابووریی ئەمریکا بەدرێژای دەیان ساڵی رابردوو رووبەڕووی دەیان شۆکی گەورە بووەو سەلماندی کە توانایـەکی دیـاری هەیـە لـە هەڵمـژینی هەموو ئەو شۆکانەی رووبەڕووی بوونەتەوە، دواتر چالاك بووەتـەوەو گەشـەکردنی بەدەست هێناوەتـەوە، مرونـەتی بازاڕەکـانی ئـەمریکا یارمـەتی بەرزکردنـەوەی تواناکانی ئابووریی ئەمریکای داوە لەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەو شـۆکانەدا بکـات، لەگەڵ بەهێزی ئەو شۆکەی دوایی کە بازاڕەکـانی ئـەمریکا رووبـەڕووی بـووەوە، بەڵام بانکە گەورەکانی ئەمریکا هەر بە پتەوی و بەهێزی خۆیان مانەوە.

لە ٣ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٠ لیجنەی فیدراڵیی بازاڕی کـراوە لە یەدەکی فیدراڵی پلانی دووەمی ئاسانکاری بڕەکی ئاشـکرا کـرد کـە تـاوەکو ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١١ جێبەجێی دەکـات، ئـەویش بـەفراوانکردنی چوارچـێوەی پاراستنی کاغەزی دارایی لەحسابی سستمی فیدراڵی بازاڕی کراوە (SOMA) بۆ هاندانی پرۆسەی گێڕانەوەی چالاکییە ئابوورییـەکان، ئـەویش لەرێگـەی کـڕینی بایی (٦٠٠) ملیار دۆلار سەنەدات، یان روونتر چـاپکردنی (٦٠٠) ملیـار دۆلار بە ئەلکترۆنی، بۆئەوەی بچێتە سەر مایەی بنەڕەتی نـەختی ئـەمریکا. سـەرەڕای ئەوەش یـەدەکی فیـدراڵی لەپرۆسـەکانی دووبـارە وەبـەرهێنانی دەسـتهاتی ئـەو سەنەداتانەی بەرواری ئیستحقاقیان هاتووە بەردەوام دەبێت، وا چاوەڕوان دەکرا کە لیجنەی بازاڕی کراوە بایی (٣٥) ملیار دۆلار لەو سەنەداتانە لەشـێوەی دووبـارە وەبەرهێناندا بکڕێتەوە، بەوجۆرە بـوو، کـە پێشـبینی دەکـرا کـە موشـتەرەیاتی یەدەکی فیدراڵی لە سەنەدات لەچوارچێوەی ئەو پلانەدا لـەنێوان (٨٥٠) ملیـار بۆ (٩٠٠) ملیار دۆلار بێت.

لەلایەکی ترەوە، لیجنەی بازاڕی کراوە بڕیاری دا کـە نزیکـەی (٨٥٪)ی ئـەو پارەیە بۆ کڕینی ئەو سەنەداتانە تەرخان بکات کـە بـەرواری ئیسـتحقاقەکانیان لەنێوان (٢,٥) بۆ (١٠) ساڵە، بەئامانجی نزمکردنەوەی نێوەنجی سودی ماوەدرێژ بـۆ ئاسـتێکی زۆر نـزم، بۆئـەوەی کاریگـەریی لەسـەر نێـوەنجی دەسـتهاتی

سـەنەداتەکانی ماوەدرێـژ بێـت و، هـانی دامـەزراوە داراییـەکان بـدات تـاوەکو وەبەرهێنانەکانیان بۆ قەرزدان بەکەرتی تایبەتی بگوێزنەوە.

یەدەکی فیدراڵی لەو ماوەیەدا بۆ زامنکردنی گونجانی دەرئەنجامەکان لەگـەڵ ئامانجە گشتییەکاندا بەشێوەیەکی دەوری بە سیاسەتەکانیدا دەچـێتەوە. ئامانجـە راگەیانـدراوەکانی یـەدەکی فیـدراڵی زیـاترکردنی دەرفەتـەکانی دامەزرانـدن و پاراستنی جێگیری ئاستی نرخەکانە، واتە ئامرازەکـانی سیاسـەتی نـەختی بـەرەو زامنکردنی پرۆسەی رەخساندنی دەرفـەتی کـارو دڵنیـابوون لـەجێگیری ئاسـتی نرخەکان ئاراستە دەکات، بەشێوەیەکی تایبەتی لیجنەی بازاڕی کراوە چـاودێریی ئاستی لادانی نێوەنجی بەدیهێنراوی هەڵئاوسان و هەڵئاوسانی دەستنیشانکراو بـۆ زامنکردنی جێگیریی هەڵئاوسانی پێشبینیکراو لەئابووریی ئەمریکیدا دەکات.

ئابووریی ئەمریکا هێشتا بەدەسـت نزمـی خێرایـی گێڕانـەوەی گەشـەکردنی بەرهەم و لاوازی پرۆسەی رەخساندنی دەرفەتی کارکردنەوە دەناڵێنێ، کە لـەڕووی مـێژووییەوە دەبێتە هـۆی بـەردەوامبوونی ئاسـتی بـەرزی بێکـاری، ئەمـەش لای خۆیەوە خواستی بەکاربردن سنوردار دەکات. لەگەڵ ئـەوەی خـەرجی بـەکاربردنی تایبەتی زیـادی کـردووە، بـەڵام لەدەرئـەنجامی بـەرزی رێـژەی بێکـاری و لاوازی نێوەنجەکانی گەشەکردنی داهات هێشتا نێوەنجی گەشەکردنی وەك پێویست نیـە، هەروەها داشکانی بەهای خانوبەرە کاریگەریی سلبـی لەسەر سامانی بەکاربەران دەبێ، ئەویش قەبارەی ئەو ئیئتمانی بەکاربردنەی پێشکەشـیان دەکـرێ سـنوردار دەکات. لەلایەکی ترەوە، لەگـەڵ ئـەوەی خـەرجی وەبـەرهێنانی تایبـەتی زیـادی کردووە، بەڵام نێوەنجی گەشەکردنەکەی بە بـەراورد بـە سـەرەتای ٢٠١٠ کەمـە، هەروەها خـەرجی وەبـەرهێنانی لـە کەرتـەکانی تـری غـەیری خانوبـەرەش وەك پێویست نیەو، پرۆسەی بیناکردنی خانوبەرەی نوێش زۆر بەسستی بەڕێوەدەچـێت، زیاتر لەوانەش، زۆربەی پێوانەکانی هەڵئاوسان لە نزیك (٢٪) دەخولێتەوە ( ئەو ئاستە دەستنیشانکراوەی یەدەکی فیدراڵییە بۆ هەڵئاوسان)، ئەو ئاسـتە نزمـەی هەڵئاوسـان واتـە ئـابووریی ئـەمریکا بەدەسـتی وزەی بەرهەمـداریی زێـدەوە دەناڵێنێت، لەگەڵ هاتنە خوارەوەی نێوەنجەکانی هەڵئاوسان لەئابووریی ئەمریکا،

ئەگەرەکانی مەترسیی داچوونی نرخەکان بەرزدەبێتەوە، بێ گومان ئەم حاڵەتە بۆ دارێژەرانی سیاسەتی ئابووری بەتایبەتیش دارێژەرانی سیاسەتی نەختی دڵخۆشکەر نیە. بۆ نمونە بن برنانکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەڵئاوسانی نزم رەنگە ئابووریی ئەمریکا رووبەڕووی مەترسی بکاتەوە، بەتایبەتی کاتێك نێوەنجی گەشە لاوازە. لەخراپترین حاڵەتیدا رەنگە هەڵئاوسانی ئاست نزم داچوونی نرخەکانی لێبکەوێتەوە، ئەمەش قەیرانە ئابوورییەکەی ئێستا بەرەو پوکانەوەیەکی درێژخایەن دەبات.

وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، کاتێك قەیرانەکە دەستی پێکرد، یەدەکی فیدراڵی بەشێوەیەکی چڕ پرۆسەی ئاسانکاری برەکی دەست پێکرد بۆ ئەوەی نێوەنجەکانی سود لەپێناو هاندانی ئابوورییدا لە سفر نزیك بکاتەوەو، کاریگەریی سیاسەتی نەختی لەرێگەی کەناڵە تەقلیدییەکانی وەك نرخی سود بگوێزێتەوە بۆ ناو کەرتە راستەقینەکانی ئابووری، پرۆسەکانی کڕینی سەنەدات هۆکاری زیادکردنی بودجەی یەدەکی فیدراڵی بوو لە (٨٠٠) ملیار دۆلارەوە بۆ (٢,٣) ترلیۆن دۆلار. وەلێ پلانی یەکەمی ئاسانکاری برەکی زیادکردنێکی ئەوتۆی لە پرۆسەکانی قەرزکردن لای دامەزراوە داراییەکان بەدی نەهێنا، بەشێوەیەکی تایبەت بانکەکان بەردەوام بوون لە کڕینی سەنەدات، زێدەی یەدەکی زەبەلاحیان لای خۆیان گلدەدایەوە یان پارەکانیان لای یەدەکی فیدراڵی سپاردە دەکرد. لەپرۆسەکانی پلانی یەکەمی ئاسانکاری برەکی زیادبوونێکی ئەوتۆی خستنەڕووی ئیئتمان بەرچاو نەکەوت، یان لەبەر بەرزی ئاستی مەترسی پێدانی قەرز بوو بەکەرتی تایبەت، یان لەبەر ئەوەی قەرز وەرگرەکان لەبەر پڕبوونی هەگبەی داراییان ئامادەی قەرزی زیاتر نەبوون، لەکاتێکدا دامەزراوەکانی کاری بچوك و مامناوەندی ناتوانن بگەنە بازاڕی سەنەدات، بێبەشبوون لەپێشکەشکردنی ئیئتمان بەو مەرجانەی لەگەڵ پێداویستییەکانیاندا دەگونجێت. لەگەڵ ئەو دەرئەنجامانەشدا، یەدەکی فیدراڵی جارێکی تر گەڕایەوە بۆ جێبەجێکردنی هەمان ئەو سیاسەتە، بەو هیوایەی ئەمجارەیان ئامانجەکانی بپێکێت، رەنگە لێرەدا پرسیارێك بوروژێت، ئایا جیهان چاوەڕێی چی لەم پلانەی

یەدەکی فیدراڵی دەکات؟ ئەگەری کەوتنەوەی چەندین ئاسەوار لەجێبەجێکردنی ئەم پلانە دەکرێت، لێرەدا هەوڵدەدرێ بە کورتی بخرێنەروو:

یەکەم: رەنگە جێبەجێکردنی ئەم پلانە نەبێتە هۆکاری بەرزکردنەوەی نێوەنجی گەشەکردن، یان رەنگە لەحاڵەتێك ئەگەر گەشەکردنیش روو بدا ئەوا ئەو گەشەکردنە کاتی بێت. دەرئەنجامە سەرەتاییەکانی راگەیاندنی ئاسانکاری بڕەکی، لانی کەم لەڕووی تیۆرییەوە هاندەرە بۆ گەشەکردن، بەتایبەتی کە مەیلی نێوەنجی سودی ماوەدرێژ لەپاشەکشێدایەو، نرخەکانی ئسوڵە داراییەکان لەهەڵکشاندایە، هەلومەرجی لەم جۆرەی بازاڕی دارایی یارمەتیدەری رەخساندنی ژینگەیەکە بۆ هەڵکشانی نێوەنجی گەشەی ئابووری، بۆ نمونە، داشکانی نێوەنجی سودی ماوەدرێژ لە نێوەنجەکانی سودی سەر قەرزی عەقاری کەمدەکاتەوە، بەدەستهێنانی خانوبەرە ئاسانتر دەبێت و، هانی خاوەن خانووەکان دەدا تاوەکو جارێکی تر خۆیان تەمویل بکەنەوە. لەلایەکی ترەوە، داشکانی نرخی سودی سەنەدات هانی پرۆسەی وەبەرهێنان دەدات، هەروەها هەڵکشانی نرخی پشکەکان ئاستی سامان بەرزدەکاتەوە، ئەمەش زیادبوونی خەرجییەکانی لێدەکەوێتەوەو، پاشان ئاستەکانی داهات و قازانج بەرزدەکاتەوەو، دەبێتە هۆکاری پشتیوانیکردنی فراوانکردنی چالاکییە ئابووریەکان.

بەڵام ئەم شیکارییە تیۆرییە، مەرج نیە لەسەر ئەرزی واقع بەدی بێت، لەبەر ئەوە هێندێك لە شرۆڤە موتەشائیمەکان هێشتا جەخت لەوە دەکەن کە ئەمریکا بەدەست دیاردەی تەڵەی سیولەوە (Liquidity Trap) دەناڵێنێت، هەروەها ئەوەش روون نیە کە پارەی پلانی ئاسانکاری بڕەکی ئاسەواری ئیجابی لەسەر ئاستی ئیئتمان دەبێت، یان ئەوەتا دەچێتە نێو تەڵەکەوە بەبێ ئەوەی ئەو پارەیە ببێتە قەرزی ئیئتمانی بۆ کەرتی تایبەت، لەدیدی ئەمانەوە، تەنانەت ئەگەر هاتوو پلانەکە کاریگەری لەسەر داشکاندنی هەیکەلی نرخی سودی ماوەدرێژ هەبوو، تاوەکو پێشبینییەکان تەشائومی بێ و ئاستی متمانەکردن بە ئایندەی ئابووری نزم بێ، ئەوا هێشتا ناتوانرێ بگەیتە ئەوەی کە بانکەکان دەست بەقەرزدان دەکەن، یان کۆمپانیاکان ئامادەیی قەرزکردنیان تێدایە.

دووەم: ئەگەر هەیە ئەو پلانە ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی نێوەنجی هەڵئاوسان لە ئەمریکا، ڕەنگە ئەم ئەگەرە لە پێشبینیکردنی هەڵئاوساندا تارادەیەك زێدەڕۆیی پێوە دیار بێ، بەتایبەتی ئەگەر هەلومەرجی ئەو قەیرانەی ئەمریکا پێیدا تێپەڕ دەبێت لەبەرچاو بگیرێت. پلانی یەکەمی ئاسانکاری بڕەکی کە قەبارەکەی دوو هێندەو نیوی پلانی دووەمە جێبەجێکراو نێوەنجی هەڵئاوسانیش بەرزنەبوەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ترسەکە لە هەڵئاوسانی نرخەکان نیە بەقەدەر ئەوەی لە داچوونی نرخەکانە، با خراپترین ئەگەرەکان وەربگرین کە بەرزبوونەوەی نێوەنجی هەڵئاوسانە، مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵئاوسان ئەو ئەرکە موستەحیلە نیە، هەموو ئەوەی یەدەکی فیدراڵی پێویستی پێیەتی، گرتنەبەری سیاسەتێکی نەختی دەستگرتنەوەو (تقیدیە)، هێندێك ئاسەواری دژە ئاراستەی گەشەی ئابوورییە. گرنگ دەربازبوونە لەقەیران و گەڕانەوەی گەشەی ئابوورییە بۆ ئاستی سروشتی و، بەرهەمیش بۆ ئاستەکانی خۆی لەماوەدرێژدا. ئەگەر ڕەوشەکە بەم جۆریە، ئەی ئەو هەموو حەساسیەتە زیاد لەپێویستە بۆ ئەم پلانەو پەرچەکرداری توندی بازاڕەکان بۆ ئەم پلانە بەبەراورد بەپلانەکەی پێشوو چییە؟

لە راستییدا، مەترسی راستەقینە لەم پلانەی ئاسانکاری بڕەکیدا لەسەر نێوەنجی هەڵئاوسان نیە لەئەمریکا، بەڵکو لەسەر نێوەنجی هەڵئاوسانی جیهانە. پێشبینی ئەوە دەکرێ نرخی کاڵا بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان بەرزبێتەوە، وەك چۆن نرخەکانی نەوت بەرزبووەوە. بەرزبوونی نرخی کاڵا بازرگانییەکان زۆربەی دەوڵەتانی جیهان ڕووبەڕووی شۆکی هەڵئاوسانی هاوردە دەکاتەوەو، ئاستی بێ متمانەیی بەرزدەکاتەو کاریگەریی سلبی لەسەر ئاسۆی گەشەکردنی ئابووری لەجیهان دەبێت. لەلایەکی ترەوە، هێندێك لە شرۆڤەکارانی ئابووری ترسیان لەڕوودانی هەڵئاوسانی پوکاوە (Stagflation) هەیە، کە ئەگەری ڕوودانی بەهێزە، ئەگەر ئەوە ڕووبدات، ئەوا ئاسانکاری بڕەکی لەبەرەوپێشبردنی گەشەی ئابووریی ئەمریکادا شکست دێنێت، زیادبوونی کرێ لەو دەوڵەتە هەڵکەوتووانەی کە ئەمریکا پێداویستییەکانی خۆی لێ هاوردە دەکا ئاستی هەڵئاوسانی هاوردە بەرزدەکاتەوە، واتە ئەمریکا ڕەنگە نەتوانێ لەڕێی

هاوردەکردنی کاڵای هەرزانەوە ڕووبەڕووی هەڵئاوسان بێتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ داشکانی بەهای دۆلاردا نرخی کاڵا بازرگانییەکان لەجیهان بەرەو هەڵکشان دەچێت، ئەمەش قوڕی هەڵئاوسان خەستتر دەکات.

سێیەم: گرفتی سەرەکی ئەم پلانە، پێشبینیکردنی گۆڕینی دیاری ڕەوشی ڕێژەیی دراوە جیهانییەکانە لەبەرامبەر بە دۆلار، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر توانای کێبڕکێکاری ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتان دەبێ بە دەوڵەتی چینیشەوە، پلانەکە دەبێتە هۆی زیادکردنی گوشارەکانی سەر یوان بەرەو بەرزبوونەوە، کە چین لەماوەی ئەو ساڵانەی دواییدا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی ئەوە ڕوونەدات، ئەویش لەڕێگەی دەستوەردانی چڕی لەبازاڕی گۆڕینەوەی بیانییدا تاوەکو بتوانێ بەهای یوان لەبەها راستەقینەکەی خۆی کەمتر بێت. لەمیانی ئەم پلانی ئاسانکاری بڕەکییەوە ئەمریکا چین ناچار دەکات کە بەهای یوان لەبەرامبەر دۆلاری لاوازدا بەرز بکاتەوە، ئەمەش وادەکات ئەوەی ئەمریکا ماوەیەکە لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپاش لەڕێگەی گفتوگۆوە داوای دەکەن، ئێستا بەئەمری واقیع چین بۆیان جێبەجێ بکات. ڕەوشێکی لەو جۆرە ڕەنگە دەوڵەتانی جیهان لەڕێگەی پەرچەکرداری خۆپارێزی یان تۆڵەسەندنەوە هەوڵی بەرگری لەبەرژەوەندییەکانی خۆیان بدەن، بەمەش زەمینەیەکی لەبار بۆ دەستپێکی جەنگی دراو دەڕەخسێنن.

چوارەم: بەردەوام پاشەکشێی بەهای دۆلارە لەبازاڕەکانی گۆڕینەوەی دراوی بیانی، ئەمەش ئەو دەوڵەتانەی کە دراوەکانیان بە دۆلارەوە گرێدراوە نمونەی دەوڵەتانی کەنداو و، زۆرێکی تری دەوڵەتانی گەشەسەندوو دەخاتە مەترسییەوە، ئەم دەوڵەتانە ناچارن هاوردەی سیاسەتی نەختی یەدەکی فیدراڵی ئەمریکا بکەن کە پەیڕەوی سیاسەتێکی نەختی فراوان دەکات، ڕەنگە ئەو سیاسەتە نەختییە بۆ ئەمریکا گونجاو بێت و، بۆ دەوڵەتانی تر گونجاو نەبێت، بەتایبەتیش بۆ ئابوورییە هەڵکەوتووەکان کە بەخێراترین دەوڵەتانی جیهان لەڕووی گەشەکردنەوە دادەنرێت، ئەو سیاسەتە نەختییەی ئەمریکا دەرئەنجامی هەڵکشانی نرخی ئسولەکان، کاریگەریی پێچەوانەی لەسەر گەشەکردنی ئابووریی ئەو دەوڵەتانە هەبێت. گومانی تێدا نیە کە زۆرێک لەو دەوڵەتانەی دراوەکانیان بەدۆلارەوە

گرێدراوە ڕەنگە چاو بەم پرسەدا بگێڕنەوە بۆ ئەوەی لەئاسەوارە سلبیەکانی سیاسەتی نەختی فراوانی یەدەکی فیدراڵی خۆیان بەدوور بگرن، بەڵام کێشەی بنەڕەتی لێرەدا لەسایەی سستمی نێودەوڵەتی نەختدا کە یەك دراو بەسەریدا زاڵە ئەگەرەکانی بەردەم ئەو دەوڵەتانەی سنوردار کردووە. تاوەکو ئەو ڕەوشە بەمجۆرە بەردەوام بێ ئەوا ئەمریکا لەمیانی سیاسەتە نەختیەکەیەوە هەڵئاوسانیان بۆ هەناردە دەکات.

پێنجەم: ئەو دەوڵەتانەی یەدەکێکی ئێجگار گەورەی دۆلاری لا کەڵەکە بووە، هەست دەکا لە کێشەیەکی گەورەدایە، نمونەی دەوڵەتە هەڵکەوتووەکان، بەتایبەتیش چین، کە لەرەوشێکی ئێجگار خراپدایە. لە ڕوانگەی چینەوە پلانی ئاسانکاری بڕەکی زیانی لەو سودە چاوەڕوانکراوەی زیاترە، کاتێك لەئاسەوارە چاوەڕوانکراوەکانی ئاسانکاری بڕەکی ورد دەبیتەوە، ترسەکانی چین تارادەیەکی زۆر بەهانەی خۆی هەیە، بەهای یەدەکە زەبەلاحە دۆلاریەکەی پاشەکشێ دەکات، ئەگەرەکانی بەردەمی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم هەڵوێستەدا زۆر سنوردارە، بەتایبەتی لەماوە کورتدا ناتوانێ هیچ هەنگاوێك بنێت، چونکە هەر هەنگاوێکی چین بەئاقاری کەمکردنەوەی یەدەکە دۆلاریەکەی ڕەنگە ببێتە هۆکاری داشکانی زیاتری بەهای دۆلار، لەبری ئەمریکا چین باجەکەی دەدات.

کەواتە هەڵوێستی چین زۆر هەستیارە، ئەگەر بزانین کە لەگەڵ ئەوەی بانکی ناوەندیی چین بڕی (٢,٥) ترلیۆن دۆلار یەدەکی لایە، وەلێ ئەو ئامرازانەیشی لەبەردەستدا نیە کە لێوەی مامەڵە لەگەڵ ئاسەواری ئەو هەڵئاوسانەدا بکات کە ڕەنگە لێوەی بەرهەم بێت. بەکورتی ئەگەرەکانی بەردەم چین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو یەدەکە زەبەلاحەی کە هەیەتی زۆر سنوردارە، لانی کەم لەماوە کورت و مام ناوەنددا، جگە لە پاراستنی یەدەکە دۆلارییەکەی و لەئەستۆگرتنی سیاسەتە نەختیەکەی ئەمریکا هیچی دیکەی لەبەردەستدا نیە.

شەشەم: یەك لەدەرئەنجامە مەترسیدارەکانی ئاسانکاری بڕەکی کاریگەرییەتی لەسەر دەوڵەتە هەژارەکان، کە کاڵا سەرەکییەکان وەك خۆراك، بڕبڕەی ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی ئەو دەوڵەتانەیە، پێشبینی دەکرێ ئەو دەوڵەتانە بڕێکی

ئێجگار گەورەی تەرازووی پێدانەکانیان بۆ کڕینی خۆراك تەرخان بکەن، ئەمە جگە لە زیادبوونی گوشارەکانی هەڵئاوسان بەهۆی پاشەکشێی بەهای دۆلارەوە. هەڵکشانی چاوەڕوانکراوی نرخەکانی دانەوێڵە، قەیرانی خۆراك لەسەر ئاستی جیهان دەکاتەوە کێشەیەکی سەرەکی، دوای ئەوەی دەرئەنجامی قەیرانی دارایی و ئابووریی جیهان پاشەکشێی کرد، لەگەڵ خۆیشیدا ئەگەرەکانی توشبوون بە بەدخۆراکی و بەرزبوونی ڕێژەی مردن دەهێنێت. داواکاری دەوڵەتان بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێك تاوەکو توانای ئەمریکا لە پرۆسەی دەرکردنی دۆلار سنوردار بکا، بەرزدەبێتەوە، ئەم داواکارییانە پێ ناچێ هیچ ئاکامێکی لێ بکەوێتەوە، بەهۆی نەبوونی دراوێکی جیهانی کەبتوانێ ببێتە جێنشینی دۆلار، یان لەگەڵ دۆلار وەك دراوێکی جیهانی مامەڵەی پێوە بکرێت، لەسایەی ئەم هەلومەرجەدا ناتوانرێ ئەمریکا ناچار بکرێ لەمیانی ئەو سیاسەتە نەختییەی دەیگرێتەبەر موراعاتی جێگیری نەختی نێودەوڵەتی و لەهەمان کاتیشدا بەرژەوەندییە ناوخۆییەکانی خۆی لەبەرچاو بگرێت.

حەوتەم: ترسێکی راستەقینە لەوە هەیە کە هێندێك لەدەوڵەتانی جیهان بەتایبەتیش دەوڵەتە هەڵکەوتووەکان بۆ بەرگریکردن لە بازاڕی ئسوڵەکانیان، سنورێك بۆ لێشاوی هاتنی سەرمایە بەتایبەتیش دۆلار بۆ ناو بازاڕەکانیان دابنێن، چونکە رەنگە ئەوە ئاوسانێك (فقاعە) بۆ ئسوڵەکانیان دروست بکات، گومانیشی تێدا نیە کە سنوردارکردنی لێشاوی سەرمایە لەسەر ئاستی جیهان کاریگەریی سلبی لەسەر نێوەنجی گەشەی ئابووری دەبێت.

بەکورتی، جیهان بە دەوڵەمەندو هەژارییەوە، لەبەردەم ئەو ئاگرەن کە یەدەکی فیدراڵی لەچوارچێوەی پلانی دووەمی ئاسانکاری بڕەکی هەڵیگیرساندووە. لەگەڵ زیادبوونی دڵەڕاوکێ و ئەو هێرشە جیهانییەی لەسەر دۆلار هەیە، ئایا دۆلار رووبەڕووی ئاسەواری بەرپەرچدانەوە نابێ وەك یەکەم دراوی ئالۆویرو یەدەکی جیهان، وەڵامەکەیشی نەخێرە، چونکە لە ئێستادا هیچ ئەلتەرناتیڤێکی ئامادە بۆ جێگرتنەوەی دۆلار نیە، ئەو بانگەشانەی ناوە ناوە بۆ دامەزراندنی سستمێکی جیهانی فرە دراو دەکرێ جگە لە هاوارێکی بێ دەنگدانەوە هیچی تر نیە، ئەمەش

ئەوە دەسەلمێنێ کە جیهـان جگـە لـە دۆلاری ئـەمریکی هـیچ ئەگـەرێکی تـری لەبەردەستدا نیە، دەبێ جیهانیش تێچوونی ئەم ڕەوشە لەئەستۆ بگرێت.

بەڵام تاکو کەی یـەدەکی فیـدراڵی لەگرتنەبـەری ئـەو سیاسـەتە نەختییـە بەردەوام دەبێت؟ ئەوەی دەردەکەوێ ئیدارەی ئۆباما دەیەوێ بەهەر نرخێك بێ لـەو قەیرانە دەربازی بێت، دەبێ ئیدارەی ئەمریکای ئێسـتا زەمینەیـەکی لـەبار بـەر لەهاتنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا بڕەخسـێنێت، کـە چانسـی دووبـارە هەڵبژاردنەوەی سنورداره دوای ئەوەی حزبەکەی لەهەڵبژاردنی نیوەی گۆنگرێسـدا شکستی هێنا، بۆیە ئەرکی تیمە ئابوورییەکەی ئۆباما لەسایەی ئەم پێکهاتەیەی ئێستای کۆنگریس و ئەنجومەنی پیران زۆر قورسە، لەبەر ئـەوە نوێنـەرانی حزبـی کۆماری لە کۆنگریس کە زۆرینەن بەتوندی بەگـژ هـەر هـەر هـەوڵێکی حزبـی دیموکراتدا دەچنەوە کەلێوەی بیانەوێ ڕەوشی ئابووریی نـاوخۆیی ئـەمریکا بـاش بکەن، تاوەکو دەرفەتەکانی حزبەکـەیان لەهەڵبـژاردنی داهـاتووی سـەرۆکایەتی ئەمریکادا زیاتر بکەن. بۆیە دەبێ بەئاسایی بێ ئەگـەر هـاتوو پلانـی (٣ و٤)ی ئاسانکاری بڕەکیش ببیستین و بخوێنینەوە، تا ئەوکاتەی ئابووریی ڕاستەقینە دوور لە هێزی هاندان گەشەی خۆی دەکات، نێوەنجی بێکاری دادەشکێ، ئەوکات باراك ئۆباما کۆمەڵێك ئەندیکەیتەری ئیجـابی لەسـەر ئاسـتی ئـابووریی هـەموەکی لەبەردەسـتدا بـێ تـاوەکو بەهۆیـەوە بەشـداری لەهەڵبـژاردنی سـەرۆکایەتی ئەمریکادا بکات، دوای ئەو هەنگاوانە سیاسەتەکانی هانـدان پاشەکشـێ دەکـا، ئەوکات بازاڕەکان دووچاری قەیرانێکی تر دەبنەوە، کە نرخی ئسولەکان دادەشکێ بەتایبەتی پشکەکان، سەوداکارانی زێڕیش ڕووبەڕووی ترسێکی گەورە دەبنەوە.

ئەوەی ماوە لێرەدا جێی ئاماژە پێکردن بێ، ئەوەیە کە پلانی ئاسانکاری بڕەکی بەو مانایە نیە کە یەدەکی فیدراڵی بـەبێ وەسـتان چـاپخانەکەی خسـتۆتەگەڕو ملیارەها دۆلار چاپدەکات تاوەکو پلانەکەی جێبەجێ بکـات، ئـەوە بۆچـوونێکی هەڵەیە، بەپێچەوانەوە ڕەنگە یـەدەکی فیـدراڵی لەچوارچـێوەی پرۆسـەی پلانـی ئاسانکاری بڕەکیدا یەك دۆلاریش چاپ نـەکات، چـونکە ئـەو دۆلارە تازانـە بـە ئەلکترۆنی دەخرێنە سەر ئەساسی نەختی لـە ئـەمریکا، واتـە وەك بەنـد لەسـەر

لایەنی ئیلتزامات لە بودجەی یەدەکی فیدراڵی تۆمار دەکرێ، پاشان ئەو ئیلتزاماتانە لەشێوەی یەدەك بۆ حساباتی دامەزراوە داراییەکانی لای یەدەکی فیدراڵی دەگوێزرێنەوە کاتێك ئەو دامەزراوانە سەنەداتی لێ بکڕن، بۆ ئەوەی دوای ئەوە لایەنی ئسوڵەکانی یەدەکی فیدراڵی بەهای ئەو سەنەداتانە بەرزبکاتەوە، واتە، هیچ چاپکردنێکی فعلی دۆلار بوونی نیە، بەڵام بەو مانایە نیە کە هەمان ئاسەواری لەسەر خستنەڕووی نەخت نیە، بەپێچەوانەوە، لەگەڵ زیادبوونی پرۆسەکانی ئیئتمان خستنەڕووی نەخت لەگەڵیشیدا گوشارەکانی هەڵئاوسانیش فراوانتر دەبێت.

# بەشی حەوتەم

## کاریگەریی قەرزە گشتییەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووریی ئەمریکاو جیهان

پێشەکی:

لە ناوەڕاستی مانگی تەموزی ٢٠١١وە ناوەندو هێزە ئابوورییەکان لە ڕەوشێکی نائارام و دڵەراوکێ و تەنانەت ترس و تۆقانیشدا بوون، کاتێك چاودێریی دەرکەوتەو دەرهاویشتەکانی قەیرانی قەرزەکانی ئەمریکییان دەکرد، کە بە گەیشتنی ئیدارەی ئەمریکی و سەرکردەی هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتی بە ڕێککەوتنی دواساتەوەخت کۆتایی هات، ئەوەش دوای بێنەو بەردەیەکی توندو دانوستانێکی قورسی نێوانیان بوو. ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی سەقفی قەرزەکان بەرز بکرێتەوەو بەهەمان ئاستیش خەرجییەکان کەمبکرێتەوە، واتە ئەمریکایان لەنەدانەوەو خزمەتکردنی قەرزەکان و دواتریش ئیفلاسبوون ڕزگارکرد.

هێندەی نەمابوو قەیرانێکی لێ بکەوتبایەتەوە ئەگەر ئەو دوو حزبە بە ڕێککەوتن نەگەیشتبان، دەرهاویشتەی مەترسیداری لێ دەکەوتەوە، نەك تەنیا بۆ ئابووریی ئەمریکا بەڵکو بۆ هەریەك لە ئابووریی و سستمی دارایی جیهانیش، چونکە ئێستا ئابووریی ئەمریکا گەورەترینی جیهانەو هەروەها حوکمڕانی هەردوو سستمی دارایی و نەختی و ئابووریی جیهانیشە. لەگەڵ ئەوەی ئەم جارەش ئەم ڕێککەوتنە ئەمریکای لە نەدانەوەی قەرزەکان ڕزگارکرد، بەڵام کێشەو ئاستەنگەکانی هەردوو سستمی دارایی و ئابووریی ئەمریکی هەر ماون، ئەمە وەك زەنگێکی ئاگادارکردنەوەی مەترسیدار بوو بۆ ناوخۆی ئەمریکا هەروەها بۆ دەرەوەیش، واتە بۆ بەشێکی فراوانی هاووڵاتیانی ئەمریکی و هاووڵاتیانی دەوڵەتانی تری جیهان کە وەبەرهێنانیان لە ناو ئەمریکادا کردووە، بەتایبەتیش ئەوانەی وەبەرهێنانەکانیان لە سەنەداتی خەزێنەی ئەمریکیدا کردووە.

ئەو ڕێککەوتنەی کە کۆنگریس لە (١ی ئابی ٢٠١١) پەسەندی کرد، بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان بەبڕی (٢٤٠٠) ملیار دۆلار بە دوو قۆناغ تاوەکو کۆتایی ٢٠١٢ دەبێ، ئەم بەرزکردنەوەیە داوای دیموکراتەکان بوو بۆ بەردەوام خزمەتکردنی قەرزەکانیان لەلایەك و، لەلایەکی تریشەوە، بەرزنەکردنەوەی ئەو

سەقفە لە ماوەی چەند مانگێکی تردا. هەروەها کەمکردنـەوەی خەرجییـەکانیش بەهەمان بـڕ بـە دوو قۆنـاغ دەگرێتـەوە، یەکـەم قۆنـاغی لەگـەڵ ئیمزاکردنـی رێککەوتنەکـەدا دەسـتبەجێ دەخرێتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە کـە بەهاکـەی (١٠٠٠) ملیار دۆلارە کە (١٠) ساڵ دەخایەنێت، کـە خەرجییـەکان بـەرگری و کەرتە ئابوورییەکانی تریش دەبێت، خەرجییەکانی بەرگری لەماوەی (١٠) ساڵی داهاتوودا بەبڕی (٣٥٠) ملیار دۆلار کەمبکرێتەوە. کۆمارییەکانیش داوەیەکیان جێبەجێ بوو ئـەویش ئەوەیـە کـە نـابێ بـاجی زیـاتر بەسـەر دەوڵەمەندەکانـدا بسەپێندرێت، لیجنەیەکی پەرلەمانی لە هەردوو حزب پێکبهێنـدرێ بـۆ بـڕینی (١٨٠٠) ملیار دۆلاری خەرجییە گشتییەکان.

ئەمریکا لە خزمەتکرنی قەرزەکانیدا بەردەوام دەبێت:

رۆژ لـەدوای رۆژ رەوشـی ئـابووریی ئـەمریکی ئـاڵۆزتر دەبـێ و پایـەکانی سەرکردایەتیکردنی ئابووریی جیهانی لەدەست دەدات، لەدیارترین ئەو پرسـانەی پەیوەستە بە ئەدائی ئابووریی ئەمریکیەوە هەڵکشانی قـەبارەی قـەرزی گشـتیی ئەمریکییە بۆ ئاستی پێوانـەیی، کـە ئێسـتا خـۆی لـە (١٤,٥) ترلیـۆن دۆلار دەدات، کە دەکاتە (٩٧٪) کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ئەو وڵاتە. هۆکاری سـەرەکی گەشەکردنی ئەو کورتهێنانە گەورەیەی ئابووریی ئەمریکی بودجەی گشتییە، کە پێشبینی دەکرێ تا (١٠) ساڵی تر، ساڵانە یەك ترلیـۆنی تـر بچـێتە سـەر ئـەو قەبارە گەورەیە، واتە لەکۆتایی ئەم دەیەدا لە٢٠٢٠دا قەبارەی ئەو قـەرزە بگاتـە نزیکەی (٢٥) ترلیۆن دۆلار، ئەمەش تەحەدایەکی گەورە بۆ ئابووریی ئـەمریکی دروست دەکا، تـاوەکو بتـوانێ خزمـەتی ئـەو قـەرزە گەورەیـە بکـات. هێنـدێك لەچاودێرانی ئابووری پێیان وایە بۆ ئەوەی ئەمریکا بتوانێ خزمـەتی ئـەو قـەرزە گەورەیە بکا دەبێ ئابوورییەکەی ساڵانە بەرێژەی (٥٪) گەشە بکات، ئـەوەش بـۆ ئابوورییەکی هەڵکەوتووی وەك ئەمریکا رێژەیـەکی ئێجگـار بـەرزە، لەکاتێکـدا ئەگەر بزانین کە رێژەی سروشتی گەشـەکردنی ئـابووریی ئـەمریکی لەنێوەنجیـدا (٣٪) تێناپەڕێنێت، لەگەڵ ئەوانەشدا هێشـتا قـەرزەکانی ئـەمریکا ئـارامترین قەرزە لەسەر ئاستی جیهان، زۆرێك لەو دەوڵەتانەی کـە زێـدەی دۆلاریـان هەیـە

بەدەرفەتی دەزانن کە وەبەرهێنان لـەو قەرزانـەی ئـەمریکادا بکـەن بـەوەی کـە لەسەر ئاستی جیهان بە ئارامترین قەرزی دەزانن.

لەساڵی ١٩٨٠ قەبارەی قەرزە گشتییەکانی ئەمریکا لـە یـەك ترلیـۆن دۆلار کەمتر بوو (٩٠٨) ملیار دۆلار بـوو، کـە دەیکـردە (٣٣,٦٪) کـۆی بەرهـەمی ناوخۆیی ئەمریکا، لە کۆتایی هەشتاکان ئەو قەرزە بۆ سێ هێندەی ساڵی ١٩٨٠ بەرزبووەوە (٣,٢) ترلیۆن دۆلار. لەنەوەتەکان نیـوەنجی گەشـەکردنی قـەرزەکانی ئـــەمریکا پاشەکشـــێی کـــرد، ئـــەو ماوەیـــە رەوشـــی دارایـــی ئـــەمریکی بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، تەنانەت تاوەکو کۆتایی ئیـدارەی بیـل کلنتۆن بودجەی گشتیی ئەمریکی زێدەی تۆمار دەکرد، رێژەی قەرزی گشـتی بـۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی لەنزیکی (٥٧,٥٪) بوو، لەساڵی ٢٠٠٠ قەبارەی قەرزی گشتیی ئەمریکی گەیشتە (٥,٧) ترلیۆن دۆلار.

کاتێك رووداوەکانی (١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١) روویدا قەبارەی قەرزی گشتی ئەمریکی نزیکەی (٥,٨) ترلیـۆن دۆلار بـوو، وەلـێ هەولـەکانی ئـەمریکا بـۆ گێڕانەوەی شکۆی ئەمریکاو بەگژداچوونەوەی بنکەو بارەگاکانی تـیرۆر ئاسـەواری مەترسیداری لەسەر رەوشی دارایی و قەبارەی قەرزەکانی دانـا. بـەر لـە روودانـی قەیرانی دارایی و ئابووریی جیهان لەساڵی ٢٠٠٧ قەبارەی قـەرزەکانی ئـەمریکا گەیشـتە نزیکـەی (٩) ترلیـۆن دۆلار، کـە دەیکـردە نزیکـەی (٦٥٪)ی کـۆی بەرهەمی ناوخۆیی، کەوتنەوەی قەیرانی دارایـی و ئـابووریی جیهـان و دارمـانی کەرتی نیشتەجێبوونی ئەمریکی قەرزی گشتیی ئەمریکی بەهۆی ئـەو بەرنامـە زەبەلاحەی ئیدارەی ئەمریکی بۆ گێرانـەوەی ئاسـتی چـالاکییە ئابوورییـەکانی و دەربازبوون لەو قەیرانە، گەورەترین زێدەی تۆمار کـرد تـاوەکو گەیشـتە (١٤,٣) ترلیۆن دۆلار، دەرئەنجامی هەڵکشانی قەرزەکانی، ئیدارەی ئەمریکی ناچـار بـوو سەقفی قەرزە گشتییەکانی چەند جارێـك بەرزبکاتـەوە، تـاوەکو بتـوانێ لـەرێی قەرزکردنی دۆلاری زیاترەوە پێداویستییەکانی خەرجییە گەورەکانی ئابوورییـەکی زەبەلاحی وەك ئەمریکا لەلایەك و، لەلایەکی تریشەوە خزمەتی ئەو قەرزانەیشـی بکا کەلەسەری کەڵەکە بووە.

یەك لەسیماكانی قەرزی گشتیی ئـەمریكی بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی بەشـداریی وەبەرهێنەرانی بیانییە، لەساڵی ٢٠٠٠ بەشداریی وەبەرهێنەرانی بیانی لە قەرزی گشتیی ئەمریكیـدا نزیكـەی یـەك ترلیـۆن دۆلار بـوو كـە زۆربـەی زۆری هـی وەبەرهێنەرانی ژاپۆنی بوو. بەڵام ئێسـتا ئـەو ژمارەیـە بـۆ (٤,٥) ترلیـۆن دۆلار بەرزبووەتەوە، بەشێكی گـەورەی هـی چـینییەكانە، كـە بەگـەورەترین هـەڵگری سەنەداتی ئەمریكی لەجیهان دادەنرێت. بەپێی ئامارەكان، چین خـاوەنی نزیكـەی (١,٢) ترلیۆن دۆلاری سەنەداتی ئەمریكییەو دوای ئەویش ژاپۆن دێ كە خاوەنی (٩٠٠) ملیار دۆلاری سـەنەداتی ئەمریكایـەو بریتانیـاش بـایی (٣٤٦) ملیـار دۆلار سەنەداتی لایە، سەبارەت بەو سەنەداتانەی دەوڵەتـە نەوتییـەكان هەیانـە، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكرێ كۆی سـەنەداتی ئـەو (١٥) دەوڵەتـەی هـەناردەی نـەوت هەیانـە ناگاتـە (٢٣٠) ملیـار دۆلار و دوای ئـەمانیش بـەرازیل دێ بـە (٢١١) ملیار دۆلار.

## قەبارەی قەرزەكانی ئەمریكا
## بە پێی دەوڵەتە سەرەكییەكان تا كۆتایی ئایاری ٢٠١١

| وڵات | بەها | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| چین | ١١٦٠ | ٨,١ |
| ژاپۆن | ٩١٢ | ٦,٤ |
| بریتانیا | ٣٤٦ | ٢,٤ |
| دەوڵەتانی هەناردەی نەوت | ٢٣٠ | ١,٦ |
| بەرازیل | ٢١١ | ١,٥ |

بەکورتی، لەسەرەتای هەزارەی سێیەمەوە ئـەمریکا بەدەسـت خراپـی رەوشـی دارایی گشتییەوە دەناڵێنێت، کە رووبەڕووی کورتهێنانێکی مەترسیدار بووەتەوە، لەوکاتەی کە ئەگـەرە رەخسـاوەکانی بەردەسـتی بـۆ مامەڵـەکردن لەگـەڵ ئـەم کێشەیەدا بەرتەسك دەبێتەوە، ناتوانێ کۆنترۆڵی نێوەنجی گەشەکردنی قـەرزەکانی بکا، دامەزراوەکانی پلەبەندی ئیئتمانی زیاتر دووچاری دڵەڕاوکێ بوون سـەبارەت بە ئەگەرەکانی ئاڵۆزبوونی زیاتری قەیرانی قەرزەکانی ئـەمریکا، رەنگـە بـەهۆی لاوازی سەرکردەکانی حزبی دیموکراتەوە لە کۆنگریس بووبێ، ئەمەش وایکرد کـە دامەزراوەی ستاندەرد ئەندپۆرز لەنیسانی ٢٠١١ پلەبەندی ئیئتمانی قـەرزەکانی ئەمریکا لەجێگیرەوە بۆ سالب دابشکێنێت، ستاندەرد ئەندپۆرز هۆکاری سەرەکی ئەو هەنگاوەی بۆ نارۆشنی دیدی ئەمریکا گەڕاندەوە لە چۆنیەتی مامەڵـەکردنی لەگەڵ ئەو لاسەنگییە داراییانەی لەبودجەی گشتیدا هەیە.

لەلایەکی ترەوە، دامەزراوەی مۆدیز هەڕەشەی ئەوەی کـرد کـە رەنگـە ئـەویش پلەبەندی ئیئتمانی قەرزەکانی ئـەمریکا دابشـکێنێ ئەگـەر هـاتوو تـا مـانگی تەموزی ٢٠١١ سەقفی قەرزەکانی بەرزنەکاتـەوە، یـان ئەگـەر هـاتوو ئـەمریکا لەخزمەتکردنی قەرزەکانی راوەستێ و، بەبێ حسابکردنی سودی زێدەی سەر ئـەو بڕە پارانەی خزمـەت نـەکراون. بـەپێی راپـۆرتی دامـەزراوەی (CMA) لەمـەڕ پلەبەندی قەرزە سیادییەکانی جیهان لە کۆتایی سـێ مـانگی یەکـەمی ٢٠١١، پلەبەندی قەرزی ئەمریکی لە پلەی پێنجەمەوە بـۆ پلـەی هەشـتەم پاشەکشـێی کرد، وەلێ قەرزی سیادی ئەمریکی بەپێی راپۆرتی ئەو دامەزراوەیە هێشتا لەنێو باشترین قەرزە سیادییەکانی جیهاندایە.

بێگومان پلەبەندی ئیئتمانی دەوڵەت دەلالەتێکی گرنگە لەمـەڕ ئەگـەرەکانی راوەستانی دەوڵـەت لەخزمـەتکردنی قـەرزەکانی یـان ئەگـەرەکانی راگەیانـدنی ئیفلاسبوون، ، وەلی ئەدائی دامەزراوەکانی پلەبەندی ئیئتمانی لە قۆنـاغی بـەر لەقەیرانی دارایی و ئابووریی جیهان، گومانێکی گەورەی لەسـەر مسـداقیەت و توانای ئـەو دامەزراوانـە دروسـتکردووە سـەبارەت بـەوەی تاچـەند بـە دروسـتی پلەبەندی ئیئتمانی دەخەنەڕوو و ئەو پلەبەندییە جێـی بـڕواو متمانـە پێکردنـە،

چونکە ئەو دامەزراوانە تەرکیز لەسەر هەندێك گۆڕاو دەکەن ڕەنگە ئەوانە لەئامادەکردنی پلەبەندییەکاندا هەڵەبن، بەپێی هێندێك لەچاودێران ئەوەی ئەو دامەزراوانە لەسەر پلەبەندی ئیئتمانی رایدەگەیەنن ڕەنگە هیچ بەهایەك و مسداقیەتێکی نەبێ، چونکە ئەو دامەزراوانە لەبنەڕەتدا مسداقیەتیان لەدەستداوە، بەشێوەکی گشتی، ئەدائی دامەزراوەکانی پلەبەندی ئیئتمانی لەپێشبینیکردنی حاڵەتەکانی راوەستان لەدانەوەی قەرزە سیادییەکاندا خراپ بوو.

پەرچەکرداری ئەمریکا سەبارەت بەو ئاراستانەی پلەبەندی قەرزی گشتیی ئەمریکی یەکسەر بوو، تیمۆسی گایسنەری وەزیری خەزانەی ئەمریکی زیاتر لەجارێك وەبەرهێنەرە بیانیاییەکانی لە سەلامەتی قەرزەکانی ئەمریکا دڵنیاکردەوە، کاتێك ئاماژەی بۆ نزمی ئاستی نێوەنجی سود کرد، کە ئەمریکا لەسەر ئەو بنەمایە قەرزدەکا، بۆیە دەبێ ئەوە دڵنیایی بە وەبەرهێنەران بدات و، دەکرێ ئەوە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەی لاوازی ئەگەرەکانی راوەستانی ئەمریکا بێ لەخزمەتکردنی قەرزەکانیدا. ئیدارەی ئەمریکی جەختی لەوە کردەوە کە دامەزراوەی (ستاندەر ئەند پورز) لە پێشبینی حساباتەکانی بودجەی ئەمریکیدا بەبەهای (٢٠٠٠) هەزار ملیار دۆلار هەڵەی کردووە، ئەمەش هۆکاری نزمکردنەوەی پلەبەندی ئیئتمانی ئەمریکی بووە، پلەبەندییەکی گومانای بە هەڵەی دوو ترلیۆن دۆلار خۆی شایەتی بۆ خۆی دەدات. ئەوەی پشتیوانی هەڵوێستی رەسمی ئەمریکا دەکا دامەزراوە سەربەخۆکانی تری پلەبەندییە کە هیچیان پلەبەندی ئەمریکایان وەك (ستاندەر ئەند پورز) نزم نەکردەوە، ئەمریکا لای هەردوو گەورە ئاژانسی پلەبەندی ئیئتمانی (مۆدێز) و (ڤیچ ریتینگز) پلەبەندی ئیئتمانییەکەی وەك خۆی ماوەتەوە کە بەرزترینە. لای (ستاندەر ئەند پورز)یش لە ساڵی ١٩٤١ وە کە ساڵی دامەزراندنیەتی لەئەمریکا بەرزترین پلەبەندی هەبووە. وەلێ دامەزراوەکانی پلەبەندی ئیئتمانی بەئاسانی ئەو قسانەیان پێ قوت نادرێ و، دەیانەوێ لەسەر ئەرز ئەو بەهانانەی وەزیری خەزانە باسی دەکا ببینن. سەقفی قەرز چییە کە دامەزراوەکانی پلەبەندی ئیئتمانی

باسی لێوە دەکەن؟ ئایا ئەوە تا ئەو رادەیە گرنگە؟

بەپێی یاسای ئەمریکی سەقفێك بۆ قەرزی ئـەمریکی دیـاریکراوە، کـەلێوەی خەزانەی ئەمریکی دەتوانێ سەنەداتی قەرز دەربکا لەشێوەی مەزاددا (عطـاءات) بۆ بەهای ئەو سەنەداتانەو ئەو نێوەنجی سودەی کە وەبەرهێنەران ئارەزوویانە قەرز بەحکومەتی ئەمریکی بدەن، کە سەقفێکی دیاریکراو بۆ قـەرزی گشـتی دیـاری بکرێ، دەبێ خەزانەی ئەمریکی پێوەی پابەندبێ و نابێ ئـەو سـەقفە تێپـەڕێنێ، جگە لەوەی کە دەبێ حکومەت داوایـەك بـۆ بەرزکردنـەوەی ئـەو سـەقفە بخاتـە بەردەست کۆنگریس و ئەویش بەیاسایەك دەریبکات، لەسـاڵی ١٩٤٦ وە (١٠٠) جار سەقفی قەرزەکان هەمـوارکراوە، واتە دەتـوانرێ لـەماوەی یـەك سـاڵدا زیـاد لەجارێك سەقفی قەرزەکان بەرزبکرێتەوە، بیرۆکەی بنەڕەتی سەقفی قەرز بۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە کە قەرزی ئەمریکی سنورێکی هـەبێ و حزبـی دەسـەڵاتدار نـەتوانێ بەئارەزووی خۆی یاری پێ بکات، بەپێی دەسـتوری ئـەمریکی کـە دەڵـێ پتـەوی قەرزی ئەمریکی نابێ لەهیچ کاتێکدا جێی گومان بێت.

١٢ی شـوباتی ٢٠١٠ دووایـن جـاری بەرزکردنـەوەی سـەقفی قـەرزە گشـتییەکانی ئـەمریکا بـوو، کـە بـە ( ١٤,٢٩) ترلیـۆن دۆلار دیـاریکرا. لەناوەڕاستی مانگی حوزەیران قەبارەی قەرزەکان گەیشتە ئەو سنورە دیـاریکراوە، چیدی لە دەسەڵاتی خەزانەی ئەمریکیدا نەما سەنەداتی قەرزی نوێ دەربکا، بـۆ ئەوەی خەزانە بتوانێ ئەو سـەقفە تێپـەڕێنێ دەبـێ ئیـدارەی ئێسـتای ئـەمریکا داوایەك پێشکەش بەکۆنگریس بکا تاوەکو ئەویش بە یاسایەك سەقفی قـەرزەکان بەرزبکاتەوە. ئیـدارەی ئـەمریکی زیـاد لـەجارێك داوای بەرزکردنـەوەی سـەقفی قەرزەکانی پێشکەش بە کۆنگریس کرد، کە کانونی دوەمـی ٢٠١١ سـەرەتاکەی بوو بۆ ئەوەی سەقفی قەرزەکان بەبڕی (٢,٤) ترلیۆن دۆلار بەرزبکرێتەوە، ئەگـەر کۆنگریس رەزامەندی لەسەر نیشان بدا ئەوا سەقفی نوێی قـەرزەکانی ئـەمریکا دەبێتە (١٦,٧) ترلیۆن دۆلار.

کێشەکە لێرەدایە، کە کۆنگریس بەدەسـت کۆمارییەکانەوەیـەو دیموکراتـەکان هیچیان پێنـاکرێ، کۆمارییـەکان لـەکاتی ئیـدارەی بوشـدا (٧) جـار سـەقفی

قــەرزەکانیان بــەرزکردەوە، بــەڵام ئێســتا کۆمارییــەکان بەرزکردنــەوەی ســەقفی قەرزەکان رەتدەکەنەوە ئەگەر بێتو ئەو بەرزکردنەوەیە بەرنامەیــەکی دیــاریکراوی کەمکردنەوەی خەرجی حکومی ئیدارەی ئێستاو کــۆنترۆڵی گەشــەکردنی قــەرزی گشتی لەگەڵدا نــەبێت. رەتکردنــەوەی بــەرزکردنی ســەقفی قــەرزەکان لەلایــەن کۆنگریس چی دەگەیەنێت؟

واتە خەزانەی ئەمریکی ناتوانێ لەمەودوا سەنەداتی نوێ دەربکا ئەگەر هاتوو ئەو سەقفەی تێپەڕاند، واتە ئیدارەی ئەمریکی ئێســتا نــاتوانێ قــەرزی تــر بکــا تاوەکو لێــوەی خزمــەتی قــەرزە کەڵەکــەبووەکانی بکــات، بەســادەیی، ئیــدارەی ئەمریکی ئەو ئامرازەی بەدەستەوە نەما کە قەرز لەچــین بکــا تــاوەکو بەهۆیــەوە موسەتحەقاتی قەرزی ژاپۆن بداتەوە.

ئەم رەوشە ئیدارەی ئەمریکی لەرووی داراییەوە رووبەڕووی ئیحراجییەکی گەورە دەکا، ناچاری دەکا خزمەتکردنی قەرزەکانی رابگــرێ، ئەمــەش هــەنگاوێکی زۆر مەترسیدارە. بێگومان ئیدارەی ئەمریکی دەتوانێ بۆ رێکخستنەوەی ئەولــەویاتی خەرجییەکانی پەنا بۆ هێندێك ئیجرائاتی سنوردار ببــا، بــەجۆرێك کــە بتــوانێ لێوەی پابەندی ئیلتزماتەکانی بێ بەئاراستەی خزمەتکردنی قەرزە گشتییەکانی، بۆ نمونە، دەکرێ موچەی فەرمانبەرەکانی نەدا یان پێدانی زەمــانی کۆمەڵایــەتی دواخا یان پێدانی رەفاهیەتی کۆمەڵایەتی وەك پێــدانی کەمئەنــدامان دواخــات، بەڵام حکومەت تاکەی دەتوانێ ئەم کارە بکات؟ ئایــا حکومــەت دەوێــرێ ئەمــە بکات؟ گایسنەر رایگەیاند کە ئیجرائاتی زیاتر دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی تا ٢ی ئابی ٢٠١١ پابەندی ئیلتزاماتەکانی بێت، ئەگەر هاتوو کــۆنگریس تــا ئــەو بــەروارە سەقفی قەرزەکان بەرزنەکاتەوە ئەوا ئیــدارەی ئــەمریکی ناچــار دەبــێ خزمــەتی قەرزەکانی نەکات.

تائێستا خزمەتنەکردنی قــەرزەکان یــەك لەئەگــەرەکانی ئیــدارەی ئــەمریکی نەبووە، هەرچەندە هێندێك جار ئیدارەی ئەمریکی خزمەتی قەرزەکانی نەکردووە، بەڵام ئەوە راوەســتانە بەئەنقەســت نــەبووە، بــۆ نمونــە، لەســاڵی ١٩٧٩ ئیــدارەی ئــەمریکی لەخزمــەتکردنی هێنــدێك لــە ســەنەداتی خەزانــە وەســتاوە، کــە

موستەحەقاتی وەبەرهێنەرانی ئەو سەنەداتانەی کە دەبوو لە ٢٦ی نیسانی ١٩٧٩ بدرایە، ئەوە بۆ وەبەرهێنەرە تاکەکان بوو نەك هەموو وەبەرهێنەران، خەزانەی ئەمریکی رایگەیاند بۆ ماوەیەکی کاتی ناتوانێ موستەحقاتی وەبەرهێنەران بدا، دواتر ناچاربوو سودی ئەو دوواکەوتنی موستەحەقاتە بدات، دەرئەنجامی ئەو دوواکەوتنە نێوەنجی ئەو سودەی کە ئەمریکا لێوەی قەرزی کردووە بەبڕی (٦٠) خاڵی بنەڕەتی (٠,٦٪) بەرزبووەوە، دواتر ئەو هەڵکشانە بەردەوام بووە، واتە تێچوونی قەرکردنی ئیدارەی ئەمریکی بەرزدەبێتەوە.

راستە راوەستانی ئەمریکا لە خزمەتکردنی قەرزەکانی ناگاتە زیادبوونی ئەو تێچوونەی کە لەساڵی ١٩٧٩ لەئەستۆی گرت، ئەوکات نێوەنجی سود (٩ بۆ ١٠٪) بوو، بەڵام ئەوەی ئێستا لەسفرەوە نزیکە، بەڵام لەم کاتەدا بڕیارێکی لەو جۆرە کارەساتی لێدەکەوێتەوە.

## مەترسییەکانی بەرزنەکردنەوەی سەقفی قەرزی ئەمریکی

بەشێکی هەرە گەورەی ئەو کورتهێنانەی ئەمریکا بۆ ئەو خەرجییانەی هەردوو کەرتی بەرگری و ئاسایش دەگەڕێتەوە کە لەکردەوەو هەڵمەتە سەربازییەکانی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیدا خەرجی کردوون، کە هاوکات بوو لەگەڵ نزمبوونی داهاتی گشتی بەهۆی ئەو لێخۆشبوونی باجەی کە لەدوای رووداوی ٢٠٠١/٩/١١ بڕیاری لێدرابوو، کەلەم دوواییەشدا درێژکرایەوە، ئەمەش هۆکاری پاشەکشێی بەرهەم و داهاتی گشتیی ئەمریکی بوو. رەوشی دارایی ئەمریکا، زۆر مەترسیدارە، حکومەتی ئەمریکی ئێستا نزیکەی (٤٠) سنتی هەر دۆلارێك کە خەرجی دەکات، قەرز دەکات، بەهۆی نزمی نرخی سودەوە وا دەردەکەوێ کە تێچوونی ئەو قەرزانەی ئەمریکا کردوونی سنوردارە، بەڵام لە ئاییندەدا هەر بەرزبوونێکی نرخی سود کارەسات بۆ ئەو وڵاتە دەخوڵقێنیت.

ئەوەی ئاشکرایە کە تاکە زامنی بەردەوامبوونی ئەمریکا لەخزمەتکردنی قەرزەکانی بەردەوام بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزە گشتییەکانیەتی، بۆ ئەوەی خەزانەی ئەمریکی بتوانێ سەنەداتی زیاتر بۆ خزمەتکردنی ئەو قەرزانە دەربکات، واتە ئەمریکا قەرزی تر دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ خزمەتی قەرزەکانی

پێشووی پێبکات، ئەمەش پەرەسەندنێکی زۆر مەترسیدارە، بەمجۆرە ئەمریکا قەرز بۆ دانەوەی قەرزەکانی تری دەکات.

کاتێك کە ئەمریکا بڕیاری بەشداریکردنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بۆ تەمویلکردنی ئەو جەنگە پێویستی بە پارە بوو، ئەو کات یەکەم جار بوو کە سەنەداتی خەزێنەی ئەمریکی بەدیار کەوت. لێرەوە بیرۆکەی خستنەڕوووی سەنەدات هاتە گۆڕێ بۆ کۆکردنەوەی پارە لە تاك و دامەزراوەکان و ئەو دەوڵەتانەی ئارەزووی وەبەرهێنانیان لەو سەنەداتانەدا هەیە، کە دەبوو دوای چەندساڵێکی دیاریکراو موستەحەقاتەکانی بدرێنەوە، لەو کاتەوە حکومەتی ئەمریکی بەردەوامە لە فرۆشتنی سەنەداتی خەزێنە بە ئامانجی تەمویلکردنی جەنگ و پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی گشتی وڵاتەکەی، ئێستا چەندین دەوڵەتی جیهان و بانکی بیانی و سندوقەکانی وەبەرهێنان و بانکە ئەمریکیەکان قەرزێکی زۆرریان لەرێی کڕینی سەنەداتی خەزێنەوە لای ئەمریکایە، کە ئێستا بۆ یەکەم جارە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا کۆی بڕی ئەو قەرزە لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی کە لە (١٤) ترلیۆن دۆلار زیاترە.

لەسەرەوە ئاماژە بۆ ئەگەری ئەوە کرا کە ئەمریکا لەخزمەتکردنی قەرزەکانی خۆی بوەستێت، ئەو ئاسەوارانەی کە دەرئەنجامی هەنگاوێکی لەوە دەکەونەوە چین. کۆنگریسی ئەمریکی ئەگەر تا ٢ی ئابی ٢٠١١ سەقفی قەرزەکانی بەرز نەکاتەوە ئەوا ئەگەری راوەستانی کاتی ئەمریکا لەخزمەتکردنی قەرزەکانی ئەگەرێکی حەتمی دەبێ، لانی کەم بەپێی ئەو روونکردنەوەکەی وەزیری خەزانەی ئەمریکی (تیموسی گایسنەر)، مەبەست لەراوەستانی کاتی، حکومەتی ئەمریکی پێدانی سودی سەر قەرزەکانی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو رابگرێت، ئەمەش پێی دەگوترێ Technical Default. بەهاتنی ئاب موستەحەقاتی سەنەداتی ئەمریکی (٢٧) ملیار دۆلار، هەروەها (٢٥) ملیار دۆلاریش موستەحەقاتی کۆبۆنەکانی پێدانی سودی سەر قەرزەکانە، لەبەر ئەوەی خەزانەی ئەمریکی هەموو ئامرازە غەیرە ئاساییەکانی خزمەتکردنی قەرزەکانی تا هاتنی ئەو بەروارەی سەرەوە لەدەستدا نامێنێ ئەوا بەناچاری دەبێ لەخزمەتکردنی قەرزەکانی رابوەستێت.

بەڵام ئایا مەعقولە کۆنگریسی ئەمریکی ڕەزامەنـدی لەسـەر بەرزکردنـەوەی سەقفی قەرزەکانی نیشان نەداو ئیدارەی باراك ئۆبامـا ناچـار بکـا کـە نـەتوانێ خزمەتی قەرزەکانی وڵاتەکەی بکات، بەمەش ناوبانگی ئیئتمانی ئەمریکا بخاتـە مەترسییەوە. وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ئەوەیە ئەگەر هـاتوو کۆمارییـەکان کـە ئێستا لەگۆنگریسدا باڵادەستن بەرزکردنـەوەی سـەقفی قـەرزەکانی ئـەمریکایان ڕەتکردەوە، ئەوە ئەگەری راوەستانی ئەمریکا لە خزمەتکردنی قەرزەکانی دەبێتـە ئەگەرێکی راستەقینە. کۆمارییەکان داوادەکەن کە دەبێ بەرزکردنـەوەی سـەقفی قـەرزە گشـتییەکان هاوکـات بـێ لەگـەڵ پـەیڕەوکردنی پلانێکـی روون بـۆ کۆنترۆڵکردنی خەرجییە گشتییەکان و پاشانیش قەرزە گشتییەکانیش بگرێتـەوە، بۆچوونی دیاری کۆمارییەکان ئەوەیە کە هەڵگرانی سەنەداتی قـەرزی ئـەمریکی بە بیرۆکەی راوەستانی کاتی خزمەتکردنی قەرزەکان قایل دەبـن تـا ئـەو کاتـەی رەوشی دارایی ئەمریکا باشـتر دەبـێ و لەمـەودای دووردا توانـای خزمـەتکردنی قەرزەکانی بەرزتر دەبێتەوە، بەمـەش لەروانگـەی بۆچـوونەکەی کۆمارییەکانـەوە ڕەتکردنەوەی بەرزکردنی سـەقفی قـەرزە گشـتییەکان لەبەرژەوەنـدی هەمووانـدا دەبێ، بەڵام بازاڕ لەم زمانە تێ ناگات، قسەکردن لەسەر ئەوەی ئەمریکا ناتوانێ خزمەتی قەرزەکانی بکات وەبەرهێنەرانی هەموو جیهـان دەترسـێنێ و، ئەمـەش ئەمریکا دەخاتە هەڵوێستێکی زۆر موحرجەوە، پێشبینیش دەکـرێ ئەگـەر ئـەوە رووبدات ئەوە ئابووریی جیهان رووبەڕووی مەترسییەکی گەورە بکاتەوە.

لەگەڵ ئەو لۆجیکە بەرواڵەتەی بەهانەکانی کۆمارییەکان، وەلێ تێکەڵییەکی زۆری سیاسەتی لەگەڵ ئابوورییدا تێدایە، بەڵکو دەکـرێ بگـوترێ کـە کێشـەی سەقفی قەرزەکان لەبنەڕەتدا کێشـەیەکی سیاسـییە، چـونکە لەگـەڵ زاڵبـوونی کۆمارییـەکان بەسـەر کۆنگریسـدا بـەدیار کـەوت، وەك دەردەکـەوێ ئـەوان بەرزکردنـەوەی سـەقفی قـەرزەکان بـەئامانجی رێگـرتن لەسـەرکەوتنی ئۆبامـاو گەڕانـەوەی ئـابووریی ئـەمریکی بـۆ رەوشـی سروشـتی خـۆی، رەتدەکەنـەوە، کۆمارییەکان نایانەوێ لەکاتی هاتنی وادەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکیدا ئابووریی ئەمریکی لەرەوشێکی باشدا بێـت، بـۆ ئـەوەی دەرفـەتی سـەرکەوتنی

ئۆباما لاواز بێت. ئەمریکا بەردەوام ڕووبەڕووی دیاردەیەك دەبێتەوە پێی دەگوترێ ڕەواجی پێش هەڵبژاردن، حزبی حوکمڕان لەکاتی نزیکبوونی وادەی هەڵبژاردنەکاندا هەوڵدەدا ئابووریی ئەمریکی لەباشترین حاڵدا بێ، ئەوکات سەرۆکی کاندیدکراو لیستێکی ڕوونی لەئەندیکەیتەرە ئابورییەکان لەبەردەستدا دەبێ بۆ ئەوەی لێوەی لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا باسی دەستکەوتەکانی حزبەکەی خۆی پێ بکات، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەمریکا هەڵبژاردنی ئابوورییە نەك سیاسەت، بۆیە کۆمارییەکان دەیانەوێ دیموکراتەکان لە دەرفەتی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزە گشتییەکان نائومێد بکەن تاوەکو نەتوانن بەهۆی زیادکردنی خەرجییەکان ڕەوشی ئابووریی ئەمریکی باش بکەن و، لێوەی دەرفەتی سەرکەوتنیان لەهەڵبژاردنەکان بەهێزتر بکەن، ئەوەی مەسەلەکەی لای ئیدارەی ئێستای ئەمریکا ئاڵۆزتر کردووە ئەوەیە کە کۆماریەکان تەنیا کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکانیان ناوێ بەڵکو بەرامبەر بە هەر هەوڵێکی بەرزکردنەوەی نێوەنجی باجیش دەوەستنەوە. لە لاکەی تریشەوە، پلانی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا کۆکردنەوەی زێتری باجە بەوەی کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەو نێوەنجی باجەی ئێستا لەسەر دەوڵەمەندەکان دانراوە کەمترینە، دەیەوێ ئەو نێوەنجی باجە بگەڕێننەوە ئەو نێوەنجەی کە لەسەردەمی ئیدارەی بیل کلنتۆندا سەپێندرا بوو.

ئەم ڕەوشە بەرەو پرسیارێکمان ڕادەکێشێ، ئایا کۆمارییەکان چەند لەسەر حەقن لەوەی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان ڕەت بکەنەوە؟ لەساڵی ٢٠٠٦ کۆمارییەکان کەوتنە هەمان هەڵوێستەوە کاتێك لە ئەنجومەنی پیران هیچ ئەندامێکی دیموکراتی دەنگیان بۆ بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتی نەدا. ئەوەی ڕوودەدا پاکتاوکردنی حسابی ئازاری ٢٠٠٦ـە، لەو کاتەدا ئەنجومەنی پیران بەزۆرینەوەی ٥٢ بۆ ٤٨ دەنگیاندا بۆ بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتی بە نزیکەی (٩) ترلیۆن دۆلار، وەك چۆن گایسنەر کۆنگریسی ئاگادارکردەوە کە خۆدزینەوە لەبەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان ئاسەواری مەترسیداری لەسەر خودی ئەمریکیەکان زیاتر دەبێ بەر لەوەی ڕەنگدانەوەی لەسەر دەرەوە هەبێت،

وەزیری خەزانەی ئەوکاتیش جۆن سنۆ هەمان کاری کرد، خەزانەی ئەمریکی پرۆسەی دەرکردنی سەنەداتی نوێی دواخست بەهۆی چاوەڕێکردنی پەسەندکردنی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتی، دوای نیو سەعات لەدواخستن بڕیاری بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتی پەسەندکرا، ئەوەش وای کرد کە جۆن سنۆ بڵێ بەم بڕیارە کۆنگریس پارێزگاری لە متمانەی تەواو بە توانای ئیئتمانی ئەمریکا کرد، جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە حکومەتی ئەمریکی توانای پابەندبوونی بە بەڵێنە ناوخۆییەکانەوە هەیە، بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەندییان بە پێدانی خۆشگوزەرانی و چاودێریی تەندروستییەوە هەیە.

لای خۆیەوە بن برنانکیی سەرۆکی یەدەکی فیدرالی ئەمریکی هاوڕایە لەسەر ئەوەی کە دەبێ کورتهێنانی بودجەی گشتیی ئەمریکی کۆنترۆڵ بکرێ، بەڵام ئەوەی کۆمارییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن بەراگرتنی سەقفی قەرزی گشتیی ئەمریکی بەبەکارهێنانی ئامرازی هەڵەی وەسف دەکات، برنانکی هۆشداری دا لەوەی رێکنەکەوتن لەسەر بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان کاریگەری لەسەر بەهای دۆلارو متمانەی دەوڵەتانی تر بە سەنەداتی ئەمریکی دەبێت.

وەلێ ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە، بەرزبوونی رێژەی قەرزی گشتی لەکۆی بەرهەمی ناوخۆیی دەبێ وەك ئەندیکەیتەری ئەگەری شکستهێنانی حکومەت لە خزمەتکردنی قەرزەکانیدا تەماشا نەکرێت، دەکرێ بگوترێ هیچ نێوەنجێکی دیاریکراو نیە کە لێوەی بگوترێ ئەو دەوڵەتە چیدی ناتوانێ خزمەتی قەرزەکانی بکات. بۆ نمونە، دوای جەنگی دووەمی جیهان قەرزەکانی بەریتانیا (٢٤٠٪)ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتەکەی بوو، وەلێ ئەو دەوڵەتە نەکەوتە کێشەوە، هەروەها قەرزی گشتیی ئێستای ژاپۆن نزیکەی (٢٠٠٪)ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی پێکدێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا ژاپۆن ئێستاش دەتوانێ قەرز بکات، بەڵام بەپێچەوانەشەوە، دەوڵەتی تر هەبوون رووبەڕووی قەیران بوونەوە کە رێژەی قەرزەکانیان بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆییان زۆر لەو رێژانە نزمتر بوو، بۆ نمونە، ئەوەی لەساڵی ١٩٩٨ لە روسیا روویدا کاتێك رێژەی قەرزەکانی (١٢,٥٪)ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی پێکدەهێنا هەروەها ئەلبانیا کە لەساڵی ١٩٩٠ رێژەی

قەرزەکانی (٩,١٦٪) کۆی بەرهەمی ناوخۆیی پێکدەهێنا.

لەمەوە دەردەکەوێ کە رێژەی قەرز بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی وڵات ئەندیکەیتەرێکی باشی خزمەتکردنی قەرزەکان نیە، بەڵکو بەرواری پرۆسەی وەستانی خزمەتکردنی قەرزەکانە، بۆ نمونە، پورتوگال کە مێژوویەکی درێژی لە راگرتنی خزمەتکردنی قەرزەکانیدا هەیە، بەڵام ئەمریکا هیچی وای نیە، ئەمە چی دەگەیەنێ؟ واتە ئەمریکا ئەوکات لەخزمەتکردنی قەرزەکانی رادەوەستێ کە هیچ ئەگەرێکی لەوە باشتری لەبەردەستدا نەبێ، وەلێ هەموو ئاماژەکان دەریدەخەن کە ئەوە لانی کەم لەم کاتەدا ئەگەرێکی باش نیە، چی روودەدا ئەگەر هاتوو ئەمریکا لە خزمەتکردنی قەرزەکانی وەستا؟ لە راستییدا ئاسەوارەکانی راوەستان لەم کاتەدا مەترسیدار دەبێ، دەکرێ لێرەدا ئەو ئاسەوارانە کورت بکەینەوە:

یەکەم: ئیدارەی ئەمریکی ناچار دەبێ بەتوندی خەرجییە گشتییەکانی کەمبکاتەوە، چونکە خزمەتنەکردنی قەرزەکان کاریگەری لەسەر توانای دەرکردنی سەنەداتی نوێ دەبێ، ئەوەش ناچاری دەکا بۆ پەنابردنە بەر کەمکردنەوەی زۆری خەرجییەکان، ئەمەش مەسەلەی گێرانەوەی چالاکییە ئابوورییەکان بۆ دۆخی جاران ئاڵۆزتر دەکات. ئەوەی گومانی تێدا نیە ناچاربوونی ئەمریکا بەگرتنەبەری سیاسەتی دەستگرتنەوە (تقشف) جارێکی تر ئەمریکا نغرۆی بێبازاڕی دەکا و پاشەکشێی دوولایەنە دەبێتە حەتمی لەگەڵ پاشەکشێی نێوەنجی گەشەکردن و بەرزبوونەوەی نێوەنجی بێکاری، کە ئێستا ناکۆکییەکی توند لەنێوان کۆماریی و دیموکراتەکان لەسەر سیاسەتەکانی دەستگرتنەوە هەیە، کۆمارییەکان ئارەزووی کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکانیان هەیەو، باراك ئۆباماش پێشنیاری بلۆککردنی خەرجییە بنەڕەتییەکانی وەك تەندروستی و بەرگری دەکات، لەکاتێکدا خەرجییەکانی وەبەرهێنانی خوێندن و داهێنان زیاد دەکا تاوەکو ئەمریکا بەهۆیەوە بتوانێ پارێزگاری لە ریزبەندی خۆی لەسەر ئاستی ئابووریی جیهانی بکات، لەلایەکی ترەوە، راستە ئەمریکا توانای زیادکردنی داهاتەکان و سنووردارکردنی خەرجییەکانی خۆی هەیە لانی کەم بۆ

ئەوەی ڕێژەی قەرزە گشتییەکەی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی خۆی جێگیر بکات، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ ئەوەی ئەو هەنگاوە بنێت، چونکە تاوەکو ئەو گوشارانەی ڕووبەڕووی ئەمریکا بووەتەوە زیادبکا ئەوا بەهەمان ئاست گوشارە داراییەکانیش بەردەوام دەبن.

دووەم: ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەگەر هاتوو ئەمریکا لەخزمەتکردنی قەرزەکانی ڕابوەستێ ئەوا بازاڕەکانی جیهان دەتۆقێن، ڕەنگە ئەوەش شۆکێکی زۆر گەورە لە بازاڕی ئسوڵە داراییەکانی نەك تەنیا ئەمریکا بەڵکو هەموو جیهان دروست بکات، بەتایبەتیش بازاڕی پشکەکان کەپێشبینی دەکرێ زیاتر لەوانی تر بکەوێتە ژێر کاریگەرییەکەیەوە، ئەوەش ڕەنگە فەوزایەکی گەورە لەبازاڕەکانی جیهان بخوڵقێنیت، ناشتوانرێ پێشبینی ئەو ئاسەوارانە بکرێ کە دەرئەنجامی ئەو هەنگاوە دەکەوێتەوە، خراپترینیان ئەوەیە کە قەیرانێکی دارایی جیهانی تری لێبکەوێتەوە، وەك چاودێرانی ئابووریش پێشبینی دەکەن ئەوە ئابووریی جیهان بەرەو دارمانێکی خێرا دەبات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕەوشەی کە ئێستا ئابووریی جیهانی پێدا تێپەڕ دەبێت.

سێیەم: دامەزراوەکانی پلەبەندی ئیئتمانی هەڵدەستێ بەکەمکردنەوەی پلەبەندی قەرزی ئەمریکی، ئەمەش ئەگەری ئەوەی هەیە کە سەنەداتی ئەمریکی بگۆڕێ بۆ سەنەداتێك کە لەسەر ئاستی جیهان ئەرزشی نەمێنێ، ئەم حاڵەتە وەبەرهێنەرانی قەرزی ئەمریکی هاندەدا بۆ ئەوەی داوای نێوەنجی دەستهاتی بەرزتر بکەن، بەمەش ئەمریکا ناچار دەبێ تێچوونی زۆرتر بەقەرزەکانی بدات، تا ئەوکاتەی دەتوانێ جارێکی تر پلەبەندی ئیئتمانی ئێستای خۆی بەدەست بهێنێتەوە، لەگەڵ هەر زیادبوونی دەستهاتی داواکراو لەسەر سەنەداتەکانی ئەمریکا ڕێژەی خزمەتکردنی قەرزەکان بۆ کۆی خەرجی گشتیی ئەمریکی زیاد دەکات، دوای ئەمیش باری شانی باجدەرانی ئەمریکی قورستر دەبێ، بەحوکمی گەورەیی قەبارەی قەرزەکانی ئێستای ئەمریکا پێدانی سودی سەر قەرزەکان بەهۆی بەرزبوونی تێچوونی خزمەتی قەرزەکان ڕەوشی دارایی ئەمریکا دەهەژێنێ و گێڕانەوەی پلەبەندی ئیئتمانی ئەمریکا لەمەودای نزیکدا

قورستر دەکات. زیاتر لەوەش بەرزبوونی پێدانی سودی سەر قەرزەکان کاریگەریی سلبــی لەسەر نێوەنجی گەشەی ئابووری دەبێت.

چوارەم: خزمەتنەکردنی قەرزەکان دەبێتە هــۆی گوشارخســتنی زیــاتر لەســەر دۆلار کە خۆی لەبنەڕەتدا نزمە، لەسایەی ئەو سیاسەتانەی ئێستا پەیڕەو دەکرێن هیچ هیوایەك نیە کە ڕەوشی قەرزەکان لە ئاییندەیەکی دیاردا باش بێ، ئەو قەرزە گشتییە سەرچاوەیەکی نادیاری گوشاری بەردەوام دەبێ بۆ ســەر ڕەوشــی جیهــانی دۆلار، بەهای دۆلار بەشێوەیەکی گەورە لەبەرامبەر بە دراوەکانی تردا پاشەکشــێ دەکا، ڕەنگە ئەمەش گوشارەکانی ئێستای سەر دۆلار زیــاتر بکــات، بــەوەی کــە هانی دەوڵەتانی جیهــان بــدا بەئاراســتەی خــۆ ڕزگــارکردن لــە دۆلار وەك دراوی یەدەکی جیهان هەنگاو بنێن.

پێنجەم: وەبەرهێنەران دەرئەنجامی پاشەکشێی بەهای دۆلار زیانێکی گەورەیان پێ دەگات، بەتایبەتی ئەو وەبەرهێنەرانــەی کــە ئیســتحقاقاتی ســەنەداتەکانیان نزیــك بووەتــەوە، پێشــتر بــەدۆلاری بــەهێز قــەرزیان بــە ئــەمریکا داوەو ئێســتا قەرزەکانیان بە دۆلاری تارادەیەك نزمتر وەردەگرنەوە، بێ گومان ئــەوە کاریگــەری لەسەر وەبەرهێنەرە سەرەکییەکانی قــەرزی ئــەمریکی دەبــێ، نمونــەی چــین بــەو ئیعتبارەی کە گەورەترین قەرز پێدەری ئەمریکایە، لەبــەر ئــەوەی ئاســەوارەکانی بڕیارێکی لەو جۆرە لەســەر بــەهای دۆلارو بــەهای وەبەرهێنــەرەکانیان لەقــەرزی ئەمریکی جێ بایەخی چینییەکان دەبێت. لەبــەر ئــەوە گومــانی تێــدا نیــە چــین ڕێگری ئەمریکا دەکات لەوەی هەنگاوێکی لەو جۆرە بنێ، بۆیە چــین ئــەمریکای لەهەنگاوێکی لەو جۆرە ئاگادار کردەوە، بەوەی کە ئەوە یاریکردنە بەئاگر ئەگــەر هــاتوو دەســتبەرداری خزمــەتکردنی قــەرزەکانی بێــت. ئایــا ئــەمریکا ئــەو ئاگادارکردنەوانە بە جدی وەردەگرێ؟ ڕەنگە وەڵامەکە نەخێر بێ، ڕاستە قــەرزدەرە سەرەکییە گەورەکانی ئەمریکا چین و ژاپــۆن و بریتانیایــە کــە هــەوڵی جۆرێــك لەهەمەرەنگکردن دەدەن بەدور لە قەرزی ئەمریکی، وەلێ ئێستا ئــەو دەوڵەتانــە لە وەبەرهێنان لەیەدەکە قەبارە گەورەکانیان بە دۆلار، جگە لەقــەرزی ئــەمریکی هیچ ئەگەرێکی تریان لەبەردەســتدا نیــە، بــەو ئیعتبــارەی کــە لەگــەڵ هــەموو

ئەوانەی روودەدا هێشتا قــەرزی ئــەمریکی پەناگــەی ئــارامی ئــەو وەبەرهێنانــە زەبەلاحانەیانە.

شەشەم: لەگەڵ بەرزبوونی مەیلی نێوەنجی دەستهاتی سەر قەرزەکانی ئەمریکی ئەوا تێچوونی خزمەتی قەرزەکان لەسەر بودجەی گشتیی ئەمریکی بەرزدەبێتەوە، ئەوەش ئــەمریکا دەخاتــە نێــو ئەلگۆیــەکی پیســی (Vicious Circle) قــەرزی گشتییەوە، مەبەست لە ئەلگۆی پیسی قەرزی گشتی، بەرزبوونی قەبارەی قەرزی گشتیی ئەمریکی لەسایەی بەرزی نرخی سود دەبێتە هــۆی زیــادبوونی خزمــەتی قــەرزی گشــتی و زیــادبوونی ئاســتی خەرجییــە گشــتییەکان، بەمــەش بــەهای کورتهێنانی بودجەی گشتی بەرزدەبێتــەوە، دواتــریش پێویســتی زیــاتر بەقــەرز، هەڵکشانی تێچوونی خزمەتی قەرزی گشتی و زیادبوونی ئاستی خەرجی گشتی و کورتهێنان و قەرز، بەمجۆرە ئابووریی ئەمریکی دەچێتە نێو گێژاوی قەرزارییــەوە، ئەگەر هاتو ئەمریکا نەتوانێ کۆنترۆڵی گەشەکردنی قەرزی گشتی بکــاو ئاســتی قەرزکردنی زیاتر لە هاوڵاتیان بە بیانییەکانیشەوە لغاو بکات.

ئەمریکاو جیهان دەتوانن خۆیان لەهەموو ئەو مەترسیانە رزگار بکەن ئەگــەر هاتوو ئەمریکا لەخزمەتکردنی قەرزە گشــتییەکانی بــەردوام بێــت. گومانیشــی تێدا نییە وەك لە دواتر باسی لێوە دەکەین کە ئیــدارەی ئــەمریکی و کــۆنگریس دەگەنە رێککەوتنێك سەبارەت بە سەقفی قەرزەکان، هەرچەندە ئەوە ئــەو کێشــە هەیکەلیــەی کــە رووبــەڕووی ئــەمریکا بووەتــەوە، چارەســەر ناکــات، رەنگــە کۆمارییەکان لەسەر حەق بن کاتێك جــەخت لەســەر ئــەوە دەکەنــەوە کــە دەبــێ بەگرنگییەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەی راستەقینەی قەرزەکانی ئــەمریکا بکرێــت، بەرزکردنی سەقفی قەرزەکان کێشەکە چارەسەر ناکا بەقەدەر ئەوەی زیاتر ئــاڵۆزی دەکــات، کاتێــك حکومــەتی ئــەمریکا لەســایەی دوو راســتی گرنگــدا هەســت بەئاسانی قەرزکردن دەکات، یەکەمیان، ریزێکی درێژی وەبەرهێنی بیــانی هەیــە ئامادەی کڕینی سەنەداتی ئەمریکین، دووەمیان، ئەو وەبەرهێنەرانە ئامــادەن بــە نێوەنجی زۆر نزمی سود قەرز بە ئەمریکا بدەن، نزمی نێوەنجی سودەکان تێچوونی قەرز لەسەر ئەمریکا کەمدەکات، هــەر ئەمەشــە هــانی ئــەمریکا بــدا تــاوەکو

سەنەداتی نویٚ دەربکاو قــەرزەکانی زیــاتر بیــٚت. کەواتــە پرســی بەرزکردنــەوەی سەقفی قەرزی گشتی کاکڵەی مەسەلەکەیەو، کیٚشە سەرەکییەکەیش پــەنابردنی ئەمریکایە بۆ بەرزکردنی سەقفی قەرزەکان کە ئیٚستا زۆر بەرزبووەتەوە، بۆیە بــۆ ئەمریکا گــرنگ ئەوەیــە بــەدوای ریٚگەیەکــدا بگــەڕیٚ تــاوەکو لیٚــوەی نیٚــوەنجی گەشەکردنی قەرزە گشتییەکانی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی خــۆی کەمبکاتــەوە، بــۆ ئــەوەی لەمـــەودا دوردا هەڕەشــە لــە توناکــانی ئــەمریکا لەخزمــەتکردنی قەرزەکانی نەکات.

## قەرزی گشتیی ئەمریکا

قەرزی گشتیی هەر دەوڵەتیٚك دەرئــەنجامی کورتهیٚنــانی بــەردەوامی بودجــەی گشتیی ئەو دەوڵەتەیە، کورتهیٚنــانی بودجــەی گشــتیی دەرئــەنجامی دوو هیٚــزی دژبەیەکە، واتە بەدوو ئاراستەی پیٚچەوانەی یەك کاردەکەن، هیٚزی یەکەم، داهاتی گشــتییەو دووەمیشــیان خەرجییــە گشــتییەکانە، ئەگــەر هــاتوو خەرجییــە گشتییەکانی ولاٚت لە داهاتی گشتی زیــاتر بــوو ئــەوا بودجــەی گشــتی کــورت دەهیٚنیٚت، دەبیٚ حکومەت تەمویلی ئەو کورتهیٚنانــە بکــا، کــە لــەڕیٚی قــەرزەوە پڕدەکریٚتەوە، واتە لەڕیٚگەی خستنەڕووی سەنەداتی حکومی بــۆ فرۆشــتن، ئــەوەی قەبارەی قەرزی گشتیی دەوڵەت بەرزدەکاتەوە، ئەگەر هاتوو نیٚوەنجی گەشــەکردنی قەرزی گشتیی دەوڵەت لە نیٚوەنجی گەشەکردنی بەرهــەمی راســتەقینە گــەورەتر بیٚت، ئەوکات ریٚژەی قەرزی گشتی بۆ کۆی بەرهــەمی نــاوخۆیی روو لــەزیادبوون دەکا، بیٚگومان پیٚچەوانەکەی دەبیٚ ئەگەر هاتوو بودجەی گشتی زیٚدەی هەبوو.

لەم ماوەیەی دووایدا دەرئەنجامی ئەو ترس و دڵەڕاوکیٚیەی بەســەر بازاڕەکــانی نەخت و داراییدا زاڵ بوو، لەوەی کە ئەمریکا نەتوانیٚ خزمەتی قەرزەکانی بکات، قەرزی گشتیی ئەمریکی بووەتە جیٚی قسەو باسی هــەموو ناوەنــدەکانی جیهــان، ئەگەر هاتوو کۆنگریس نەگاتە ریٚککەوتنیٚك بۆ بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان، وەك لەسەرەوە باسی لیٚوەکرا، ئەوا رەوشی ئابووریی جیهان بەگشتی و بازاڕەکــانی دارایی و نەخت دووچاری ئالۆزییەکی گەورە دەبیٚتەوەو ئەگەری ئەوەش لەئارادایــە

وەك چاودێرانی ئابووری پێشبینی دەکەن کە قەیرانێکی تـری ئـابووری و دارایـی رووبداتەوە. لێرەدا هەوڵدەدرێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێنەوە کەپەیوەنـدییان بـە قەرزی گشتیی ئەمریکییەوە هەیە، لەوانە: قەرزی ئەمریکی چـییە؟ بۆچـی ئـەو قـەرزە بـەو جـۆرە گەشـە دەکـا کـە جیهـانی رووبـەڕووی دڵـەڕاوکێ کردۆتـەوە ئاراستەکانی ئایندەی ئەو قەرزە چین؟ ئایا قەرزی گشتیی ئەمریکی هەڕەشەیەکی راستەقینەیە بۆ ئابووریی ئەمریکی و هەروەها بۆ ئابووریی جیهان؟

کۆی قەرزی گشتیی ئەمریکی بەسەر دوو بەشـدا دابـەش دەبـێ، یەکـەمیان، قەرزی گشتیی کە هی هاوڵاتیانە، دووەمیشیان ئەو قەرزەیە کـە هـی حسـاباتی حکومیی فیدرالییە، واتە لایەکی قەرزە گشتییەکانی حکومی بریتییە لەو قەرزە حکومییەی کە لایەنە حکومییەکان بە حکومەتیان داوە. مەبەسـت لـە قـەرزی هاووڵاتیان کە تاك و دامەزراوە داراییە هەمەجۆرەکان، وەك بانك، بە بانکـەکانی یـەدەکی فیدرالییـەوە، هـەروەها کۆمپانیاکـانی دڵنیـایی و بیـانی وەك بانکـە ناوەندییەکانی دەوڵەتانی جیهان و سندوقەکانی سامانی سـیادی بـە حکومـەتی ئـەمریکییان داوە. قـەرزی لای حسـاباتی حکـومی ئـەو سـەنەداتانەیە کـە سندوقەکانی حکومی دەیکڕن، لەدیارترین ئەو حسابە حکومییانـەی کـە خـاوەن قەرزی گشتیی ئەمریکین سندوقەکانی زەمانی کۆمەڵایـەتی، سـندوقی موچـەی مەدەنی و سندوقی موچەی سەربازەکان و سندوقی چاودێریی تەندروستییە.

لەنێو ئەو دوو پێوانەیـەی قـەرزی گشـتییدا، بەشـێوەیەکی سـەرەکی جـەخت لەسەر رێژەی قەرزی گشتی لای هاوڵاتیان بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی دەکرێتەوە، کە نزیکـەی (٦٣٪)ی کـۆی بەرهـەمی ناوخۆییـە، بایـەخی ئـەو قـەرزەی کـە هاوڵاتیان خاوەنین ئاستی ئەو تەنگ پێ هەڵچنینەی حکومەت بۆ کەرتی تایبەت لەبازاڕی ئیئتمانی تایبەتدا دەردەخات، بەوەی ئەم قەرزە پاشـەکەوتە نـاوخۆیی و ئەو پاشەکەوتە بیانیانەش کە دێنە نێو ئەمریکاوە هەڵدەلوشێت، پاشان کێبڕکێی وەبەرهێنانی کەرتی غەیرە حکـومیش دەکـات. لەلایـەکی تریشـەوە، حکومـەت دەتـوانێ خزمـەتکردنی قـەرزەکانی حسـاباتی حکـومی دوا بخـا بـەبێ ئـەوەی کاریگـەری لەسـەر کێشـە ئیئتمانییەکـەی هـەبێت، ئەمـە بەپێچـەوانەی ئـەو

قەرزانەیە کە هاوڵاتیان خاوەنین، ئەگەر هاتوو حکومەت لە خزمەتکردنیان بوەستێ ئەوا پلەبەندی ئیئتمانی وڵات بەشێوەیەکی گەورە پاشەکشێ دەکات، ئەوەش تێچوونی قەرزکردنی دەوڵەت بەرزدەکاتەوە.

لەساڵی ٢٠١٠ ژمارەی راستەقینەی کۆی قەرزی گشتیی ئەمریکی گەیشتە (١٣,٥٢٨) ترلیۆن دۆلار، لەوانە (٩,٠١٩) ترلیۆنی ئەو قەرزە بوو کە هاوڵاتیان خاوەنی بوون، (٤,٥٠٩) ترلیۆنی ئەو قەرزە خاوەنەکەی حساباتی حکومییە، واتە دوو لەسەر سێی ئەو قەرزە گشتییەی ئەمریکا هی هاوڵاتیانەو، سێ یەکەکەی تریش هی حساباتی حکومییە، تائێستا مەزندەکاری قەرزی گشتی ئەمریکی بۆ ساڵی ٢٠١١ نزیکەی (١٤,٥ ) ترلیۆن دۆلارە.

شرۆڤەی وردی پەرەسەندنەکانی قەرزی گشتیی ئەمریکی دەریدەخا کە بەدرێژایی مێژوو دوو فاکتەری سەرەکی لە گەشەکردنی قەرزی گشتیی ئەمریکیدا بەرپرسن، یەکەمیان تێچوونەکانی جەنگ، دووەمیشیان بێبازاڕییە، یان پاشەکشێ کردنی ئاستی چالاکییە ئابوورییەکانە، کە بەهۆیەوە داهاتە گشتییەکان بەشێوەیەکی فراوان پاشەکشێ دەکا، یان حکومەت ناچار دەبێ ئاستی خەرجی پێویست بۆ هاندانی ئابوورییەکەی و پێدانی دڵنیایی بێکاری (تأمین البطالة) بەرزبکاتەوە، دەرئەنجامی ئەو هەنگاوانە بودجەی گشتی دووچاری کورتهێنان دەبێتەوە، یان کورتهێنانەکەی زیاد دەکا ئەگەر هاتوو بودجەکەی پێشتر دووچاری کورتهێنان هاتبێتەوە، ئەمەش بەدوای خۆیدا ئاستی قەرزە گشتییەکان بەرزدەکاتەوە، کاتێك ئاسەوارەکانی ئەو دوو هۆکارە لە مێژووی دارایی ئەمریکیدا لابەرین دەردەکەوێ کە قەرزی گشتیی ئەمریکی بەشێوەیەکی سەرنجراکێش نزمدەبێتەوە.

کاتێکیش ئەو دوو هۆکارە پێکەوە دەبن ئەوا کاریگەرییان لەسەر کورتهێنانی بودجەی گشتیی ئەمریکی زۆر گەورە دەبێت و، ئاستی قەرزە گشتییەکانیش زۆر بەرزدەکاتەوە، بەدرێژایی مێژووی ئەمریکا قەرزی گشتیی ئەمریکی بە قۆناغی هەمەجۆردا تێپەڕیوە چ ئەو ئاستی قەرزانە بەرزبووەتەوە یان نزمبووەتەوە، ئەوەش بەپێی پەرەسەندنەکانی ئەو هۆکارە روودەدات.

بۆ نمونە، جەنگی یەکەمی جیهان بەپێوانەکانی ئەو سەردەمە، بودجەی گشتیی ئەمریکی رووبەرووی کورتهێنانێکی گەورە کردەوە، کە لەماوەی نێوان ١٩١٧ بۆ ١٩١٩ گەیشتە (٢٣) ملیار دۆلار. وەلێ لەئەنجامی بوژانەوەی ئابووری لەبیستەکاندا بودجەی گشتی سەری کرد (فائض)، ئەو زێدەیە ئاسەواری ئەو کورتهێنانەی بەهۆی قەرزی گشتییەوە دروست بوو بوو تاوەکو کارەساتی بێبازاڕی گەورەی جیهانی ساڵی ١٩٢٨ هات، کەمکردەوە، هێندەی پێ نەچوو کە ئابووریی ئەمریکی رووی لەبوژانەوە کرد، تاوەکو جارێکی دی جەنگی دووەمی جیهان دەستی پێکردەوە. بێبازاڕی گەورەو جەنگی دووەمی جیهان کورتهێنانی بودجەی گشتی گەیاندە ئاستێکی پێوانەیی و، ئاستی قەرزی گشتی لە نزیکەی تەنیا (١٦) ملیار دۆلار لەساڵی ١٩٣٠ گەیاندە ٢٧١ ملیار دۆلار لەساڵی ١٩٤٦، ئەوەش رێژەی قەرزی گشتی لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی لە ١٦٪ وە بۆ ١٢٢٪ لەهەمان ماوەی سەرەوەدا بەرزکردەوە.

لەداتاکانی دارایی ئەمریکی تێبینی ئەوەش دەکرێ کە رێژەی کورتهێنانی بودجەی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ئاسەواری ئەو دوو هۆکارەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا لەسەرە، بۆ نمونە، ماوەی هەردوو جەنگی کۆریاو ڤێتنام، هەروەها بێبازاڕی هەردوو ساڵی ١٩٧٥ و ١٩٧٦، رێژەی کورتهێنانی بودجەی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بەرزکردەوە. وەلێ رێژەی گەشەکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی لەرێژەی گەشەکردنی قەرزی گشتی بەرزتر بوو، بۆیە رێژەی قەرزی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بەشێوەیەکی فراوان پاشەکشێی کرد، تا لەساڵی ١٩٧٤ گەیشتە نزمترین ئاستی کە (٣٣,٦ ٪).

لەساڵی ١٩٨٢ ئەمریکا بەشێوەیەکی فراوان باجی کەمکردەوە، ئەمەش بووە هۆی پاشەکشێ کردنی داهاتی گشتیی دەوڵەت، هاوکاتیش خەرجییەکانی بەرگری زۆر زیادی کرد، کە کورتهێنانی بودجەی گشتی لەدەیەی داهاتوودا زیادکرد کە ساڵانە نزیکەی (٢٠٠) ملیار بوو، ئەو زیادبوونەی قەرزی گشتیی ئەمریکی رێچکەیەکی جیاوازی لەوانەی پێشووی گرت، کە قەرزی گشتیی ئەمریکی بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٨١ (١) ترلیۆن دۆلاری تۆمارکرد، لەساڵی

١٩٩٢ کۆی قەرزی گشتی گەیشتە نزیکەی (٤) ترلیۆن دۆلار، دەرئەنجامی ئەوەش ڕێژەی قەرزی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ (٦٤٪) بەرزکردەوە.

لەساڵی ١٩٩٢ وە دارایی ئەمریکی پەرەسەندنی ئیجابی گرنگی بەخۆوە بینی، کاتێك کورتهێنانی بودجەی گشتی پاشەکشێی کرد بەجۆرێك کە لەساڵی ١٩٩٨ بودجەی گشتی بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٧٠ وە زێدەی تۆمارکرد، تاساڵی ٢٠٠١ بەردەوام بوو، لەساڵی ٢٠٠١ ڕێژەی قەرزی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ ( ٥٦,٤ ٪) پاشەکشێی کرد.

لەساڵی ٢٠٠١وە ڕەوشی ئابووریی ئەمریکی دارِما کە هاوکاتی هێرشەکانی ١١ی ئەیلول بوو، لەو ساڵەدا دوو پەرەسەندنی زۆر گرنگ ڕوویدا، یەکەمیان پەسەندکردنی کەمکردنەوەی باجەکان بوو بۆ ئەوەی یارمەتیدەری کەرتی تایبەتی بێ تاوەکو بتوانێ ئاسەواری قەیرانەکە تێپەڕێنێ، دووەمیشیان دەستپێکردنی هەڵمەتی ئەمریکی بوو دژ بە تیرۆری جیهانی، جۆرج بوش ئامادەکاری بۆ هێرشکردنە سەر ئەفغانستان و دواتریش بۆ سەر عیراق دەستپێکرد، دەرئەنجامەکەیشی ئەوە بوو کە جارێکی تر بودجەی ئەمریکی لەساڵی ٢٠٠٢ کورتهێنانی بەبڕی (١٥٨) ملیار دۆلار تۆمارکرد.

لەکۆتایی ٢٠٠٧دا ئابووریی ئەمریکی نغرۆی بێبازاڕی بوو، قەیرانی ئابووریی و دارایی لەگەڵ ئیفلاسبوونی بانکی لیمان برازەر لە٢٠٠٨ دەستی پێکرد، ئاستەکانی بێبازاڕی دەرئەنجامی قەیرانی کەرتی خانوبەرەی ئەمریکی قوڵترکردەوە، لەوەڵامی ئەو ڕەوشەدا کەمکردنەوەی باجی زێتر پەسەندکرا، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە داهاتە گشتییەکان و ئاستی چالاکییە ئابوورییەکان بەهۆی بێبازاڕییەوە پاشەکشێیان کرد، هەروەها خەرجییەکانی باربووکردنی بێکاریی و شێوە خەرجییە گشتییەکانی تر بە ئامانجی سووککردنی ئاسەوارەکانی قەیرانی ئەمریکی زیادیکرد، لەهەمان کاتیشدا خەرجییەکانی بەرگری بەرزبوو، بوونە هۆی گەڕانەوەی کورتهێنانی بودجەی گشتی بۆ ئاستێکی مێژوویی، کە لەمێژووی ئەمریکیدا بێ وێنەبوو.

لەسەرەتای ٢٠٠٩ و ئەو هاندانە گەورە داراییە کورتهێنانی بودجەی گشتیی ئەمریکی رێچکەیەکی گرت کەپێشتر پێی نەگەیشت بوو، کاتێك کە کورتهێنانی بودجە لەساڵی ٢٠٠٩ گەیشتە (١,٤١٣) ترلیۆن دۆلار، لەساڵی ٢٠١٠ش کورتهێنانی بودجە گەیشتە (١,٢٩٤) ترلیۆن دۆلار. چاودێرانی ئابووری قەرزی ئەمریکی ساڵانی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١١ بە مەترسیدارترین ساڵانی دارایی لەمێژووی دارایی ئەمریکی دادەنێن. دەرئەنجامی ئەو پەرەسەندنانە قەرزی گشتیی ئەمریکی گەیشتە ئاستێکی زۆر مەترسیدار. لەساڵی ٢٠٠٨ رێژەی قەرزی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی گەیشتە نزیکەی (٧٠٪) و، لە ٢٠١٠ ئەو رێژەیە بۆ (٩٣٪). لە ٢٠١١شدا مەزندە سەرەتاییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە قەرزی گشتیی ئەمریکی دەگاتە (١٤,٥) ترلیۆن دۆلار، کە دەکاتە (٩٧٪)ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ئەمریکا.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژەی پێ بدرێ، بەشێکی ئەو قەرزە ئیدارەی ئەمریکی بۆ کڕینی ئسوڵی دارایی تایبەت تەرخانی کردبوو بەئامانجی سوککردنی ئاسەواری قەیرانی دارایی لەسەر بازاڕی دارایی و هاندانی ئابووریی ناوخۆیی، ئەو ئسوڵە داراییانە وەك قەرەبووکردنەوەیەکی هەندەکی ئەو زیادبوونی قەرزە دادەنرێ، دەکرێ بەهای بازاڕی ئەو ئسوڵانە بەرزبێتەوە رەنگە ئەو بەرزبوونەوەیە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاسەواری زیادبوونی قەرزەکان کاتێك لەئایندەدا ئەو ئسوڵانە لەکۆڵدەکاتەوە. ئەگەر هاتوو ئەو ئسوڵە داراییانە لە قەرزی گشتیی ئەمریکا کە هاووڵاتیان خاوەنین دابشکێندرێ، رێژەی ئەو قەرزە بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ (٤٧,١٪) لە ٢٠٠٩ دادەبەزێ و لە ٢٠١٠شدا بۆ (٥٤,٤٪) پاشەکشێ دەکات.

## خەرجیی سەربازیی ئەمریکی و قەرزەکانی ئەمریکا

وەك پێشتر باسی لێوەکرا، قەرزی گشتیی هەر دەوڵەتێك رەنگدانەوەی کورتهێنانی بودجەکەیەتی، کە لەژێر کاریگەری دوو هێزدایە، ئەوانیش خەرجی گشتی و داهاتی گشتییە. لەم ساڵانەی دواییدا خەرجییە گشتییەکانی ئەمریکا

ئاستی مێژوویی تۆمارکردووە، کە کۆی خەرجییە گشتییەکانی لەساڵی ٢٠١١ بەنزیکەی ( ٣,٩) ترلیۆن دۆلار مەزندە دەکرێ، وەك ڕێژە لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، خەرجی گشتی ئەمریکی ڕێژەیەکی گەورەی لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا پێکدەهێنا، کاتێك کە ڕێژەی خەرجی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی لەساڵی ١٩٤٤ نزیکەی (٤٣٪) بوو ئەوەش ڕێژەیەکی ئێجگار بەرزبوو. لەو کاتەوە ڕێژەی خەرجی گشتی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بەشێوەیەکی بنەڕەتی و بۆ ماوەیەکی درێژ پاشەکشێی کرد، تاوەکو لەساڵی ٢٠٠٠ ڕێژەی خەرجی گشتی گەیشتە نزمترین ئاست کە نزیکەی (١٨,٢٪) بوو. وەلێ لەسەرەتای هەزارەی سێیەم جارێکی تر خەرجی گشتی بەهۆی چەندین هۆکارەوە بەرزبووەوە، دیارترینیان جەنگی ئەفغانستان و جەنگی عیراق و ئەو زریانە وێرانکەرانە بوو کە ولایەتەکانی کەناری کەنداوی ئەمریکی گرتەوە، هەروەها قەیرانی دارایی و ئابووری، لە ٢٠٠٨ وە خەرجی گشتیی ئەمریکی لەگەڵ زیادبوونی خەرجی پێویست بۆ قوتارکردنی ئابووریی لەکاتێکدا بڕی تەرخانکراو بۆ بەرگری وەك خۆی مایەوە، ئاراستەیەکی جیاوازی وەرگرت، تا ئەو رادەیەی کە خەرجی گشتی لەکۆی بەرهەمی ناوخۆیی لەساڵی ٢٠١١ بۆ (٢٥,٣٪) بەرزبێتەوە.

کاتێك لەپێکهاتەی خەرجی گشتیی ئەمریکی ورد دەبیتەوە، دەردەکەوێ کە خەرجییەکانی بەرگری بەدرێژایی مێژووی دارایی ئەمریکی بەشێکی گەورەی کۆی خەرجی گشتیی ئەمریکی پێکهێناوە، لەساڵی ١٩٤٥ خەرجی بەرگری نزیکەی (٩٠٪)ی کۆی خەرجی گشتیی ئەمریکی پێکدەهێنا، کاتێك کە جەنگی دووەمی جیهان کۆتایی هات، ڕێژەی خەرجی بەرگری بۆ کۆی خەرجی گشتیی ئەمریکی بەشێوەیەکی گەورە پاشەکشێی کرد تاوەکو لەساڵی ١٩٤٨ بۆ (٣٠٪) دابەزی. بەڵام جەنگی نیمچە دورگەی کۆریا جارێکی تر خەرجییەکانی بەرگری بەرزکردەوە، تا ئەو رادەی کە لەساڵانی ١٩٥٣ بۆ ١٩٥٤ ڕێژەی خەرجی سەربازی بۆ کۆی خەرجی گشتیی ئەمریکی بۆ نزیکەی (٧٠٪) بەرزبووەوە. لەدوای ئەو کاتەوە خەرجی سەربازی بۆ کۆی خەرجییە گشتییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو هاتەخوارەوە.

بڕیاری بەشداریکردنی ئـەمریکا لەجـەنگی ڤێتنـام کاریگەرییـەکی گـەورەی لەسەر بڕی تەرخانکراوی خەرجییەکانی بەرگری هەبوو، جارێکی تر ئـەو ڕێژەیـە لەناوەڕاستی شەستەکان رووی لەهەڵکشان کرد، تاوەکو لە کۆتایی شەسـتەکاندا گەیشتە نزیکەی (٤٦٪)، کاتێك ئەمریکا هێزەکانی خۆی لە ڤێتنام پاشەکشـێ پێکرد، داشکانێکی بەرچاو لە خـەرجی بـەرگری ئـەمریکی روویـداو، بەشـێکی گەورەی ئەو خەرجییە بۆ پەرەپێدانی هێزی مرۆیی ئاراستەکرا لەرێی زیـادکردنی خەرجییەکانی خوێندن و راهێنان، هەروەها دەرئەنجامی فراوانبوونی بەرنامەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی و یارمەتی خۆراك و باربووکردنی بێکاری و جۆرەکانی تری خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان، خـەرجی گشـتیی ئـەمریکی بەشـێوەیەکی گشـتی بەرزبووەوەو ڕێژەی خەرجی بەرگری بۆ کۆی خەرجییە گشتییەکان دابەزی، جگە لە هەردوو ماوەی جەنگی کۆریاو ڤێتنام و جەنگی کەنداو، تێبینی دەکرێ کە ڕێژەی خەرجی سەربازی بۆ کۆی خەرجی گشـتیی بـەردەوام لـە داشـکاندا بـوو تـاوەکو لەساڵی ١٩٩٩ گەیشتە (١٦,١٪)، وەلێ ڕاگەیاندنی جەنگ دژ بەئەفغانستان و عیراق جارێکی تر ئـەو ڕێژەیـەی بـەرزکردەوە تـاوەکو لەسـاڵی ٢٠١١ گەیشـتە (٢٠,١٪).

پەرچـەکرداری ئیـدارەی ئـەمریکی بـۆ هێرشـە تیرۆریسـتیەکانی ١١ی سیپتەمبەری ٢٠٠١ زۆر توند بوو، ئیـدارەی ئـەمریکی ئـەوکات ئـەو ئاسـەوارە کارەساتبارەی لەبەرچـاو نـەگرتبوو، کـە لـە دەرئـەنجامی گێڕانـەوەی هەیبـەتی ئەمریکادا لەبەرچاوی جیهان روودەدات، کە بە پاشەکشێکردنی رۆڵـی ئـابووریی ئەمریکا لەجیهان کۆتایی هات، جارێکی تـر خەرجییـەکانی بـەرگری هەڵکشـا تاوەکو لـە٢٠١١ گەیشـتە (٧٦٨) ملیـار دۆلار، کـە دەکاتـە (٥,١٪)ی کـۆی بەرهەمی ناوخۆیی، ئەوەی تێبینی دەکرێ کە قەیرانی دارایی و ئابووریی جیهـان کاریگەریی لەسەر قەبارەی خەرجی سەربازی ئەمریکی بەجێ نەهێشـت، ئـەوەی ئاشکرایە کە خەرجی سەربازی یەك لەو کوچـکانەیە کـە لەپێکهاتـەی خـەرجی گشتیی ئەمریکیدا نابێ دەستکاری بکرێت.

ستراتیجیەتی ئەمریکی لەسەر ئەوە بونیات نراوە کەدەبێ لەسەر ئاستی جیهان پێشەنگی خەرجی سەربازی بێت، بۆشاییەکی گەورە لـەنێوان خـەرجی سـەربازی ئەمریکی و ئەو دەوڵەتانەی لەدوای ئەو لە خەرجی سەربازیدا دێن، وەك چین، بـۆ نمونە لەساڵی ٢٠١٠دا خەرجی سـەربازی ئـەمریکی (٦٩٣) ملیـار دۆلار بـوو، دوای ئەو چـین بـە (١٢٠) ملیـار دۆلار دێ، واتـە خـەرجی سـەربازی ئـەمریکا نزیکەی شەش هێندەی گەورەترین دەوڵەتی دوای خۆی دێت. جگـە لـەوە، رێـژەی خەرجی سەربازی ئەمریکی بۆ کۆی خەرجی سەربازی جیهان هێشتا زۆر بەرزە، بۆ نمونە، پەیمانگای (Stockholm International Peace Research ) کۆی خەرجی سەربازی جیهانی لەساڵی ٢٠١٠ بە (١,٦٣٠) ترلیـۆن دۆلار مەزەنـدە کـردووە، لەمەوە دەردەکەوێ کە بەرکەوتی ئـەمریکا لـەو خەرجییـەدا نزیکـەی (٤٣٪)ی کۆی خەرجی سەربازی جیهان پێکدێنێت، ئەم رێژەیەش رێژەیەکی خەیاڵییە.

ئەو ئاستە خەیاڵییەی خەرجی سەربازی بـۆ زامـنی زاڵبـوونی بەسـەر دەریـاو ئاسمان و گۆی زەوی بۆ ئەمریکا دەکات. ئەمریکا ئێستا خاوەنی بەهێزترین هێزی دەریاییە لەجیهان، کە ژمارەی فڕۆکە جەنگییەکانی سەر هەڵگری فڕۆکە (حاملة الطائرات) لەناو دەریاکانـدا دوو هێنـدەی کـۆی هـەموو فڕۆکـە جەنگییـەکانی دەوڵـەتانی جیهانـە، هـەروەها هێـزی چـەکی دەریـایی ئـەمریکی گـەورەترین و بەهێزترین (١٣) چەکی دەریایی جیهانـە، ئـەمریکا تـەنیا لەچـەکی دەریاییـدا بەهێز نییە بەڵکو لەهەموو بەشەکانی تری سەربازییدا پێشەنگی جیهانە.

ئەم سوربوونی پێشەنگبوونی سەربازییەی ئەمریکا بێ گومان تێچوونەکەیشی گەورەیە، ئـەو خەرجییـە سـەربازییە زەبەلاحـەی ئـەمریکا یـەك لـە گـرنگترین ئاسەوارەکانی ئەو قەرزە گشتییەی ئەمریکایـە. زۆرتـرین ترسـەکانی ئێسـتا لـە هەڵکشانی قەبارەی قەرزە گشتیەکانی ئەمریکا لەوەدایە کە ئەو ئاسـتە بـەرزەی قەرزی گشتیی ئەمریکی لەکۆتاییدا دەبێ بە پاشەکشێکردن بە خەرجی سەربازی و کەمکردنەوەی بڕی تەرخانکراوی ئەم لایەنە تەواو بێت، ئەمـەش هەڕەشـە لـە رەوشی ستراتیجیی سەربازیی ئەمریکی دەکات.

بەکورتی خەرجی سەربازی زۆر مەترسیدارە بۆ ئـەمریکا، لەلایـەك هۆکـاری هەڵکشانی ئاستەکانی کورتهێنانی بودجەی گشتیی و، لە لایەکیتر هەڵکشـانی قەبارەی قەرزی گشتییە بۆ ئاستێکی مەترسـیدار کـە ئێسـتا پێـی گەیشـتووە، ئەمەی دووایی کاریگەریی سلبـی لەسەر خەرجی سـەربازی ئـەمریکی دەبـێ و، لەئایندەشـدا پێشـەنگیی سـەربازی ئـەمریکی لەسـەر ئاسـتی جیهـان دەخاتـە گومانەوە.

## سەقفی قەرزی گشتیی ئەمریکی

ڕۆژی یەکشەمە بەرواری ٣١/ ٧/ ٢٠١١ سیولەی حکومەتی ئەمریکی تەنیا (٥٤) ملیار دۆلار بوو، واتە، سیولەی خەزانەی ئەمریکی بەشێوەیەکی زۆر خێـرا لەپاشەکشێدا بوو، بەرادەیەك کە ئەگەر هاتوو سەقفی قەرزی گشتیی ئـەمریکی بـەرز نەکرایەتـەوە بـەر لـە ٢ی ئـابی ٢٠١١، دەبـوو ئیـدارەی ئـەمریکی راییگەیەندبایە یان ئەوەتا پابەندی دانەوەی ئیلتزاماتـەکانی نـابێ، یـان ئـەوەتا دەبێ پەنا بباتە بەر کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان بۆ ئەوەی ئەولەویەت بە خزمەتکردنی قەرزەکانی بداو، دواتریش ئیلتزاماتەکانی تـری جێبـەجێ بکـات، ڕەنگە ئەوە ئاراستەی ئیدارەی ئەمریکی بوو بێ بۆ دەربازبوون لەو گرفتـەی تێـی کـەوتبوو بـەبێ ئـەوەی کاریگـەری لەسـەر بـازاڕ هـەبێ و لەهـەمان کاتیشـدا لەشەقامیش کۆمارییەکان ڕووبەڕووی ئیحراج بوون بکات.

لـەدوا سـاتەکانی ڕۆژی دووشـەمەی ١/ ٨/ ٢٠١١ کۆنگریسـی ئـەمریکی ڕەزامەندی لەسەر پلانی بەرزکردنەوەی سەقفی قـەرزی گشـتی تـا سـاڵی ٢٠١٣ نیشاندا، بەوەش کۆتایی بەو دڵەڕاوکێیە هێنـا کـە هـەموو جیهـانی گرتبـووەوە سەبارەت بەوەی کە ئیدارەی ئـەمریکی نـەتوانێ ئیلتزاماتـەکانی سـەبارەت بـە خزمەتکردنی قەرزە گشـتییەکانی جێبـەجێ بکـات. حکایـەتی سـەقفی قـەرزی گشتی چییە؟ بۆ چی سـەقفی قـەرزەکان لـەم کاتـەدا بـوو بـە کێشـە؟، بۆچـی بەرزکردنەوە یان بەرزنەکردنەوەی سەقفی قەرزەکان بـووە سەرچـاوەی دڵـەڕاوکێی هەموو جیهان؟ لەکاتێکدا دەبوو ئەوە مەسەلەیەکی ناوخۆیی ئەمریکی بێت؟

لێرەدا هەوڵ دەدرێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێنەوە. بەپێی دەستوری ئەمریکی کۆنگریس مافی دیاریکردنی بەهای قەرزی گشتیی ئەمریکی هەیە، بەر لەساڵی ۱۹۱۷ دەبوو رەزامەندی کۆنگریس بۆ هەر خولێکی قەرز کە خەزانەی ئەمریکی پێی هەڵدەستێ وەربگیرێ، بەڵام دوای بەشداربوونی ئەمریکا لەجەنگی یەکەمی جیهان و، بۆ ئەوەی مرونەتێك بە خەزانەی ئەمریکی بدرێ لە پرۆسەی قەرزکردندا هەموو جارێك بۆ کۆنگریس نەگەڕێتەوە، لەساڵی ۱۹۱۷ چەمکی سەقفی قەرزی گشتی ( Debt Ceiling ) پەیدابوو، مەبەست لە سەقفی قەرز، دیاریکردنی بەرزترین رادەی (سەقف) بەهای قەرزی گشتیی ئەمریکییە، ئەگەر ئەو قەرزە نەگاتە ئەو سەقفە دیاریکراوە ئەوا خەزانەی ئەمریکی دەتوانێ بەبێ ئەوەی بۆ کۆنگریس بگەڕێتەوە لە پرۆسەی قەرزکردن بەردەوام بێت. بەم جۆرە ئازادییەك بە خەزانەی ئەمریکی درا بۆ کوژاندنەوەو دەرکردنی سەنەدات ئەگەر هاتوو ئەو سەقفە دیاریکراوە تێنەپەڕێنێت، یاسای بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتی یارمەتی ئەمریکای دا بۆ بەشداریکردن لەجەنگی دووەمی جیهان، کە بەهۆیەوە خەزانەی ئەمریکی توانی سەنەداتی درێژخایەن (سەنەداتی ئازادی)، جگە لەسەنەداتی کورت مەودا دەربکات، بەڵام چی پێویستی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرز یان نەکردنی دیاری دەکات؟ بێ گومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەبودجەی گشتیی دەوڵەتدا بەدیار دەکەوێت، چەند بودجە زێدە (فائض) یان کورتهێنانی کەمی هەبێ ئەوا بەرزکردنەوەی سەقفی قەرز کەم دەبێ، بەڵام ئەگەر هاتوو بودجەی گشتی کورتبهێنێ و بەردەوام ئەو کورتهێنانە زیاد بکات، ئەوا بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزکردن بەبەردەوامی بەرزدەبێتەوە وەك ئەوەی لە دەیەی رابردوودا روویدا، کاتێك قەرزی گشتی دەگاتە ئەو سەقفەی بەیاسا دیاریکراوە، ئەوا توانای خەزانە لە فەراهەمکردنی پێداویستییە داراییەکانی دەوڵەت پەکی دەکەوێ، هەروەها ئەگەر یاسای سەقفی قەرز رێگیری خەزانە بکا لە دەرکردنی سەنەدات بۆ قەرزکردنی نوێ تاوەکو لەماوە کورتدا پێداویستییە داراییەکانی حکومەت دابین بکات. یان تەمویلی ئەو کورتهێنانەی ساڵانە بکا ئەوا حکومەت ناتوانێ پابەندی ئیلتزاماتەکانی بێ و خەرجییەکانی خۆی جێبەجێ بکات،

کاتێك قەرزی گشتی لە سەقفی دیاریکراوی خۆی نزیك دەبێتەوە، دەبێ خەزانە ئیجرائاتی نائاسایی بۆ دابینکردنی پێداویستییە داراییەکانی حکومەت بکات، وەلێ تا ئیمڕۆ بەرزکردنەوەی سەقفی قەرز هۆکار نەبووە لەوەی حکومەتی ئەمریکی نەتوانێ پابەندی ئیلتزاماتەکانی بێت، بەڵام مەسەلەی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرز ناوە ناوە بەدگومانییەکی لەمەڕ پرۆسەکانی خەزانەی ئەمریکی دروست کردووە، بەتایبەتی کە قەرزی گشتیی ئەمریکی تەنیا موڵکی ئەمریکییەکان نییە بەڵکو بەشێوەیەکی بەرفراوان موڵکی بیانییەکانیشە، نزیکەی سێ یەکی قەرزی گشتیی ئەمریکی هی بێگانەکانی دەرەوەی ئەمریکایە، بۆیە دڵەڕاوکێی جیهان لەگەڵ هەر پرۆسەیەکی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتیی ئەمریکیدا زیاد دەکا لەترسی ئەوەی نەوەکو ئەمریکا نەتوانی خزمەتی قەرزەکانی بکات یان ئەگەر هاتوو دانوستانەکانی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرز شکست بهێنێت. بەڵام بۆچی ئەو پێداگرتنە لەسەر دیاریکردنی سەقفێك بۆ قەرز؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە لە پێداگیری کۆنگریسە بۆ ئەوەی بتوانێ سەلاحیاتە دەستورییەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی خەرجییە گشتییەکان بەکار بهێنێت، هەروەها ڕێوشوێنی گونجاو بۆ کۆنترۆڵکردنی نێوەنجی گەشەی قەرزی گشتی بگرێتەبەر، بۆ ئەوەی کۆنگریس و سەرۆکی ئەمریکی پابەندی گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاوبن بۆ کۆنترۆڵی گەشەی خەرجی گشتی و دواتریش بۆ کۆنترۆڵکردنی کورتهێنانی بودجەی گشتی. لەو کاتەی چەمکی دیاریکردنی سەقفی قەرز دانراوە لەساڵی ١٩١٧ تاوەکو ٢٠١٠، (١٠٢) جار سەقفی قەرزی ئەمریکی بەرزکراوەتەوە، بەرزکردنەوەی ئەم دواییە دەبێتە ١٠٣ هەمین جاری بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتیی ئەمریکا. بۆچی ئەو هەموو هەرایە لەسەر مەسەلەی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرز وروژێنرا؟ جارێکی تر وەڵامەکەی ئەوەیە کە کەوتۆتە کاتێکی زۆر ناجۆرەوە، کە هێشتا چالاکییە ئابوورییەکانی ئەمریکا نەگەڕاتەوە دۆخی جاران، کۆمارییەکانیش هەلی زاڵبوونی خۆیانیان لە کۆنگریس قۆستەوەو پرسی سەقفی قەرزیان وەك بەلەمی ڕزگارکەر بەکارهێناو بەتوندی دەستی خۆیانیان پێوەگرت تاوەکو بتوانن لێوەی

کاندیدی داهاتووی خۆیان لەهەڵبژاردنی سەرۆکی داهاتووی ئەمریکیدا لـەجێی باراك ئۆباما سەربخەن، وەك دەردەکەوێ ئەنـدامانی حزبـی کۆمـاری ئامـادەبوون ئەمریکا رووبەڕووی کارەساتێکی دارایی بکەنەوە لەپێناو بەدەستهێنانی خواستی ئەندامە توندڕەوەکانی (کە بە حزبی چای ناسراون) ناو حزبی کۆماری. هـەروەها پێدەچێ لە هەڵبژاردنی داهاتووی سـەرۆکایەتی ئەمریکیـدا لەسـەر کۆمـەڵێك مەسەلەی گەورە، لەوانە، قەبارەی حکومەت و قەرزی گشتی و رەوشی ئـابووریی هەموەکی، ململانێکانی نێوان کاندیدی کۆماریخوازەکـان و بـاراك ئۆبامـادا زۆر توند بێت. رۆژی ٢٠١١/٧/٣١ رابردوو، ئۆباما رایگەیانـد کـە هـەردوو حزبـی دیموکراتی و کۆماری گەیشتنە رێککەوتنێك کە ئەمریکای لەخزمەت نـەکردنی قەرزەکانی دوورخستەوە، کە ٢٠١١/٨/٢ دوا وادەی دیاری کراوی بوو. بە رەسمـی رەزامەندی لەسەر بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشـتی لـە کـۆنگریس بەچـەند سەعاتێك لە وادەی کۆتایی درا وەك لەسـەرەتای ئـەم نوسـینە ئامـاژەی پێـدرا. دڵنیابووم لەوەی کە پلانی بەرزکردنەوەی سەقفی قـەرزەکان پەسـەند دەکـرێ بـۆ ئـەوەی ئـەمریکاو جیهـان لـەو ئاسـەوارە سـلبییانە دور بخرێنـەوە کـە لـە بەرزنەکردنەوەی دەکەوێتەوە، بۆ یەکەمین جاریشە ئەمریکای رزگـار کـرد لـەوەی نەتوانێ خزمەتی قەرزەکانی بکا بەهۆی شکسـتهێنانی گەیشـتن بـە رێککـەوتن لەمەڕ مەرجەکانی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتیی ئـەمریکا. بـەپێی ئـەو رێککەوتنە خەزانەی ئەمریکی دەست دەکا بەدەرکردنی سەنەداتی تر بـۆ ئـەوەی قەرزەکانی ئەمریکا بەرزترو بەرزتر بێ، پلەبەنـدی ئیئتمـانی نایـابی ئـەمریکی لەجێی خۆی دەبێ ئەگەر هاتوو نزمیش بکرێتەوە، وەك ئەوەی ئێستا کە ستاندەرد ئەندپوورزی ئەمریکی پلە یەکی پلەبەندیەکەی هێناوەتـە خـوارەوە. ئـەوەی جێـی سەرنجە ئەوە رەفتارەی کۆمارییەکانە کە جەختیان لەسەر سەپاندنی مەرجـەکانی خۆیان لەمەڕ پلانی بەرزکردنەوەکە دەکرد کە (بۆهنەر) پێشکەشی کـردو داوای کەمکردنەوەی زۆری خەرجی گشتیی حکومەت و زیادنەکردنی داهـاتی گشـتیی لەرێی ریفۆرمی سستمی باجەوە دەکرد، ئامانجی ئەمە بۆ ئەوەیە تاوەکو ئۆباما بە ئەندەیکەیتـەری لاواز لەمـەڕ ئـەدائی ئـابووری و بودجەیـەك کـە بەدەسـت

کورتهینـــانێکی زۆر گـــەورەوە دەنـــاڵێنێ بچـــێتە نێـــو کێبڕکێـــی هەڵبـــژاردنی ســـەرۆکایەتی داهـــاتووی ئـــەمریکاوە. ئەمـــەش جێـــی سەرســـوڕمانە، کـــەی کۆمارییەکان بایەخیان بە کورتهێنانی بودجەی گشتی یـان بـە ئاسـتی قـەرزی گشـــتیی ئـــەمریکی داوە، بەتایبـــەتی ئـــەوەی ئێســـتا پاشمـــاوەی سیاســـەتی کۆمارییەکانە کە بۆ ئۆباما ماوەتەوە، کە تەنیا لـەنێوان حـوزەیرانی ٢٠٠٢ بـۆ تشـــرینی یەکـــەمی ٢٠٠٨ خەزانـــەی ئـــەمریکی (٧) جـــار ســـەقفی قـــەرزیان بەرزکردۆتەوە، ئەمەش هۆکاری گەورەبوونی قەبارەی قەرزی گشتیی ئەمریکا بوو لەو ماوە کورتەدا.

بەپێی پلانی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتیی ئەمریکی:

١) دەبێ بەرزترین رادەی خەرجی خەمڵێنـدراو (Discretionary spending) تا ساڵی ٢٠٢١ دیاری بکرێ، بۆ ئـەوەی کورتهێنـانی بودجـەی گشـتی نزیکـەی (٩١٧) ملیـــار دۆلار کەمکبکرێتـــەوەو هاوســـەنگی لـــەنێوان کەمکردنـــەوەی خەرجییەکانی بەرگری و خەرجییە مەدەنییەکان بەدی بێت. ئـەو کەمکردنـەوەی خەرجییە خەمڵێندراوە (٣٥٠) ملیـاری بودجـەی وەزارەتـی بـەرگری دەگرێتـەوە لەماوەی (١٠) ساڵی داهاتوودا، لەسایەی پێداچوونەوەی رۆڵ و پەیام و تواناکانی ئەمریکا لەگەڵ بەردەوامـدان بەپابەنـدبوونی بەپاراسـتنی ئاسایشـی نەتـەوەیی ئەمریکی، ئەمە بە یەکەم کەمکردنەوەی بودجەی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا لـە نەوەتەکانی سەدەی رابردووەوە دادەنرێت. پێکهێنانی لیجنەیەکی هاوبەشی نێـوان هەردوو حزب بۆ لێکۆڵینەوە لە کەمکردنـەوەی کورتهێنـانی بودجـە بـە (١,٥) ترلیـۆنی زیـاتر بـە ریفـۆرمی باجیشـەوە، بـەو مەرجـەی لیجنـە هاوبەشـەکە لێکۆڵینـــەوە لەریفۆرمـــە بنەڕەتییـــەکان بکـــات و، راســـپاردەکانی لیجنەکـــە لەئەنجومەنی پیران و کۆنگریسدا ئەولەویەتی زیاتری پێ بدرێت، هەروەها رێگری لەوانە بکرێ کە دەیانەوی فێڵ و تەڵەکە بکـەن بـۆ ئـەوەی جێبـەجێکردنی ئـەو راسپاردانە رابگیرێت. دەبێ لیجنەکە لەتشرینی دووەمی داهـاتوو راسـپاردەکانی پێشکەش بکاو لەکانونی یەکەمی دەنگی لەسەر بدرێت.

٢) ڕێگه به هەندێك خەرجی زێده بدرێ بۆ ئەوەی پێدانی بـاربووی نـەگونجاو ڕێکبخرێتەوە ( مدفوعات الاعانـات غـير المناسـبه) ، بەشـێوەیەکی بەتایبـەتی کەمکردنەوەی خەرجی چاودێریی تەندروستی بەرزترین ڕادەی بۆ دیـاری دەکـرێ و تەنیا بۆ ئەوانەش دەبێ کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن، لەحاڵەتێکدا ئەگـەر لیجنەکە نەیتوانی پێشنیارەکانی پێشکەش بکا ئەوا بڕی (٥٠٠) ملیار دۆلار لە خەرجی سەربازی کەمدەکرێتەوە، ئەوە سەرەڕای ئەو داشکاندنانەی تر کـە ئـەنجام دراون، هەروەها کەمکردنەوەی خەرجییەکانی وەك ژێرخانی ئابووری و خوێندن.

٣) هەموارکردنی بەرنامەکانی پێدانی قەرز بە خوێندکاران کە لەچوارچێوەی بەرنامـەی (Pell Grant) وەریـدەگرن، هـەر دوو ئەنجومـەن هەڵدەسـتن بـە هەموارکردنی دەستوری ئـەمریکی بـەوەی بتـوانرێ لێـوەی زامـنی هاوسـەنگی بودجەی گشتیی ئەمریکی بکات.

٤) بەرزکردنەوەی سـەقفی قـەرزی گشـتی بـەبڕی (٤٠٠) مليـار دۆلار، بـەو مەرجەی کە سەقفی قەرزی گشتی بەدوو قۆناغ بەرزبکرێتـەوە بـۆ ئـەوەی بگاتـە نێوان (٢,١) تا (٢,٤) ترلیۆن دۆلار.

٥) هـەردوو حـزب پابەنـدی پەسـەندکردنی کەمکردنـەوەی هاوسـەنگی کورتهێنانی بودجەی گشتی دەبن، لەحاڵەتی شکستهێنانی گەیشتن بە ڕێککەوتن لەمەڕ ئەو پرسە دەبێ بـە ئیجبـاری لەسـاڵی ٢٠١٣ بەرێـژەی (٥٠٪) خـەرجی نـاوخۆیی و خـەرجی وەزارەتـی بـەرگری کەمبکەنـەوە، لەگـەڵ پاراسـتنی خەرجییەکانی دڵنیایی کۆمەڵایـەتی و سـودمەندانی چـاودێریی کۆمەڵایـەتی و بەرنامەی خاوەن داهاتە سنوردارەکان لەهـەر کەمکردنەوەیـەك، هـەروەها هـیچ کەمکردنەوەیەکی ئیجباری خەرجییەکان بەر لـە ٢٠١٣ نـاکرێ بـۆ ئـەوەی ئـەو باشـبوونی ئابووریيـەی ئێسـتا بپـارێزرێ لـەوەی بـەهۆی کەمکردنـەوەی خەرجییەکانەوە ڕووبەڕووی پاشەکشێ ببێتەوە.

لەو کاتەی ئیدارەی ئەمریکی دەست بەکەمکردنەوەی خەرجییەکان دەکا، ئـەو کەمکردنەوەی باجانەی کە جۆرج بوش دوای ئەیلولی ٢٠٠١ بڕیاری لێـدابوو لـە ٢٠١٣/١/١ کۆتـایی دێـت، ئـەم دوو هـەنگاوە دەبنـە هـۆی کەمکردنـەوەی

کورتهێنـــانی بودجـــەی گشـــتی، ئەگـــەر هـــاتوو هـــەردوولا نـــەیانتوانی بگەنـــە ڕێککەوتنێکی هاوسەنگ لەو کاتەدا، ئەوا سەرۆك مـــافی ڤیتـــۆ بـــۆ زامنکردنـــی کەمکردنەوەیەکی زێدەی کورتهێنانی بودجەی گشتی بـەبڕی یـەك ترلیـۆن دۆلار لەمیانی ئەوەی ئەو کەمکردنەوەی باجە دەکا بەو مەرجەی توێژە داهات بەرزەکان نەگرێتەوە. بەپێی مەزندەکاری نوسینگەی کـۆنگریس بـۆ بودجـە، ئـەو یاسـایە کورتهێنانی بودجە لە ماوەی نێوان ٢٠١٢ تا ٢٠٢١ بەبڕی لانـی کـەمی (٢,١) ترلیۆن دۆلار کەمدەکاتەوە.

لێرەدا دەبێ باسی ئاسەوارە ئیجابی و سلبیەکانی بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزی گشتیی ئەمریکی بکرێت. سەرەتا لە ئاسەوارە ئیجابییەکانیەوە دەست پێ دەکەین کە لێرەدا بـە کـورتی باسـی لێـوە دەکـرێ، ئـەو بەرزکردنەوەیـە متمانـەی بـۆ وەبەرهێنەران و بازاڕەکان گەڕاندەوەو جیهانی لە ئاسەواری ئەو شۆکەی (صـدمە) کە ڕەنگ بوو ئەمریکای لەخزمەتکردنی قەرزەکانی رابگرتبایـە، ئەمریکایشـی لەکەمکردنەوەی پلەبەندی ئیئتمانی قەرزی ئەمریکی دوور خسـتەوە، هەرچـەندە ئاژانسی ستاندەرد ئەند پورز کردی، بەڵام هێشتا دوو ئاژانسی گرنگی تر هەن کە دەستکاری پلەبەندی ئیئتمانی ئەمریکییان نەکردوە، ئاژانسی مۆدیز بۆ پلەبەندی ئیئتمانی رایگەیاند کە قەرزی گشتیی ئەمریکی لە پلەبەنـدی نایـابی (AAA) بەردەوام دەبێ و ئەو پلەبەندییە دانابەزێنن، ئەگەر پلەبەندیی ئیئتمانی ئەمریکی کەمنەکرێتـەوە ئـەوا دەکـرێ نێـوەنجی دەسـتهاتی سـەر سـەنەداتی ئـەمریکی بەرزنەکرێتـەوەو، دوای ئـەویش تێچـوونی قـەرزکردنی ئـەمریکا کەمـدەبێت و ئابووریی ئەمریکی لە ئەگەری چوونە نێو بێبازاڕییەکی قوڵەوە (کسـاد عمیـق) کەم دەکاتەوە. یەك لە خاڵە ئیجابییەکانی تر، کاریگەرییەتی لەسەر بودجـە لـە ڕێی ئەو هەنگاوانەی کە بۆ کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجە پێشنیار کراون.

گرنگترین ئاسەوارە سلبییەکانی، کەمکردنەوەی خەرجییەکانە کـە لـەکاتێکی زۆر ناسکدا دەکرێ، چونکە لەگەڵ هەوڵەکانی هانـدانی ئابووریيـدا، بوژانـەوەی ئابووری ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوەو گەشەی ئابووری پاشەکشێ دەکـاو بێکـاریش لەجێی خۆیدا دەخولێتەوە.

دوای گەیشتنی هەردوو حزب بەرێککەوتن لەسەر بەرزکردنەوەی سەقفی قەرزەکان، ( بۆل کروگمان) ی ئابووریناسی ئەمریکی لەوتارێکیدا بەناونیشانی (سەرۆك تەسلیم دەبێت) نوسیویەتی ئەو رێککەوتنە وەك کارەساتێك وایە بۆ ئۆباماو حزبەکەی و هەروەها بۆ ئابووریی ئەمریکاش. چونکە ئابووریی ئەمریکا ئێستا بەدەست بێبازارییەوە دەناڵێنێ، خراپترین هەنگاو کە حکومەت ئێستا بۆ ئابووری بینێ کەمکردنەوەی خەرجییەکانە، ئەو کەمکردنەوەی خەرجیانە ئابووری لەبێبازارییەکی گەورەتردا نغرۆ دەکات و ئەوەش کاریگەریی لەسەر داهاتەکانی داهاتووی حکومەت دەبێت. لەلایەکی ترەوە، ئەو رێککەوتنە بەشێوەیەکی گەورە خەرجییەکان کەمدەکاتەوەو لەبەرامبەریشدا هیچ زیادەیەك لەداهاتی گشتییدا دروست ناکات. ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە لێرەدا، قەرزی گشتیی ئەمریکی بە فعلی بووەتە کێشەیەکی زۆر ئاڵۆز چ بۆ خودی ئەمریکاو چ بۆ هەموو جیهان، ئەوەش دەخوازێ بۆ چەند دەیەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و دەبێ ئابووریی ئەمریکی گەشەیەکی بێ وێنە تۆمار بکات. وەلێ بەدەر لەهەموو پێوەرەکان، ئەو هەنگاوانەی کە گیراونەتە بەرو لەئایندەشدا دەگیرێنەبەر بەمێژوویی ناو دەبرێن، بەتایبەتی هەموارکردنی دەستوری ئەمریکی کە زامنی هاوسەنگی بودجەی گشتیشی لێوە دەکرێت.

# بەشی هەشتەم

## قوڵبوونەوەی قەیرانەکە  ئایا

## جیهان بەرەو سۆسیالیستی دەباتەوە

سۆسیالیزم لەرووی تیۆرییەوە، ئەو سستمە سیاسییەیە کە حکومەت هەڵدەستێ بە کۆنترۆڵکردنی بەشی هەرە زۆری چالاکییە ئابوورییەکان، بەئامانجی هێنانەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەنێوان توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵداو، دووبارە سامان دابەش دەکاتەوە. ڕەنگە ئێستا سوسیالیزم وەك بیرۆکەیەکی نیمچە مردوو تەماشا بکرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەسەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابردوو دیواری بەرلین رووخاو، لەگەڵیشیدا یەك بەدوای یەك ئاڵاکانی سۆسیالیزم لەجیهان کەوتن و، جیهان گۆڕا بۆ جیهانێك کە تارادەیەك یەك سستمی ئابووری بەسەریدا زاڵە ئەویش سستمی سەرمایەدارییە.

بەر لە رووخانی دیواری بەرلین، بە دیاریکراوی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو، مارگرێت تاتچەری سەرۆك وەزیرانی بریتانیا دروشمی بەتایبەتیکردنی بەرزکردەوەو لەسەر ئەرزی واقیع لە بریتانیا جێبەجێی کرد، بەدوای ئەویشدا رۆناڵد ریگانی سەرۆکی ئەمریکا هەمان هەنگاوی ناو، لەوێشەوە ئەو سیاسەتە بەرەو زۆربەی دەوڵەتانی جیهان گوازرایەوەو، بەهۆیەوە حکومەتەکان دەستبەرداری لایەکی گەورەی کەرتی گشتی بوون و جارێکی تر گەڕانەوە بۆ هێزەکانی بازاڕ (خواست و خستنەڕوو) بۆ بەدەستهێنانی قازانج نەك لەپێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵدا. لەجیهان ئایدۆلۆجیەکی ئابووری بنیاتنراو لەسەر ئازادی بازاڕ و زاڵبوونی کەرتی تایبەت بڵاوبووەوەو، رۆڵی ئابووریی کەرتی حکومی سنووردار کراو، هزری ئەوەی پێی دەگوترێ لیبرالیزمی نوێ بڵاوبووەوەو، چەمکی دەوڵەتی خۆشگوزەران پاشەکشێی کردو، لەگەڵیشیدا لە زۆربەی دەوڵەتاندا مافی هاوڵاتیان لە زامنکردنی موچەیەکی خانەنشینی گونجاو کە بتوانن لێوەی لانی کەمی پێداویستییەکانیان دابین بکات، لاواز بوو و، خزمەتگوزاریی تەندروستی خۆڕایی کە زامنی بەدەستهێنانی چاودێریی تەندروستی گونجاوی هاوڵاتیان بکات و، زۆربەی کاتیش جەودەی خزمەتگوزاریی خوێندنی بەخۆڕایی، بەشێوەیەکی بەرفراوان پاشەکشێیان کرد.

هەموو ئەوانە، بەپشت بەستن بە گریمانەی کەفائەتی بازاڕ ئەنجام دراون، ئەوەش گریمانەیەکی باش و دروستە، بەڵام دەبێ لەگەڵیدا جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە دەبێ لەگەڵ ئابووریی بازاڕدا چاودێرییەکی توندو چالاك لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە هەبێت، بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ لەو ئازادی بازاڕە زەرەر نەکەن و، لەکاتی پێویستیشدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی توێژە جیاوازەکان، بەتایبەتی هەژاران و ئەوانەی داهاتیان سنوردارە، دەستوەر بدەنە بازاڕ. بە کورتی، ئەو سیاسەتانە بەبێ بوونی چاودێریی و بەدواداچوونی بەردەوامی حکومەت چەندین ئاسەواری سلبی لەسەر خۆشگوزەرانی بەشێکی فراوانی خەڵکی لێکەوتەوەو، کۆمەڵی بەرەو رەوشێکی مەترسیدار برد، بەتایبەتی کاتێك بووە هۆکاری کەوتنەوەی قەیران بە دوای قەیراندا، گرنگترین ئەو ئاسەوارانە:

یەکەم: بەرزبوونەوەی نێوەنجەکانی بێکاری دەرئەنجامی گواستنەوەی کەرتەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان لە کەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت کە بەپێی یاساکانی بازاڕ کاردەکەن، لەمیانی کەمکردنەوەی تێچوونەکانی بەرهەمهێنان بۆ نزمترین ئاست، کەفائەتی ئەدائی کارکردنیان بەرزدەکەنەوەو، دەستبەرداری بەشێکی گەورەی سوپای کرێکاران دەبن کە لەپرۆژە بەرهەمداری و خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا کاریان دەکرد.

دووەم: هەڵکشانی ئاستی گشتیی نرخەکان، نرخی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان رەنگدانەوەی هێزەکانی بازاڕو تێچوونی بەرهەمهێنان بوون، چیدی نرخەکان لەبەر پاساوی کۆمەڵایەتی دیاری نەدەکران، کە دیاریکردنی ئاستی گشتیی نرخەکانی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەك بوو کە لەلای زۆرینەی خەڵکی مەقبول بێت و، قورسایی نەخاتە سەرشانی هەژاران و خاوەن داهاتە سنوردارەکان و جێی رەزامەندی سیاسییەکانیش بێت، ئەمەش داشکاندنی خۆشگوزەرانی بەشێکی فراوانی دانیشتوانی لێکەوتەوە.

سێیەم: قەبەبوونی سامانی پیاوانی کارو سەوداکارانی بازارە داراییەکان و، فراوانبوونی جیاوازی چینایەتی لە نێوان توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵدا، بەتایبەتی

کـه لـه زۆربـەی دەوڵـەتانی جیهانـدا نێوەنجـەکانی بـاج بـۆ نـزمترین ئاسـت داشکێندران، لە زۆربەی کۆمەڵەکاندا، بەتایبەتی لەدەوڵەتانی گەشەسـەندوودا، رۆڵی چینی ناوەڕاست رووی لـەلاوازی کـرد کـە پێشـتر لەسـایەی دەسـتوەردانی حکومییدا لەئاستێکی گوزەرانی باشتردا بوون.

چـوارەم: ئـاوەڵابوونی هێزەکـانی بـازاڕو دەربـازبوونی هێنـدێك لـە کەرتـە ئابوورییەکان بەتایبەتی کەرتی دارایی لە ژێر دەسەڵاتی حکومـەت دەرئـەنجامی سیاسەتی ئازادکردنی ئابووری و، ڕێگەدان بە ئازادی داهێنانـە داراییـەکان کـە تاکە ئامانجیان زیادکردنی قازانجەکانیان بوو، کەمبوونی دەستوەردانی حکومـەت لەو کەرتانەدا مەترسییەکانی ناجێگیری لەسەر ئاستی هەمووەکی زیادکرد.

پێنجەم: زیادبوونی نێوەنجی دووبارەبوونەوەی ناڕەزایەتی لەسەر هەردوو ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی و، ئەو نارەزایەتییانە کاریگـەریی قـوڵی لەسـەر کـەرتی تایبەت دەکرد، کە زۆرجار لەگەڵ هەر قەیرانێکدا دەستپێشخەری لە راگەیاندنی ئیفلاسبوونی خۆیدا دەکرد، لەکاتێکدا پرۆژەکانی کەرتی گشـتی بـۆ ماوەیـەکی رێـژەیی درێـژتر توانـای بـەردەوامبوونی لەبەرهـەمهێنان و پێشکەشـکردنی خزمەتگوزارییدا هەبوو، دیارە ئەویش بە پشتیوانی حکومەت بوو، کـە ئـەمانی وەزیفی بۆ ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی کەرتە ئابوورییـە جیاوازەکـان دەسـتەبەر دەکرد.

شەشەم: هەڵکشانی تێچـوونەکانی بەدەسـتهێنانی کـاڵا گشـتییەکانی وەك تەندروستی و خوێنـدن، دڵنیـایی تەندروسـتی تاکـە ڕێگـەی بـەردەم زۆرێکـی توێژەکانی کۆمەڵ بوو بۆ ئەوەی زامنی پێدانی خزمەتگوزارییەکی باش بکات، لە کاتێکدا توێژێکی فراوانی کۆمەڵ نەیدەتوانی لەرووی تەندروسـتییەوە تـەئمینی خۆی بکات، بەوەش ڕێگـەی دڵنیـابوونی تەندروسـتییان لەدەسـتدا، وەك ئـەوەی ئێسـتای ئـەمریکا، کـە بـاراك ئۆبامـای سـەرۆکی ئـەمریکای ناچـار کـرد بەرنامەیەکی زۆر گران بـۆ دڵنیـایی تەندروسـتی بـۆ ئـەو ئەمریکیانـەی لێـی بێبەشبوون پیادە بکات.

بەر لەرووخانی دیواری بەرلین، ئەندیکەیتەری جەودەی جۆریی ژیان (Quality of Life Index) کە بۆ ئەوەی وێنای ئەو ئاستی خۆشگوزەرانییەی کە دانیشتوانی هەموو ناوچەکانی جیهان بەدەستی دەهێنن، پەرەی پێدرا، بۆ ئەوەی شوێنی ئەو ئەندیکەیتەرە عەیبدارە بگریتەوە کە نێوەنجی بەرکەوتی تاك بوو لە داهات، کە لەناواخنیدا جیاوازی دیاری نێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵی دەشاردەوە، بەوەی کە تەنیا نێوەنجێکە، ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە دەوڵەتێکی وەك چیکۆسلۆڤاکیای پێشوو کە دەوڵەتێکی سۆسیالستی بوو لە رووی جەودەی جۆری ژیانی خەڵکییەوە لەپێش ئەمریکاوە بوو. کاتێك خەڵکی دژ بە سیاسەتەکانی دەوڵەتە سۆسیالستییەکان راپەڕین و، ئابووریی دەوڵەتانی پیشووی سۆسیالستی بۆ سستمی ئابووریی بازاڕ گۆڕان، دانیشوانەکانیان هەستیان بە گوشارەکانی ژیان دەکرد بەبێ ئەوەی حکومەت رۆڵێکی گەورەی لەژیانیاندا هەبێت، کە زامنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی وەك خوێندن و تەندروستی و نیشتەجێبوونی بۆ دەکردن. دوای ئەوە هەموو ئەوانە لە رێی بازاڕو یاساکانی بازاڕەوە پێشکەش دەکران، واتە ئەوەی پارە بدات رێی پێ دەدرێ بەئازادی دەستی بەهەموو ئەو خزمەتگوزارییانە بگات و ئەوەی پارە نەدات لەو خزمەتگوزارییانە بێ بەش دەبێت، یان ئەوەتا لەرێی ئەو کەناڵە حکومییانەی کە هێشتا هی سەردەمی دەستوەردانی حکومەتن کە بەگشتی خزمەتگوزارییەکانیان لاوازو ئاستەکانیشی نزمە، دەتوانێ چنگی بکەوێت.

حەوتەم: چیدی ئەو بودجەیەی حکومەتەکانی زۆرێکی دەوڵەتانی جیهان بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی گشتی، بەتایبەتی بۆ زانکۆکان تەرخانی دەکرد، بەشی نەدەکرد، ئەوەی حکومەتی بریتانیا کردی کە رەسمی سەر خوێندنی زانکۆی بەرزکردەوە تاوەکو لەگەڵ ئەو بودجە گەورەیەدا بگونجێ کە زانکۆکان لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی خوێندنی زانکۆییدا خەرجیان دەکرد، ئەم هەنگاوەی بریتانیا کاریگەریی گەورەی لەسەر ئازادی گەیشتنی کەرتێکی فراوانی خێزانەکانی کۆمەڵی بریتانی بە خوێندنی زانکۆیی هەبوو، کە نەیانتوانی ئەو پارە زۆرەی خوێندن دابین بکەن، کە زانکۆکان لەسەر

خوێندکارەکانیان زیادیان کردبوو، یان ئەوەتا خوێندکارەکان بەناچاری دەبێ پەنا بۆ بانکەکان ببەن بۆ قەرزکردن کە گێڕانەوەی ئەو قەرزە چەندین ساڵی دەوێ، واتە دەبێ چەندین ساڵ کار بکات تاوەکو بتوانێ بیداتەوە ئەوە لە حاڵەتێکدا ئەگەر دەرفەتی کاری دەست بکەوێت.

بێ گومان ئەمە بەو مانایە نیە کە لەماوەی سیاسەتە سۆسیالیستیەکانی بلۆکی خۆرهەڵات، ئەو دەوڵەتانە بەدەست ئەو گوشارانەوە نەیان دەناڵاند، بەڵکو کاریگەرییەکەی کەمترو سنوردار بوو، بەدەر لە ئاستی کەفائەتی ئەو سیاسەتانەی کە مۆرکێکی سۆسیالیستییان هەبوو، ئەو سیاسەتانە ئاسەواری ئیجابی و سلبیشی هەبووە. سیاسەتە سۆسیالیستییەکان هەڵەی هەبووە، بەڵام پەرچەکرداری ئەو هەڵانە ڕەنگە توندڕەوی پێوە دیار بوو بێت، ئابوورییەکانی جیهان بۆ سستمێك گۆڕان کە بەتەواوی ئەو سیاسەتانەیان ڕەتدەکردەوە، دەرئەنجامەکەیشی گواستنەوە بوو بۆ سستمی ئابووریی بازاڕ.

لەلایەکی ترەوە، ئەزموونی سۆسیالیستی بەدرێژایی ماوەکەی ئیجابی نەبووە، لەگەڵ ئەوەی خاوەندارێتیی گشتی هێندێك لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، یان تەنانەت کاتێك حزبێکی سۆسیالیستی دێتە سەر حوکم، لای سەرکردەکانی هزری سۆسیالیستی وەك فردیرك ئەنجلز بەمانای هاتنەدی سۆسیالستی نایەت، لە دیدی کارل مارکس و فردریك ئەنگلزەوە، جێبەجێکردنی سۆسیالیزم تەنیا بە دەسەڵات گرتنە دەستی کرێکاران و سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵ و پرۆسەکانی بەرهەمهێنان بەدی دێت، داڕشتنێکی لەم جۆرەی سۆسیالیزم بەهۆی ئەو ئەزموونە خراپەی کە جیهان لەمیانی ئەو سستمەوە بەڕێوە چوو، ڕەنگە لەجیهانی ئیمڕۆدا نە مومکن بێ و نە مەقبولیش بێت.

ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژە پێکردنە، لەناو تەمومژی قەیرانی دارایی و ئابووریی جیهاندا، دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە کە ئەو ئەزموونەی جیهان لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین پێیدا تێپەڕ دەبێ، کە لەسایەی ئەم قەیرانەدا کە گەیشتۆتە ترۆپك، نوسین و کتێبەکانی کارل مارکس لەمەڕ سستمی سەرمایەداری ڕەونەقی پەیداکردەوە، بۆ نمونە، کارل مارکس لە کتێبی سەرمایەدا

وەسفی ئەوە دەكات كە چۆن سەرمایەداری دەبێتە هۆكاری پەیدابوونی چینێكی ئەرستۆكراتی نوێی دارایی كە شێوەی سەوداكاران و بەڕێوەبەر وەردەگرن و، لە ڕێی بانگەشەكردن بۆ دامەزراوەو دەركردنی كاغەزە داراییەكان و سەوداكاری بە پشكەكان، سستمێكی تەواوكاری پڕ فێڵ و ساختەیان پێكهێنا، ئایا مومارەسەكانی سستمی ئابووریی بازاڕ جیاوازە لەو چینە نوێیەی كە كارل ماركس وەسفی كردووە، بەوەی كە لە چالاكییە غەیرە بەرهەمدارییەكاندا و، بەهۆی ئەو سەوداكارییە ئیفترازییەیانەوە، كە شێوەی بازاڕە داراییەكانی وەرگرتووە سامانێكی بێ شومارییان كۆكردۆتەوەو كە بوونەتە هۆكاری ئەم قەیرانە دارایی و ئابوورییەی كە ئێستا جیهان بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

هەروەها ماركس ئەو حاڵەتی تۆقاندنە داراییەشی شرۆڤە كردوە كە چۆن دەبێتە هۆی قوڵكردنەوەو بەردەوامبوونی حاڵەتەكانی بێبازاڕی و پوكانەوە و بوژانەوە و ڕەواج و لە سستمی سەرمایەدارییدا جێگیر دەبێت. لەلایەكی ترەوە، ماركس و ئەنگلز لە مانیڤێستی كۆمۆنیستیدا ئاماژەیان بۆ ئەوە كردووە كە سستمی سەرمایەداری ئەو كۆمەڵەیە كە چۆن ئەو ئامرازە هەرە گەورانەی بۆ بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆركردن دەرەخسێنێت، وەك چۆن ئەو سیحربازەی كە چیتر توانای بەسەر هێزی ئەو جیهانەی خوارەوەدا نامێنێ كە لە میانی وەسفە سیحرییەكانیدا بانگەشەی بۆ دەكرد، ئەوە وەسفێكی زۆر باشی ئەو حاڵەتی تۆقاندنە داراییەو بێبازاڕییەی ئێستایە.

ئەم قەیرانە دارایی و ئابوورییەی ساڵی ٢٠٠٨ كە بەئێستاشەوە (٢٠١١) بەردەوامە متمانەی بەسستمی سەرمایەداری لاواز كرد، وەك سستمێك كە بەهیچ شێوەیەك نادۆڕێت و هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت، ئێستا لە هەموو كات زیاتر بە سستمی قەیرانەكان وەسف دەكرێت، ئەو سستمەیە كە هۆكاری گەورەترین كارەساتی ئابوورییە كە جیهان لە بێبازاڕی گەورەی ساڵی ١٩٢٨/١٩٣٢ تا ئێستا ٢٠١١ ڕووبەڕووی بووەتەوە، ئەمەش ئەو بنەمایەیە كە هێندێك وای بۆ دەچن كە باشترین پاساوە بۆ گەڕانەوەی جارێكی تری سیاسەتە سۆسیالیستییەكان، كە بەدەر لە یاساكانی هێزی بازاڕ، كار بۆ ئاراستەكردنی

دەرامەتەکانی کۆمەڵ دەکات بۆ بەدیهێنانی پێداویستیی زۆرینەی هاووڵاتیانی ناو کۆمەڵ، ئێستا ژمارەیەکی کەمتر بە بەراورد بەجاران پشتیوانی سستمی سەرمایەداری وەك سستمێکی ئابووریی دەکەن.

لەئەورووپا، بەتایبەتی لە ئەڵمانیاو هۆڵەندەو یۆنان ڕەوتی چەپ لەهەڵکشاندایە، دوای ئەو چەندین ئیجرائاتانەی دووایی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەی قەرزە سیادییەکانی یۆنان، بەسەریاندا سەپاند. هەروەها ڕۆڵی چەپ (سۆسیال دیموکراتەکان) لە ئەورووپا ڕوی لە گەشەکردن کردووە و، بە ئیجابییەوە دەڕواننە بیرۆکەی خاوەندارێتی دەوڵەت بۆ پرۆژە بەرهەمدارییەکان، هەروەها دەریش کەوتووە کە دەنگدەران ئامادەیی زیاتریان تێدایە بۆ ئەوەی دەنگەکانیان بە حزبە چەپەکان بدەن.

گەڕانەوەی سۆسیالیستی بۆ واجیهە، ڕەنگە ڕەنگدانەوەی ئەو بزاوتە بێ کە چینی کرێکاران و خاوەن داهاتە نزمەکان نوێنەرایەتی دەکەن بۆ بەدەستهێنانی مافە بنەڕەتییەکانی خۆیان کە سستمی ئابووریی بازار لێی بێبەش کردوون، هێشتا یەکی ئایار ئەو ڕۆژەیە کە کرێکارانی زۆربەی دەوڵەتانی ئەورووپاو لە ئەمریکاش ناڕەزایەتی و تووڕەبوونی خۆیان دژ بەو سیاسەتانەی حکومەتەکان لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتانەی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی ئابووریی و دارایی جیهاندا داڕێژراوە، کە کەمتر بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکاران و خاوەن داهاتە نزمەکانی لە بەرچاو گرتووە.

ڕۆژ بە ڕۆژ ناڕەزایەتیەکانی خەڵك دژ بە سیاسەتەکانی حکومەتەکانی خۆرئاوا پەرە دەستێنێت، بزاوتی وۆڵ ستریت داگیر بکەن، دیاریترین ئەو ناڕەزایەتییانەی خەڵکی دەوڵەتانی خۆرئاوایە دژ بەو سیاسەتانەی کە ئەو دەوڵەتانە بۆ دەربازبوونی لەو قەیرانە دارایی و ئابوورییەی تێیدان دەیگرنەبەر، کە بەزیانی زۆرینە دەشکێتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە وەك خۆپیشاندەران جەختی لێدەکەنەوە بەهیچ جۆرێك بەرپرس نین لەوەی ڕوودەدات.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو دیاردانە لەسەر ئەرزی واقیع، هێندێك لە دەوڵەتان دەستیان کردووە بە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەی کە مۆرکی سۆسیالستییان

هەیە، یان لانی کەم بانگەشەی جێبەجێکردنی هەیە، وەك داواکردنی بەرزکردنەوەی نێوەنجی باج و، زەرورەتی دارِشتنی ئەو یاسایانەی کە هێزی کۆمپانیاکان سنوردار دەکات، لەگەڵیشیدا داوای چاکسازیی سستمی دارایی نێوخۆیی و جیهانی دەکرێت و، هەروەها زیادکردنی خەرجییە حکومییەکانی پەیوەند بە بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان و، فراوانکردنی چوارچێوەی داپۆشینی دڵنیایی تەندروستی و ... هتد. بۆ نمونە، باراك ئۆباما سەدان ملیار دۆلاری بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە سستمی چاودێریی تەندروستی تەرخان کرد، کە بەیەك لە رووەکانی سۆسیالستی دادەنرێت، هێندێك لە چاودێران ئەو چاکسازییانەی کە ئۆباما پێی هەڵساوە، نمونەی چاکسازییەکانی سستمی چاودێریی تەندروستی لە ئەمریکا، بە گەرِانەوە بەرەو سۆسیالستی دادەنێن.

گەرِانەوەی سۆسیالستی بەو وێنەیەی رابردوو، لەم هەلومەرجە ئابووریی و کۆمەڵایەتیەی جیهاندا دوورە، بەڵام وای بۆ دەچم کە ئەو حکومەتانەی برِوایان بە لیبرالیەتی نویٚ هەیە لەکاتی باڵادەستبوونیاندا رەهەندی کۆمەڵایەتییان لە سیاسەتەکانیاندا بەهەند وەرنەگرتووە، لەبەر ئەوە کاتێك رووبەرِووی ئەو ئەو نارِەزایەتییە گەورانە دەبنەوە، پێویستە لەسەریان هەنگاوەکانیان بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و بەرزکردنەوەی هێزی کرِین و جۆرو شێوازی کارەکانیان باشتر بکەن لەپێناو چەسپاندنی پرنسیپەکانی ئابووریی بازارِدا. پرسیاری سەرەکی و گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا دەبیٚ ئیعتباراتی کەفائەتی ئابووری لەپێش ئیعتباراتی خۆشگوزەرانی و دادپەروەرییەوە بێت؟ وەڵامەکەی بە نەخێرە، چونکە ئەو سیاسەتە ئابوورییانەی ئێستا کاریان پێدەکریٚ پشت ئەستوورە بە ئابوریی بازارِو بەردەوام دەبێت، بەڵام دەبیٚ بەو سیاسەتانەی مۆرکی سۆسیالستیان پێوەیە موتربە بکریٚ، رەنگە ئەمەش رێگەیەك بیٚ بۆ زۆرێکی دەوڵەتان تاوەکو لە دەرهاویشتە سلبییەکانی سستمی ئابووریی بازارِ رزگاریان بێت.

حکومەتەکانی دەوڵەتانی جیهان زیاد لەهەموو کاتێکیتر پێویستە لەسەریان بەشێوەیەکی فراوانتر کار بۆ بەردەوام زیادکردنی دەرفەتەکانی کارکردن بکەن، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی تازە دێنە نێو بازارِی کارکردنەوە، شوێنی نیشتەجێبوون بۆ

کەرتێکی فراوانی دانیشتوان دابین بکەن بەتایبەتی ئەوانـەی بـەهۆی سـنورداری داهاتەکانیانەوە ناتوانن کالآیەکی وەها گران بەها بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، کـە دەرکەوت کە سپاردنی ئەو ئەرکە بە کەرتی تایبەتی دەرئەنجامی باشـی نـە بـۆ خەڵك و نـە بـۆ ئـابووریی لێنەکەوتۆتـەوە، هـەروەها ئاسـانکاریی گەیشـتن بـە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان زامن بکرێ بەتایبەتی کە زۆرێکی خەڵکی لێی بێبەشبوون، ئازادی پیشکەشکردنی خزمەتگوزاری خوێنـدن دوور لـە هێزەکـانی بازاڕو خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی تری هاووڵاتیان دابین بکرێت.

هەموو حزبە حوکمڕانەکانی هەموو ناوچەکانی جیهان، ئیمڕۆ زیاد لەهـەموو کاتێك دەبێ چاودێرییەکی وردی بازاڕەکان بکەن، بۆ دڵنیابوون لەوەی کرێکاران و توێژە داهات سنوردارەکان لەو ئازادی بازاڕە زیانیان نـەکردووە، لـەویش گـرنگتر ئەوەیە دەبێ هەموو هەوڵەکانیان بۆ کەمردنەوەی هەژاری وەگەڕبخەن.

بەبێ ئەو هەوڵانە، لـەو بڕوایـەدام کـە سیاسـەتەکانی سۆسیالسـتی رەنگـە سەردەربێنێتەوە، مەرج نیە لەشێوەی دەستوەردانی تەواوی حکومـەت لـەئابووریی و پەکخستنی میکانیزمەکانی بازاڕو لغاوکردنی کەرتی تایبەتـدا بێـت، بـەڵکو رەنگە لە شێوەی تێکەڵەیەکی هەردوو سستمەکەدا بێت، کە تێیـدا بـە فـراوانتر بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و توێژە داهات سنوردارەکان زامـن بکرێـت و کـالآو خزمەتگوزارییـە سـەرەکییەکانیان بـۆ دابـین بکرێـت، لـەبری ئـەوەی هـەموو دەرامەتـەکانی کۆمـەڵ لـەپێناو یـەك ئامانجـدا ئاراسـتە بکرێـت کـە ئـەویش قازانجکردنە.

## سەرچاوەکان:


١. د. محمد عيسي عبدالله و د. موسي ابراهيم، العلاقات الاقتصادية الدولية،دار المنهل اللبناني للطباعة و النشر، بيروت لبنان، الطبعة الاولى، ١٩٩٨.
٢. د. عادل احمد حشيش و د. مجدي محمود شهاب،أساسيات الاقتصاد الدولي، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت, لبنان، ٢٠٠٣.
٣. أ.د. هجير عدنان زكي امين،الاقتصاد الدولي، دار الفكر للنشر والتوزيع،دمشق، الطبعة الاولى، ٢٠٠٨.
٤. د. وسام الملاك، النقود و السياسات النقدية الداخلية،دار المنهل اللبناني للطباعة و النشر، بيروت، لبنان، ٢٠٠٠.
٥. أ.د. عبدالمنعم السيد علي، مدخل الى علم الاقتصاد ، مبادئ الاقتصاد الكلي، مطابع جامعة الموصل، ١٩٨٤.
٦. أ.د. عبدالمنعم السيد علي، اقتصادات النقود و المصارف،الجزء الاول، مطابع جامعة الموصل، ١٩٨٤.
٧. حسن النجفي، النظام النقدي الدولي و ازمة البلدان النامية، بيت الموصل للطبع و النشر، ١٩٨٨.
٨. د. ميثم صاحب عجام و د. علي محمد سعود ،التمويل الدولي، دار الكندي للنشر و التوزيع، الاردن، ٢٠٠٢.
٩. مصطفي عمراني و آخرون، الازمة الاقتصادية العالمية وتداعياتها على الشرق الاوسط،دار جليس الزمان للنشر و التوزيع، الطبعة الاولي، عمان, الاردن، ٢٠٠٩.
١٠. سمير عبدة،اقتصاديات الذهب، دار الطليعة للطباعة و النشر، ١٩٨٠.
١١. دانييل ارنولد، تحليل الازمات الاقتصادية للامس و اليوم، ترجمة، د. عبدالامير شمس الدين،المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر و التوزيع، الطبعة الاولي، بيروت، لبنان، 1992.
١٢. د. خالد وهيب الراوي، الاسواق المالية و النقدية، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة،عمان، الطبعة الثانية. الاردن، 2000.
١٣. د. رمزي زكي، المحنة الاسيوية،دار المدي للثقافة و النشر، الطبعة الاولي، سوريا، دمشق، 2000.
١٤. أ.د. هوشيار معروف، تحليل الاقتصاد الكلي، دار الصفاء للنشر و التوزيع، الطبعة الاولي، عمان، الاردن، 2005.
١٥. د. اسامة بشير الدباغ، البطالة و التضخم، الاهلية للنشر و التوزيع، الطبعة الاولي، عمان، الاردن،2007.

١٦. د. محيي الدين محمد سعد، الاستثمار و الازمة المالية العالمية، المكتب الجامحي الحديث، الطبعة الاولي، الاسكندرية، مصر،2010.
١٧. لستر ثورو. مستقبل الرأسمالية، ترجمة، عزيز سباهي، دار المدي للنشر و التوزيع، الطبعة الاولي، سوريا، دمشق، 1998.
١٨. بن ستيل وستيغن دوناواي، الازمة المالية العالمية، دراسات عالمية، العدد ٨٥، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية, الطبعة الاولى، ابوظبي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٩.
١٩. هاشم حيدر، السيولة النقدية الدولية و البلدان النامية، الاهلية للتشر و التوزيع، بيروت، ١٩٧٧.
٢٠. وليد عبدالحميد عايب، الاثار الاقتصادية الكلية لسياسة الانفاق الحكومي، مكتبة حسن العصرية للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت، لبنان،2010.
٢١. صندوق النقد الدولي، افاق الاقتصاد العالمي، تباطؤ في النمو و تصاعد في المخاطر، دراسة استقصائية يجريها خبراء صندوق النقد الدولي، 2011. International Monetary Fund, Publication Service.
٢٢. سمير عبده، اقتصاديات الذهب، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، لبنان، ١٩٨٠.
٢٣. بدر غيلان، النفط والدولار، منشورات الثورة، بغداد، ١٩٧٩.
٢٤. دةيان گوتارو هەواڵی رۆژنامەوانی لەرۆژنامەكانی (الحياة ، الشرق الاوسط ، العرب ، الخليج ، الاتحاد ، البيان ، المدى و الصباح ... ضةنديني تر).
٢٥. سايتە ئەلكترۆنيەكانی (bbc, cnn, rtarabic, alarabiya, Aljazeera, project-syndicate, reuters).

رسائل و اطاريح:
١. سمير فخري نعمة فرحان الوائلي: أهمية أسعار الصرف ودورها في تجاوز بعض الأزمات الإقتصادية/العراق-حالة دراسية للمدة من ١٩٨٠-٢٠٠١ رسالة ماجستير مقدمة الي كلية الادارة و الاقتصاد، جامعة بغداد، 2002.
٢. فلاح حسين كريم، دور السياسة النقدية في استقرار سعر الصرف في العراق، رسالة ماجستير مقدمة الي كلية الادارة و الاقتصاد، جامعة بغداد، 2010.
٣. سعدون حسين فرحان العنزي، اثر تقلبات سعر الصرف علي بعض متغيرات الاقتصاد الكلي في عدد من الدول النامية، اطروحة دكتوراة غير منشورة مقدمة الي كلية الادارة والاقتصاد جامعة الموصل، 2006.

## ناوەڕۆك


پـێــشـەکی .................................................................................................... ٣

بەشی یەکەم

قەیرانی دارایی ئەمریکا هۆکارو دەرئە نجام ........................................................ ٥

بەشی دووەم

ئاماژەکانی سەرهەڵدانی جەنگی دراو لەجیهاندا ...................................................... ٢٥

بەشی سێیەم ٣٧

قەیرانی ئابووریو دارایی جیهانو ئەگەری گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ ...................

بەشی چوارەم

قەیرانی داراییو ئابووریی جیهاندەتوانێ یوان بکاتە دراوێکی نێودەوڵەتی...... ٦٥

بەشی پێنجەم

ئەوروپاو قەیرانی ئابووریی و دارایی جیهان ......................................................... ٨٧

بەشی شەشەم


ئاسانکاریی بڕەکی چاپکردنی زێتری دۆلار ........................................................ ١٠٩

بەشی حەوتەم

کاریگەریی قەرزە گشتییەکانی ئەمریکا لەسەر ئابووریی ئەمریکاو جیهان ............. ١٣١

بەشی هەشتەم

قوڵبوونەوەی قەیرانەکە ئایا جیهان بەرەو سۆسیالیستی دەباتەوە .................. ١٦٧




ئابووریی جیهان لە سێپتەمبەری 2008 وە بەقەیرانێکی دارایی و ئابووریی گەورەدا تێپەڕیوە، کە لەمێژووی ئابووریدا بە ترسناکترین قەیران دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەی هەوڵێکی زۆر بۆ چارەسەرکردنی دراوە، بەڵام قەیرانەکە هێشتا درێژەی هەیەو ئاڵۆزتر بووەو دەرهاویشتەکانی بەشێوەی بازاڕە دارایی و بۆرسەکانی جیهانی گۆتۆتەوە. بە حوکمی توندوتۆڵبوونی پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان، قەیرانەکەو دەرهاوێشتەکانی دەوڵەتانی ئەورووپاو ئاسیاو ئەمریکای لاتین بەخێرایی و بە ئاستێکی کەمتریش خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە. لەسەر ئاستی ئابووریی نێودەوڵەتی، جەنگی دراو، گەڕانەوە بۆ سستمی زێڕ، مانەوەی یۆرۆ، سیاسەتە نەختییەکانی ئەمریکاو دواتریش کەڵەکەبوونی قەرزە سیادییەکان، دەرهاوێشتە هەرە دیارەکانی ئەو قەیرانەن، کە لەم کتێبەدا هەوڵدراوە شرۆڤە بکرێن.

( 3000) دینار